# لە دەرونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە

## 2007 – 1997

**ئەحمەد رەزا**

2008



**ناوی کتێب: لە دەرونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە.**
**نوسەر: ئەحمەد رەزا**
**بابەت: رەخنە**
**تایپ: ئامۆژگار کەمال**
**دیزاین: مەهدی ئەحمەد**
**هەڵەچن: نووسەر**
**نەخشەسازی بەرگ: جەبار سابیر**
**چاپخانە: چاپی یەکەم – چاپخانەی شڤان**
**تیراژ: 500 دانە**
**ژمارە سپاردنی 571ی ساڵی 2008ی پێدراوە**

**ناونیشان**
**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**سلێمانی- گردی ئەندازیاران: 105 کۆڵانی: 34 ژمارەی خانوو: 10**

# بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ◘ کارنامە | |
| ◘ چڕکردنەوەو ڕەوانیی | |
| ◘ دیالەکتیکی ماناو لەرە | |
| ◘ نوێگەریی..... گۆڕینی پێکهاتەیوێنەیی | |
| ◘ یەکێتی ڕەگەزو پرۆژەی بە یەك گەیشتنەوە | |
| ◘ کـۆدەنگ، وەك قـەیرانی ئێسـتەی شـیعری کوردی | |
| ◘ سیمیای ئایکۆنیی | |
| ◘ ژیان لە دەقدا: | |
| ● هێرمنیوتیکی نوێ | |
| ● سەفستاییەکانو هێرمنیوتیك | |
| ● ریتۆریکاو بە دەنگەوە هاتن | |
| ● هێرمنیوتیك چییە؟ | |
| ● دەربارەی ڕەخنەی کوردی | |
| ● تیۆری باڵاییو بە دەنگەوە هاتن | |
| ● دیاردەگەرایی "فینۆمینۆلۆژیا" | |
| ● جۆرەکانی ئەدەب | |
| ○ بە ئەدەبکردن | |





| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ○ ئەدەبگەرایی | |
| ○ ئەدەبی پرۆلیتاری | |
| ○ ئەدەبی تایبەت | |
| ○ ئەدەبی پاشکۆ | |
| ○ ژێر ئەدەب کەوتوو | |
| ◘ ڕەهەندە سایکۆلۆژیەکانی فەنتازیای جەنگ | |
| ◘ بەکاربردنی ڕەمز | |
| ◘ پەیوەندییو لێکچوون | |

# کارنامه

ئەم کتێبە بەرهەمی دیدی ڕەخنەییمە لە نێوان ساڵانی 1997– 2007، " تەنها دیالەکتیکی ماناو لەرە نەبێ، کە بەرهەمی 2008 ە"پێش ئەم هەوڵانەش لێرەو لەوێ چەند بابەتێکی ترم بڵاوبوونەتەوە، کە هەندێکیانم بەهۆی دەست نەکەوتنییەوە بواردووەو هەندێکی تریشیان بەهۆی کرچ وکاڵییەوە یان پەیڕەو نەکردنی میتۆدێکی رەخنەییەوە، واتە هەر خۆم بڕیاری ئەوەیان لێ ئەدەم، کە ئەوانی تر – جگە لەوەی ویستوومەو دەستم نەکەوتووە– زیاتر سەرنجی شاعیرانەو هەڵسەنگاندنو پیاهەڵدانو رەخنەی داماڵراو بوون، بەو مانایەی زیاتر قسە کردن بوون لە بنچینەو بنەما هونەرییەکانی ئەو کارانەو کەمتر دیدێکی رەخنەیی میتۆدیی بوون، وەك ئەوەی کە پێویستیی کرداری رەخنەیین، هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئاگادار نەبوونم لە رەوتی ڕەخنە، یاخود خۆ سەرقاڵکردنم بەو مانا کۆنو باوانەی رەخنە هەیبوونو زوربەی رەخنەگرانی ئێمەش پەیڕەویان ئەکرد، ئەویش بە گێڕانەوەی **یەکەم**: لکە ئەدەبییەکان بۆ سەر کۆڵەکە بنچینەییەکانی خۆی، بێئەوەی ئاگادار بم لەوەی کە ئەو مەرجانە لە مەرجە سەرەتاییەکانی خوێندنەوەنو پرۆسێسی رەخنەیی دوای ئەوەوە سەرهەڵئەدا، چوون هەر کارێکی هونەریی لە پلەی یەکەمیدا ئەو مەرجانە پەیڕەو ئەکاو دوا بەدوای ئەوە کاری داهێنەرانە دەرئەکەوێ، کەواتە ئێمە ئەم خاڵەمان کرد بە دەسپێکی پرۆسێسی داهێنان، لەبەر ئەوە جارێکی ترو باسکردنەوەی ئەو مەرجانە لە دوای رووداني پرۆسێسەکە، هیچ سوودمەند



نییەو بە پێچەوانەوە لە هەموو شتێکی ترەوە نزیکە رەخنە نەبێ. **دووەم**: گۆڕینی بابەتەکە بۆ چێژ وەرگرتنی میزاجڕەوی کەسیی، ئەمەشیان هەر دوور بوو لە دیدی رەخنەیی، چوون رەهایی بوونی میزاجی نوسەر رۆڵی گرنگ ئەبینێو بەم هەناسە خودییە هەژارەوە، ناتوانێ بەشداری ئەو کایە بەرفراوانەی رەخنە بکا. **سێیەم**: دیسانەوە دابەزاندنی یاخود سەپاندنی فیکری رەهای کەسێتیی بەسەر ئەزمونو هەوڵە جۆراوجۆرەکاندا... لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەو بابەتەی کارم تیائەکرد، بۆ رانان"حث"ی وەرگر بوو لەسەر خوێندنەوە تاکە کەسییەکانی خۆم، ئەوکات بە پێی چێژو دیدو فیکرو فەلسەفەی "من " ئەو بابەتە "چاك یان خراپ" بوو.

بەڵام ئایا وەزیفەی رەخنە لەوێدا گەمارۆ ئەدرێ کە ئێمە چاك یان خراپی تیا بدۆزینەوە؟ ئایا رەخنەگر واعیزی مادەکانە، تا بۆ دادوەریی بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو؟ ئایا هەموو رەخنەگران سەربەستن لەوەدا چی قبوڵ ئەکەنو چی رەت ئەکەنەوەو هەموویان کۆکن لەسەر بڕیارێ؟ گەر وەڵامی ئەم پرسیارانە بە بەڵێ بوون، ئەوا ئێمە سەرچاوەی بنەڕەت "المرجعیة" دروست ئەکەینو دواتر بەرەو پیرۆزکردنو دواتریش خولانەوە لە گنۆسیزمدا.

کەڵکەڵەی ئەم پرسیارانە شیکردنەوەی چەمکەکانی ئەوێ، نەك وەڵامی حازربەدەس، لەبەر ئەوەی ئێستە ئەزانم کرداری رەخنەیی نزیك نییە لە لە بکەرێکەوە واعیز، یان لەسەروو داهێنەرانەوە، یان پەیامبەر بێ، یاخود لە کرۆکی کردارەکەدا شتێك نییە بە مانای " جیاکردنەوە" یان" بڕیاردان لەسەر شتێ" یان "بڕیار دەرکردن"، چوون ئەم مانایانە بۆ ئەم هێمایە گەرچی ئەگەڕێتەوە بۆ مانای فەرهەنگیی زاراوەکە لای گریك، هاوشێوەی مانا فەرهەنگییە کوردیەکەشیەتی کە لە هەنبانە بۆرینەدا بە " عەیب گرتن"

یان "تانەو سەرکۆنە" هاتووە، کەواتە هەم مانا فەرهەنگییەکەی‌و هەم سنوردار کردنەکەشی لە چەمکی گشتییدا پێویستیی بە پیاچوونەوە هەیە.

گەر لە مانای گشتییدا ئەم زاراوەیە بۆ هەڵسەنگاندن بەکاربرابێ، ئەوا هەر نوسراوێ لەسەر مادەیەك هەبێ‌و لایەنە چاك‌و گەشەکانی ئەو مادەیەی بە شێوەیەکی پەتیی دەرخستبێ، ئەبێتە پیاهەڵدان‌و بە پێچەوانەشەوە ئەبێتە "عەیب گرتن"ەکەی باسمانکرد، گەر لە نێوانیشدا هەردوو لایەنەکە دیاری بکا ئەبێتە هەڵسەنگاندن، وەك ئاشکرایە وەزیفەی رەخنەش هەموو ئەم سنورانە ئەبەزێنێ، کەواتە نەپیاهەڵدان‌و نە عەیبگرتن‌و نە هەڵسەنگاندنیش، هیچ کامێکیان مەدلولی هەواڵە بۆکراوەکە ناگەیەنن.

گەر بگەڕێینەوە لای ئەرستۆ ئەم زاراوەیەی بۆ بڕیاردان لە کێشەو ناکۆکی وەرگرت‌و پێش ئەو بە هێنانەدی دادپەروەری‌و دواتر لەسەردەمی هیلینیدا مانای لێکۆڵینەوەی دەقە ئەدەبییەکانی ئەگەیاند، تا سەروەختی ئێستە ئەم تیۆرە بە چەندین قۆناغیدا تێپەڕیوەو لە ئێستەیدا بە هۆی میتۆدەکانییەوە جیا ئەکرێنەوە، میتۆدەکانی وەکو: فینۆمینۆلۆژیی، زمانەوانیی، سایکۆلۆژیی، ژنان، بونیادگەرایی، هتد... هەریەك لەمانیش خۆیان پێویستیان بە پاڵپشتێکی فەلسەفی هەیە – گەر ڕێگە کورت بکەینەوە– وەك بوونگەرایی، مارکسیزم، ئاینی، ئیستاتیکیی‌و هتد....

ئەبینین کارەکە لەوە ئەترازێ کە تەنها بایەخدانێکی ئەبستراکت بێ بە ساغکردنەوەی مادەیەك بە چاکی‌و خراپیی، چوون ئێستە تیۆری رەخنەیی بواری ئەدەبی پەتیی تێپەڕاندووەو تیۆرەکانی رەخنەی مۆدێرنەو فرانکفۆرت‌و رەخنەی نوێ‌و ڕەوتیی‌و رەخنەی رۆشنبیریی‌و زۆری تریش، ئەو سنوردارکردنە چاولێکەرییانەی زوویان سڕیوەتەوەو لەبری ئەوە،



بازنەی رەخنەیی زۆر فراوانتر بووەتەوە، بەجۆرێ کە رەخنەی رۆشنبیریی جیاوازیی لە نێوان ئەدەبی‌و پێگەیشتووو ئەدەبی میللیدا نەهێشتووەتەوە، بەواتە نەك هەر تێپەڕیوە بۆ زانستەکانی وەك سۆسیۆلۆژیا بۆ نمونە، بەڵکو بە توێژەکانی کۆمەڵیشدا رۆئەچێ، عەبدوڵا غوزامی لە کتێبی رەخنەی رۆشنبیریدا باسی بەشداریی کردنی هەموو تاکێکی کۆمەڵایەتی ئەکا، بە رای ئەو رەنگە نوسین لەسەر دیاردەکان‌و زنجیرە دراما تەلەفزیۆنییەکان رێ خۆشکەری ئەم بەشداریی کردنەبن.

ئەمانە وەك پێشەکییەکی کورت لەسەر زاراوەکەو گرنگترین مەدلولەکانی، هەروەك ئەبێتە پێشینەیەك بۆ ئەوەی هەنگاوە رەخنەییەکانی خۆم لە یەکتر جیابکەمەوە، ئەویش بە پێی گەڕانەوە بۆ ئەو میتۆدانەی کارم تیاکردوون، ئەوکات لە گرفتی بە مەتەڵ کردنی میتۆدەکانی نوسین دەرئەچم‌و ئێوەش زەحمەتێ نابیننەوە لە دۆزینەوەی ئەم میتۆدە رەخنەییانەدا، بە مانای ئەوەی کارنامەی خۆم هەر لە سەرەتاوە دەرئەخەم.

دەسپێکی کارەکانم بە هاندانی ئاوات ئەحمەد، بەرەو شیکردنەوەی دەرونیی فرۆیدیی دەستی پێکرد‌و ئەو کات ئەو رۆشنبیرە باشترین سەرچاوەی بەدەست هێنانی کتێبەکانم بوو، مەبەست لە سەرچاوە ئەوە نییە کە لە بازاڕدا نەبووبن، بەقەدەر ئەوەی ئەو بۆ منێکی هەژاری ئەو بواری خوێندنەوەیە، هەم سەرچاوەی دەستخستنی چاوگەکانی ئەدامێ‌و هەم ئەو کتێبانەشی دەستم نەکەوتنایە لە کتێبخانەکەی خۆیدا هەبوون، یارمەتیدەرێکی باشی سەرەتاکانم بوو، کە ناکرێ بیرم بچێتەوە، بە هاندان‌و گرنگیی پێدانی ئاوات ئەحمەد چەند لێکۆڵینەوەیەکم نوسی، یەکێ لەوانە لێکۆڵینەوەیەك بوو لەسەر شیعرێکی بارگاویی بە نائاگایی فەرەیدون

پێنجوێنی بە ناوی " پەیوەندی و لێکچوون"ەوە، نوسیم، گەرچی ئەو لێکۆڵینەوەیەو ئەوەی دوای ئەویش کە ناونیشانی " رەهەندە سایکۆلۆژییەکانی فەنتازیای جەنگ"ی هەبوو- فەنتازیای جەنگ شیعرێکی ئاوات ئەحمەد خۆی بوو- بۆ خۆیان جۆرێ بوون لە لێکدانەوە، بەڵام ئەو لێکدانەوانە هەروەك لە هێرمنیوتیکی سیمبۆلیزمدا هاتووە خوێندنەوەو شیکردنەوەی رەمزەکانن، نەك هیرمۆنتیکای چڕکردنەوە. سەرەتا ئەو رەمزانەم وەرئەگرت و پاشان ئەمگێڕانەوە بۆ تۆڕی دەروونیی و هەروەك رەمزی خەونەکانو دەرهاویشتەکانی نا/ئاگایی تەماشام ئەکردن ، سێ هۆکاری سەرەکییم بە بنەڕەتی خۆتێرکردنی ئارەزووە سەرەتاییەکانی مرۆۋ ئەبینییەوە، کە بۆ خۆیان سەرهەڵداوی جیهانی فەنتازیا بوون، ئەوانیش خەون و دەمارگیریی و مۆتەکە بوون، لەو دوو لێکۆڵینەوەیەدا دیارن، بەڵام تایبەتتر لە فەنتازیای جەنگدا، لە راستیدا ئەم هۆکارانەم بە بنەمای کارە ئەدەبییەکانیش ئەزانی.

بە کورتی پوختەی دەرونشیکاریم وەرگرتبوو کە لەم چەند خاڵدا کورتی ئەکەمەوە:

1- پشت بەستن بە شێوەیەکی سەرەکیی بەو بابەت و گرێ دەروونی و میکانیزمانەی لە دەرونشیکاریدا هەن، وەك: دوژمنکاریی، مناڵی، سێکس، بێبەریی بوون، فۆبیا، پارانۆیا، میکانیزمی بەرگری لە خۆکردن، چەپاندن و هتد.....

2- دیقەتدانی ورد لە پاڵنەرە سەرەکییەکان.

3- بەدی هێنانی ئاسایشی تاکەکەس و هەرەمی کەسێتیی ماسلۆ.



4- لە هەمووی گرنگتر کە بەردەوام ئەم میتۆدەم بە قوتابخانەی وەرگرتنەوە ئەبەستەوەو گرنگیی زۆرم بە پەیوەندی گرتنی نێوان نوسەرو وەرگر ئەدا، کاری زۆریشم ئەکرد بۆ دوور کەوتنەوە لە سەپاندنی ئەوەی راگوزاریی یان جێگیرە لە زەینمدا.

5- لەو کاتەدا تەنها سوودم لە تەکنیکی بونیادگەرایی وەرئەگرت، هەڵوەشاندنەوەگەراییشم تێکەڵ بەو میتۆدی دەرونشیکارییە کردبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا لە فەنتازیای جەنگدا، نزیك بوومەوە لە میتۆدی ئەفسانەیی یان میتۆلۆژیی، چوون فەنتازیاو میتۆلۆژیا بە جیاوازییەکی زۆر ورد لە یەکتر جیا ئەبنەوە، دوو جیهانی نزیکی یەکن و دواتر خۆشم نەمزانی چۆن کەوتمە ناو لێکدانەوەی گشتگیریی ئەفسانەوە، هەم بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیەو هەم بۆ لێکۆڵینەوەی دوای ئەوانیش کە "یەکێتی رەگەزو پرۆژەی بە یەك گەیشتنەوە" بوو، ئەم لێکۆڵینەوەیەشم لەسەر شیعرێکی کەژاڵ عەلی بوو، بەڵام دیدو میتۆدی خوێندنەوەم هەندێ گۆڕانکاری تری بەسەردا هاتبوو، سوودم لە کتێبی "خوان"ی ئەفلاتون وەرگرت، ئەو کتێبە ئەو کات دەسنوس بوو، ئەویش ئاوات ئەحمەد پێش ئەوەی چاپی بکا هەر بە دەستنوسیی خستیە بەردەستم، ئەمانە هەموو چاکەی ئاوات ئەحمەد بوون، گەرچی تەنها لە لێکدانەوەی زاراوەکانو پەیداکردنی سەرچاوەوە هاوکاریی ئەکردمو پێی وابوو بە هۆی خوێندنی بنەڕەتی توێژینەوەوە کە لە زانکۆ خوێندبووم، خۆم پرەنسیپەکانی ئەزانمو دواتر تا نوسینەکەم تەواو نەبوایە لەو کاتەدا تێبینی نەئەدامێ بۆ تێکەڵ نەبوونی دیدو خوێندنەوەمان، ئەو کارەی ئاوات تا ئێرە لەگەڵ مندا هێنای، پێم وابێ دڵنیایی بەو بەخشی کە ئیتر بتوانم بێ هاوکاریی ئەو سەرچاوەکانم دەست

بکەوێ‌و خۆم درێژە بە کارەکانم بدەم. ئیتر بۆ من نەئەکرا لە بازنەیەکدا بخولێمەوەو بە هەمان کەرەسەو تەکنیکی رابردوومەوە کار بکەم، هەڵمەتێکی بەرفراوانی خوێندنەوەم دەست پێکرد، یەکەمین لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیم لەسەر ئەزمونی دلاوەر قەرەداخی نوسی لە نامیلکە شیعری تەیرەکانی ئیسماعیلەوە، پاش ئەو بەکاربردنی رەمزەکانم نوسی لەسەر دەقێکی دڵشاد عەبدوڵا، لە راستیدا ئەم لێکۆڵینەوەیەو لێکۆڵینەوەیەکی تر کە لەسەر دیوانی قوبادی جەلی زادەم نوسی‌و بڵاوکرایەوە – بە داخەوە لای هیچ یەکێکمان نەپارێزراوەو دەستم نەکەوتەوە، تەنانەت ناونیشانەکەشیم لە خەیاڵ نییە، تەنها ئەوەندە ئەزانم سێدارەکانی بەهەشتی تیابوو– هەردوکیان پشتیان بە میتۆدی لێکدانەوەی ئاینیی بەستبوو، یاخود بڵێین هەردووکیان بە لێکدانەوەو خوێندنەوەی سیمبۆلەکان کاریان تیاکرابوو، ئەوکات من داماڵینی میتۆلۆژیام لە ئایندا نەخوێندبووەوە کە پۆل ریکۆر لە کتێبی کێشەکانی هێرمنیوتیکدا پێشنیازی کردبوو، ئەگینا کارەکە جۆرێکی تر ئەکەوتەوە، بەڵام راستەوخۆ پشتم بە میتۆدی میتۆلۆژیا بەست، ئەتوانم ئەم دوو کارە بە هەوڵێك دابنێم لە نێوان میتۆدی سیمبۆلیزم‌و میتۆلۆژیا‌و ئاینیی‌و مێژوویی، ئەم دوو ئەرکەو ئەوی دلاوەرم دەرەنجامی خوێندنەوەیەکی بەرفراوان بوو.

پاش ئەم چەند کارە دکتۆر نازم عۆدەی رەخنەگری عێراقی – کە ئەوکات دکتۆراکەی پێ‌نەبەخشرابوو– داوای کارێکی لێکردم بە زمانی عەرەبی لەسەر فیکری بوونگەرایی لە شیعریی کوردیدا بینوسم، وەك خوێندنەوەی تایبەتم بۆ "مەحوی گەورە" سەرەتا ویستم کارەکە لە دەقەکانی ئەودا بکەم‌و وەك یادکردنەوەی سەد ساڵەی کۆچی دوایی ئەو



بڵاوی بکەمەوە، بەهۆی ئەوەوە کە کتێبخانەکەم هەندێ سەرچاوەی گرنگی پەیدا کردبوو، دوای زیاتر لە مانگێ ویستم بەراورد کارییەك لە نێوان "کیرکگارد"و مەحویدا بکەم، بەڵام ئەم پرۆژەیەم دواخست بە هۆی ئەوەوە کە شیعرێکی بڵاو نەکراوەی بەهاتی شێخ حەسیبم پاراستبوو، دەقاودەق بۆ ئەم مەبەستە گونجاو بوو، لێکدانەوە فەلسەفییەکەم نوسی‌و بە بایەخێکی گرنگەوە لە چەندین گۆڤاری وەك میدۆزای تونسی‌و جەدەل‌و رۆژنامەی مەدای عێراقی‌و ماڵپەڕی حجلنامەداو شوێنی تریش بڵاوکرابوونەوە، تەنانەت هەندێکیانم هەر پێ نەزانیبوو، لەبەر ئەوە ئەم هۆکارە بووە هاندەرێکی باش بۆ من تا بە زمانی عەرەبیش بنوسم، ئەم لێکۆڵینەوەیەم بە میتۆدو فیکری بوونگەرایی نوسیەوەو سودم لە هێرمنیوتیك وەرگرت بە رادەیەك کارەکە بە "لێکدانەوەی ئەنتۆلۆژیی" بڵاوکرایەوە.

دوای ئەم کارە وتارێکی رەخنەییم لەسەر کارەکانی رێبوار سەعید هەر بە زمانی عەرەبی‌و بە میتۆدی بونیادگەری نوسی، دواتر کارێکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە کوردی‌و عەرەبی لەسەر ئەزمونی شیعریی جەمال غەمبار. رەنگە بەهۆی پەڕپووتیی ئەرشیفی زوومەوە، هەندێ بابەتم هەر لەیاد نەمابێ، ئێستەش کۆمپیوتەر لەم ئەرکەدا بە هانامەوە هاتووەو لەو کاتەوەی پێی ئەنوسم، ئەتوانم ئەرشیفەکەی پێ‌بپارێزم.

دوای ئەم قۆناغانە لە هێرمنیوتیك نزیکتر بوومەوە، ئەو کارانەی دوای ئەم لێکۆڵینەوانە هاتن، لە ژێر سێبەرو کاریگەرێتی فەیلەسوفی فەرەنسی پۆل ریکۆر- 1913-2005- و هانز گادامێرو رۆبێرت سی هۆلب‌و ریڤاتێرو جولیا کریستیڤاو برنارد توسان‌و تۆدۆرۆڤ‌و کێ‌و کێی تردا بوون، بایەخمدا بە پرۆسێسی پەیوەندی گرتن‌و لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر

ئەزمونی رەفیق سابیر نوسی، لە راستیدا سەرچاوە بە نرخەکانی سەعید یەقتینی گەورە نوسەری مەغریبیو نوسینەکانی محمد مفتاح سودی زۆریان پێگەیاندم لەم کارەمدا. دوای ئەمەش بە میتۆدی سیمۆلۆژیا کارێکم بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی لەسەر "نمایشی سەمای پەپولەکان"ی نیاز لەتیفو روبار ئەحمەد نوسی.

هەر دوابەدوای ئەمانەش تازەترین هەوڵم لە موزیکدا بوو، دوای سەرسامیی زۆرم بە کارەکانی فوئادی مەولانایی ئەو لێکۆڵینەوەیەم لە ژێر سێبەری هێرمنیوتیکی ریکۆردا نوسییەوە، کە لە راستیدا بیری ئەو رێگەخۆشکەرم بوو بۆ ئەوەی مانایەکی نوێ لە دیالێکتیکی نێوان لەرەو مانا لە گۆرانی کوردیدا دەربخەم.

لەم قۆناغانەی دواییشدا م. عەبدوڵڵا تاهیر گەنجینەیەکی چاکی سەرچاوەی خستە بەردەستمو رێنیشاندەری هەزاران ناونیشانی کتێبی گرنگیشم بوو، ئەمەش لە خۆیدا جێی پێزانینەو پیشانگە گرنگەکانی مەداش لێشاوی کتێبیان خستە کوردستانەوە.

ماوەتەوە بڵێم هەندێ لە وتارەکان کۆمەڵێ زاراوەی عەرەبیان تێدایە کە منیش ئەو کاتەی نوسیومن گوێم پێنەداون، یاخود بۆم نەکراوە لەبری ئەوان شتێکی بەرامبەر لە کوردیدا پەسەند بکەم، هەر بەو عەقڵیەتەو بە شێوازی نوسینی وتارە رەخنەییەوە دەستکاریم نەکردوونو جارێکی تر لێرەم داناونەتەوە، هەروەك یەك شێوازی نوسینی تایبەتیش لە نێوان سەرجەمی نوسینەکاندا نین، هەموو مەبەستم ئەوەیە تەنها وەك خۆیان بڵاوببنەوە.   هەروەك لە دانانەوەەی وتارەکانیشدا بایەخم بە زنجیرەی مێژووییان نەداوە



# چڕ کردنەوەو ڕەوانیی لە دەقەکانی ڕەفیق سابیر دا

## دەقی "گۆرانییەك بۆ جوانیی" بە نموونە

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مانایەك بۆ ئەدەب، کارێکی بێسوودەو لە جێیەکدا ئەم مانایە بەرهەم دێ، کە هێشتا ئەدەب بە مانا بەرفراوانەکەی کامڵ نەبووبێ.. بۆرخیس وتەنیی" لە ماوەی حەفتا ساڵی تەمەنمو لە ئەدەبدا جگە لە گومانکردن ، شتێکی ترم دەست نەکەوت". ئەم دیاردەیە بە ڕادەیەك تەندروستە کە هەمیشە ڕووبەرەکانی داهێنانمان لا بەرفراوانتر ئەکاو ئەتوانین لەسەر هەر گۆشەیەك، یان مەودایەکی داهێنان بوەستینو بەردەوام خەیاڵو تەکنیكو ستایلی نوێ کەشف بکەین.

لە خوێندنەوەی دەقەکانی د. رفیق سابیری شاعیرەوە، جگە لەوەی بە ڕوونیی ئەم گومانو نیگەرانییە ئۆنتۆلۆژییە ئەبینرێتەوە، ئەکرێ لەسەر زۆر لایەنی شیعرییش بوەستین وەك:" کۆڵەکە بنچینەییەکانی شیعرو خەیاڵو تێڕامانو تەکنیكو خوازراوو بیری فەنتازییو وێنای میتۆلۆژیو ئاوێتەو پێکهاتەکانو جوگرافیای دەقو سینۆگرافیاو نزیك بوونەوە لە دەقی کراوەو.. زۆر هونەری تر"، لە سەروو هەموو ئەمانەوە ئاماژە بۆ زمانی شیعریی ئەکەین کە زمانێکی ڕەوانو چڕو فرە دەلالەیە، بەڵام بە هۆی چەند هۆکارێکی جۆراوجۆرەوە بونیادی زمانی شیعریی ئەکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی تەکنیکی پەخشانەوەو لە پێشکەشکردندا پێکهاتەی

پەخشانیی بەسەر دەقەکاندا زاڵ بووە، لە گرنگترینی ئەو فاکتەرانەش ئەمانەن:

1- ئینتیمای شاعیر بۆ نەوەیەکی دیاریکراو، کە لەو سەردەمەدا ڕووبەرێکی بەرفراوان دەرکەوتو تیایدا چەندین هەوڵی نوێگەریی دیار هەبوون لە شیعریی کوردیدا، ئەزموونی شیعریی ڕەفیق سابیریش لەو کاتەدا وەك دەنگێکی درەوشاوە تیشکی خرایە سەر.. ئەم تەکنیکەی ڕەفیق سابیر لە ناو ئەو دەنگانەدا تاکڕەو بوو، بۆیە لە کۆی دەنگەکاندا سەرجەمی دەنگە جیاوازەکان دەرکەوتن، کە تیایاندا ڕەفیق سابیر هەڵگری ئەم تەکنیکە تایبەتە بوو.

2- لە بارەی بونیادی پێکهاتەیی دەقەوە، لەم ستایلە تایبەتەدا ئاوێتە بوونی جیاواز بەدی ئەکرێ لە نێوان بونیادی شیعرو بونیادی پەخشاندا، کە جیاوازە لەگەڵ سەرجەم تەکنیکی هاوچەرخەکانی خۆیدا.. هەر ئەمە وایکرد کە ڕەفیق سابیر لە ڕەوتی نوێگەریی ئەوکاتدا بناسێنێ بەم ستایلەی کە ئاراستەی جیاوازی هەیە.

3- بەکار هێنانی زۆری سیمبۆڵو مەجازو خواستن کە چڕییەکی زۆری بەخشیوەتە دەقەکان.. ئەمە ڕێگەی هەڵبژێراوی ڕەفیق سابیرە لە گەیاندنی گوتاری خۆیدا، پێموایە ئەم چڕییەی لە زماندا ئەگەڕێتەوە بۆ:

أ- دوور کەوتنەوە لە ڕاستەخۆیی دەربڕین.

ب- تێپەڕاندنی گوتاری فیکریی لە سانسۆرە جیاوازەکان.

ت- بایەخدان بە هونەرسازیی لە شیعردا.. وەك هەوڵێك بۆ نزیك کردنەوە یاخود سوود وەرگرتن لە تەکنیکی شیعرو پەخشان.. کە بەخشینی ئەم چڕییەی وەك ڕووکەشێکی نوێ بۆ دەق بەکار هێناوە.



ئەم هۆ گرنگانە دەقەکانی ئەم شاعیرەیان هاویشتە ڕووبەرێکی ترەوە، واتە بوون بە هۆی ئەوەی دەنگی ڕەفیق سابیریش لە پۆلین کردندا لە ڕیزەکانی پێشەوە بێ.

زۆر ئەزموونی تریش بەوجۆرە خۆیان لە ڕاستەخۆیی دەربڕین پاراستووەو سوودیان لە تەکنیکی جیاواز وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی کە وا ئەکا ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لە ئەزموونی شیعریی لای ڕەفیق سابیر زیاتر ببینرێتەوەو بچەسپێ ئەم هۆیانەن:

أ- هاوسەنگیی باری سایکۆلۆژیی لە ژیانی ڕۆژانەی شاعیردا، کە ڕەنگدانەوەی زۆر ئاشکرای هەیە لەسەر ژیان لەناو دەقەکانیدا. بە تایبەت لەسەر جموجوڵی پێکهاتەکان، کە هاوسەنگیی تەواوی پێوە دیارە.

ب- بارگاویی بوونی شاعیر بە ئەدەبی جیهانیی.

ت- ئینتیمای فیکریی ڕەفیق سابیر بۆ فەلسەفەیەك کە بناغەکەی دیالێکتیکو حاڵیی بوونە.

پ- بەدیهێنانی مەرجەکانی فەلسەفەی زمان لە دەقەکاندا، بە تایبەت لەبارەی گرنگیدانەوە بە نمایش کردنو پەیوەندیی گرتن، کە لەگەڵ وەرگردا پەیوەندیی گرتنەکە بە ئەندازەیەکە "گەیاندن" زۆر بە ئاسانیی بەدی هاتووە .. ئەو خاڵەی گرنگە بەلای منەوەو مەبەستی باسەکەمە، کە بەردەوام لە پێشنیاز کردنی وێنەکاندا چڕیو ڕەوانیی ئەسەپێنێ.

زاڵبوونی پێکهاتەی پەخشانیی لەم ئەزموونەدا سەربەستو خۆڕسك نییە بەقەدەر ئەوەی کارێکی هونەرییە، ئەوەی وایلێکردم بیر لەوە بکەمەوە کە جۆرێ دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆ هەیە لە شاعیر خۆیەوە، دەسەڵات

شكانیەتی بەسەر جێگۆڕكێی هەر یەك لە بونیادەكانی شیعرو پەخشاندا.. ئەم خاڵانەی باسی ئەكەم دەلالەت لەو پێكداچوونە ئەكا لە نێوان شیعرو پەخشاندا، هەروەك جاروبار دابڕانێكیش لە نێوانیاندا بەدی ئەكەین، كە سەرنجمان بۆ ئەو دەست تێوەردانە ئاگاییە ڕائەكێشێ:

1- لەبارەی خرۆشاندنەوە:

یەكێ لە دەرەنجامە گرنگەكانی شیعر خرۆشاندنی هەستە، لە كاتێكدا پەخشان لە شێوەی گەیاندنی هەواڵێكدا، ئەركی لەو شوێنەدا دوایی دێ كە هەواڵەكە یان ڕاگەیەنراوەكەی تیا ئەگا.

بۆ نموونە لەم كۆپلەیەدا ئەو شعورەمان ئەداتێ كە باسمان كرد.. واتە نزیككردنەوەی ڕەگەزەكان لە یەكترەوە:

**هێشتا چاوانی خەواڵووت شوێنەواری خەونێكیان پێوە دیارە**
**پرچی شەوینت وەك قەرسیل بۆنی گڵو نمو هەتاو**
**بەنێو بەیاندا پەخش ئەكا**
**پەنجە خەواڵووەكانیشت یاری بە ڕووناكی ئەكەن،**
**تاریكیی لەبەر دڵم دادەماڵنو**
**ڕووتو سەرسام لە ڕووی خۆمدا ڕام دەگرن !**

سەرەتای ئەم كۆپلە شیعرییە تا ئەگاتە دێڕی پێش كۆتایی، گێڕانەوە لە شێوەی ڕاگەیەنراوێكدایە، واتە ئەوەندەی خوێنەر چاوەڕوانی گەیشتنی پەیام یان هەواڵە، ئەوەندە هەستی ناخرۆشێ.. بەڵام لە دوایین دێڕداو بە ڕستەیەكی شیعریی كۆپلەكە قفڵ ئەكا.

**ڕووتو سەرسام لە ڕووی خۆمدا ڕام دەگرن!**



ئەم گەڕانەوەیە بۆ شیعرییەتو بەو شێوە چڕە، ئاگایی دەرئەخا لە دارشتنی وێنەكاندا، هەروەك ئەو تێكەڵ بوونەشمان بیر ئەخاتەوە لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا.

گەرچی پەخشان چەند گرنگیی بە خەیاڵو شعور بدا – وەك لەسەرەتاكانی ئەم وێنەیەدا ئەیبینینەوە– هەروەك پەخشان ئەمێنێتەوە، بەڵام لەم وێنەیەدا سوود لەو تەوزیفانە وەرگیراوە كە لە شیعردا ئەكرێ وەك" مەجازو خواستنو سیمبۆلو خەیاڵو ... تادوایی. ئەم تەوزیفانە هەناسەیەكی شیعرییان خستۆتە بەر دەقەكە بەڵام لە شێوەی پێشنیازكردندا هەر پارێزگاریی لە بنەڕەتی ڕەگەزیی خۆیان ئەكەن كە پەخشانە.

2- لە بارەی بابەتەوە:

بابەتی شیعر كاردانەوەی عاتیفەیە بۆ ڕووداوێك، بەڵام بابەتی پەخشان هەمان ڕووداو بە شێوەیەكی وەزیفیی دائەڕێژێ.. لەو نموونەیەی پێشووداو لەم نموونە نوێیەشدا هەمان گرفتی پەخشانیی ئەبینینەوە كە بەسەر ڕووی دەقەكەوە دەرئەكەوێ:

**شەو لەسەر شەقامە باراناوییەكە ڕاكشاوە**
**تریفە، بۆشاییەكان بە سێبەرو درەوشانەوە پڕ ئەكاتەوە**
**منیش هێشتا ڕووتو سەرسام بۆنی گڵو بارانو**
**ڕەنگی ئێوارەم بەرنەداوە**
**دەستەكانم بەر نهێنییەكی دی ئەكەون**
**تەزوویەكی سارد بە جەستەمدا دێو**

**لەبەر درەوشانەوەی شەودا هەڵدەلەرزم**

**بەترسەوە بانگت دەکەم**

**تریفەو تاریکی وەك من دادەچڵەکێن**

**تەڕتر دەبم**

**لە نێو زرینگانەوەی شەودا**

**زایەڵەی تۆ دەبیستمەوە.**

وەرگر ئامادەیە بۆوەرگرتنی دەقێکی شیعریی، بۆیە بە ئاسانیی لە ئاسۆی چاوەڕوانیی ئەودا کۆدی هەر جۆرە ڕووداوێکی زەینیی یان واقعی ئەکرێتەوە.. بونیادی ئەم دەقە بونیادێکی گێڕانەوەیی– السردی– هەیە.. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕووداوەکە هەستییە، کەچی لە دەقەکەدا داڕشتنەکەی وەزیفییەو ڕووداوەکە لە گێڕانەوەدا شێوەیەکی هارمۆنیی وەرگرتووە، بەپێی ڕیزبەندیی کاتو شوێن.. بەکارهێنانی خواستنو لێکچواندنەکان لە ئاستێکی باڵای شیعرییدایە، هەرچەندە ڕستە شیعرییەکانی وەك:

**ڕەنگی ئێوارەم بەرنەداوە**

..............

**تەڕتر دەبم**

بوونیان کەمترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەئاسانیی هەست بە شیعرگەرایی– الشعرية– ئەکەین..   وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندێتیی شیعریی ڕەفیق سابیر کە لە نێوان دوو ڕەگەزی ئەدەبیدا، لە ناوەندا ڕەگەزێکی هاوبەش بدۆزرێتەوە.. هەرچەندە من لەگەڵ داهێنانو دۆزینەوەی بەردەوامی فۆرمی نوێدام، بەڵام ئەبینین لە ئەزموونێکی لەمجۆرەدا شیعرگەریی ئەکەوێتە ژێر کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی ڕەگەزێکی



ترەوەو هەندێ لە بنچینە گرنگەکانی خۆی لە دەست ئەدا.. لە هەموو کاتێکیشدا ڕەفیق سابیر هەڵگری مانیفێستی ئەمجۆرە بەرهەمەیە، ئەوەی وایکردووە، گەر شیعرێکی ڕەفیق سابیر بە بێ ناو لەسەر هەر لاپەڕەیەك بخوێنینەوە، ڕاستەوخۆ بیناسینەوە.

3– لەڕووی بونیادەوە:

بونیادی شیعر بونیادێکی ئاڵۆزە.. بۆ نموونە گەر بڕوانینە پێکهاتە کیمیاییەکانی دەقێکی شیعرییو دالو هێماو ئاماژەکانی بگێڕینەوە سەر چاوگە ئیبستمۆلۆژیەکانی، ئەبینین پێکداچوونێکی نامیتۆدیی هەیە لە هەر ئاوێتە کردنێکی زمانەوانیدا، بە شێوەیەك گەر پێکهاتەو ئاوێتەی هەر ڕستەیەکی شیعری وەربگرین، ئەوەندە ناکۆکە لەگەڵ ڕستەیەکی دیدا، بە ئەندازەیەك کە هەست بکەین لە خولگەی دەقێکی تردایین– دیارە مەبەستم لە دەقێکی جدیە گەر هەڵوەشاندنەوەگەریی بۆبکرێ–.. ئەم جۆرە ڕاڤەکارییە تەنها لەگەڵ دەقی شیعرییدا دروستە،  واتە هەر بە بینینەوەی ئەم کارکردنە لە بونیادی دەقدا، شیعرو هەر ڕەگەزێکی تر لە یەکتر جیا ئەکرێنەوە.

بەڵام لە بونیادی پەخشاندا، سادەییەك ئەبینرێتەوە کە نزیکی ئەکاتەوە لە ئاخاوتنی سروشتییەوە.. لە پەخشاندا ئاوێتەکان زۆر مەئلوفن، چۆنێتی وەرگرتنی خوازراوو هەواڵەکراوەکان یەك بەدوای یەکدا هاتووو نزیکن لەیەکەوە گەر هاوشێوە نەبن، هەر ئەمجۆرە بونیادەش ئەبێتە هۆی ناسینەوەی پەخشان.

لە دەقەکانی ڕەفیق سابیردا بە پێچەوانەی هەردوو بونیادەکەوە، بونیادێکی هاوبەش پێکهێنراوە کە ئەتوانین لە ڕێگەی ئەم نموونەیەوە ڕوونی بکەینەوە:

**بە سەرسوڕمانێکی منداڵانەوە دەست لە بەیانم دەدەم**
**بۆنی گزنگو شینایی دەکەم**
**لە گەڵا و خوناوو ڕوبار ڕادەمێنم ئەوکاتانەی**
**ڕووناکی هەڵدەمژن**
**بە هەڵپەوە ڕەنگی پرژاو دەچنمەوە،**
**وەك منداڵێك هاوار دەکەم**
**بدرەوشێوە ئەی جوانیی!**
**بە هەمان سەرسوڕمانەوە زایەڵەی تۆ**
**لەنێو مۆسیقایەکی دووردا دەبیستمەوە.**

بونیادی گشتیی دەقەکە بونیادێکی سادەیەو لە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا داڕێژراوە، واتە لە تەواویی وێنەکاندا ڕیزبەندیی ئاوێتەی هەر وێنەیەك نزیکە لەوی ترەوە..

"دەست لە بەیان ئەدەم، بۆنی گزنگ ئەکەم، خوناو کە ڕوناکیی هەڵئەمژێ، ڕەنگ ئەچنمەوە، بدرەوشێوە ئەی جوانیی" ئەم ئاوێتانە ئاوێتەی چوون یەکن، لە فۆرمی وێنەکاندا نامەئلوفیەت بەدی ئەکرێ، بەواتە گەر بڕوانینە فۆرمەکان زیاتر فۆرمی شیعریین وەك لە پەخشان.. بەڵام هەر لەم کۆپلەیەدا چەندین جارو هەر بۆ هەمان مەبەست ئەم ئاوێتە کردنە دووبارە کراوەتەوە، لەگەڵ چەند وێنەیەکی یاریدەدەردا "سەر سوڕمانی منداڵانە، بۆنی شینایی کردن، ڕامان لە گەڵا و ڕوبار کاتێ ڕوناکیی



هەڵئەمژن، وەك منالێك هاوار ئەکەم، بەهەمان سەرسوڕمانەوە ...تادوایی" تەواوی کۆپلەکەیان پێك هێناوە.. ئێمە قسەیەکمان لەسەروێنە یاریدەدەرەکان نییە کە بۆ خۆیان بونیادی پەخشانییان هەیە، قسەمان لەسەر ئەو وێنە سەرەکییانەیە کە لە داڕشتنو پێکهاتەیاندا شیعریین، کەچی لە تەواوی کۆپلەکەدا، ئاوێتەکان بە هەمان ڕیتمی بونیادی پەخشانەوە دووبارە ئەبنەوە.

خوازراوێکی نامەئلوفی وەك " دەست لە بەیان دەدەم"، ئەم دەستەواژەیە چەندە شیعرییە ئەوەندەش چڕکردنەوەو ڕەوانیی پێوە دیارە، کە شیعرییەتی لای ڕەفیق سابیر پێ ئەناسرێتەوە.. وەك سەرنجیشمداوە لە زۆرینەی دەقەکانی ڕەفیق سابیردا وێنەو دەستەواژەو ڕستەی شیعریی نامەئلوف بەدی ئەکرێن، بەڵام لە زۆربەیدا گەر نەڵێم لە تەواوی دەقەکانیدا هەر بە هەمان شێوە تەوزیف کراوەتەوە کە پێشتر باسمان کرد، ئەمەش وایکردووە لە ڕێگەی ئەو دەربڕینانەوە شیعریەتو چڕکردنەوە زاڵ بێو لە ڕێگەی بەکار هێنانی ئەو تەکنیکەی خۆشیەوە ڕەوانیی بەخشیوە بە دەقەکانی کە هەر یەکێکیان مەرجی شیعریەتی لای ڕەفیق سابیرە.

لە تەواوی دەقەکانداو هەروەك لە زانستی زمانیشدا باسکراوە، گرنگی دراوە بە **نمایشکردنو پەیوەندیی گرتن** کە بە هۆیانەوە هێماکان ژیاونەتەوە، ئەم دوو تەوەرەیە بۆ توانای دەربڕینە بەهۆی وتنەوە.. چڕکردنەوەو ڕەوانیی لای ڕەفیق سابیر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەتوانێ بە هۆی تەکنیکی زمانەوە لە ئاستی باڵای دەربڕیندا بدوێو لە هەمان کاتیشدا پارێزگاریی لە چڕکردنەوەی وێنەکان بکاو خۆی دوور بگرێ لە درێژدادڕیی:

**هەر بەو دەستانەی لە هەورم دەسو**
**بەردو ڕەگەکانم بێدار ئەکردنەوە.**
**هەر بەو دەستانەی پاشەڕۆژی خۆم**
**وەك گوڵ پێبەخشیت**
**لە ڕووی هەر شتێك، لە ڕووی هەر کەسێك**
**بە غرورێکی منالآنەوە پرۆتێستم دەنواند،**
**بە ڕووی یەقیندا**
**دەرگام دادەخست**
**بەسەر پێشبینیو بەڕووی گوماندا**
**پەنجەرەی دڵم دەخستە سەر پشت.**

پەیوەندیی گرتنی ئێمەو ئەم دەقە سەرەتا لە ڕێگەی هێماکانی زمانەوەیە، ئامادەیی ئێمە بۆ وەرگرتنی ئەو هێمایانە لەو پێکهاتانەدا لە پلەی دووەمدا دێ، کاتێ کە ئەزانین زمان لە دەقەکەدا نەکەوتۆتە ویڵگەی نێوان ماناو نامانابییەوە.. داڕشتنی ئەو پێکهاتانە بەو شێوەیەی لە دەقەکاندا هاتووە، وایکردووە کە خوێنەر ڕووبەڕووی ئەزموونێکی جیاواز ببێتەوە.. ئەم ئاگا بوونە لە مەسەلەی زماننناسیدا کاری داڕشتنی ئاسانتر کردووە، بە شێوەیەك کە زۆر ئاسانتر هێرمنیوتیکی چڕگەرایی کاری تیا بکا، بەو شێوەیەی کە لە شیکردنەوەی دەروونیدا فرۆید پشتی پێئەبەستو پۆل ڕیکۆریش ئەڵێ: تەنها فرۆید نەبوو کە پشتی بە هێرمنیوتیکی چڕگەرایی ئەبەست، بەڵکو مارکسو نیتشەو پێش ئەوانیش فیورباخ کە ئەمانە بە باوانی میتۆدیی چڕگەرایی ئەناسرێن.

4- لە ڕووی نمایشەوە:



محمد الحرز لە" شعرية الكتابة والجسد" دا ئەڵێ: بۆ ڕوونکردنەوەو کەشفکردنی دەقێکی فرە دەلالەی داخراو، پێویستە سەرەتا دەقەکە لەوشیاریی ڕووکەش دامالْرێو لەئاستی ئاسۆیی تێفکرینەوە بگۆڕدرێ بۆ ئاستی ستوونیی."

هەرچەندە ئەم ڕایە لە بنەڕەتدا هەمان بابەتی "داماڵینی میسۆلۆژیا"ی پۆل ڕیکۆرە، کە دەربارەی خوێندنەوەی هێرمۆنتیکیی دەقی میتۆلۆژیی لە کتێبی "کێشەکانی هێرمنیوتیك"دا باسی کردووە.. بەڵام لە لێکدانەوەی یەکەمی محمد الحرزەوە، ئێمە لە جیاوازییەکی زۆر ڕیشەییو ئاڵۆزیی نێوان شیعرو پەخشان ئەکۆڵینەوە.

یەکێك لەو جیاوازییە بنەڕەتییانەی نێوان شیعرو پەخشان، نمایشکردنە.. ئاستی نمایشی پەخشان ئاستێکی ئاسۆییە، بەڵام ئاستی نمایشی شیعریی ستوونییە.

گەر ورد بڕوانینە دەقێکی شیعریی داخراو ئەبینین بونیادو تایبەتمەندێتییەکی خەیاڵگەرایی هەیە، واتە پشت بەستە بە سیمبۆڵو مەجازو خوازراوو هەواڵەکراو، بەشێوەیەك کە زمان دەسەڵاتێکی زۆری تێدا هەیە.. جەستەی دەقیش کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەواقیعو ژیانو مێژووەوە هەیە، بونیادەکەی ئەنترۆپۆلۆژییە.. پەیوەندیی زمان لە دەقەکەدا وەك پەیوەندییە ناوەکییەکانو پەیوەندیی جەستەش وەك پەیوەندیی دەرەکیی، بە هۆی هەردوو جۆر پەیوەندییە دەرەکییو ناوەکییەکەوە مانا بەرهەم دێ.. ئەم ئاستە ئاستێکی ستوونییەو تا بە دەقەکەدا ڕۆنەچین، مانا بەرهەم نایەت.

لە کاتێکدا دەقی پەخشانیی پێویستیی بەم هەموو ڕۆچوونە نییە، بەڵکو تەنها بە خوێندنەوەیەکی ڕووکەشیی، مانا بەرهەم دێ، یان دەقێکی هەڵخراوە، خوێنەر بە تەنها خوێندنەوەیەك ڕاگەیەنراوەکەی پێئەگا.

دەقەکانی ڕەفیق سابیر پڕن لە سەرکێشیی شیعریی.. هەمیشە خوێنەر ڕووبەڕووی جۆرێك لە گواستنەوە ئەکا، کە لە پشتی خوێندنەوەیەکی سەرەتاییەوە نهێنی جێئەهێڵێ بە جۆرێك کە خوێنەر وابەستە ئەکاو پێویستیی بە کەشفکردنی نهێنیەکەیە.. لە زۆرینەی دەقەکاندا ڕەوانییەکی شیعریی خوێنەر ناچاری گەڕان ئەکا بۆ دۆزینەوەو شیکردنەوەی ئەو وێنانەی کە هەم ئاسۆیی و هەم ستوونین.. لە دەقی گۆرانییەك بۆ جوانییدا هەردوو ئاستەکە ئەبینینەوە.. سەرنج ئەدەینە ئەم کۆپلەیە بۆ نموونە:

**بە هەمان لاساریی و شەوقەوە ڕەنگ دەچنمەوە**
**شوێن بێداریی دەکەوم تا بەرەو تۆم بێنێتەوە!**
**لە کۆچێکی دیکەدا منداڵانە**
**بە یەکەمین ڕێبوار دەڵێم:**
**بەیانیت باش هاوڕێ میهرەبانەکەم!**
**لە بەردەم هەر بەیان و خۆرئاوا بوونێکیدا،**
**بە هەمان سەرسوڕمانەوە، هاوار دەکەم:**
**تاکەی بە ئەفسوونت هەڵوەداو**
**بە ڕازەکانت شەیدام دەکەیت.**

تەوزیف کردنی کۆچ لەم کۆپلەیەدا جگە لەوەی بیرخستنەوەی قۆناغێکی ژیانی خۆیەتی و لە دەرفەتێکی جیاواز لە شوێنی خۆیدا هاتووە، دەلالەتی زۆر هەن کە مانای بەردەوامیی ئەبەخشێ لە سەرجەمی



دەقەکەدا" واتە **بەردەوامیی** مانەوە لە کۆچدا، گەشتکردن، یاخود خۆ ئامائەکردنەوە بۆ کۆچێکی تر "، تەنها لەم کۆپلەیەدا ئەم ئاماژانە هەن بۆ بەردەوامیی:

*- ئەو لاساریی و بەرائەتەی لە منداڵیی خۆیەوە تا ئێستە درێژ ئەبێتەوە" مەبەستمان لە من ی ناو دەقەکەیە".- بەردەوام بوونی بیۆلۆژیی مرۆڤ-

*- بەیان و خۆر ئاوابوون، کە لە دەقەکەدا هەمیشە وەك هەواڵەکراوێك وەرگیراون بۆ سەرسوڕمان لە ئاستی ئیستاتیکە سروشتییەکەدا. هەروەك لە خۆشیاندا ئاماژەن بۆ بەردەوامیی بەو پێیەی ڕۆژانە دووبارە ئەبنەوە.

*- شوێن بێداریی کەوتن و گەڕانەوە بۆ "ئەو"ی ناو دەقەکە.. پاشگری " ەوە" بۆ بەخشینی سیفەتی بەردەوامییە بۆ هەر کردارێك.

*- پێشبینیی کردنی بینینەوەی ڕێبوارێکی تر لە کۆچێکی تردا.

*- پرسیاری "تاکەی؟" جارێکی تر ئاماژەیە بۆ گێڕانەوەی ڕابردوو، هەروەك پرسێکە لە بەردەمی ئایندەدا.

بۆرخیس لە موحازەرەیەکیدا دەربارەی خواستن، نموونەی ئەستێرەی وەرگرتووە کە چۆن لە دوو بەکارهێنانی جیاوازدا، ئەتوانی سیفەتی ناسکیی بدەیتێ و سیفەتی گوێ پێنەدانیش.. لە نموونەی یەکەمدا ئەڵێ: حەز ئەکەم ببم بە شەو تا نوستنت بە هەزار چاو ببینم، لە نموونەی دووەمیشدا ئەڵێ: ئەستێرەکان ئەڕواننە خوارەوە.. ڕوونی ئەکاتەوە کە چۆن لەنموونەی یەکەمدا ناسکیی عاشقێك هەست پێئەکەین کە ئەیەوێ لە زۆر پنتکی جیاوازەوە یارەکەی ببینێ و لە دووەمیشدا هەر مەبەستێکی لە پشتەوە بێ، دەلالەت لە ڕوانینی بەردەوامی ئەستێرە ئەکا لە بینینی

مرۆڤایەتی کە چۆن دێن و لەناو ئەچنەوە، لێرەدا ڕووبەڕووی گوێ پێنەدان ئەبینەوە.

دروست لەم بابەتەی ئێمەشدا هەر ئاوایە.. لە هەندێ شوێندا کۆچم بینیوە کە چۆن تەوزیف کراوە، ڕاستەوخۆ هەستم بە چوون بۆ گەشت و خۆ دەرباز کردنی نووسەرەکەی کردووە لە پشێویی وڵاتەکەی و بەرگە نەگرتنی ئەو، بەڵام ئەم کۆچەی کە لەم دەقەدا تەوزیف کراوە ئارامیی ئەبەخشێ بە خوێنەرەکەی، یاخود هەر هیچ نەبێ ئومێدی گەڕانەوەی منی دەقەکەی تیا ئەبینێتەوە، بە دڵنیاییەوە تەوزیف کردنی خوازراوەکە لەوەرگرتنی کاریگەر ترە، چوون لە زۆر باردا وشەکان خۆیان بێ گیان و لەوەرگرتن و تەوزیف کردنیاندا گیانیان بە بەردا ئەکرێ، ئەگینا کۆچ دەلالەتێکی دیاریکراوی خۆی هەیەو گەر لە بەکار هێنانەوەدا بەو شێوەیەی کە خوێنەرەکەی سەدمەی ئیستاتیکی بەر نەکەوێ، ئەوا هەر بەو بێ گیانی و سنووردارییەوە ئەمێنێتەوە .. لەم دەقەدا بەردەوامیی لە بونیاددا هەیە، بە شێوەیەک خوێنەر هانئەدا بۆ کەشف کردنی.. بە پێچەوانەی بانگەشە بۆ کردنییەوە تەنها جارێکیش ئەم وشەیە بە شێوەیەکی ماددی بەکار نەهاتووە، بەڵکو ماناکانی لە بونیادی دەقەکەدا بەکار هاتووە.. بەردەوامیی لەم دەقەدا سیفەتی بەردەوام ژیانەوەی لەناو دەقەکەشدا دروست کردووە.. گەرچی لەوێنە ڕووکەشییەکاندا بە ئاشکرا ئەیبینینەوە، لە مانای دەقەکەشدا هەمان سیفەت ئەبەخشێتەوە کە لە شوێنێکی تردا باسی ئەکەین.

ئەمە نموونەیەکی زۆر خێراو کورتی یەکێک لەو خوازراوانەیە"کۆچ" کە لە دەقەکەدا بەکار هاتووە.. ئەم خوێندنەوەیە ئاسۆیی نییە بۆ ئەو



خوازراوەو خوازراوەکە خۆیشی خوێندنەوەی ئاسۆیی هەڵناگرێ، بۆیە بە ناچارییەوە ئەبێ خوێنەر شوێن بەرهەم هێنانی مانا بکەوێ.

گەر تەنها بمانەوێ لە دەقەکەدا ئەم خوازراوە بخوێنینەوە، ئەم گریمانەیە دێتە بەر زەینمان:

پێویستە سەرەتا لە هاوکێشەیەک بکۆڵینەوە لە دەقەکەدا، هاوکێشەی دەستپێکی دەقەکە: کە دەستدانە لە بەیان، لەگەڵ پەیوەندیی بەیان و ڕەنگ چنینەوە بە بێداریی و ڕاکشانی شەوو تریفەو خەونەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا: ڕاستەوخۆ بەر جیاوازییەکی سروشتیی ئەکەوین.. شەو× ڕۆژ.. ئەمە گەروەک قۆناغی یەکەمیش لێکی بدەینەوە، دوو مەودای جیاوازمان ئەداتێ لە سەر هەموو ئاستەکانی " بینین، بیستن، چالاکیی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوون، باری دەروونیی، هتد..."

بەڵام لە قۆناغی دووەمدا، کاتێک خوێنەر بە نێو وێنای مەزەنەکراودا شۆڕ ئەبێتەوە- گەر هەر بە زمانی دەقەکە قسە بکەین – دەست لە حەقیقەتێکی سایکۆلۆژیی نوێ ئەدەین کە بە ڕووکەشی دەقەکەوە دیار نییە.. مەبەستمان لە وێنای مەزەنەکراو، ئەو بارە سایکۆلۆژییە کە دەقەکەی پێدا تێپەڕ بووە کاتی بەرهەمهێنانی.

**بەرهەمهێنانی مانا:**

أ- بە سەرسوڕمانێکی منداڵانەوە دەست لە بەیانم دەدەم

× × ×

ب- بە هەمان سەرسوڕمانی منداڵانەوە
لەگەڵ باڵدارە خەواڵووەکاندا
بە پیر بەیانەوە دەچم،

**وەك پەپوولـە پەلكـە گـوڵو ئـاونگ بـۆن دەكـەم ئـەو سـاتەی**

**ڕووناكی**

**هەڵدەمژن.**

× × × ×

**ت- به هەمان لاساریی‌و شەوقەوە ڕەنگ دەچنمەوە**

× × × ×

**پ- منیش هێشتا ڕووت‌و سەرسام بۆنی گڵو باران‌و**

**ڕەنگی ئێوارەم بەرنەداوە**

**دەستەكانم بەر نهێنییەكی دی ئەكەون**

× × × ×

**ج- تاریكیی لەبەر دڵم دادەماڵن‌و**

**ڕووت‌و سەرسام لە ڕووی خۆمدا ڕام دەگرن !**

× × × ×

**ح- هەر بەو دەستانەی پاشەڕۆژی خۆم**

**وەك گوڵ پێ‌بەخشیت**

× × × ×

**خوێندنەوەی ئاسۆیی ئێمە بۆ بەرهـەمهێنانی مانا لـەم دەقـەدا هەیـە، لـەو كاتــەدا ئێمــە ڕووبــەڕووی دەقێكــی پەخشــانیی ئەبینــەوە.. لــەوەدا خــۆی ئەبینێتــەوە كـە دەقێكـی خـەیاڵیی- ئیسـتاتیكییەو ئـەتوانین بـە هـەق نـاوی بنـێین "گۆرانییـەك بۆ جوانیی" كـە ناونیشـانی دەقەكەیـە، پاشتر بـە هـەمان ڕیتمــی ڕووكەشــی دەق، ســەرنجمان ئەگوێزرێتــەوە بــۆ ســەر دیمــەنی بەرەبەیانێك، دواتر چەندوێنەیەكی شیعریی لـە شـەودا، بـە گشـتیی خوێنـەر**



**ئـەتوانێ وێنـە ڕووكەشـیەكە بـە ئاسـانیی بخوێنێتـەوە .. هـەم ناونیشـانی دەقەكەو هەم وێنە ڕووكەشیەكانیش جارێكی تر ئەمانخەنەوە بەردەم گرفتی شیعرو پەخشان لە دەقەكەدا.**

**لە ڕاستییدا گەرچی ناونیشان‌و وێنـەكانیش هەڵخەڵەتێنـەرن‌و وێنـای ڕاسـتەقینەی دەقەكـەون ئەكـەن‌و بونیـادە ئەنترۆپۆلۆژییەكـەی ئەشـارنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جارێكی تـر ئەكەوینـەوە بـەردەم گرفتـی سـوود وەرگـرتن لـە بونیادی شیعرو پەخشان، بەڵام ئەمجارەیان لە گرفتێكی ڕاستەقینەدا.**

**سـەرەتا مـن ئەمـەوێ لـە قۆنـاغی دووەمـی گریمانەكـەمان بـدوێم كـە خوێندنەوەیـەكی تایبەتـە بۆ بونیـادی نـاوەكی- پەیوەندییـەكانی زمـان-و، پەیوەندیی دەرەكی- جەستەی دەق-.**

**گێڕانەوەی هەواڵەكراوەكان بۆ پێگـەی خۆیـان‌و لێكدانـەوەی سیمبۆڵ‌و خوازراوەكــان لــە بونیادیانــدا، ئاراســتەی خوێندنــەوەیان گــۆڕیم بــەرەو لێكدانــەوەی پەیوەندییــە دەرەكییــەكانی دەقەكــە- واتــە پەیوەندییــەكانی جەسـتەی دەق، كـە لـە واقیـع‌و ژیـان‌و مێـژوو پێكـدێ-.. لێكۆڵینـەوەكانی سەدەی ڕابردوو تەواو داماڵڕابوون لە فەلسەفەی خودو هەر ئەوەش كارێكی وایكـرد تیـۆری نـوێتر زۆر بـە خێرایـی جێیـان بگرێتـەوەو ئێسـتە بـە پێـی تیۆرەكـانی ئیسـتاتیكای وەرگـرتن‌و نـاردن‌و بەدەنگـەوەهاتن، خـود ڕۆڵـی گرنگی لە خوێندنەوەو بەرهەمهێنانەوەی دەقدا هەیە.**

**لەم خوێندنەوەیەمـدا پشـت بـە هەرسـێ ڕەگـەزە بنچینەییەكە ئەبەستم، كە مێژووو ژیان‌و واقیعە.. هەروەك هەموو ئەو پێشهاتانە لێك ئەدەمـەوە كـە دێنە بەردەمم‌و ئەو گریمانانەی لە خوێندنەوەكەوە سەرچاوە ئەگرن.**

**مێژوو:**

منالّیی، به هەموو مەوداکانیەوە لەم دەقەدا ئەدرەوشێتەوە.. گەر بەشی "أ، ب، ت"وەربگرین لەو نموونانەی سەرەوە، زۆر بە ڕوونیی ئاماژەکان ڕوون ئەبنەوە:

**_ أ- بە سەرسوڕمانێکی منداڵانەوە دەست لە بەیانم دەدەم**

× × ×

**ب- بە هەمان سەرسوڕمانی منداڵانەوە**
**لەگەڵ باڵدارە خەواڵووەکاندا**
**بە پیر بەیانەوە دەچم،**
**وەك پەپوولە پەلکە گوڵو ئاونگ بۆن دەکەم ئەو ساتەی ڕووناکی**
**هەڵدەمژن.**

× × × ×

**ت- بە هەمان لاساریی و شەوقەوە ڕەنگ دەچنمەوە**

× × × ×

سەرسوڕمانو سەرکێشیی و بزێویی و لاساریی و شەوق، لەم چەند وێنەیەی سەرەوەدا ئەناسینەوە، کاتێك بە سەرسوڕمانەوە هەست بە داهاتنی بەیان ئەکرێ و بێباکانە لەگەڵ باڵدارە خەواڵووەکاندا، یاخود ڕاستتر بە شەوق و هەڵوەدا بوونەوە بە پیر بەیانەوە چوون و بزێوانە دەست بۆ شت بردن و بۆن کردن و پاشان لاسارانەو بەشەوقەوە، ئەمانە هەموو گێڕانەوەی منالّییە لە ئێستەدا.. هەڵگرتنەوەی ئەو سیفاتانەو جارێکی تر، ئاماژە کردنن بۆ تێپەڕینی کاتی منالّیی و ئەکتیڤ کردنەوەی ئێستە بەو



سیفەتانە.. بۆیە ئەتوانین منالّیی بە بیرەوەرییە پیرۆزەکان بناسێنین، ئەو بیرەوەرییانەی کە ئەبنە دەستپێکی ڕاستەقینەی داهاتنی ئایندەیەکی نوێ، هەروەکو ئەوەی کە ئەم هەواڵەکراوە واتە – منال- لە سیفەتە ئەنترۆپۆلۆژییەکەیدا هەیەتی.. چەند گرنگیی دراوە بە ڕووپۆش کردنی دەقەکە بەوێنەی ئیستاتیکیی، ئەوەندەش منال وەك هەواڵە کراوێك گرنگیی پێدراوەو، لە دەقەکەدا لە چەندین شوێنی جیاوازدا تەوزیف کراوەتەوە، ئەم بەکاربردنانەش هیچیان لەخۆوە ڕووی نەداوە، بەکارهێنان لەسەر بنچینەی میکانیزمێکی سایکۆلۆژییە.

**ژیان:**

ئەو چەقی مەبەستە کوێیە کە پێویستی بەو هەموو ئەکتیڤ بوونەوەیە هەیە؟ لە کاتێکدا ئەزانین منالّیی تەنها بە مەبەستی بەرائەت تەوزیف نەکراوە، بەڵکو ئەرکە گرنگەکەی بۆ دەست پێکردنەوەیەکی نوێیە لە ژیاندا. چوونەوەیە بەرەو پیری بەیان و دەستپێکردنەوە، کە زۆر بە ڕەوانیی ئاماژەی بۆ ئەکاو سەرسامیی خۆی دەرئەبڕێ لە جارێکی تری زیندوو بوونەوەی خەونەکان.. کەواتە پاشەڕۆژ بە کێ بەخشرا؟

**ح- هەر بەو دەستانەی پاشەڕۆژی خۆم**
**وەك گوڵ پێ‌بەخشیت**

کە پاشەڕۆژ بەخشرابێ بە کەسێکی دیاریی کراو، ئەو مافی کار تێداکردن –تصرف- ی لەو شتەدا هەیە کە پێی ئەبەخشرێ..واتە لەدەستدانی هەموو هیواکانی داهاتوو." گەر ورد تر باسی بکەین و بە مانا یاساییەکەی وەری بگرین، بەخشراو هیچ مافێکی خاوەنی لەسەر

نامێنێتەوە، گەر لە کەسێکی خاوەن ئەهلیەوە بەخشرا بە کەسێك و بۆ مەبەستێکی نەشیاو بەکاری نەهێنا"

لە تەواوی ئەم دەقەدا ئەو وێنەیەی سەرەوە لە خوێندنەوەکەمدا تیشکی زۆری چووە سەر، هەر ئەو وێنەیەش بوو بە هۆی ئەوەی دەرکی دەقەکە بخاتە سەر پشت.

کاتێ کە پاڵەوانی دوێنێراو- دووەم- لەم دەقەدا ئەبینینەوە و بونیادێکی جێگیریی هەیە، ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو پاڵەوانە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی و بێهوودەییە خەملێنراوەکانی کەسێکە، کە لە ساتێکدا لەگەڵ تێکشکان و ئومێد بەتاڵییدا ژیاوەو پاشتر وەك کتوپڕییەکی چاوەڕواننەکراو هیوایەکی گەش لە ژیانیدا سەری هەڵداوەتەوە.. واتە پاش تێپەڕینی ژیانی چاوەڕوانیی و خەو بینین بە ئایندەی ڕۆشنەوە، پاشتر تێك شکانی ئەو هیوا ڕەنگاڵەییانە، ئیتر لە ساتێکدا پاشەڕۆژو ئاینده — وەك گوڵ- بەخواست و بە سەربەستیی تەسلیم بە بێهیوایی و ڕەش بینیی کراوە، ڕوونترین گوزارشتی ئەو کتوپڕییەش لەم وێنەیەدا ئەبینینەوە:

**ج- تاریکیی لەبەر دڵم دادەماڵن و**

**ڕووت و سەرسام لە ڕووی خۆمدا ڕام دەگرن !**

× × × ×

**پ- منیش هێشتا ڕووت و سەرسام بۆنی گڵ و باران و**

**ڕەنگی ئێوارەم بەرنەداوە**

**دەستەکانم بەر نهێنییەکی دی ئەکەون**

× × × ×



**واقیع:**

شوناسی دەقەکە سەر بە سەردەمێکی دیاریکراوە لەواقیعی ژیانی شاعیر.. بە ڕای من بیرکردنەوەی لە گەڕانەوەی بۆ زێدی مناڵیی و ژیانەوەی بیرەوەرییە هەمیشە ئامادەکان- کە بە بیرەوەرییە پیرۆزەکانمان ناساند- لە خەیاڵی ئەوداو، داهاتنی ڕۆژێکی نوێ و زیندوو بوونەوەی هیواکان، لەم دەقەوە سەرهەڵئەدا.. بەو شێوەیە ناونیشانی دەقەکە لە گۆرانییەك بۆ جوانییەوە ئەگۆڕێ بۆ گەڕانەوە بۆ جوانیی.. لە ڕووی زمانیشەوە لە نێوان گۆرانی و گەڕانەوەدا نزیکایەتییەك هەیە لە فۆنیمەکاندا:

**لە کۆچێکی دیکەدا منداڵانە**

**بە یەکەمین ڕێبوار دەڵێم:**

**بەیانیت باش هاوڕێ میهرەبانەکەم!**

پێشتر ئاماژەیەکمان بۆ بەردەوامیی زاراوەی کۆچ کرد، وەك مانەوەو بەردەوامیی لە کۆچدا.. لێرەدا زاراوەکە ئەگۆڕێ بۆ خوازراو و زیاتر ڕوون ئەبێتەوە.. لە کۆچێکی تردا و منداڵانە بەیانی باش کردن لە یەکەمین ڕێبوار چەند دەلالەتێکی جێگیری هەیە:

1-کۆچی داهاتوو- بە پێی خوێندنەوەکە- کۆچی گەڕانەوەیە.

أ- منداڵانە: ئاماژە کردنە بۆ گەڕانەوە بەرەو زێدی مناڵیی و ژیانەوەی بیرەوەرییەکانی ڕابردوو. هەروەك دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێیە.

ب- بەیانی باش کردن: دڵنیا بوون لە چوونەوە ناو کۆچێکی تر، بەڵام ئەمجارەیان کۆچێکی شیرین، کۆچ بەرەو ژیاندنەوەو گەشانەوە، نەك ڕەشبینیی و چاوەڕوانیی کردن.

ت- میهرەبانیی پیادەیەکی ئاسایی: لێرەدا خوێندنەوەکەی ئێمە چەندە جێی خۆی ئەکاتەوە، کاتێ ئەو لە گەڕانەوەیەکی دڵنیاییدا- کۆچێکی سەد دەر سەد- ئەگا بە یەکەمین پیادە، یەکەمین ڕێبوارو بە هاوڕێیەکی میهرەبانیشی ئەزانێ.

لە پلەی یەکەمدا خوازراوی گۆرانیی ساغکرایەوە کە دەلالەت لە گەڕانەوە ئەکا، لەم پلەیەشدا کە بە کورتی لە قۆناغی یەکەمی خوێندنەوەکە -واتە لە سروشتیی بوونی جیاوازیی شەوو ڕۆژ - ئەدوێین و، لە خوازراویی جوانیی ئەکۆڵینەوە.

گەر لە شوێنکاتی ساتی بەرهەمهێنانی شیعرییدا، شوێنکات شەو بێ:

**لەبەر درەوشانەوەی شەودا هەڵدەلەرزم**

**بە ترسەوە بانگت دەکەم**

**تریفەو تاریکی وەك من دادەچڵەکێن**

ئەم هەموو ترس و هەڵلەرزینە هەبێ و لە دووریێکی زۆر دوورەوە زایەڵەی ئەوێکی تر هەبێ- من پێموایە لەسەر ئاستی ئاخاوتن دوو پاڵەوان هەیە، یەکێکیان نائومێدیی و ئەوی تریشیان ئومێد، کە هەر یەکەیان لە چەند وێنەیەکدا ئەدوێنرێن- کەواتە شەو سیمبۆلێکە لەم دەقەدا بۆ بێهیوایی، ڕۆژیش هەر لە بەیانەوە- واتە لە دەستپێکەوە- کە تەوزیف کراوە بۆ ئاماژە کردنە بە ژیانەوە.. ڕوونتر بۆ ئاماژە کردنە بە زێدی منالّیی-وڵات-.. کەواتە بە پێی ئەم خوێندنەوەیە ئەتوانین ناونیشانی دەقەکە بگێڕینەوە سەر ڕەوتە هەستییەکەی خۆی کە " گەڕانەوە بۆوڵات"ە.

مەبەستی من شیکردنەوەی سیمبۆل و خوازراوو مەجازەکان نییە، بە قەدەر ئەوەی کە ئەمەوێ کۆك بوونی نێوان تەکنیکی شیعرو پەخشان لای



ڕەفیق سابیر باس بکەم.. ئەم بەشەی کە تایبەت بوو بە نمایش کردن، تا ئێستە ئێمە لە خوێندنەوەی ستوونیی دەقەکەمان کۆڵیوەتەوە، کە لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ دەقی شیعریی داخراو ئەکرێ لای بارت و لای ئیمبرتۆ ئیکۆش تەنها ناوەکەی ئەگۆڕێ بۆ دەقی کراوە..واتە ئێمە خوێندنەوەمان بۆ دەقێکی شیعریی سیمبۆلیی کردووە کە تەنها لەگەڵ ئەم جۆرە دەقە شیعرییەدا ئەکرێ، لە ڕووی بەرهەمهێنانی ماناوە.

بۆ دەرخستنی خوێندنەوەی نمایشکاریی دەقەکەش، پێشتر ئاماژەم بۆ کرد کە هەمان دەق ئەتوانین لە ڕووی بەرهەمهێنانی ماناوە خوێندنەوەی دەقی پەخشانییشی بۆ بکەین.. ئەم دەقە لە ڕووی ئەووشیارییە ڕووکەشیەوە کە ئەیبەخشێ، بە هەمان شێوە مانایەکی ڕوون ئەبەخشێ کە هەروەك بە ناونیشانەکەیەوە دیارە، بەو شێوەیە شیعرێکی ئیستاتیکیی پەتییە.. لە ڕووی وێنەکانەوە زنجیرەیەکی هارمۆنیی تەواوە لەوەسفێکی گشتگیریدا بۆ ساتی بەرهەمهێنانی دەق، لە گەیاندنی وێنەیەکی دەمەو بەیان و فلاشباگی شەو.. ئەتوانین بڵێین بە گشتیی چەند وێنەیەکی تەواو ئیستاتیکییە، بەڵام وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە خوێندنەوەی ئەم وێنانە لە ڕووکەشدا دەقەکە بەرەو کۆڵەکە بنچینەییەکانی پەخشان ئەبا و شیعرییەت تەنها لە وێنە چڕەکانیدا ئەهێڵێتەوە، ئەمەش خوێندنەوەی ئاسۆیی دەقەکەیە.

گەر ئێمە لە باری یەکەمداو خوێندنەوەی ستوونیمان بۆ دەقەکە هەبێ، ئەوا لە بەردەمی دەقێکی شیعرییدایین، بەڵام بارگاویی بە تەکنیکی پەخشان، لەوەدا کە لە ڕووبەری مانای دەقدا گێڕانەوەی ئیحساسێك زیاتر هەیە وەك لە شیعرییەتی پەتیی، کە چەند بونیادێکی جیاوازی وێنەکان

هەبێ و لە مانادا زنجیرەیی نەبێ، واتە بونیادێکی ئاڵۆز بەرهەم نەهاتووە.. – ئەو هۆیەی کە وای لێکردم سیمبوڵ و مەجازو خوازراوەکان شی بکەمەوە–.

لە هەمان کاتدا گەر خوێندنەوەی ئاسۆیی بۆ دەقەکە بکەین، ئەوا لەبەردەم دەقێکی پەخشانییداین، بەڵام بارگاویی بە چەندین وێنەی چنراو لە سەر پێکهاتە شیعرییەکان.. کەواتە لە هەردوو بارەکەدا، تەکنیکی شیعریی و پەخشانیی زاڵن بەسەر دەقەکەدا. ئەمەش ئەو جیاوازییە بنەڕەتییە بوو کە شاعیر پێکەوە کۆکی کردوون.

5– لە ڕووی پەیوەندیی گرتنەوە:

بەهۆی ڕاهاتن و خووگرتن، بە کار کردن لە جۆرێکی سنووردار لە ئەدەب و هونەرداو کز بوونی هەوڵی ئەزمونگەرایی لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، جگە لەوەی تواناکانی وەرگری سست کردووە بۆ چێژ وەرگرتنێکی یەکسان و لەیەکچوو لە نێوان سەرجەم لکە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لە ڕووی پەیوەندیی گرتنیشمانەوە بە لکەکانی هونەرو ئەدەبەوە، جۆرە دیاریکردنێکی ڕەگەزیی لەم ڕۆشنبیرییەدا سەری هەڵداوە بە زەقکردنەوەی چەند ڕەگەزێ لە قاڵبێکی دیاریکراوداو بێبایەخ کردن و فەرامۆشکردنی هەندێکی تر.. ئەم دیاریکردنە چ مەعریفە یان وەرچەرخانێکی ئەوتۆی لە پشتەوە نییە، بەقەدەر ئەوەی سست بوونی دیدی ڕەخنەیی و میزاج و مۆدێلی ناوچەیی و دوای تاکدەنگ کەوتن حوکمی ئەکا.

ئێستە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا شیعرو درامای تەلەفزیۆنیی تیشکێکی زیاد لە پێویستی لەسەرەو هەموو لکەکانی تری ئەدەب و هونەر – بە ڕێژەی جیاواز– کەمتر ئاوڕی لێ ئەدرێتەوە.. ئەو دوو ڕەگەزەش بە هۆی کزیی



دیدی ڕەخنەیی و لاوازیی لێپرسینەوەی ڕاستەوخۆوە، لەگەڵ خۆیاندا پشێوییان خستۆتەوە.. جابر عصفور لە کتێبی " زمن الرواية"دا کاتێ باسی ئەوە ئەکا کە چۆن ڕۆمان لە پەرەسەندندایەو لای نووسەران و وەرگریش گرنگی زیاتری پێ ئەدرێ ئەڵێ: "تێکڕای نووسینی ڕەخنەیی لەسەر ڕۆمان، ساڵ لەدوای ساڵ زیاد ئەکاو زاراوەکانیشی زۆر بوونێکی بەرچاو زیادیان کردووە، لە ڕووی دەسکەوتن و دەوڵەمەندیی و ئاڵۆز بوونیانەوە....... لەو کاتەوەی درکم بەوە کردووە کە ئێمە لە سەردەمی ڕۆماندا ئەژیین، سرپەیەک– هاجس– م لێ نابێتەوە کە ڕۆمانی عەرەبی زوڵم لێکراوە، لە چاو ئەو پێشوازییەی لە شیعر ئەکرێ."

لە بەشی یەکەمی قسەکانی عصفوردا بۆمان دەرئەکەوێ، کە نووسینی ڕەخنەیی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دەوڵەمەند کردنی زاراوەکانی هەر ڕەگەزێک و بەرەو پێشچوونی، هەروەک لە بەشی دووەمیشدا ئەویش باسی گیرۆدە بوونی ڕۆشنبیریی عەرەبی ئەکا بە فرە شیعریی.. قسەی ئێمە بۆ بێبایەخ کردنی شیعر نییە بە هیچ جۆرێک، بەڵکو بۆ ئاوڕلێدانەوەیەتی بە لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی زانستیی، چوون شیعر لە دوو ڕووەوە وەک لەسەر ئەم دەقی "گۆرانیەک بۆ جوانیی"ە باسی ئەکەین لە پەیوەندی گرتندایە:

أ– پەیوەندییە بیۆلۆژییەکان.– العلاقات البيولوجية–

ب– پەیوەندیی گرتنە دەرەکییەکان– الاتصال –

### أ- پەیوەندییە بیۆلۆژییەکان:

هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە پەیوەندییە لە نێوان ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا، لە زانستی بیرکارییەوە وەرگیراوە، بەڵام دوای نوێگەریی، لە زانستە مرۆڤییەکانیشدا کەڵکی لێ وەرگیراوە بۆ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە.

سەرەتا ئێمە لە باسی بونیادی ئەم دەقەدا نموونە پەخشانییو شیعرییەکانمان هێنایەوە.. ئێستەش لە دوو جۆر پەیوەندیی تری دەقەکە ئەدوێین، پەیوەندیی نێوان ئەم دەقە وەك دەقێکی شیعریی- بونیادی شیعریی دەقەکە- لەگەڵ دەقی شیعریی تردا و پەیوەندی دووەمیش لەنێوان بونیادی ئەم دەقەو بونیادی ڕەگەزی تردا.

### بونیادی دەقگەرایی:

"دیاردەی دەقگەرایی کاتێ سەرهەڵئەدا کە بۆ ماوەیەکی زەمەنی کۆمەڵێك بونیادی جیاواز بکەونە ڕوو، ڕاستە ئەم دەقانە لەناو خۆیاندا کارلێکردنیان هەیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە دەقەکان لەسەر یەك بونیادی دیاریکراو بن- وەك ئێستەی بەشێکی کۆدەنگی شیعریی کوردی- چوون ئەو کاتە لە بەردەم دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقدا ئەبین، نەك داهێنان"- سعید یقطین، انفتاح النص-.

ئەم دەقە – گۆرانییەك بۆ جوانیی- بونیادێکی سەربەخۆی هەیە، جیاواز لە هەموو دەقێکی شیعریی تر، هۆکارە سۆسیۆ- سیاسیەکانو واقیعی ژیانی شاعیر ئەوەی کردووە کە لە ڕووی ڕیتمی دەروونیەوە، یەکتر بڕیی لەگەڵ ئیحساسی هاوشێوەی خۆیدا بکا، بەڵام لە ڕووی هونەری شیعرییەوە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، بەواتە لە پێکهاتەو بونیادیدا تاکڕەویی هەیە، کە ئەمانە لە سیما گرنگەکانی داهێنانن لە شیعردا.



### پەیوەندی هاوبەش:

پەیوەندی ئەم دەقە- هەروەك زۆرینەی تری شیعرەکانی ڕەفیق سابیر- وەك ڕەگەزی شیعریی لەگەڵ گێڕانەوەو پەخشانو دراماو موزیکدا هەیە.. لەم دەقەدا وێنەی ئەبستراکتی شیعریی کەمتر بەدی ئەکرێ، کە پەیوەندییەکی دینامیکییان بە چاوگە بنەڕەتییەکەی خۆیانەوە نەبێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.. هەرچەندە ڕێژەی وێناکردنو پەرت بوون لە بونیادی گشتیی وێنەکاندا بەدی هاتووە لە پێکهاتە دەلالیەکەدا، بەڵام لە زۆر کاتدا گێڕانەوە – سرد- باڵی بەسەر بابەتدا کێشاوە، بەواتە یەکەی بابەتی زیاد لە پێویست ڕاشکاوترە.. لەم ڕووەشەوە هاوبەشیی ئەبینینەوە لە نێوان ڕەگەزەکاندا، کە دکتۆرە بشری موسی صالح ئەم سوود وەرگرتنە بە دەرچوون لە قاڵبی باو لە قەڵەم ئەداو بە هەوڵی نوێگەریی ناو ئەبا، بە تایبەت کە لەسەر دەقێك قسە ئەکاو ئەڵێ: ئەمە ئاسۆیەکی نوێگەرییە کە قەسیدەی ئەدۆنیسیی لە سەرەوەی شێوە قوچەکییەکەیدایە.

هەرچەندە ئەم دەقەو ئەوانی تریش بە تەواوەتی لە ڕێچکەی شیعری گوزارشتگەریی دەرباز نەبوون، بەڵام ئەکرێ وەك ئەزموونێکی گەش بۆ تێپەڕاندنی ئەو بازنەیەی کە شیعری گوزارشتگەریی تێدایە لە قەڵەم بدرێ.

### ب- پەیوەندییە دەرەکییەکان" پەیوەندیگرتن- ڕاگەیاندن":

یەکێك لە ئاسانترین نموونەکانی پەیوەندیی گرتن بە دەرەوە قسە کردنە بۆ کەسێکی تر, ئەم قسە کردنەش لە نێوانی توانای ئامادەکاریی دەربڕینو توانای جێبەجێکردندا ئەداکەی دەرئەکەوێ.. تێپەڕینی ئەم ئەدایەش بۆ پەیوەندی گرتن لە دوو شێوەدا دەرئەکەوێ: پەیوەندیی گرتنی عەفویو

پەیوەندیی گرتنی ئامادەکراو.. شیعر یەکێکە لە شێوە ئاسۆییەکانی پەیوەندی گرتنی ئامادەکراو.

ئەوەی لەم دەقەدا وەك گوتاری دەق پێمان ئەگا، لەڕوویەکەوە چۆنێتی پەیوەندی گرتنەکە پەیامێکی شیعرییە، لە دیوێکی تریشەوە ڕاگەیەنراوێکە کە شاعیر ئەیەوێ لەو ڕاگەیەنراوەمان ئاگادار بکاتەوە.. لە دۆخی یەکەمدا گەیاندنی پەیامەکە شیعرییەو لە دۆخی دووەمیشدا گەیاندنی ڕاگەیەنراوەکە پەخشانییە.

ئەم پێنج خاڵەی لەم باسەدا هاتوون، بۆ دەرخستنی سوود وەرگرتن یاخود دەست تێوەردانی ڕەفیق سابیرە لە تەکنیکی شیعریی خۆیدا، کە بووە بە تایبەتمەندێتیی شیعریی ئەو.




**سوودم لەم چاوگانەوەرگرتووە:**

- ڕەفیق سابیر سەرجەمی شیعرەکانی بەشی "1و2 ": بە تایبەت دەقی" گۆرانییەك بۆ جوانیی".
- خورخي لويس بورخيس- صنعة الشعر- ت/ صالح علماني،ط/1 2007 دار المدى، بغداد- العراق.
- د. محمد مفتاح- تحليل الخطاب الشعري- ط 4 / 2005 المركز الثقافي العربي/ بيروت- لبنان.
- اندريه چاكوب- انثروپولوچيا اللغة- ت/ ليلى الشربيني، ط1/ 2002 المجلس الاعلى للثقافة، قاهرة- مصر.
- بول ريكور- الوجود والزمان والسرد- ت/ سعيد الغانمي، ط1/ 1999 المركز الثقافي العربي - دار البيضاء- المغرب.
- سعيد يقطين- انفتاح النص الروائي- ط2/ 2001، المركز الثقافي العربي- دار البيضاء- المغرب.
- جابر عصفور- زمن الرواية- ط1- 1999، دار المدى للثقافةءالنشر- دمشق- سوريا.
- د.بشرى موسى صالح- نظرية التلقي- ط1- 2001، المركز الثقافي العربي- دار البيضاء- المغرب.
- د.محمد مفتاح- المفاهيم معالم- ط1- 1999- المركز الثقافي العربي- دار البيضاء- المغرب.

# دیالێکتیکیماناو لەرە، لە گۆرانییەکانی "فوئادی مەولانایی"دا.

بڕیار بوو" فوئادی مەولانایی، ئەو دەنگەی ڕاگەیاندن کەشفی نەکردووە" ببێتە ناونیشانی ئەم وتارە، ئەویش دوای گفتۆگۆیەکی بەسوود لەگەڵ هونەرمەندی رۆشنبیر دیاری قەرەداخیدا کە لە میانەی قسەکانیەوە ئەم گوتارەی دەربڕی. بەڵام لەبەر ئەوەی دەقاودەق ویستم لە کرۆکی وتوویژەکەمان بدویم، بۆیە ناونیشانی پێشنیازکراوم هەڵبژارد، بەو هیوایەی رۆشناییەك بێ بۆ تێگەیشتنی خوێنەر لە باسەکە. لە راستیشدا هەردوو ناونیشانەکە کەم تا زۆر پەیوەندییەکی ئیبستیمیان بە یەکەوە هەیە، لەو رووەوە کە مەبەستەکەی دیاری ئاشکرایەو ئەیەوێ پێمان بڵێ:

یەکەم- فوئادی مەولانایی وەك کارەکتەری هونەریی - نەك خودیی- بە توانایە لە هەڵبژاردن‌و ئەداو رووبەری دەنگییدا. یاخود دەنگێکی نوێی بەتوانایە بە پێی ئەلف‌و بێی موزیکیی، لەبەر ئەوە ئەکرێ وەك دەنگێکی خاوەن ستایەڵی جیاواز، یان بە پێی شوێنی خۆی بایەخی پێبدرێ.

دووەم- راگەیاندنەکان بە هۆی قاڵبوونیانەوە بە ریژەیەکی بەلێشاوی دەنگ‌و دەنگدانەوەی گۆرانییەوە، نایانپەرژێتە سەر کەشفکردنی ئەو دەنگانەی کە خاوەنەکانیان خۆ بەرەو پێشبەر نیین‌و دەنگەکانیشیان بەو هۆیەوە کەم تا زۆر پشت گوێ ئەخرێن.

سێیەم- جگە لەوەی تەنها راگەیاندن هەبێ وەرگریش لە سنورەکانی خوددا ئەتوانێ فراوانترین رووبەر ببەخشێ بەو چۆنێتییەی کە خۆی پێی



خۆشەو لێ ی رازییە. هەر لەبەر ئەوەش تاکەکانی وەك من‌و دیاری‌و چەندینی تر، توانیومانە لە مەڵبەندی زەینیی خۆماندا، پێگەیەك بۆ ئەو دەنگانە جیا بکەینەوە کە خۆمان لێ ی رازین، بە رەچاوکردنی تاك هەڵوێستیی‌و هەڵوێستی دەستەیی.

ئەوەی مەبەستی لێکدانەوەکەم بوو بۆ ئەو گوتارەی دیاری، زیاتر ئەم خاڵی سێیەمەیە کە قسەی تیا بکەین لەسەر مەوداکانی وەرگر بە گشتیی‌و وەرگری هەڵبژاردە بە تایبەتی، مەبەستم لە وەرگری هەڵبژاردە تەنها بەشێك لە رۆشنبیران نییە بەقەدەر ئەوەی پێناسەم بۆوەرگری هەڵبژاردە پەیوەندیی بە پۆلێنکردنی سۆسیۆلۆژیی چین‌و توێژەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەو چینە جیاوازانەی گوتاری مەبەستداری تەواوی تاکەکانەوە هەیە، کە دەرەنجامی لێکدانەوەیەکی هێرمۆنتیکیی فراوانە، گەیاندومییە راڤە کردنی ئەم پۆلێنسازییەی کە پێکهاتەیەکی تر لە وەرگر ئەخولێنێ‌و بەرەو ئەو ئامانجەی کە کەمترین تێکەڵ کردن لە وەرگری ستایەڵە جیاوازەکاندا بەدی بهێنێ.

ئەم پۆلێنسازییەی پێشنیازی ئەکەم پشت بە لۆژیکێك ئەبەستێ کە پرەنسیپەکانی لەسەر بنچینەیەکی زانستی دەلالەتە سایکۆلۆژیەکان دامەزراوە، ئەویش بە گەڕانەوەمان بۆ گوتاری وتراوو دیالەکتیکی ماناو رووداو وەك فەیلەسوفی فەرەنسی "پۆل ریکۆر 1913-2005"لە دوا رشتنەوەی سیمۆلۆژیادا تیرۆزەی کردووە.

بنەڕەتی گوتار وەك ریکۆر ئەڵێ لە رستە – دێڕ –دا دەرئەکەوێ، بە مانای ئەوەی ئاماژەکانی زمان بە تەنها هیچ مانایەکیان نییەو بە هۆی نزیك کەوتنەوەی ئاماژەکان لە یەکترییەوە بە هەموویان لە دێڕێکدا مانا پەیدا

ئەکەنو ئەمەشی ناو نا دێڕبەندیی. کەواتە گوتار پێویستە مانای هەبێو هەموو مانایەکیش گوتارە، بەو شێوەیەی لە وەرگێڕانییدا بۆ کردار کاریگەریی هەبێ، هەر شتێکیش ببێتە یارمەتیدەری گوتار دێڕبەند ئەکرێو هەر دیاردەیەکی تریش مانای نەبێ دێڕبەند ناکرێ. بەمجۆرەش بۆ نموونە نیگاری شێوەکاران لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشێك لە واقیعی بوونەکەی ون ئەکا، بەڵام لە تۆڕێکی کاتیو شوێنیدایە ئەکرێ دێڕبەند بکرێن، بەم پێیەش لەرەو ریتم لە رووبەری مانادا کە جێیەکیان نییەو ئەبێتە بۆشاییەك بۆ پڕکردنەوەی جۆرێکی تری باری دەروونیی وەرگر، کە پێداویستییەکی دەروونیی ئەوتۆیە رەنگە لای هەندێ کەس زۆرینەی ئەو بۆشاییانە پێك بهێنێ کە ئەچنە نێوان دێڕبەندییە یەك لەدوای یەکەکانەوە. بەو مانایەی زۆرینەی کاتی ئێمە لە سەرقاڵ بووندا ئەگوزەرێ لەگەڵ مانادا، لە نێوان هەر ریزبەندییەکی ماناکانیشدا بۆشاییەك دروست ئەبێ کە لەرەو ریتم پڕی ئەکەنەوە. ئەویش دیسانەوە پەیوەندی بە کورتو درێژخایەنیی بۆشاییەکەوە هەیە. بۆیە زۆرجار، بۆشاییە درێژ خایەنەکان موزیك یان گۆرانییەك یان ریتمێکی جۆراوجۆر داگیری ئەکا. خۆم زۆر جار ئەم حاڵەتەم بەسەر هاتووەو کاتێ لە خوێندنەوە ماندوو ئەبم، بە بێ ویستی خۆم لەو کاتەدا بە ئاگا دێمەوە ئەو بۆشایی نامانایییەم بە ریتمێ پڕ بۆتەوە کە بە پەنجەکانم لە مێزەکەی بەردەمم ئەدەم یان لەبەر خۆمەوە فیکە فیکێ ئەکەم، یان گۆرانیەك ئەڵێم. بە هەرحاڵ ... لێرەدا گرفتێکی گرنگ دێتە پێشەوە کە ئەویش خۆی لە گۆرانیو بنەماو کۆڵەکە سەرەکییەکانیدا ئەبینێتەوە. جگە لەوەی رای جیاوازیش لە دیاریکردنی کۆڵەکەکانیدا هەیە، رەنگە هەندێکیان پێیان وابێ کە پێویستە موزیك لە مانا نزیك بێتەوە، بەڵام نەك بە گوتاری



وتراو، واتە نەك بە مانادار کردنی موزیك بە هۆی شیعرە لیریکیەکەیەوە، بەڵکو بە دروست کردنی مانا بۆ موزیك بەو پێیەی بەشدارییەکی کارای هەبێ لەگەڵ چەمکە بایەخدارەکانی مرۆڤایەتیدا، ئەویش بە کارلێکی بەردەوام لەگەڵ باری دەروونیی وەرگردا.

هەندێ لەو رایانە بە نمونە ئەهێنمەوە کە رەخنەگرانو شارەزا موزیکناسەکان دەربارەی مانادار کردنو بێمانایی موزیك وتوویانە، ئەبێتە پاڵپشتێکی پتەو بۆ باسەکەمان چوون لە هەردوو بارەکەدا، بەدەر لەمانادار کردنی گوتاری زمانەوانیی ئەدوێن... سەرەتا بە رایەکی هانزلیك دەست پێئەکەم کە پێی وایە پێویستە دامالگەرییانە تەماشای موزیك بکرێ، ئەڵێ: "مەرجی سەرەکیی چێژوەرگرتنی ئیستاتیکی، ئەوەیە کە گوێ لە خودی پارچە موزیکیەکە بگرێ وەك خۆی... بەڵام ئەگەر موزیك بۆ هەستانەوەی چەند بارێکی دیاریکراوی زەین گوێی لێ بگیرێ، ئەوکاتە ئەوە نامێنێ کە هونەر بێ بە مانا داماڵەرایی– ئەبستراکت– ەکەی موزیك."

بەمشێوەیە لەوە تێئەگەین کە هانزلیك مەبەستی ئەوەیە بڵێ گوێگرتن لە موزیك بۆ هەڵهێنجانی مانا نییە، بەڵکو وەزیفەی گوێگرتن گوێگرتنە لە موزیك بەو پێیەی هونەرە. تەنانەت ستراڤنسکی ئەڵێ:" موزیك ناتوانێ گوزارش لە هیچ شتێ بکا" یان ئارۆن کۆپلاندی موزیکناسو ژەنیاری ئەمەریکی ئەڵێ:" ئایا مانا لە موزیکدا هەیە؟ لەوەڵامدا ئەڵێم بەڵێ، ئەی ئایا ئەکرێ بەوشە گوزارش لەو مانایە بکەی؟ لەوەڵامدا ئەڵێم نەخێر"، بە پێچەوانەشەوە هەندێکی تر باسی ماناو ناوەڕۆکی موزیك ئەکەن وەك ئەوەی گۆستاف مالەر ئەڵێ: " ئەوەی زۆر گرنگە لە موزیکدا نۆت نییە" دیارە وەك عەلی ئەلشۆك ئەڵێ: "مەبەستی ناوەڕۆکە"، چوون وەك دیریك

کۆك ئەڵێ" نۆت لە چوارچێوەی دەنگیی پەتیی خۆیدا تەنها بیرۆکەی داماڵراوو سیمبۆلی تەکنیکین" لەم بارەیەوە نمونەی زۆرمان لە کتێبی "اسرار الموسیقی"دا بەرچاو ئەکەوێ، تەنانەت هەندێ بەراوردکاریشی لەگەڵ زمانەوانیی تێدایە.

بەڵام گرفتی ئێمە تەنها ماناداركردن‌و مانا لێسەندنەوە لە موزیك نییە، بەقەدەر ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ بە هۆی سیستمی زمانەوە مانا ببەخشین بە موزیك، رەنگە ئەمە – واتە گۆرانی– وەك لكێكی سنوورداركراوی موزیك، كارێكی ئاسایی بێ، بەڵام ئەوەندەی موزیكناس‌و شارەزایانی ئێمە كاریان لەمەدا كردووە، چەند هەوڵێكی كەم نەبێ، چیی ترمان هەیە، هەموو لە بازنەی گۆرانی‌و چڕوپڕتر كردنی گۆرانیدا هەنگاو ئەنێ، بێئەوەی بەگشتیی بگەڕێنەوە سەر بنەڕەتەكەو كاری نوێی تیابكەن– وەك‌وتم چەند هەوڵێكمان هەن كە هەموویم لە بەردەستدایە–. جگە لەمەش لە گۆرانییشدا بە هۆی دیارنەبوونی رەخنەگری موزیكیەوە– كە لە راستیدا كاری من نییە– چەند هەوڵێكی زۆر گەشی لێ بكەینە دەرەوە، ئیتر چەشنگەراییەكی زۆر كەم‌وكورت ئەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی پێویستیمان بە تازەگەرایی هەیە لەو بوارەشدا، پێویستە قسەمان هەبێ لەوەدا كە بەرەو بنەڕەتی ببەینەوە، یاخود نزیك بكەینەوە. لەبەر ئەوە رەنگە كەمێ زیادەڕۆییم لە مانا وەرگرتنەوە لە شیعری گۆرانییدا كردبێ، بەڵام ئیتر دوای من كاری موزیكناسانە، گەر پێشنیازەكەمان بە دیدی نوێوە لێ‌وەربگرن.

باشە! سەرەتا ئەپرسین ئایا شیعری گۆرانی چەند تایبەتمەندێتیی موزیكیی هەیەو چەند هەڵگری وەسفە گشتییەكانی موزیكە؟، بەواتا ڕۆڵی ئەو چییە لە موزیكدا؟ چەند هەڵگری پێناسی موزیكییە؟ چەندە



پێداویستییە؟ گەر توانیمان ئەم وەڵامە ساغ بكەینەوە، ئەوا ئەتوانیین ئاسانتر بگەینە ئەو ئامانجەی مەبەستی وتارەكەمانە.

سەرەتا لەوێوە دەست پێئەكەم‌و ئەپرسم: ئایا كۆنسێرتەكەی فوئادی مەولانایی – بەو پێیەی چەقی وتارەكەیە– چەند بەهۆی شیعرە لیریكیەكانی گۆرانییەكانیەوە كاری كردە سەر وەرگر؟ چەند كاریگەرێتیی پۆزەتیفانە یان نێگەتیفانەی هەبوو لە گۆرانییەكاندا؟ ئایا كەس گوتاری شیعرەكان هەژاندی؟

سەرەتای كۆنسێرتەكە بە گۆرانییەك بۆ سلێمانی دەست پێئەكا، ئەوەندەی گوێم ئەزرنگێنێتەوەو لە زمانی سارەنگەوە وشەیەكی ئاوا دێتە بەر بای گوێم، ئەگینا لە تەواوی گۆرانییەكەدا لە هیچ وشەیەكی تر حاڵیی نەبووم. گرفتی من ئەوە نییە چەند دیالێكت دەستی هەبوو لەو كارەداو كاری كردە سەر تێنەگەیشتنی منی وەرگر، بە قەدەر ئەوەی من ئەمویست بۆشاییەكانی نێوان گوتارەكانم بەو لەرەو موزیكە پڕ بكەمەوە، نەك بەدیار گوتاری بە ئاواز وتراوی ترەوە دابنیشم. گۆرانی چاوڕەش‌و غەریببیش هەر بەو شێوەیە، رەنگە تەنها لە گۆرانی نیزامدا هەندێ رستەی هەواڵیی فۆلكلۆر هەبن، كە من هیچ پێویستییەكم پێیان نەبوو، چوون گوڕی وتن‌و نامۆیی ژەنین‌و ئاواز تەواو ئەوانیشیان بێبایەخ كردبوو. ئێمە لە تەواوی كۆنسێرتەكەدا هیچ گوتارێكمان پێنەگەیشت لە یادگەماندا مابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی پڕو بەرز" ئاڵتۆ– ی فوئادو لە باری سێیەمدا لاواندنەوە دەروونییەكانی یان نەرمە ئەداكانی– گەر راست بێ **باس**– ئەوو دەنگی جەواب یان چەپ كۆك– تینۆر– ی سارەنگی سەیفیزادە كە توانایەكی باشی دەربڕینی هەبوو لە نزیك بوونەوەیدا لە سۆپرانۆ – كە من

نەمتوانی کاتی تەواویان پێنەبەخشم- بەشێکی زۆرتریش لەوەی کە پێویستە لە کاتی مانا بەخشینو گوتاری لێ زەوتکردم. باشە بۆچی دەنگی مەولانایی ئەو کاریگەرێتییەی لای من جێهێشتووەو لای کەسێکی ترو لە چەشنێکی تر رەنگە کەمبایەخ بێ؟ ئەمەیان پەیوەندیی بە توانا و رووبەری دەنگو هارمۆنیا و شەپۆلەکانی دەنگی مەولاناییەوە نییە، بەقەدەر ئەوەی وای ئەبینم کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە تینو توانای گوتارەکانی وەرگرەوە هەیە. بۆ نموونە مامۆستایەکی خوێندەوار – بە چەمکە باوەکەی- کاری وەزیفیی ئەو تێکەڵ بوونییەتی بە رۆڵەکانی چەندین چینو توێژی سۆسیۆلۆژییەوە، جگە لەوەی ئەرکەکەی ئاراستە کردنو پەروەردە کردنە، خۆشی پێویستی بە خۆپەروەردە کردنو زانین هەیە، لەبەر ئەوە ئەو گوتارانەی ئەو رووبەڕووی ئەبێتەوەو وەری ئەگرێ، زۆر جیاوازە لە گوتاری کەسێکی نەخوێندەوار کە توانای تێڕامانی لاواز بێو نەیەوێ پەرە بە تواناکانیشی بدا. بەم پێیەی کە ئاستی گوتارەکانی هەریەك لەو دووانە لە خانەی جیاواز لە یەکتردانو لە رووی ئاستیشەوە جیاواز پۆلێن ئەکرێن... کەواتە ئەو بۆشاییەی کە ئەکەوێتە نێوان گوتارەکانیشیانەوە جیاوازەو هەردووکیان وەك یەكو بە یەك کەرەستە پڕی ناکەنەوە. رەنگە یەکەمینیان کە مامۆستاکەیە بۆ نموونە: چێژ لە زۆرێك لە ریتمە خاوەکانو ستایەڵەکانیان وەرگرێو هەرچی دووەمیشە بە پێچەوانەوە. ئەوەی ئەمێنێتەوە کاریگەرێتیی دەوروبەرە لەسەر کەسی یەکەم کە رووبەڕووی هەندێ گوتاری دەرەوەی زانینی خۆی ئەبێتەوە بە جۆری کارتێکردن، – وەك نمونەی هەندێ بیروباوەڕی چەسپاو، یان هرمسی کە دواتر باسی ئەکەین- ئەو کاتە ئەکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی ریتمە جوڵاوەکانەوە، واتە



بارێکی شپرزەیی تووش ئەبێ لە نێوان ریتمی خاوو جوڵاودا یان گوتاری بنەڕەتی خۆیو گوتاری کاریگەری دەرەکیدا، کە ئەمەش جارێکی تر جیاوازە لە هەڵاوێژراوەکان" استثناءات "و ئەو ناجێگیرییە نایگرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە تەنها تیۆرییە، پێم خۆشە گەر کەسێك ئامارێکی ورد لەو بارەیەوە بکا، کە لەوبڕوایەدا نییم پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە بکەوێتەوە.

دێینەوە سەر کۆنسێرتەکەی مەولانایی – بەدەر لە توانای سارەنگو رۆڵی ئەو لەم کۆنسێرتەدا- هەڵبژاردنی ئەو- مەولانایی- بۆ چەند گۆرانییەکی دەربڕ- گوزارشکار- لە بارێکی دەروونیی دیاریکراو یەکسان ئەبێتەوە بە هاوسەنگیی باری دەروونیی وەرگرەکەشی. ئێستە کۆکراوەتر قسە ئەکەینو یەك یەك ئەو هۆکارانە دیاری ئەکەین کە کاریگەرن لەسەر وەرگرتنی بەرهەم هێنانی مادەی گۆرانی:

1- **باری دەروونیی:**

ئەوەی ئێمە پێی ئەڵێین ریتم جیاوازە لەو کێشانەی موزیکناسێ ئاماژەی بۆ ئەکا، ئەو بە کێشە رێساییەکانی خۆی ئەدوێو منیش بە هۆگر بوونی باری دەروونیی خۆم، بۆ نمونە من نازانم لە رووی کێشەوە چەند جیاوازیی هەیە لە نێوان غەریبی مەولاناییو زەردی خەزانی کامکارەکانو نیشتمانێك لە گوڵی دیاری قەرەداخیدا. ئەوەی ئەیزانم ئەوەندەیە کە من لە رووی تەکنیكو بەرهەمو ریتمەوە سەر بەوانمو ئەو ریتمانە یان راستتر بڵێین ئەو ئاسۆیەی ئەو گۆرانییانە ئەیخوڵقێنن، لەگەڵ باری دەروونیی مندا تەواو وێك دێتەوەو راستەوخۆ من کۆك ئەبم لەسەر ئەو ریتمانە... ئەمەش بەو مانایەی مەرج نییە هەموو وەرگرێك موزیکناس بێو کێشی ریتمەکان

بناسێ، بەڵام مەرجە هەموو گۆرانیبێژێ بزانێ لە چ مەودایەکی دەروونییدا ئەو ئاوازەی پەخش ئەکا. هەر لێرەشەوە مەسەلەی ستایەڵ دێتە ئاراوە. دەی باشە گۆرانییەکانی مەولانایی رەنگە بە پێی زانستی ریتمەکان کێشی جۆراوجۆریان هەبێ، بەڵام لە دواییدا بۆ منی وەرگر هاوسەنگیی لە ئەدای دانەبڕاوی مەولانایی ئەبینمەوەو ئەزانم کە ئەتوانم بۆشاییە بەدەر لە ماناکانمی پێبسپێرم. بەڵام ئایا من کەی گوێ لەو بەرهەمانە ئەگرم؟ یان لە دەرەوەی گوێگرتنی بنەڕەتی خۆمەوە ئەیبیسم، یان هەندێجار بە سەرما ئەسەپێنرێ، هەموو ئەمانە لە رووی ئیستاتیکاوە گۆڕانکارییان بە سەردا دێ، واتە مەرج نییە مەودای وەرگرتنی من بۆ مادەیەك، لە هەموو بارەکاندا هاوسەنگ بێ، هەر لەبەر ئەو هۆیانەش کاتێ گوێ لە گۆرانییەك ئەگرین چەند جۆرێکی گوێگرتن ئەبینینەوە وەك:

أ- گوێگرتن‌و خۆ تەرخان کردن بۆ ماددەکە.

ب- گوێگرتنی لابەلا کە کارێکی ئەوتۆ نەکاتە سەر رەوتی رووداوو گوتارە کەمبایەخەکان.

ج- گوێگرتنی باگراوندیی.

چۆنێتیی ئەم گوێگرتنانەش ئەکەونە ژێر فشاری هەندێ کاریگەرێتیی دەرەکیی‌و ناوەکییەوە، وەك:

◙ بڕی ماندوو بوون.
◙ کاریگەریی روداو لە دروستکردنی باری دەروونیی ناهاوسەنگ.
◙ شوێن.
◙ بیرەوەری.
◙ قورسایی مادەکە.



◙ باگراوندی هونەری گۆرانیبێژ.
◙ شێوازەکانی تۆمارکردن‌و بڵاوبوونەوە.
◙ کاریگەرێتیی موزیك.

هەموو ئەمانە رۆڵی گرنگ ئەبیننەوە لە دیاریکردنی جۆرەکانی گوێگرتن... بەڵام ئەم هۆیانەی کە وتمان، هیچ یەکێکیان رۆڵی گرنگیان لە پێکهاتنە فەلسەفییەکەی وەرگردا نییە بۆ چێژ وەرگرتن‌و سەربەو بوون. چوون ئەم کاریگەرێتییانە خۆیان لە پێکهاتەی بنەماکاندا هیچ رۆڵێکیان لە پێکهێنانی دیاری کردنی چێژ وەرگرتنی وەرگردا نییە، بە مانایەکی تر ئەمە بە عەقڵانی کردنی گۆرانییە، لە کاتێکدا خۆی ئەوەندەی پرۆسێسێکی سۆزداریی دەروونییە، بە هیچ پێوەرێك عەقڵگەرایی نزیك نابێتەوە لەو رێژە دەروونییەی.

2- **شیعری گۆرانی**:

لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا پێشنیازم ئەوە بووە هەندێ ئەزموونی نوێ لە بواری گۆرانی وتندا بگیرێتە بەر. ئەو گۆڕانکاریی‌و ئەزموونەش با لە سەرەتاوە لە شیعری گۆرانییەوە دەست پێ بکا. راستە گۆرانی بۆ تەواوی خەڵك ئەوترێ، بەڵام تەواوی خەڵکیش لەگەڵ گۆرانییەکدا وەك یەك ئاوێتە نابن، کەواتە ئەکرێ هەندێ گۆرانی‌و پارچە موزیك تەنها کاری نوخبەویانە بن، یاخود کارێك بێ بۆ قاڵبوونەوەی موزیکناسان‌و گۆرانیبێژە رۆشنبیرەکان خۆیان بۆ نزیککردنەوەی گۆرانی لە بنەڕەتەکەیەوە کە موزیکە، واتە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئیستاتیکایەکی هونەریی داماڵگەرایی – ئەبستراکت– بەرهەم بهێنرێ. بە لانی گۆرانییەوە زۆر ئاسانتر ئەبێتەوە، چوون وەك پێشتر وتم‌و ئێستەش نمونەو بەڵگەی تر لەسەر ئەوە ئەهێنمەوە

کە شیعری گۆرانی کۆڵەکەی سەرەکی گۆرانی نییە... بۆ نمونە گۆرانی هەیرۆی کامکارەکانمان لەبەر دەستدایە. گەر بەوردی سەرنجی ئامادەکردنی موزیکی ئەو گۆرانییە بدەین، راستەوخۆ وێنەیەك لە پشتی ئەو گۆرانییەوە دەرئەکەوێ‌و لە نێوان چینە موزیکیەکانەوە سەرئەکەوێ. گۆرانییەکە جگە لەوەی کە سێ کۆپلەی یەکسانە، لە هەمان کاتدا سێ جاریش هەمان دێڕی شیعرەکەی دووبارە ئەبێتەوە:

| | |
|---|---|
| بۆ تۆرای بۆ تۆرای | 6 **بڕگە** |
| ئەو گوڵە لەسەر چی تۆرای. | 8 **بڕگە** |
| هەیڕۆ.. هەیڕۆ | 4 **بڕگە** |
| دڵدارییەکەی خۆ من‌و تۆ. | 7 **بڕگە** |
| گیانت بە قوربان ئەکەم | 7 **بڕگە** |
| فیدای ئەو چاوەت ئەکەم | 7 **بڕگە** |

جگە لەوەی کە گوتاری رستەکان نائاشکرایە، کێشی وشەکانیش لە نێوان پەنجەو میللیدایەو جگە لەوەش پەرت‌و بڵاویی لە کێشەکاندا هەیە. ئەمە هەموو وشەی گۆرانییەکەیەو سێ جاریش بێدەسکاریی کردن دووبارە ئەبێتەوە... لە کاتێکدا کامکارەکان بە دوای شیعری شێرکۆ بێکەس‌و پەشێوو هێمن‌و کێ‌و کێدا ئەگەڕێن بۆ گۆرانی، ئەم گۆرانییەشیان بەرهەم هێناوە، کەواتە رەنگە پێکەوە هەموو لەوە دڵنیا بین کە لە بێئاگاییەوە ئەم کارەیان نەکردووە، بەڵکو لە وشیاریەوە دێ، ئەوان ئەمە وەك ئەزمونێك ئەبیننەوە، ئەزمون لە راکێشانی وەرگر بەلای موزیکدا نەك گوتاری شیعردا، لەبەر ئەوە وەرگر لە کاتی پشودا وەك موزیك گوێ ئەگرێ‌و لە کاتێکی تریشدا وەك ئەوەی بیەوێ لە میانەی رستە



موزیکیەکانەوە وێنەیەك پەی پێ‌ببا تا مانای لا دروست بکا، یاخود ئەو ئیستاتیکایە ئەبینێتەوە کە "جێزیل برولیە" پێی ئەڵێ ئیرادەی ئیستاتیکیی قولایی دەرونی هونەرمەند، لەگەڵ ئەرسەلانی کامکاردا گەیشتینە ئەم راستییەو ئەووێنەیەی من هەستم پێ‌ئەکرد، بە گوێرەی وتەی ئەرسلان نزیك بوو لە راستییەوە، نەك راستی تەواو.

کەواتە ئێمە لە باسکردنی ئەم گۆرانییەوە ئەگەینە دوو راستی، نەك تەنها لەم گۆرانییەوە بە تەنها، بەڵکو چەند ئەزمونێکی عەرەبی‌و فارسیشم گوێ لێ بووە، راستییەکانیش ئەمانەن:

أ- شیعری گۆرانی پێداویستییەکی زۆر گرنگ نییە لە گۆرانییدا، جگە لەوەی کە لەرە دەنگییەکان شی ئەکاتەوەو دابەشیان ئەکا بەسەر فۆنیمێکی دەنگییدا. کە ئەکرێ بە هەر لەرەیەکی دەنگیی تر ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە- تەنها بۆ ئەزمون- وەك مەقامەکان‌و هۆرەو شتی تر.

ب- دانان‌و رێکخستنی ئەو گۆرانییە، وەك هەوڵێك بۆ گێڕانەوەی گۆرانییەکە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکەی خۆی کە موزیکە، ئەویش بە دروستکردنی وێنە لە بڕگەو رستە موزیکییەکان، بەو مەبەستەی موزیکیش رەسەنایەتی خۆی لە بەشدار بوونی کارایدا لە بناماکانی کۆمەڵدا دووپات بکاتەوە لە رێی دروستکردنی ئەو فۆرمانەوە کە هەستە ئاوازییەکان دەرئەخەن. ئەمەش ماناداركردنی گۆرانییە لە سەرچاوەی بنەڕەتەوە کە موزیکە، نەك بە هۆی مانادار کردنی لە رێگەی زمانەوە کە کایەیەکی تری زانستی ئاماژەکانە ئەم ئەبێتە بار یان دەخیل بەسەر ئەوی ترەوە، بەڵکو لکە سەرەکییەکەشیەتی،واتە موزیك وەك زانستێك هانا ناباتە بەر زانستێکی تر بۆ مانادار بوون، بەڵکو لە خودی خۆیەوە مانا دروست ئەکا. بەو شێوەیەی

باسمان کرد، گۆرانی لە نا-مانایی رزگار ئەبێو ئەبێتەوە بە بەشێك لە ئاماژەو دواتریش گوتار – واتە بە هۆی وێنە موزیکییەکانییەوە- ئەو کاتەش چێژو مانا تێکەڵ بە یەکتر ئەبنو هەڵاوێژ ناکرێن. ئەوکاتە ئەوەی بۆشاییەکانیش ریز ئەکا – مەبەستمان بۆشاییەکانی گوتارە- لەرەی دەنگی گۆرانیبێژو سۆلۆی ئامێرەکانە... ئەم وەزیفەیەی گۆرانی وەزیفەی بنەڕەتییەو ئیدی شیعر وەزیفەیەکی ئەوتۆی نامێنێتەوە.

سەرنج بدەن شیعرێکی زۆر سەرنج راکێش لە گۆرانییەکدا چەند لە بەهای گۆرانییەکە کەم ئەکاتەوە- گەر بە مانا ئەبستراکتەکەی بڕوانینە موزیکەکەی-. ئەو کاتە ئەوەندەی وەرگر وێڵی دوای گوتاری شیعرەکەیە، کەمتر ئەیپەرژێتە سەر ئەداو ئاوازو موزیكو بنەماکانی تری. لە هەمان کاتیشدا کە گۆرانییەك یاری بە ریتمو مەقامو چینە دەنگییەکان لە دابەشکردنی بڕگەو کۆپلەکاندا ئەکا، چەند نزیکترمان ئەکاتەوە لە هونەر، یاخود چەند هارمۆنیی ئەڕژێتە دەروونمانەوە، وەك پێشتریش وتم من هیچ لە شیعری گۆرانییەکانی مەولانایی حاڵیی نەبووم، ئێستەش گەر جاروبار لەبەر خۆمەوە ئەیلێمەوە شیعرییان تیا نییە، بەڵام دەروونم پێویستیشی بەو گۆرانییانە هەیە.

3- **وەرگر:**

بۆ دیاریکردنی ئەو چینانەی ئاماژەمان بۆ کرد، من لە نمونەی مامۆستاو کەسی دووەمەکەوە جارێکی تر بابەتەکە ئەوروژێنمەوە. هەر یەك لەو دوو نمونەیە سەر بە چینێکی جیاوازن لە وەرگرتندا. بەم پێیە ئەتوانیین بە هۆی ئامارکردنێکی وردەوە ئێمە چەندین چینی سەرەکیو چەند لكو پۆیەکیشیان بدۆزینەوە، چوون کارەکە لێرەوە ئاڵۆزتر ئەبێ



لەوەی لە چەند چینێکی کەمدا بمێنینەوە، رەنگە نزیکایەتی هەبێ لە نێوان هەندێ چیندا، کە یەکناگرن، ئەمەش لكو پۆ دروست ئەکەن. دروست بوونی ئەو چینانە بە پێی مەعریفەی جیاوازی کەسەکان لە دەربڕینو وەرگرتنی گوتاردا پێکدێ وەك باسمان کرد، کەسەکان لە تەنیاییدا – بە مانا ئەنتۆلۆژییەکەی- بەرهەمەکانیان پێئەگا، کەواتە ئەو بەرهەمەی کە بڵاوئەکرێتەوە، پەیوەندیگرتن لە نێوان تاکە یەکتر نەناسەکاندا دروست ئەکا، بە بێ ئەوەی لەواقیعدا پەیوەندی یەکتر ناسینیان هەبێ، بەو پێیەی ئەم پەیوەندی گرتنە لە نێوان خەڵکانێکی پەرشو بڵاودا دروست ئەبێ، هەر ئەوەیە کە ئەبێتە رەنگڕێژی چینە جیاوازەکان...هەر چینێکی سەرەکییش بە هۆی نزیکایەتییەوە لە یەکتر، چەند چینێکی هاوچێژ وەك لكو پۆ لە خۆی ئەگرێ، ئەو کاتە چینە سەرەکییەکان، وەك چەند چینێکی دیار دەرئەکەون.

هەندێ هۆکاری گرنگیش هەن کە ئاراستەی وەرگر بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئەگۆڕن، کە وەرگر جارێکی تر ناتوانێ بەو چێژەی یەکەمینەوە بچێتەوە سەر چینە پێشووەکەی. رەنگە وەك یادەوەریی جاروبار زیندوویان بکاتەوە، بەڵام وەك ئەوەی جارێکی تر ئینتیمای بۆ چینی یەکەم لادروست بکاتەوە، ئەبێ ئەویش هۆکاری تری هەبن، وەگەر نا، رەنگە جۆرێك بێ لە مەحاڵ، هۆکارەکانیش ئەمانەن:

- تەمەن.
- ڕای زۆرینەی کارتێکەر.
- گۆڕانی ماوەی نێوان گوتارو بۆشاییەکانی.
- رووبەڕوو بوونەوەی رادیکالانەی نەریتە جیاوازەکان

◙ کارلێکە دەرەکییەکانی تر.

بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە مەوداکانیان تەسکترن لە چاو ئەو مەودایانەی توانای گوتارەکان دروستی ئەکەن... بۆ نمونە مامۆستاکەی لە نمونەی پێشووماندا بوو هەر یەکێك لەو کارەکتەرانەی پێشووتر باسمان کردن کاری تێئەکا، بەڵام لە هەندێکیاندا لادانەکەی کاتی ئەبێ‌و بادانەوە دروست ئەبێ، یاخود لادانەکان یان گۆڕینی ئاراستەکان لە ناو هەمان رووبەری ئاستی گوتارەکانییدا ئەبێ‌و وەرچەرخانەکە بە شێوەی پێچەوانە بوونەوە نابێ، ئەمە لەسەر ئاستی دەرەکی، بەڵام لە رووی بونیادەوە هەمان ئاستی گوتار خۆی کاریگەرە.

4- تۆڕی بنەماکان:

گرنگترین ئەو بنەمایانەی لە ئێستەداو لە گۆرانیدا هەن، جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە گێڕانەوە لە هیچ یەکێك لەو بنەمایانەدا نییە تەنها لە شیعرەکەدا نەبێ، ئەمەش بە مانای ئەوەی لە تۆڕی بنەماکاندا کردار نییە، بۆ نمونە: گۆرانیبێژ یەکێك نییە لە بنەماکان بەقەدەر ئەوەی لەرەی دەنگیی ئەو بنەمایە... وەرگر بەشێك نییە لە بنەما بەقەدەر ئەوەی گوێگرتن بنەمایە. ژەنیار بنەما نییە بەقەدەر ئەوەی کارامەیی ئەو لە رێکخستنی نۆت‌و کرۆش‌و کات‌و وردەکارییەکانی تردا وا ئەکا موزیك ببێتە بنەماو بەو شێوەیە. تەکنیك‌و ئامێرە ئەلکترۆنییەکان‌و ریتم‌و ئاوازو هەر شتێکی تر هەبێ، کەواتە تەنها شیعر ئەمێنێتەوە لە رووی بونیادەوە رەگەزی گێڕانەوەیی هەبێ، ئەمەش دیارە وەك شاز تەماشا ئەکرێ، بەڵام ئایا بە ریشەکێش کردنی چی روو ئەدا؟



دەرکردنی شیعر لە گۆرانییدا، هەندێ گۆڕانکاریی گرنگ بەسەر گۆرانییدا ئەهێنێ کە گرنگترینیان لەم دوو خاڵەدا کۆ ئەبێتەوە: یەکەم- دوورکەوتنەوەی مانای گوتار لەرێی سیستمی زمانەوە لە گۆرانی، کە ئەمەیان لە بەرژەوەندیی گۆرانییدایەو ئەیگێڕێتەوە سەر بنەڕەتی خۆی. دووەم- نەمانی کەرەستەیەك بۆ دەربڕینی لەرە دەنگییەکانی گۆرانیبێژ.

خاڵی دووەمییان پێویستی بە چارەسەرێکی ئەوتۆ هەیە کە لەرە دەنگییەکانی گۆرانیبێژ دەربخا.

بە حوکمی ئەوەی گۆرانی خاڵێکی هاوبەشە لە نێوان ئاماژەکانی موزیك‌و زماندا- گەر بە سیمۆلۆژیای نوێ بخوێنرێتەوە، پێویستە هاوسەنگییەکیش لە نێوان ئاماژەکانی مادده ئاوازییەکەو ئاماژە زمانەوانییەکەدا هەبێ، نەك گرنگی بە یەکێکیان بدرێ لەسەر حسابی ئەوی تریان. ئەبینین تا ئێستە ئەوەندەی کار لە پڕواتایی شیعردا ئەکرێ، 1٪ی ئەوە کار بۆ دروستکردنی ئاماژەی موزیکیی نەکراوە، بەڵکو ئەتوانم بڵێم کۆنشێرتۆکانی لێ دەرهاوێژی، رەنگە تەنها کار لە جوانکاریی موزیکدا کرابێ، ئەویش بە رێژەیەکی زۆر کەم کە هەریەك لە ئێمە ئەتوانێ لە ماوەیەکی کەم‌و بە ئاسانیی جیایان بکاتەوە. لە بەندەکانی پێشتردا بە درێژیی لە شیعرو پێویستیی بوونیی دواین. بۆیە ئێستە باسی هرمسیزم ئەکەین بە تایبەت لە گۆرانییدا.

ئیمپرتۆ ئیکۆ لە کتێبی "هێرمنیوتیك لە نێوان سیمۆلۆژیاو هەڵوەشاندنەوەگەری"دا دوو بەشی تەرخان کردووە بۆ بابەتی هرمسیزم‌و گنۆسیزم. ئەگەر زۆر کورتی بکەینەوە، هرمسیزم: ئەو گوتارە نا روون‌و ئاشکرایانەیە، کە رۆژێ لە رۆژان عەقڵی مرۆڤ بە رێگە چارەسەری زانیون‌و

بە پیرۆز تەماشای کردوون، هەروەك ڕەنگە زۆر جار بووبێتە بیروباوەڕو ئومێدی لەسەر هەڵچنرابێ. ئەڵێ: بیری هرمسیزم هەموو جیهان وەرئەچەرخێنێ بۆ دیاردەیەکی زمانەوانییو لە هەمان کاتیشدا ڕێ لە زمان ئەگرێ هیچ ڕاگەیاندنێکی هەبێ. گنۆسیزمیش ئەو کەسە تەنیاو تەریکانە ئەگرێتەوە، کەوا ئەزانن ئەوان فڕێ دراونەتە سەر زەمینو هەمیشە بە دووی ڕێگەیەکدا ئەگەڕێن بۆ خۆ دەرباز کردن. لەم بارەشدا هەمیشە پیرۆزییەك ئەبینرێتەوە لە کەسی گنۆسیداو بە پیرۆزیی تەماشای هەندێ دیاردە ئەکا. ئیکۆ لە درێژەی باسکردنی ئەم دوو دیاردەیەدا ئەڵێ هەرچەندە لە سەدەی دووی زاینەوە ئەم دوو دیاردەیە سەریان هەڵداوە، بەڵام ڕەگیان درێژ بووەتەوە بۆ ئێستەو چەندین نمونەی جیاوازیشی لەو بارەیەوە داوە. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لەو دوو دیاردەیە لە دوو خاڵی بنچینەییدا خۆی ئەبینێتەوە:

أ- هەندێ گۆرانیمان هەن، ڕەنگە هەر بە هۆی ئەدا کردنی گۆرانیبێژەکان خۆیانەوە، ئێمە شتێکی ئەوتۆ حاڵی نەبین چوون گۆرانیبێژەکە خۆی باش دان بەوشەکاندا نانێ، یاخود چەندین گۆرانی هەن بە شێوە زاری تر واتە دیالێکتی تر وتراونو ئێمەش هەر هیچیان لێ تێناگەین، ئەمانە جگە لەو لێشاوی گۆرانییە بیانییە زۆرەی کە هیچ مانایەکی گوتارییان نییە، بە پێچەوانەشەوە نە ئەوان لە گۆرانی بوون کەوتوونو نە ئێمەش دەست بەرداریان بووین، هەروەك بە دیدێکی هرمسیانەش تەماشای ئەو گۆرانییانە ناکەین، بەو مانایەی کە لەبەر ئەوە گۆرانی چاك بن چوون لێیان تێناگەین. لەبەر ئەوە پێشنیازی من ئەوەیە کە هەندێ لەو ئەزمونانە کار لەسەر سیستمی فۆنیمەکان بکەن بۆ شیعری گۆرانییەکە، نەك گەڕان بە شوێن



باشترینو ڕەوانترینو فرە دەلالەترین شیعردا. سیستمی فۆنیمەکان، یەکێکە لەو تەکنیکە نوێو گرنگانەی کە هەندێ شاعیر بۆ پێبەخشینی ڕیتمێکی جوانو موزیکی ئەیدەنە شیعرەکانیانو ئەوانیش لە کۆمەڵەی فۆنیمەکان دیاری ئەکەن، بە داخەوە لای خۆمان ئەم تەکنیکەم تەنها لای شێرکۆ بێکەس بینیەوەو وتارێکی درێژم لە کتێبەکەمدا – هونەری شیعر نوسین 2007- بۆ تەرخان کردو لە ڕەخنەی چاودێریشدا بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەکرێ بە ڕاسپاردنی شاعیرێ شیعرێکی ئاوا بەرهەم بێ، کە کەمتر گوێ بە مانا ئەدا لە چاو پاراستنی موزیکدا، یاخود مانا سادەیە لەو شیعرانەدا، ئەوکات بە تەولیفێکی وشیارانە ئەکرێ ئاوازێکی ئاماژەیی بۆ دابنرێو گۆرانییەکی ئەزمونیی نوێ بەرهەم بێو هەوڵ بدرێ لێرەو لەوێ هونەرمەندان هان بدرێن بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر، تا لە ڕێگەیەوە پارچە موزیکیەکان بەرە بەرە ئاشناتر بن بە وەرگرە ئاساییەکان... ڕەنگە ئەم هەوڵانە تەنها جوڵەیەکی سادەو کەم بن، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دڵنیاین کە دەرەنجامی هەموو بزاوتێ، شتی تازە لەدایك ئەبێ.

ب- بە کورتی ئەمەوێ دەربارەی گنۆسیزم بڵێم، ڕەنگە کاردانەوەی ڕۆشنبیریی ئێمە بە جۆرێ بێ، لە خۆمانەوە یان لەسەر قسەی کەسانی تر خەڵکانێکمان لاپیرۆز ئەبێ بە بێ ئەوەی خۆمان چێژ لە کارەکانی وەرگرین، لە نمونەیەکی بچوکدا باسی هاوڕێیەکی زانکۆم ئەکەم، کە ئەوەندەم باسی ڕەفیق چالاك بۆ کردبوو، بە هیوا بوو گوێی لێ بگرێ، کاتێ یەکەمین جار گوێی لێ گرت، هیچ کاری تێنەکردو پەشیمان بووەوە لە خولیاکەی، کەچی دوای چەند ساڵێ بینم گوێ لە کاسێتی ڕەفیق چالاك ئەگرێ، کە لێم پرسی، وتی عەیبە هەرچی تەلەبەیە سەرزەنشتم ئەکەن بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرم،

دەی وا خەریکە چێژم بداتێ... ئەم نمونە کورتەم لە پیرۆزیی بوو، نەوە هەیە پێویستە هەموویان چێژ لە کەسێکی دیاریکراو وەربگرن، ئەگەرچی بە گیانیشیان ناخۆش بێ، ئەمەیە گنۆسیزم و ئالودە بوون بەو دەردە ڕۆشنبیرییە کوشندەیە، جا وەك بۆ گۆرانی و گۆرانیبێژ وەهایە، بۆ ئەدیبان و سیاسەتمەداران و تیپەکان و هونەرمەندان و چی و چی و چی تریش هەروایە.

**ناسنامەی فوئاد:**

ئەوانەی تا ئێستە باسکراون، دەربارەی فەلسەفەو بنەما بنەڕەتییەکانی گۆرانی بوون. ئەمێنێتەوە توێژینەوەی ناسنامەی فوئادی مەولانایی. لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە کەمێك وردترە بۆیە تەنها نایگێڕمەوە سەر ناسنامەی دەنگیی بەڵکو ئاقاری تریش هەن.

**1- ناسنامەی دەنگیی:**

دەنگی فوئاد لە هەردوو چینی راستکۆك و چەپکۆك "قرارو جواب، ئاڵتۆو باس"ە، بەواتای ئەوەی ئەو کاتانەی لە چینی چەپکۆکدا ئەدا ئەکا، چۆن لەرە دەنگییەکانی هارمۆنیا لە دەست نادەن و نەشازی تیا نییەو وەرگر بەلای خۆیدا رائەکێشێ، بە هەمان شێوە لە راستکۆکیشدا توانای ئەدا کردنی هەیە، هەروەك لە چینەکانی خوارەوەدا کاتێ سەرقاڵی تۆمارکردنە روحییەکان و لاوەندنەوە دەروونییەکان ئەبێ، بە هەمان شێوە پارێزگاری لە دەربڕین ئەکاو رەنگە هەناسەیەك زیاتریش لە باری دەروونی وەرگرەکەی نزیك بکەوێتەوە. بە گشتیی دەنگی فوئاد لە هیچ یەکێ لە دەربڕینەکانیدا وەرگر رووبەڕووی وەڕس بوون ناکاو خەوش لە دەنگیدا جێنامێنێ.



**2- میتافیزیك:**

لە هەندێ دابەشکردن و شوێنی پێویستدا دەربڕین بە راستەوخۆیی روو ئەکاتە میتافیزیك، هەرچەندە بە گشتی ئەم جۆرە بەسەر دەنگی فوئاددا زاڵە، لە پێناسەیەکی کورتی ئەم دەربرینەدا بە بەردەوامیی ئەمانگێڕێتەوە ئەو دیوی حاڵەتە ئاساییەکانی پەیوەندی گرتنی باو لەگەڵ دەنگدا، بەواتا لە هەموو رووبەڕوو بوونەوەیەکی نوێدا شتێکی نامۆ بە گوێی وەرگر راست ئەبێتەوەو کەمێك لە سامناکیی دروست ئەکا، بە تایبەت لەو چەند ئاوازەی خۆیدا، من لەو کاتانەدا کە ئەبیسم کەسێك ئەڵێ دەنگی تۆقێنەرە، ئەفغانییە، کازاخی و بەرازیلی و چی و چییە، راستەوخۆ لە مەبەستی بەرامبەرەکەم تێئەگەم، کە ئەیەوێ شتێك بڵێ و ناتوانێ دەری ببڕێ. ئەوەی هەیە ئەم دەنگە لە دەنگە تایبەت و نائاشناکانە بە ئێمە، وەك ئەو چەند دەنگە کەمەی تر کە هەمان و هەمیشە لەبیرمانن، نەك ئەو دەنگانەی هیچ بەهایەکی زیندووی تیا نییە. واتە سروشتی دەنگی ئەوان و سیستمی پەروەردەکەی جیاوازە لە پەروەرئەکردنی رۆتینی میتۆدە بەرایییەکان.

موزیکناسە رۆژاواییەکان خۆیان لەو بڕوایەدان، کە موزیکی رۆژهەڵاتیی لەگەڵ میتافیزیکدا تەماهیان کردووە- یەکیان گرتووەتەوە- جۆن تاڤنەر لە باسکردنی موزیکی رۆژهەڵاتیدا ئەڵێ: " لە موزیکی رۆژهەڵاتدا، زەمانێکی ریتمیی هەیە لە رۆژاوا دەوڵەمەندترە، بۆ نمونە ریتمی موزیکیی سۆفیەکان، هەر هەموو باری روحانیی جیاوازن" نمونەی زۆری تریش هەن دەربارەی سایکۆلۆژیای موزیکی رۆژهەڵاتی کە مەولانایی زۆر بە نەرمیی سوودی لێ بینیون و بە جوانیی هەم تەوزیفی کردوون و هەم ئەداشی ئەکا.

3– ناسنامەی بە جەمسەر بوون:

لە هەموو نەوەیەکدا هەندێ لەو دەنگانەی هەڵ ئەکشێن و ئەو تایبەتمەندێتیانەشی تێدا بێ کە باسمان کردن، جەمسەری تیا هەڵئەکەوێ و ئەمێنێتەوە. منیش نامەوێ باسەکەمان تەنها لە خولگەیەکدا بسوڕێتەوە و تەنها لە بارەی لەرە دەنگییەکەوە بدوێین، دانان و هەڵبژاردنی ئاوازو بە پێی زانستی ئامازەکان و ریزبەند کردنیان بە رەوتێکی ناجێگیر" مەبەستم لە زانستی ئامازەکانە لە موزیکدا ئەو هەوڵە نوێیەی بەرنارد تۆسانە بۆ پێوەری نوێی ماددەی دەنگیی بەدەر لە نوسینەوەو زانستی موزیك، ئەویش بە وردکردنەوەی هەر رستەیەك بۆ بچوکترین یەکەی دەنگیی و رێرەو یان سیستمی ئەو یەکانە لە گۆرانی یان لە ئاوازێکدا شێوەیەکی ریزبەندیی رێکخراو وەرئەگرن" لە ئاوازێکەوە بۆ ئاوازێکی ترو پاراستنی شێوازگەرایی و ئیستاتیکای بەردەوام و وەرگر هێنانە جۆش... بە جەمسەر بوون ئەو بارەیە کە بەردەوام پێویسی بە زیادکردن و پاراستنی رەوتەکەیەتی، پێویستیی بە دروستیی هەڵبژاردن و دوورکەوتنەوەیە لە خۆ بەرەو پێش بردن و خۆدەرخستنی زیاد لە پێویست و خۆ شاردنەوەی زیادەڕۆیی. چوون لە هەردوو بارەکەدا بە جەمسەر بوون زیانی پێ ئەگاو بەو شێوە تەندروستەی خۆی پێ ناگا. کەواتە ئەتوانین بڵێین یەکێ لە ناسنامەکانی ئەم دەنگە چوونە بەرەو بە جەمسەر بوون.

4– دەنگی زیندوو:

دەنگی مەولانایی دوورە لە دەنگی کۆنکرێتییەوە، کە بە هۆی پێشکەوتنی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیاوە سەریان هەڵدا... لە ئێستەدا زۆرێك لە گۆرانیبێژانی نەك هەر کورد بەڵکو میللەتانی تریش لە بواری ناسنامەدا ئەگەڕێنەوە بۆ دەنگی کۆنکرێتی و دەنگی زیندوو کەوتۆتە ناو ئەفسوونە چاوو گوێ بەستەکانی تەکنەلۆژیاوە... لە کۆنسێرتێکدا گەر ئامێرەکان زیان بە دەنگەکە نەگەیەنن ئەوا سودیشی پێ نابەخشن و بە رەوانیی نایگەیەننە ئێمەو ئەو دەنگ و پێکهاتەیە ئەو گرنگیانە جێ بهێڵن سەلمێنەری راستییەکەی ئێمەن.

دەربارەی تەکنیك:

ئەمەوێ دەربارەی تەکنیکی گشتیی – نەك تایبەت– بدوێم، بەڵام پێش هەر شتێ، ئەوەم لە پێش چاوە کە پێویستە مامۆستا موزیکناسەکان ئەو کارکردنە لە ئیستاتیکای مادەکاندا دیاری بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر مەبەستمە کۆتایی وتارەکەم بە بابەتێ بهێنم، پێموابێ هەم فوئادو هەم ئەرژەنگی سەیفیزادە سودیان لێ وەرگرتبێ لە داڕشتن و دابەشکردنی گۆرانیەکاندا کە ئەمەیە:

هەندێ لە گۆرانییەکان هۆکێتیی بوون، بەو مانایەی وتن لە نێوانی دوو کەسدا کە هەر یەکەیان و لە چینێکەوە ئەدا بکەن. بە تایبەت ئەم جۆرە لە گۆرانی چاوڕەشدا بە ئاسانیی ئەبینرایەوە. بەڵام ئەوەندەی جیاواز بوو کە دەنگی فوئاد تینۆر نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە ساڕەنگ لە چینی بەرزدا ئەدای ئەکردو مەولانایی لە نزمەکاندا بە شێوەیەك کە هەندێ جار دەنگی فوئاد لە تەلیلەو زیکرەوە نزیکتر ئەبووەوە تا گۆرانییەکی ئاسایی، لەم بارەوە ئەمەوێ لەسەر هۆکێت و ئەو دەسکارییانەی لەم گۆرانیەدا کرابوون کەمێك بوەستم.

لە هۆکێتدا دوو تا چوار کەس بەشدار ئەبن، ئەگەر دوو بن هەر یەکەیان لە چینێکەوە ئەدا ئەکاو سێ کەسیش بن بە هەمان دەستوور، بەڵام لە چوار

قۆڵییدا دوو دوو بەرامبەر یەك ئەوەستنەوەو ئەبن بە دوو دەستە، واتە بە هەر چواریان دوو چین وەرئەگرن. پێویستە دەنگی یەكێكیان تینۆر بیٚ و ئەوی تریان نزم. لە ئێستەداو لە بری پشووی نێوانیان ئامێری موزیك ئەكەوێتە نێوانیانەوە وەك ئەوەی ئێستە لە دوورگەی بالی باوە، جاروبار بۆ رازاندنەوەی دەروونیی زیاتری بڕگەكان گۆرانیبێژ هەڵوێستەیەك ئەكا واتە كەمێك ئەوەستیٚ و دەست پیٚ ئەكاتەوە. گەر ئەم دەستووره پێش 7-8 سەدە لەمەوبەر بووبیٚ، بە دڵنیاییەوە لە ئێستەیدا گۆڕانكاریی زۆری بە سەردا هاتووە. پیٚ ئەچیٚ گۆرانییەكانی نیزامو چاوڕەش بە تەواویی سوودی لەو تەكنیكە وەرگرتبیٚ... بە تایبەت كە هەڵوێستە كردنەكە زۆر بە رەوانیی لە نێوان " چوومە جیهان.... جیهان ساكرد – گەر بە هەڵە وشەكانم وەرنەگرتبیٚ–" لەو كاتەو لە شوێنی ئەدای تری مەولانایيشدا دەرئەكەوت.

بەڵام گەر دروست بوونی ئەم تەكنیكە خۆڕسك بووبیٚ و ئەوان بۆ ئەم مەبەستە كاریان نەكردبیٚ، ئەوا رەگو ریشەی تەكنیكەكە بۆ ناوچەی هەورامان ئەگەڕێتەوە، بە هەندیٚ كاركردنی تایبەتمەندانەوە لە ئاواز داناندا بۆ رلزاندنەوەی بڕگەكان.



**چاوگە:**

1- بول ريكور- نظرية التاويل- ت/ سعيد الغانمي- المركز الثقافي العربي.2003

2- امبرتو ايكو- التأويل بين السيميائيات والتفكيكية- ت/ سعيد بنكراد- المركز الثقافي العربي- .2004

3- علي الشوك- اسرار الموسيقى- دار المدى .2003

4- جيزيل برولية- جماليات الابداع الموسيقي- ت/ فؤاد كامل- دار الشؤون الثقافية العامة.

5- برنار توسان- ماهي السيمولوجيا- ت/ محمد نظيف- دار افريقيا/الشرق.2000

6- جورليس برتنوي- الفيلسوف وفن الموسيقى- ت/ فؤاد زكريا- المكتبة العربية1974.

## نوێگەریی..

# گۆڕینی پێکهاتەیوێنەیی

یەکێك لەو دەنگە جدییانەی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، وەك دەنگێکی سەربەخۆو ناوابەستە لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوتو هەر زۆر بە زوویی سەرنجی زۆرینەی خوێنەرانی بەلای خۆیدا وەرچەرخان: ئەزموونی شیعریی "جەمال غەمبار" بوو، کە هەر لە سەرەتاوە هەندێ جیاوازیی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، هەرچەندە هەر لەناو چوارچێوەی گشتیی دا ئەخوێندرایەوە.

ئەو گشتیی بوونو لە هەمان کاتدا ناوابەستەبوونەی بە دەنگی ترەوە، بۆخۆی بەشێکی سەرنجی چنیەوەو لە سەرەتاوە وەك تەواوکاریی دەنگی نەوەیەك ئەخوێنرایەوە.. ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە ئەو سەرەتایانەی ئەوەندە تۆکمە نەبوون کە کارێکی ئەوتۆ بکات دابڕان لەگەڵ پێش خۆیدا دروست بکات.. گەر بڵێین وەك دەنگ، ئەوا کاریگەرێتیی سەردەمی خۆی فشارێکی ئەوتۆی لەسەر دروستکردووە کە نەیتوانیبێ پێکهاتەی بونیادی ئەزموونەکە بگەیەنێ، کە لە ڕاستیدا ئەم ئەزموونە هەر لە سەرەتاوە گەر بە کاڵییش دەرکەوتبێ خەسڵەتو بونیادی تایبەتی خۆی هەبووەو لە تەواوی دەنگەکانی تری جوێ کردۆتەوە.. گەرچی ئەم لێکدانەوەیە جۆرێك لە گشتاندنی پێوەدیارە، بەڵام ئەدای مێژوویی ئەم ئەزموونەش هەر لەو سیستەمەدا ئەبینرێتەوە، گەر نەگەڕێینەوە سەر ئەو پێکهاتانەی کە لەم



بونیادەدا جیاواز لە ئەزموونەکانی تر بەشدارن لە پێکهێنانی دەنگیی شیعریی غەمباردا.

بۆ نموونە لە سەرەتاکانیدا زیاتر پشتی بە هاوکێشە دەلالیەکان بەستووە، بە پاراستنی هاوسەنگیی مانا بەخش..یان وەکوتر بڵێین هاوسەنگیی ماناو بە عەقڵانیو لۆژیك کردنی وێنەکانی، لە پێشەوەی هەموو کۆدەکانی ترەوە داناوە بۆ کارکردن لە ئیستاتیکای شیعرییدا.

به خۆڵەمێشی سوتانی پەنجەکانم
برژانگەکانت بڕێژە..!
ئەوسا ئەبیە کچی دەریایەکی هێمن،
نەورەسەکان لە کەناریا باست ئەکەن!

( ل/141 مەنفاکان )

لە دێڕی یەکەمو دووەم، واتە لە نیوەی یەکەمی وێنەکەدا، جۆرێك لە مەئلوف هەیە کە زەمینەی دروستبوونی وێنەی دەلالیی فرە مانای پاش خۆیەتی.. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا هاوسەنگیی مانا هەیەو وێنەکە بە وێنەی ناوەخنیشەوە –واتە نیوەی دووەمی وێنە گشتییەکە، کە ئەویش وێنەیەکی سەربەخۆیە– فڕێدراوەتە ناو سیستمی بە لۆژیکبوونیەوە، لەو بارەشدا بە کۆکردنەوەی بەشە دراو، یان پێشنیازکراوەکانی ناو وێنە گشتییەکە بە هەردوو بەشەکەیەوە، وێنەکەو بە تایبەت بەوێنە ناوەخنیەکەیەوە، ئەو گوڕو توانایەی کە دالەکانی بە دەستی هێناوە، لە دەستی ئەداتو ئەوکات مەئلوفیەت تەواوی وێنەکە ئەگرێتەوەو ڕووبەڕووی وێنەیەکی سادە ئەبینەوە.. سادە بەو مانایەی خۆی بۆ بەدەستەوەدان ئامادە ئەکا–مانا بە دەستەوەدان–، ئەمەش سیمای شیعریی

دوای ڕوانگە بەرهەمی هێنا، ئەمە بەشێکی بۆچوونەکەمانە لە سەر بوون لە چوارچێوەی گشتیی ئەزموونەکە کە کاریگەرێتیی سەردەمەکەی خۆی بەو شێوەیە بە سەریدا زاڵەو، لە هەمان کاتدا ئەم پشت بەستنەش بە هاوکێشەی لەمجۆرە، تایبەتمەندێتیی ئەزموونی غەمبارەو لە دەنگێکی ترو بە هەمان شێوازی بەکارهێنانەوە نابینرێتەوە. بۆیە ئەکرێ بڵێیـــن سەرەتا شیعرییەکانی بە جیاوازییەوە دەستی پێکرد.

سیمایەکی تری ئەم ئەزموونە، کە لە سەرەتاکانیدا ڕوونتر ئەبینرا وەك لە ئێستەی.. زاڵبوونی ئارەزووەکانی خود بوو کە لە ڕێگەی– من – ی شاعیرەوە ئەپەڕیەوە ناو– من – ی دەق.. ئەویش بە خۆسەپاندنی – من – بە شێوەیەکی جیاواز لە دەنگەکانی تر، لە ڕێگەی گەمەکردنی هۆشیارانەوە بە دەرخستنی– من– لە چینەکانی ژێرەوەی خوێندنەوەدا، بەواتا ئەو نەرسیسیەی لەم ئەزموونەدا ئەبینرێتەوە، بە جۆرێك خراوەتە ناو گەمەوە کە کەمتر خۆی ئەخاتە ڕوو، بە زەحمەتتر کەشف ئەکرێ.. ئەم گەمە کردنە چەندە هەست درکی پێئەکاو هەستییە لە مەبەستدارییدا، ئەوەندەش نەستییە لەو لایەنەوە کە لە ڕێگەیەوە خود ئەیەوێ ئارەزووەکانی دەرپەڕێنێ و لە سانسۆری منی باڵا super-ego قوتاری بکا.

گەر سەرنجی هەمان نموونەی پێشوو بدەینەوە، ئەبینین "خۆڵەمێشی پەنجەکانی – من– ی ناو دەق ئەبێتە کلی چاو ڕشتن و پاشان بەو هۆیەوە کچێك ئەبێتە کچی دەریایەکی هێمن، تا بۆی هەبێ نەورەسەکان باسی بکەن.". ئەوەی ئارەزووە نەستیەکان لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە دەری ئەبڕن، زۆر کەمترە لەو داوایانەی کە هەیەتی، زەحمەتی کەشفکردن لەو بە هەڵەبردنی نەرسیسیەیە کە لەواقیعێکی دەروونیەوە سەر هەڵئەداو



تەسلیمی واقیعی دەرەوە نابێ، کە خەیاڵ سەرچاوەکەیەتی. کەواتە وتەزای گوزارشتو وتەزای گوزارشتکار وەك یەك نایەنەوە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە فرۆیدو لاکان لە سەری کۆکن بەوەی کە " ئارەزووە نەستیەکان لە هەوڵی گەیشتن بە توانای گوزارشت کردن هێمن نابنەوە سەرباری بەرگریی کردنی _ من _، کە ئەم بارەوا لە مرۆڤ، ئەکا دابمێنێ(...) بێ ئەوەی ئارەزووەکانی خود بە دی بێت. بەم شێوەیە لەوتەزاکەیدا خۆی لە بابەتی ئارەزووەکەی نەبان ئەکا."[1] بەڵام لەم ئەزمونەدا خود پێداگرترەو لە گەمەی هوشیاریو ئاگاییدا زۆرترین داواکاریی لە ڕێگەی کاریگەریی زمانەوە پێشنیاز ئەکا.

خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبیی خۆ تێفڕێدانی خوێنەری لەگەڵدایە، بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنو گونجاندنی لەگەڵ لێکدانەوەکانی خۆیدا، گەرچی ئەم مەبەستە لە بنەڕەتدا چێژ بەخشینە، لە هەمان کاتدا توندوتیژییە بەسەر دەقیشەوە بە پێی لێکدانەوەی هایدیگەرو میشێل ئۆوتن[2]. بەڵام سنوری ئەم توندو تیژییە چەندە لەگەڵ دەقەکانی غەمباردا، بەتایبەت ئێمە قسە لە ئەزمونی ئەکەین، ڕەنگە خوێندنەوەی هێرمۆنتیکییم بۆ تەواوی ئەزمونی غەمبار بۆ کەشفکردنی بونیادی کارکردنی بێ زیاتر لە لێکدانەوەو خوێندنەوەی تەنها دەقێکی، جگە لەوەش نەمویستووە داکەوتەکانی چ میتۆدێکی بەسەردا بسەپێنم بەپێی پێداویستیەکانی

---

[1] ــــ التحليل النفسي من فرويد الى لاكان ــــ عدنان حب الله ــــ مركز الانماء القومي ــــ لبنان ــــ ص 118

[2] ــ بڕوانە نظريات القراءة ــــ ترجمة: د.عبدالرحمن بوعلي ــــ دار الحوار ــــ سوريا ــــ ط1 ــــ 2003 ــــ ص 127، 130

خوێندنەوەی هێرمۆنتیکی، بۆیە ڕەنگە سنوری توندوتیژییەکە بەرتەسکتر بێتەوە لەو ئاقارەی چاوەڕوان ئەکرێ.. جگە لەوەی ئەزمونی غەمبار بۆ خۆی ئەزمونێکی گرانەو بواری کەمترین داکەوتەی تێدایە.

لەگەڵ ئەم ڕایەی تۆدۆرۆڤدا یەکئەگرمەوە بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێك کە " هەمیشە لە ناو دەقدا ڕوونکردنەوە ــ بیان ــ یێك هەیە ڕێگەی بەکارهێنانی شی ئەکاتەوە."[3] ئەم ڕاستیە بۆ ئەزمونێکیش گونجاوە، هەر لەبەر ئەمە ئەو ڕوونکردنەوەیەم لە ئەزمونی غەمباردا کەشفکرد، تا ڕێگەکانی کارتیا کردنیشی ڕوون ببێتەوە.

لە سەرەتای ئەزمونی غەمبارەوە جۆرە سەرکێشیەك هەیە لە چواندن‌و لەبری یەك دانانی من‌و شتەکان، شتەکان‌و شتەکان، ئاوێتەبوون لەگەڵ شت‌و دیاردەکاندا، دواندن‌و کار تیاکردنەوەیان. هەموو ئەمانە بە شێوازو دەربڕینی تر لای شاعیرانی کەمێك پێش خۆی‌و هاوتەمەنەکانی بە ڕوونیی یان کەموکورت هەن. بەڵام غەمبار بە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزترو بە دنیابینییەکی جیاوازەوە ڕێچکەیەکی تایبەتی لەو کارکردنە هەڵبژاردووە. کارکردنی تازەشی بریتیە لە ئەکتیڤکردنی مێژوو لە ڕێگەی ئەکتیڤبوونی ( ڕووداو، کردار )ەوە، ئەم جۆرە پێکهاتەیە بەلانی غەمبار خۆشیەوە نوێیەو لە کۆمەڵە شیعری "هەمیشە با لەوێ بین"ەوە بە ڕوونیی دەرئەکەوێ، گەر سەرنجی دوو کۆمەڵە شیعرەکەی پێشووتری بدەین هەوڵی بەکام نەگەیشتووی هاوچەشنی تیا ئەبینینەوە.. بۆ نموونە لەم وێنەیەدا هەوڵێك هەیە بۆ گەیشتن بەم دەرەنجامە، بەڵام ڕەنگە لێرەدا غەمبار بەو ئاکامە نەگەیشتبێ‌و، لە هەوڵی کەشفکردنیدا بێ:

[3] ــ نظرية القراءة – هەمان سەرچاوە ــ لاپەڕە 52



که گریاین.. گریانی چی!
لە غوباری ئەو ئێوارە ڕاوەستاوەی بەردەمماندا
باخێك نەبوو دەست بەرێ گوڵی فرمێسکەکان بچنێ..
ئازارێکی چەند غەریب بووین، ئەو کاتەی چووینە لای ئاگر
برینێکی چەند سەیر بووین، هاوڕێ:
ئەو دەمەی خۆرنشینمان کردە قەڵاندۆشکان‌و
بە دەوری جانتا پڕ سەفەرەکاندا، سەمامان کــــــرد.
( شیعری "لە کەنارەکانی بێدەنگیدا"

مەنفاکان لێرەوە دەست پێئەکەن ل 100 )

ئەم شیعرە ساڵی 1996 نووسراوە، مێژووی نزیکە لە دەقە نوێیەکانیەوە.. لەم شیعرەدا وێنەی جیاواز ئەبینرێتەوە، هەمووی کەوتۆتە دەرەوەی زمانی باوی ئاسایی، بەڵام هەندێکیان لەناو بازنەی مەئلوفیەتی زمانی شیعریدان، بەو واتایەی نزیکن لە ئیحساسە بەربڵاوەکانی شیعریەتەوە.. ئەو پێکهاتە زمانەوانیانەی کە هێڵیشم بە ژێردا هێناون، هەوڵێکن ــ کەمن لای خۆمەوە بە سەرەتای ئەم پێکهاتەوێنەییە نوێیانەی ئەزانم ــ بۆ دوور کەوتنەوە لە دەربڕینی شیعریی ئاسایی‌و خۆ ئامادەکردن بەرەو داهێنانی نوێی ئەوتۆ، کە تەنهاجێ پەنجەی غەمباری پێوەدیار بێ[4]..مەبەستم لەم پێناسەیە دۆزینەوەی جۆرێکی ترە لە پێکهاتە

[4] غەمبار لە پێشەکیی ئەم کۆمەڵە شیعریەدا ئەڵێ:
جێهێشتن، سەفەری دوور،یان لە تاراوگەو دواجار گیرسانەوە لە ئاخرین نوختەی باشووری زەمین.. هەموو ئەمانە بۆ من دەریای ئەزموونێکی تازەن، کە هێشتاکە لە

وێنەییەکان کە غەمبار فڕێی ئەداتە ناو بونیادی گشتیی شیعرەوە، بەو پێیە وەك هەموو ئەو نوێگەرانەی تر ئەمیش بەشداری لە داڕشتنەوەو نوێکردنەوەی فۆرمی شیعردا ئەکا پێبەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی لە دنیای زانستو فەلسەفەو کایە مەعرفیەکانی تردا ڕووی داوە، بۆ دوور خستنەوەی شیعر لە چەق بەستنو دووبارە بوونەوەی بەردەوام.. ئەم وێنەو پێکهاتە نوێیانەی خوارەوە کە لە کۆمەڵە شیعری"هەمیشە با لەوێ بین، لای عیشق"ەوە وەرگیراون، ئەگەر خۆ نوێکردنەوەو بازدانی غەمبار بێ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر؟ بێگومان کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەبێ لەسەر شیعری کوردی بەگشتیی.. گەر نەبێتە سکێچی ئامادەو کۆپیی بکرێتەوە، ئەوا ئەبێتە فاکتەرێکی باش بۆ شوێن پێهەڵگرتنو داماڵینی بەرگی ئامادەی شیعریی و بەرهەمهێنانی راو دەقی جیاواز:

"چاوەڕێم بە، تا لە تەنیایی دێمەوە"..
لە سەر کێلی سەفەرەکەم وا نوسرابوو..×××ل100
ئەمێستا من خەراباتێکم لە چاوەڕوانیی
ماڵێکم پڕ لە داخستن ××× ل 15
لێناگەڕێ منی گریان ژێر ببمەوە ×××ل17
ئێستە پەنجە تووتەی ئەرزو، پەنجەی سەبا ئەگەڕێنو
منی شای بارانو، منی خەمژەنی کۆڵانی عەدەم، نادۆزنەوە.××× ل27
ئەو دەمەی دەڵێن پیاوێك دێ،

---

کەناریداوەستاومو بۆم نەلواوە ئەو مرواریی داهێنانەی کە بە شوێنیداوێڵم بدۆزمەوە.. ئەم مۆمە شیعرانەشی لەم دیوانەدا دامگیرساندوون، دەشێ سەرەتای گەشتی نەبڕاوەی ئەز بن بەو دەریای ئەزموونەدا..



لەباشوورەوە هەڵئەکا ××× ل35
غەریبیی چۆن منی کردۆتە گۆرانی××× ل38

ئەوەی ئەم چەند وێنەیەو هاوشێوەکانی ــ لە کۆمەڵە شیعرییەکەدا ــ لە قۆناغی شێرکۆیی دائەبڕێ دروستکردنی وێنەیە لە میانەی بە مرۆڤکردنی ڕووداو و کردارەکانەوە، یان نوسینەوەی مێژووە بە مێژوو.. خۆچواندنو ئەو چواندن بە کردارو ڕوودەوەکان نموونەی تازەیە لەشیعری کوردیداو ئەووێنانەی پێشتر لێی دوام ئەکرێ وەك زەمینەیەك بۆ بەرپا بوونی ئەم تازەگەرییەو لای جەمال غەمباری شاعیر حسابی بۆ بکرێ، ئەو سەرەتایەی کە خۆیشی لێی دواوە، ئەکرێ چاوەڕوانی وەرچەرخانی لێبکەین.

## یەکێتیی رەگەزو پرۆژەی بەیەکگەیشتنەوە لە دەقی "جەنگی بەیەکگەیشتن"دا

دەقەکە:

قەترە ئاوێکی باوکە ئادەم بووین
لە رەحمی ئەودا دروستبووین..
لە چاوی ئەوەوە خۆشمانویست
لە گەرووی ئەوەوە پێکەنین
بە دەم سۆزی ئەوینییەوە
بە شنەشن گەورە ئەبووین..
شەوانە بارتەقای دایکیەتی
لە کەژاوەکەی رۆحیدا ئەخەوتین
بۆ ساتێکی مەمك مژین
ئەوەتا بوو نەمردین..

* * *

گوناه گوناهی خۆمان بوو
بە یەکەوە فڕێدراینە سەر زەویی تاوانەکان..
ئەوەڵ،



کە سێوەکەمان خوارد
دواجار ژەهرو
ئێستەش کەمامە نۆش ئەکەین..
کە گەورەش بووین
تۆ بوویتە یەکەم چەقۆکێش..
منیش هەر زیندەبەچاڵ دەم بەستراو..
لە سەردەمی مەزهەبەوە
مێژووم بوو بە کزۆڵەترین بە جێماو..
بە زەوقترین کەنیزەك.
وەکو شمەك
ئەوەڵ مەزاد:
ئەم ئەیکڕیمو.. ئەو ئەیفرۆشتم
ئەمەیە کارەسات..

* * *

خۆشەویستە درۆزنەکەم:
تۆ بە چاوی دەمامکەوە تێم ئەڕوانی..!!
منیش درەختم ئەبێتە درەختی گومان..
لەوەرزش گوڵ کردنیشما
حەزئەکەم بە گوڵ ماچت کەم
نزیکی لێم
هێندەی هەردوو دەستەکانم..
دووری وەکو قوتبەکانی سەرووو خواروو

ئێستە هەردوو کەسی یەکین..
*       *       *
تۆ سەربازێکی بە زیوی پاش جەنگی سارد
منیش ئەوەم کە ئەڵێن:
(لە دواتەوە هەم)..
شێتمو دان بە شێتیی خۆما ئەنێم
چوون باوەڕ بە تۆبەکانی تۆ ئەکەم..
کەواتە هەردووکمان کۆتایی سەرەتا،
سەرەتای دۆڕانین..
*       *       *
کە لەگەڵما ئەدوێی
ئەو دەمامکە بترازێنە..
با دڵنیابم لە نهێنییەکانو
کۆتایی بەم جەنگی
بەیەکتر گەیشتنە بێنین..
*       *       *
تۆ چرنووکێکی خوێناویی
عەشقێکی شەهوەتی..
منیش زارەترەکو
بەرۆکی دۆڕاوی شەوێکی هەنگوینی..
بۆ جوانی روخسارم ئەمریتو
سەرپەنجەی پیرۆزیم ماچ ئەکەی..



لە دیوی پشتەوەی ئەم عەرزەش
خەنجەری کەڵبەتم لە گەردن گیرئەکەی
پەلکە زێڕینەکەی پرچم بائەدەیتو
لە ژێر پێ لەقەی رەحمەتو
نواڵەی هاوارتا رامئەخەی..
ئێستە دوو سەنگەری یەکین
بۆ یەکتری ئەمرین.. ئەژین..

پاڵەوانەکەی گەڕەکی کانزاو خوێن..
سەربازی بەزیوی
پاشماوەی جەنگی سارد..
ئەوەتا بستێ لەم،
زەمینی سەردەمی بیستو یەك
پەنجەیەك لە پەنجە پێکانت راناگرێ
هەرەستهێناوەو
خەریکە ئەڕووخێی..
تۆ ئەمری
من ئەمرم..
ئەبیەوە بە حەوا،
ئەبمەوە بە ئادەم..

(جەنگی بەیەکتر گەیشتن)[1] ناونیشانی ئەم شیعرەی (کەژاڵ عەلی)یە.. نووسینی دەقەکە، لە سەردەمی جەنگێکدایە کە راستەوخۆ- ئاراستەکانی لاشعور ئەهاوێژنە پرۆسێسەکانی ژیانی خودەوە، ئەبێتە بەشێك لە پێکهێنەرە ناوەندیو هەندێجار سەرەکییە دەروونییەکان بۆ پرۆژەکانی خود.

(لە شەڕیشدا دوو کۆمەڵە جیائەبنەوە، ئەوانەی راستەوخۆ مەترسی دێتە رێی ژیانیان لە رێگەی کوشتو بڕەوەو ئەوانی تریش کە لە ماڵەکانیاندا ئەمێننەوەو چاوەڕوانی لەدەستدانی ئازیزانیانن)[2] ئەمەوێڕای دەستەی داڕێژەری شەڕ.. ئێمەو مانان لە کۆمەڵەی دووەمینداینو ئاسەواری شەڕ قورستر لە سەرمان ئەنیشێ ئەگەرچی راستەوخۆش ناکەوینە ژێر هەڕەشەو گوڕەشەیەوە، کە ببێتە مایەی خەتەر بۆ سەر (من).

شەڕ لە شوێنی هەڵگیرسانییەوە ئەکەوێتە رێو گەمارۆی فیکری هەم شەڕکەرو هەم کەسانی دەرەوەشی ئەدا. جوانیو درێوی تێکەڵ ئەکا، ئەوانی پێش خۆیان بیرئەخەنەوە، ئەو چەسپیوە ئەلەقێنێ کە لە چینە قووڵەکانی لاشعورماندایەو پێی ئەڵێن نەمریی- سەبارەت بە من، ئەمەش هەر لە سەردەمی کۆنەوە- چاخە سەرەتاکان- تا ئێستە ئەگرێتەوە.

1-کوردستانی نوێ، ژمارە (1414) لە (1997/5/22)، جەنگی بەیەکگەیشتن، کەژاڵ عەلی.

2-أفكار لأزمنة الحربءالموت، فرويد، ترجمة: سمير كرم، ط3، 1986، دار الطليعة، ص30.



شەڕ تۆوی بێهودەیی ئەچێنێو تاریکی دابەش ئەکا، شەڕ سەرەتاو کۆتایی هەیە، بەواتا ناوەندی دابڕانە لە پێشو دوای خۆیو دڵنیایی لە نێوان ئەو دوو خاڵەدا، بزرئەبێ.. لەو نێوانەدا هەندێ لەواتاو گوزارشتەکان ئاوائەبنو هەندێ لێکدانەوەو واتای نوێ هەڵدێن، (رزگار دەبین لە وەهمێك)[1] و بەرەو رووی کۆبوونەوەی هەندێ وەهمی تر ئەچین لە فەزایەکی میتۆلۆژیدا.

جەنگی بە یەکتر گەیشتنیش بۆ خۆی جۆرێکە لە ئاهەنگو مەراسیمو بەم تەرزە شەڕەنگێزییەی ئەخرێتە روو. دیارە ئەم دوو جەنگە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە. دەنا بەو شێوەیە ئەم بیرۆکەیە نەئەدرایە بەر نەشتەرو کەرنەڤاڵی پێکگەیشتنەوە ئەبوو بە ناونیشانی شیعرەکە. کەژێ کەوتووەتە بەردەم گومانی بێ چاوگەو پرسی جۆراو جۆرەوە، کە بۆ خۆی دەستی هەیە لە بزواندنی خرۆشاندنی هەندێکیاندا، دوور لە کرۆکی ئەو بیرۆکەیەی ئەم شیعرەی بەرهەمهێناوە.

زمانی گشتیی داڕشتنەوەی ئەم بیرۆکەیەو لە دەقێکی شیعریدا، نزیکترە لە زمانی گێڕانەوەی مێژوویەك، چیرۆکێك.. لە دیوێکی تریشەوە گواستنەوەی زمانی فەلسەفەیە بۆ ناو شیعر، سوود لە بنەما میتۆلۆژییەکان وەرگیراوە، مێژوو لە ئیحساسی کەنیزەکێکەوە خۆی ئەهاوێتە دەقەکەوە، کێشەو ململانێی چینەکانو گۆڕانکارییە دیارەکان لە لایەكو لە لایەکی تریشەوە، سۆزەیەکی عاشقانە بە کەفوکوڵی چەپێنراوی مێیەکەوە، هەروەك هەست بە زۆرلێکراویو گوناهکردنو هەندێ حاڵەتی دەروونیی

1-هەمان سەرچاوە، ل9.

تر، بۆ خۆیان بەشێکن لە پێکهاتەی بونیادی ئەم دەقە، کاتێك کەژێ بە حوکمی ئەزموونی خۆی وەك شاعیرێ بە هەستێکی ناسكو زمانی مەئلوف داپڕشتووەتەوە.

ئەم دەقە بە قەدەر ئەوەی لە رووی رەوانبێژیو رازاندنەوەی نوێی وێنە شیعرییەکان- فۆرمەلەکردنی نوێگەرییانە بۆ وێنەی شیعری- کەمتر بایەخی پێدراوە، بە قەدەر ئەوەش لە داڕشتنەوەی فیکردا وردەکاریی لە وشە چنینیدا هەیە. ئەشێ جەنگ لەمەشدا ئامادەیی هەبووبێ، چوون ناسینی من بۆ کەژاڵ پێش کۆستکەوتنێکی بە شەهیدبوونی برایەکیو، شاردنەوەی برایەکی تریو تێپەڕبوونی بە تەنگژەیەکی دەروونیدا، جیاواز بوو لە ناسینێ کە ئەم دەقە ئەیخاتە پێش چاو. ئەزانین کەژێ سەرباری رۆمانسیەتە شیرینەکەی، زمانی شیعرییشی بێ گرێو گۆڵو رەوانە، بە توانایە لە دەربڕینی نوێو چواندنی نوێگەرییانە. تەنانەت لەم شیعرەشدا هەرچەندە زمانی تایبەتیی رەچاو کردووە، ئەبینین بە جورئەتەوە فیکری ئەخاتەڕوو. سەلەفییانە گوناهەکان بەسەر کەسدا ساغ ناکاتەوە، بەرامبەر بە پێداگرتن لەسەر بەرائەتی خۆی، وەك هەیە دوای ئەفسانەکان نەکەوتووە، پرۆژەیەك بەرهەم ئەهێنێتەوە، گرێکانی خۆی لە پێش چاوە، شوێن هەڵگری موزیكو ئیقاعی باو نییەو شتی تریش کە باسی ئەکەین.

لەم شیعرەدا دوو رووکاری جیاواز بەدی ئەکرێ، کە یەکێکیان تێکشکاندنو بونیادنانەوەیە، ئەوی تریش باری دەروونیی شاعیر کە بە تێکەڵی لە باسەکەدا دەرئەکەوێ.



پرۆژەی (مرۆڤی نوێ)، بە هەموو مەرجو تایبەتمەندێتییەوە کرۆکی بیرۆکەی شاعیرە، سەرهەڵدانی مرۆڤی نوێ پاش تێكو پێك شکاندنی بونیادی کەسێتیی مرۆڤی ئێستەو لە ژێر پێنانی سەقامگیربووەکانییەتی.

فرۆم لە کتێبەکەیدا[2] پێی وایە کە ئەکرێ گۆڕانکاری لە کەسێتیی مرۆڤدا بکرێ، ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدابێ:

*موعاناتو ئاگادار بوونی.

*دەستنیشانکردنی هۆکاری موعاناتەکە.

*دەرخستنی دەروازەیەك.

*گۆڕانکاریی لە مومارەسەی ژیاندا.

لە شیعرەکەدا بە راشکاویو رۆشنبیرییەوە موعاناتو هۆکارەکانی دەستنیشانکراونو دروازەی پێکگەیشتنەوەش ئەبێتە وەسیلەیەك بۆ گۆڕانکاریی بەسەردا هاتنی مومارەسەی ژیان.

تەنانەت هەڵگرتنی خەسڵەتەکانی بونیادی کەسێتیی لای فرۆم[3]-یش بە رووی ئەو مرۆڤە نوێیەوە دیارە، کاتێ کەژێ لە پێشنیارێکیدا پێی ئەڵێ:

کۆتایی بەم جەنگی
بە یەکترگەیشتنە بێنین.

لە یەکەمین دێڕی شیعرەکەیدا، لە دروستبوونی میسالییانەی مرۆڤ ئەدوێ- کە ئەکرێ وەك رەمزو زۆر بە روونیی بەکارهاتبێ- لە دوا دێڕی

---

2-الأنسان بين الجوهرءالمظهر، اريك فروم، ترجمة: سعد زهران، كويت، 1989، ص179.

شیعرەکەشی لە تێکەڵبوونەوە، کاتێك نێر ئەبێتە حەواو (مێ)یش بە ئادەم. ئەو تێکەڵکردنە غافڵگیرانە نییە[1] ئەو تێکەڵکرنەوەیە نیشاندانی (یەکە)یەکە، کە تیایدا مرۆڤی نوێو پرۆژەکەی شاعیر ئەگاتە مەبەست، ئەگەر بە نموونە بڵێین (یەکەی دەسەڵات) ، ئەو کات دەرئەکەوێ مەبەستی شاعیر، لەو دیوی هاوکێشە نایەکسانەکانی نێوان (نێرو مێ)وەیە، یەکەیەکە لە مرۆڤایەتیی بۆ پیادەکردنی ژیانی نوێ.

ئەم ئەڵتەرناتیڤە بەرامبەر بەو هەموو خوێن‌و فۆبیایە دێ کە بەسەر هەیکەلی شیعرەکەدا پرژاوە، چوون ئەبینین سادییانە بەربووەتە وێزەی–من–ی، کە دەرپەڕیوی–بەرزەمن–یەتی–ئەگەرچی ئەم نیشاندانە لە ژێر کاریگەریی سەرکوتکردنی شارستانییانەی غەریزەکانە، ئەو سەرکوتکردنەی ناهێڵێ بەشێکی زۆر لە پێکهاتووەکانی غەریزە وێراکارییەکان لە ژیاندا مومارەسە بکەن[2]، بەڵام خوێنگەرییە بۆ نیشاندانی مەترسیی مانەوەیە لە هەمەجییەتدا، چوون (مێژوو یەك ئاراستەی هەیە، چارەنووسی هەموو کۆمەڵێك چوونە ناو مێژوو بڕینی قۆناغەکانیەتی، دەستپێکی بە هەمەجییەت‌و گەیشتن‌و شاری بوون‌و

1–ئەگەر زەللەی زمان یاخود نوسینیش بێ، فرۆید ئەڵێ: لە شاعیریێ زیاتر روویداوە کە زەللەی کردووە بە وەسیلەیەکی ئەدای شیعری. لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە شاعیر زەللە بە شێوەیەك بەکارناهێنێ کە خاڵی بێ لە مانا، بە تایبەت ئەگەر بە ئەنقەست دروستی کردبێ-(مدخل الى التحليل النفسي، فرويد، ترجمة: جورج طرابيشي، ط1، 1980، ص33).

2-أفكار لأزمنة الحرب-الموت، فرويد، المشكلة الأقتصادية في الماسوكية، ص117.



شارستانێتی)[3]. لەم قەناعەتەوە شاعیر پرۆژەی ژیانی نوێو مرۆڤی نوێی پێشکەشکردووە.

ئایا ئەو یەکە نوێیەی کە شاعیر وایئەبینێ، یەکگرتنەوەی هەردوو رەگەزی نێرو مێ بێ لە کوێوە چاوگەی گرتووە..؟

بۆ ئەوەی سروشتی پرۆژەکەی بناسین، دەستنیشانی ئەو یەکەیە ئەکەین کە شاعیر لە بری کۆمۆنەی سەرەتایی ئەیگێڕێتەوە بۆ حاڵەتی دی لە نێوان نێرو مێدا کەچەسپاون‌و بواری هەڵگرتنی هیچ مەدلولێکی تریان نییە.

یەکەمیان لە درێژبوونەوەی گوناهی ئادەمەوە هاتووە. (ئەو گوناهەی رەگەزی مرۆڤی پەرتەوازەکرد، لە بریی ئەوەی کە ئەبووایە یەکەیەکی یەکگرتوو بوونایەو کێشەی موڵکدارییان نەبووایە)[4] هەر لە جیابوونەوەی رەگەزەکانەوە ئیشارەتی پێ دراوە لە شیعرەکەدا تا سەنگەر لێك گرتنیان–چیرۆکی ئادەم‌و لە بەهەشت وەدەرنانی.

دووەمیان: گفتوگۆ(محاورة)ی خوان(المائدة)ە کە شاعیر بە واتاکان گەڕاوەتەوە سەری، ئەگینا هێمای ئاشکرای نەداون.

پێم چاکە پوختەی مەبەستەکە لە گفتوگۆی (خوان)ـەوە وەربگرین، چوون ئەم بابەتەیان لە رۆشنبیریی کوردیدا کەمتر ئیشارەتی پێ دراوە:

(لە زمانی ئەریستۆفانسەوە: لە زەمانی یەکەمدا سێ رەگەز هەبوون نەك دووان: نێرو مێو نێرەمووك، نێرەمووك خەسڵەتەکانی مێی کۆکردبووەوە.. ئەو ئافەریدە یەکەمینە یەکەیەکی کامڵ بوو، پشت‌و لا تەنیشتەکانی خڕبوون، لە شێوەی تۆپێکدا بوو، چوار دەست‌و چوار قاچی هەبوو، دوو

3-مجتمع اللادولة، بيار كلاستر، ترجمة: محمد حسين دكروب، ص187.

4-وتەیەکی ماکسیمۆس کۆنفیسۆر، لە کتێبی (الأنسان بين الجوهر-المظهر)ی فرۆم، ل132.

دەموچاوی لێکچووی هەبوو، کە لەسەر یەك ئەستۆ دامەزرابوون. ئەو دوو رووە تەنیا سەرێك بوو، بەڵام بە هەموو لایەکدا دەسووڕا، رووەکان یەك لە پشتەوەو ئەوی تر لە پێشەوە، چوار گوێچکەی هەبوو، دوو کۆئەندامی زاووزێ، واتە ئەو هەموو ئەندامێك‌و بەرامبەرەکانیشی هەبوون، ئەو ئافەریدانە وەك ئێمە بە رێکی ئەڕۆیشتن، بۆ پێشەوەو بۆ دواوە، ئەگەر رای بکردایە هەر هەشت پەلی خڕئەکردەوەو خل ئەبووەوە.

هۆی بوونی سێ رەگەزی جیاواز، جیاوازیی ئەو سەرچاوانەیە کە لێوەی هاتوون، نێرینە لە رۆژەوە هاتووەو مێینە لە زەوییەوە دەرپەڕیوە، بەڵام نێرەمووك لە مانگەوە، وەك زانراویشە مانگ بەشداریی خۆرو زەوی ئەکا لە سروشتیاندا، تواناو هێزیان بە رادەیەك ببووە مایەی ترس‌و تۆقین، لە خۆیان بایی ببوون‌و هێرشیان ئەکردە سەر خواوەندەکان‌و هەوڵیان ئەدا بۆیان بچنە ئاسمان. (زیۆس–Zeus) لەشی کردن بە دوو بەشەوە، تا لە لایەکەوە خۆی لە ئافاتی ئەوان لابدا، لە لایەکی تریشەوە مانەوەیان بپارێزێ.

دوای لەتکردنیان، هەر لەتێك کەوتە گەڕان بە دووی لەتەکەی تریداو کە پێك ئەگەیشتن بە توندی باوەشیان ئەکرد بە یەکتردا وەك ئەوەی یەکبگرنەوە، بە بەردەوامیی لە باوەشی یەکدا ئەمانەوە تا لەبرسا ئەمردن.

زیۆس لە ریفۆرمێکدا کە بە زەیی بە مرۆڤەکاندا هاتەوە، ئەندامی زاووزێی ئەو مرۆڤانەی خستە دیوی پێشەوە، کە پێشتر لە پشتەوە بوون، زیۆس بەمە دوو مەبەستی پێکا:

یەکەمیان: پاراستنی وەچە بە جووتبوونی نێرو مێ، دووەمیش: تێرکردنی ئارەزوو بەو شێوەیە خۆشەویستی لەو سەردەمە دوورەوە لە



دایکبوو، ئەو خۆشەویستییەی ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ حاڵەتی یەکەم. کەواتە هەر یەك لە ئێمە بەشێکە لە دانەیەکی تەواو، هەمیشە بە دووی لەتەکەی تردا وێڵە، ئەو نێرانەی لە لەتبوونی نێرەمووك کەرت بوون حەزیان لە مێیەو عەشقی دەبن، مێیەکانیش بە هەمان شێوە، کەس ناتوانێ بڵێ کە چێژی سێکسی بە تەنها کامەرانییان بۆ دابین ئەکا، مادام پێکەوەن‌و لە ناخیاندا شەوق‌و ئارەزوویەك هەیە کە بە ئاسانی دەرنابڕێ‌و ئاماژەی بۆ ناکرێ[شمتر].

کەواتە نێرو مێ لە یەکەیەکەوە سەریان هەڵداوە کە لە بنەڕەتدا جیاواز نەبوون، لە هەردوو باردا، پاشتر بە هۆی پێکهاتەی بایۆلۆژییەوە، بە هۆی بەهێزیی نێرەوە، مێ فڕێدراوەتە پەراوێزەوەو وەك کاڵا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، دواتریش پرۆژەیەکی وەك ئەمەو پاش بڕینی قۆناغێکی بەرچاو لە هەمەجییەت تەبەنیی یەکگرتنەوە ئەکا.




---

1-دەمەتەقێی خوان، ئەفلاتوون، وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد، دەستنووس.

بەم شێوەیە پرۆژەی مرۆڤی نوێ ئەگەیەنێتە ترۆپك. لە کاتێکدا راستەوخۆ دەست ئەخاتە سەر نزیکبوونەوە لە سەدەی بیستو یەكو بڕینی قۆناغە مێژووییەکان ئەخاتەوە پێش چاو:

ئەوەتا بستێ لەم

زەمینی سەردەمی بیستو یەکە

پەنجەیەك لە پەنجە پێکانت راناگرێ.

شاعیر عەفەویانە لە هەرەسهێنانی نێر نادوێ، بەڵکو کردوێتی بە رەمزی هەمەجییەت، لە کاتێکدا کە خۆی قوربانیی ئەو هەمەجییەتە بووەو زارەترەك بوونی خۆی رائەگەیەنێ لە پرۆسێسەکانی ژیاندا بە خۆڕاخستنو بۆ چێژ وەرگرتنیش لە پرۆسیسی سێکس.

ئەم بە رەمز کردنەش ئەگەڕێنێتەوە بۆ گوناهی گەورەو پاشتریش بۆ کوشتنی هابیل. بەرامبەر بەم حاڵەتەش تەفرەدان ئەگێڕێتەوە بۆ خۆی لە فریودانەوە هەستکردن بە گوناه- کزۆڵەیی- زارەترەك بوون- زیندە بەچاڵکردن- دەم بەستراوی-سەرهەڵئەدەن.

تا لە کۆتایی شیعرەکەشدا ئامادەیە گوناهەکانی لەگەڵدا بگۆڕێتەوە، ئەو ببێتە حەواو خۆشی بە ئادەم، کاتێك ئەمردن، بەڵام دیارە هەروەك فرۆید ئەڵێ:

(لاشعورمان بڕوا بە مردنی خۆی ناهێنێ، ئەو وەك ئەوەی نەمر بێ رێئەکا.. هیچ شتێك دەربارەی مردنی خۆی نازانێ، لەبەرئەوەی ناتوانین مانایەکی نێگەتیڤ نەبێ چی دی بدەین بە مردن)(1).

---

1-أفكار لأزمنة.. موقفنا أزاء الموت، ص37.



شاعیریش لە نەمریی ئەدوێ، نەمریی لە پێکهێنانی ژیانی نوێدا، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەقەکە ئەبینین لە زۆر شوێندا ئەو وێنانە دێنە پێش چاو کە خرۆشاندنی سێکسییان هەڵگرتووە، شاعیریش سێکسی وەك خۆیوەرگرتووەو بەواتا دووانەکی (مزدوج) بە یەکەوە، کە بریتین لە (سەنتەری سێکس-حیاة جنسیة مرکزیة) کەئەمەیان لە رەگەزە سۆزدارییەکانی وەك لێشاوی سێکسیو سۆزدارییە سێکسییەکان پێکدێ.

دووەمین: ژیانی زاووزێ کاری (الحیاة التناسلیة) کە ئەمەشیان ئەو هەستەیە لە کاتی رووداني پرۆسیسی سێکسیدا درکی پێ ئەکرێو بەشی کۆتایی کردە سێکسییەکان پێکئەهێنێ(2).

کەواتە لە دیوێکەوە جووتبوون مەیسەر ئەبێو لە دیوێکی تریشەوە نەمریی جۆر پارێزراو ئەبێ، هەروەك گفتوگۆی خوانیش بە نەمریی ناو بردووە.

حەز ئەکەم بە گوڵ ماچت بکەم

* * *

بۆ جوانیی روخسارم ئەمریتو

سەرپەنجەی پیرۆزیم ماچ ئەکەیت

* * *

بۆ ساتێکی مەمك مژین

* * *

---

2-طريقة التحليل النفسيءالعقيدة الفرويدية، رولاند دالبيز، ترجمة: د.حافظ الجمالي، ص129-181.

لەم وێنە شیعرییانەدا هەست بە لێشاوی سێکسی ئەکرێ، کاتێك خەیاڵ بەرەڵڵا ئەکرێ بۆ پێکەوە بەستنی قووڵترین چینەکانی لاشعور بە باڵاترین بەرهەمی شعورەوە (هونەر). خەون بەواقیعەوە. کاتێك (من) ئەکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی واقیعەوەو میکانیزمی ئەو کاری خۆی ئەکا.. ئەو بەو پێیەی کردەیەکی عەقڵیی جیاوازە لە رێکەوتنی نێوان منی چێژ لە منی واقیعدا باڵائەکاو زۆرکات پێ لەسەر بە واقعی بوونی دائەگرێ[بیتر].

لەگەڵ ئەمەشداوێنە جۆراوجۆرەکانی پرۆسیسی سێکسی ئەبینینەوە لە دەقەکەدا ئەگەرچی ناڕاستەوخۆش بن.

ئەم ئەیکڕیم‌و ئەو ئەیفرۆشتم

*   *   *

سنوورو پێناسی یەکین

*   *   *

تۆ چڕنووکێکی خوێناویی

عەشقێکی شەهوەتی..هتد.

لەگەڵ زانینی ئەو راستییەشدا کە ناوچە خرۆشێنەکان تەنها لە ئەندامی زاووزێ‌و دەوروبەری پێك نایەن، بەڵکو هەموو رووکەشی جەستە ئەتوانرێ ببێتە سەنتەری خرۆشاندن‌و تینوێتی شکاندن[بیتر]، لە دەقەکەشدا وێڕای هەردوو لایەنەکەی چەمکی سێکس بەم شێوەیە هەندێ ئەندامی تریش ناویان هاتووە:

3-الحب‌ءالحضارة، هوبرت ماركوز، ترجمة: مطاع صفدي، المتخيلة‌ءاليوتوبيا، دار الآداب-1970.

1-الثورة الفرويدية، بيير فوجيرولا، ترجمة: حافظ الجمالي، دمشق-.1972



(قەترە ئاوێکی باوکە ئادەم، رەحم، چاو، گەروو، مەمك، دەم، باڵا، ماچکردن، دەست، دواوە، شەهوەت، بەرۆك، پەنجە، پشتەوە، گەردن، پرچ، پێلەقە، کەڵبە، چڕنووك، پەنجەپێ) هەموو ئەکرێ ببنە ئامانجێکی سێکسی‌و چێژی لێوەربگیرێ، بەڵام لەبەرئەوەی رۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتی خۆی سەپاندووە، شاعیریش نەیتوانیوە روونتر بیانکاتە بابەتی سێکسی، لە کاتێکیشدا ئەگەر جێگای ئامانجە سروشتییەکە بگرنەوە بۆ خۆی ئەبێتە جۆرێك لە لادان[بیتر].

لەوردبوونەوەی موعاناتی شاعیردا دیمەنێکی درامی ئەکەوێتە کۆتاییەکانی دەقەکەوە، دیسانەوە سێکس وەك هۆیەك بۆ پێك گەیشتنەوە بەکارهاتووە، لای فرۆیدیش پارچەوردەکان بە هۆی مەیلی سێکسییەوە جارێکی دی یەك ئەگرنەوە، ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیە وەك گریمانەیەك بەکارهاتووە[بریر]، بەڵام کەژاڵ بۆ پرۆژەکەی سوودی لێوەرگرتووە، لە کاتێکدا مەبەستی فرۆید گفتوگۆی خوان بووە.

ئەم مەیلە لای شاعیر جەنگێکی لە پشتەوەیە.. ئەو جەنگەی مێی بەرەو دۆڕان بەکێشکردووە، لە کۆتایی هەموو سەرەتایەکی پرۆسیسکەدا، سەرەتای دۆڕانێکی نوێ مسۆگەر ئەکاتەوە.. شاعیر وای بۆ ئەچێ کە ئەم حاڵەتە جۆرێکە لەهیستریاو لە دوا پلەکانیدایە (شێتبوون،) دۆڕاویی لە پێشبینییەکدا کە بە هۆی پێك گەیشتن‌و جووت بوونەوە، بوونەوە بە یەك

2-طريقة التحليل النفسي، الانحرافات المتصلة بالغاية الجنسية.

3-مەبەست لە باوەڕهێنانی فرۆید بە پێکگەیشتنەوەی پارچەوردەکان، ئەو بیرۆکەیەیە کە شاعیر کاری تێدا کردووە، واتا دووانەکیی رەگەزیی لای ئەفلاتوون کە پێشتر باسمان کرد، بەڵام فرۆیدوەك کۆجیتۆوەریگرتووە.

بهێنێتە دی.. کەچی هەر پاش گەیشتن بە زروەی لەززەت (ئۆرجازم)، لە پاشەکشێکردنی هەردوو لاوە، پێشبینییەکە ئاسەواری نوێ بەرهەم ئەهێنێتەوە.. بوونی مێ لەدوای نێرەوە لەووتەیەوە چاوگەی گرتووە (لە پشتی هەر ناودارێکەوە مێیەك هەیە) کەچی سەرباری پێگەبوون بۆ دروستکردنی ناودارانی نێر، ساویلکەیی مێ بەرکەماڵە، کاتێ باوەڕ بە نەکشانەوەی نێر ئەهێنێ، لە یەکگرتنەوەدا نێر بە حوکمی بونیادە فسیۆلۆژییەکەی زووتر لە پرۆسیسکەدا ئەگاتە ئۆرجازم- دیارە لە لایەکەوە بە لە پێش چاوگرتنی ئەو خەیاڵەی لە نەکشانەوەی نێردا یەکگرتنەوە دێتە دیو لە لایەکی دیشەوە باوەڕهێنان بە نێرێکی دۆڕاوی دوای جەنگی سارد-جەنگی کۆنی نێوان نێرو مێ- شێتبوون پێ ئەگا، بۆیە لەو شێتییەدا هەردوو لا بە دۆڕاو ئەبینێ:

تۆ سەربازێکی بەزیوی پاش جەنگی سارد
منیش ئەوەم کە ئەڵێن
(لە دواتەوە هەم)..
شێتمو دان بە شێتیی خۆما ئەنێم
چوون باوەڕ بە تۆبەکای تۆ ئەکەم..
کەواتە هەردووکمان کۆتایی سەرەتا،
سەرەتای دۆڕانین،

لەم شیعرەدا بە دوو تەوەرەی جیاواز کاری بۆ هاوسەنگیی کردووە، وەك پێك گەیشتنەوەی دوو پارچەی دابڕاو لە یەکترو جووتبوونەوەو خۆگرتنەوەی، ئەبینین یەکتر تەواوکردن لەم دێڕە شیعرییانەدا دەرئەکەوێ:

<u>مێ</u>



مێژووك بوو بە کزۆڵەترین بەجێماو
* * *
منیش هەر زیندەبەچاڵو دەم بەستراو
بە زەوقترین کەنیزەك
(هێماکانی ماسۆشیەت بە پێچەوانەی کەسی سادییەوە)
چوون باوەڕ بە تۆبەکانی تۆ دەکەم
(ساویلکەیی)
منیش زارەترەكو
بەرۆکی دڕاوی شەوێکی هەنگوینی
* * *
ئەم ئەیکڕیمو ئەو ئەیفرۆشتم
(زەلیلی)

<u>نێر</u>

خەنجەری کەڵبەتم لەگەردن گیرنەکەی
پەلکە زێڕینەی پرچم بانەدەیتو
لە ژێر پێلەقەی رەحمەتو
نواڵەی هاوارتا رامنەخەی
(هێماکانی سادییەت لە ئازارو ئەشکەنجەدانی بابەتی سێکسی کە بۆ خۆی هەڵاوسانی مەیلی بکەرە بۆ سێکس)[1].

1-الثورة الفرويدية، الجنسية، ص202-.203

تۆ بە چاوی دەمامکەوە تێم دەڕوانی
(خەڵەتاندن)

*   *   *

تۆ بوویتە یەکەم چەقۆکێش
(سەرکوتکردن)

هەر لە شیعرەکەدا چەندین نموونەی تریش هەن.. لەگەڵ پێدانی ئەم وێنە یەك تەواکەرانەدا، هەندێ وێنەی تریش هەن کە دەلالەت لە هاوسەنگیو بەرامبەری ئەکەن:

مێ

منیش درەختی بالاّم
ئەبێتە گوڵی گومان

هاوبەش

قەترە ئاوێکی باوکە ئادەم بووین
-تائەگاتە-
کە گەورەش بووین

*   *   *

ئێستە هەردوو کەسی یەکین ←——— هیچی یەکین
من ئەمرم ←——— تۆ ئەمری

منیش ئەوەم کەئەڵێن ←——— تۆ سەربازێکی
(لەدواتەوە هەم)



نێر

تۆ بە چاوی دەمامکەوە
تێم ئەڕوانی

## کۆدەنگ/ وەك قەیرانی ئێستەی شیعری کوردیی ناوچەی سلێمانی

یەکەمجارم نییە قسە لەم بابەتەدا ئەکەمو هەموو هەفتەی جارێ من لە شێوەی ۆرك شوپێکدا کە لە ڕێگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە پێشکەشی ئەکەم، ئەم بابەتە ئەوروژێنمو زۆرێکیش لەو دەنگە نوێیانەی کە تەمەنی نووسینیان درێژ نییە، لە هەوڵی بەردەوامی خۆ ڕزگار کردندان، لەم ئاستەنگە.

سەرەتا ئەمەوێ پێناسێکی کورتی ئەم کۆدەنگە بکەم، کە ماوەی زیاتر لە دە ساڵە وەك تەقلیدو کلێشەیەکی حازر بەدەست تیایدا ئەنووسرێو ڕەنگە هەموو ئەو حازر نووسانەش زۆر بەختەوەر بن بە بڵاوبوونەوەی هەر بەرهەمێکی تازەیانو بە بێ ئاگادار بوونیان لەو گۆڕانکارییانەی لە جیهانی شیعردا ڕووئەدەن، بەردەوام بن لە لێشاوی نووسینو بڵاوکردنەوەداو چاوەڕوانی ئەوەیش بن دیدی ڕەخنەیی لەو – بەناو –داهێنانە نوێیانە بپرسێتەوە.

سیمای دیاری ئەم شەپۆلە "کە لە شیعری فارسییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بە تێکشکاویی" هەڵڕشتنی لێشاوی وێنەی خاڵیە لەو سەدمە ئیستاتیکییەی کە شیعر پێویستییەتی، پێکهاتەی دەربڕین – لە

ڕستەو وێنەو دەستەواژەکاندا– کۆپی کردنەوەیەکی کوێرانەی چەند دەنگێکی ترە لە ئەدەبی کوردیدا وەك بەختیار عەلیو دلاوەر قەرەداخیو فەرەیدون پێنجوێنی، کە لەژێر کاریگەرێتیی شیعری فارسیدا ئەیاننووسیو لە دەمەدا – واتە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو– دەنگی جیاوازو ستایەڵی نوێ بوون لە دیمەنی شیعریی کوردییدا.. وەرچەرخانی سەرنجەکان بۆ سەر ئەو دەنگانە، لە لایەکی ترەوە ون بوونی دیدی ڕەخنەییو دواتریش پێگەیشتنی نەوەیەك کە بە ئاشکرا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا باسی ئەوەیان ئەکرد جگە لە کوردی بە هیچ زمانێکی تر ناخوێننەوە– لە کاتێکدا هەموو لە هەژاریی کتێبخانەی کوردی ئەگەینو بە تایبەت لەو کاتەشدا – هەموو ئەمانە وایانکرد، کە لێشاوی کۆپیی ئەو دەنگانە سەر هەڵبداو بێ هیچ لێپرسینەوەیەك نازناوی شاعیرێتیی بدرێتە هەموو ئەو دەنگدانەوە بێ پێزانەی شیعری ئەوان.

ڕووبەری خەیاڵی هەموو ئەو دەنگانەی بێویستو بە نائاگایی کەوتوونەتە ناو ئەو تەمتومانی کۆدەنگییەوە، هەر هەموو چوون یەکنو ڕەنگە تەنها توانای دەربڕین سنووری بخاتە نێوانیانەوە.. دیارترین سێ دیاردەی هاو شێوە لە شیعرەکانی کۆدەنگدا، گوێنەدانە بە پێکهاتەی کیمیایی وێنە شیعرییەکانو، بەکارخستنی وشەو زاراوەی لە یەکخوازراوو، تەوزیفکردنی وشەو زاراوەی عەرەبییە بە بەربلاویی، بە بیانووی ئەوەی کە بەکارهێنانە عەرەبییەکە شیرینترو ڕەوان ترە لە کوردییەکەی.

یەکێك لەو تایبەتمەندێتییە دیارانەی تری کۆدەنگ، تێکشکانە لە پێناوی تێکشکاندا، ئەم کارکردنە هەر لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە



وەك کارێکی ئەزمونگەریی لە شیعردا قبوڵ نەکراو، ئەو بێئامانجییە لە شیعردا تەریك کرا.. بە کورتی ئەتوانین بڵێین ئەم کلێشە حازر بەدەستە هیچ جۆرە مەعریفەیەکی پێویست نییە، هەر کەسێك توانی زمانی ئاسایی تێپەڕێنێو لە تێکشکاندا کار بکا، زۆر بە ئاسانیی لە کۆدەنگدا جێی ئەبێتەوە، تەنانەت گەر بێماناش بێ، واتە گرنگ نییە گوتار چییە، بەقەدەر ئەوەی "توانای تێك شکان " چەندە؟ ئەمەیان گرنگترە.

لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە نوسینانەدا،– ناڵێم دەق، چوون لە زۆرترین باردا دەق بەرهەم نەهاتووە– زۆر کات هەست بە توانای زۆر باش لە دەربڕینو شیعریەتدا ئەکرێ، بەڵام وتنەوە لەسەر خوانی کەسانی ترو بە هەمان هەناسەی کەسی ترەوە، وا ئەکا کە کارەکەی وەك دەق لێوەرنەگیرێ، بۆیە ئەم باسەم کردەوە تا زۆر بە کورتی چەند پێناسێکی دەق بکەین کە ئێستە کاری پێئەکرێ لە ڕەخنەداو بزانین لە کوێیدا جێیەك ئەبینینەوە بۆ بێمانایی:

گرنگترینیان بەلای منەوە پێناسەی فەلسەفەی دیاردەگەراییە، کە شلایرماخەرو هایدیگەرو گادامێرو ئینگاردن نوێنەرایەتییان ئەکردو دواتر کاری کردە سەر بیریارانی وەك یاوسو ئایزەرو فەیلەسوفی فەرەنسی پۆل ڕیکۆر: ئەم ڕێچکەیە بانگەشەی دابڕانی تەواوی کرد لەگەڵ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی کۆنو باوی دەقو داوای بەخشینی بوارێ ئەدا بە کەسی خوێنەر کە پشت بە هەستەکانی ئەبەستێ بۆ گەیشتن بە کەشفکردنی دەلالەیەکی دینامیکیی قووڵ، لە ڕێگەی دەرکەوتەی دەقەوە.

هەروەك تیۆرە سیمۆلۆژییەکان هەرچەندە باسی فرە مانایی ئەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێن کە دەق مانای تەواوو بابەتییو ئاراستەکراوی هەیە..

تیۆرەکانی زانستی دەروونناسیی ئیبستمۆلۆژییش گرنگیی بە خوێندنەوەو مانا بەرهەمهێنانەوەو پێشبینیی ئەدا، جگە لەمە تیۆری وەزیفی گرنگیی بە نوسەرو دەق و باری نوسین و خوێنەریش ئەدا، بەو مانایەی کە باری نوسین چەندە گرنگە لە بەرهەمهێنانی مانادا، کە نوسەری تیا ئەژی.

هەموو ئەم پێناسانەی کردمانن، بە ڕاشکاویی یان بە جۆرێکی تر گرنگیی ئەدەن بە مانا لە دەقدا.. هەروەك کارکردنیش لە ماناو مەدلولەکاندا بەشداریی لە پێکهێنانی ستایەڵی جیاوازدا ئەکا.

ئایا لەم ماوەیەدا – واتە لەناو هەموو ئەم دەنگانەی دوای نەوەدەکاندا– ئەتوانین لە دیاردەی دەقگەرایی بدوێین.. کاتێ ڕەخنە ئەتوانێ لە دیاردەی دەقگەرایی بکۆڵێتەوە، کە لە ماوەیەکی ئەدەبیدا، چەندین دەنگی جیاوازو ڕەوان دەرکەوتبێ و بتوانرێ بەو هۆیەوە ئاماژە بۆ بونیادە تازەکان بکرێ و لە بونیادی دەقەکانی پێشین جیابکرێتەوە.. واتە مەرجی گرنگی دیاردەی دەقگەرایی بوونی دەنگی جیاوازو لەیەك نەچووە.. ڕاستە کۆمەڵێك پەیوەندی هەن کە دەق لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا ئەیبەستێ و کارتێکردن و کەوتنە ژێر کاریگەریی دروست ئەکا، ڕەنگە هەندێجار ئەوە ڕووبدا کە بونیادێکی دیاریکراو، باڵبکێشێ بەسەر کۆمەڵێك بونیادی تردا، بەڵام ئەوەش هەر لە ڕووی کارتێکردنەوەیە، نەك کۆپیی کردنەوە.. لە سەدەی ڕابردوودا و جارێکی تر شیعری کوردیی کەوتە بەر شەپۆلی بونیادێ کە لە دوای خۆی کۆمەڵێك شاعیری چوون یەکی بەرهەم هێنا، کە گرنگیی زۆری تیا درا بە خۆشویستنی زانین و پەروەردەو هاندان بۆ نیشتیمانپەروەری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.. بەڵام لەو سەردەمەدا



جەستەی نەتەوە لە ژێر هەڕەشەو مەترسیی لەناوچووندا بوو، لەبەر ئەوە تەواوی شاعیرانیش ئەرکی پێشمەرگانەیان ڕائەپەڕاند، نەك گرنگیدان بە هونەری شیعر نووسین، کەم کەسی ئەو چەردەیە ئاگای لە هونەری شیعرو ئیستاتیکا مابوو، شیعر پەیام و گوتاری ئاراستەسازیی هەبوو، بۆیە قسە کردن لە شیعری ئەو چەردەیەدا قسە کردنە لە هەڵویستی شاعیرەکان و ئاستی دڵسۆزییان بۆ نیشتیمان و نەتەوەکەیان.. بەو پێیەش هەرجۆرە قسە کردنێ لە ئاستی شیعرییان، غەدر کردنە لە بۆچوون و جیهانبینیی ئەوان.. بەڵام لە ئێستەدا مۆرکی حوزنێکی درێژخایەن بەرۆکی شیعری کۆدەنگی گرتووە.

کەواتە کاتێ ڕووبەڕووی گێڕانەوەی بونیادێکی دەقیی ئەبینەوە کە پێشتر کاری کردبێ، ئەوکات لە بەردەمی بەرهەمهێنانی دەقدا نیین، بەڵکو وەك سەعید یەقتین ئەڵێ:" لە بەردەمی بەرهەمهێنانەوەی دەقداین.. کاتێ کە بونیادی دەقێکی دیاریکراو باڵ ئەکێشێ و بەهۆیەوە بەردەوامیی و بەکێش کردن دروست ئەبێ، ئەوەش کاتێ دەرئەکەوێ کە دەقەکانی چەردەیەك ئەبینینەوە بە ڕوونیی یاساکانی بونیادی دەقی تر وەك بەهاو پاشخانی دووبارە ئەکەنەوە، ئەوکات هەم بونیادی دەقەکە بەرهەم ئەهێنرێتەوەو هەم لە ڕێگەیەوە بەهاکانی بەرهەم دێتەوەو پاشخانیشی ڕەواجی پێ ئەدرێ"

گەر بۆ ناونیشانی ئەم باسە ناوچەی سلێمانی– واتە شارو دەوروبەری– یم هەڵبژاردووە، مەبەستەکەم ئاشکرایە کە دیاریمکردووە، لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە گەرچی هەندێ نووسەرو شاعیری کەرکوکیشی ڕاکێشاوە بۆ ژێر ئەفسوونی خۆی، بەڵام بە گشتیی لە سلێمانییدا تا ئێستە

لە گەشەکردندایەو بەرۆکی نەوەی نوێیشی گرتووە.. کار گەیشتۆتە ئەندازەیەك کە دیاردەی دەروێشیی بەرفراوان هەیە بۆ شیعری فروغ‌و سوهراب.. بەڕای من سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە زۆر تەندروستەو لاوانی ئێمە بە گشتیی لێی بەرپرسیار نیین لە کاتێکدا هیچ زمانێکی تر نەزانن‌و وەرگێڕەکانیش– بە هەر مەرامێ بێ– تەنها بایەخ بە وەرگێڕانی شیعری ئەو دوو شاعیرە بدەن بۆ کوردی.. کە گەنجێ زمانی تر نەزانێ‌و زمانزانەکانیش بەردەوام‌و تەنها لە مەزنیی ئەو دووانە بدوێن، هەڵبەت گەنجەکە ئەبێ بە باشترین خوێنەری ئەوان‌و ئەچێتە سەر تەریقەتیان‌و هەوڵئەدا – بەڕای خۆی– باشترین کۆپیچیەکی ئەوان بێ، بێ ئەوەی لەوە بگا باشترین ڕێگەیەك بۆ بوونی کەسێك بەوان، جیاوازییەتی لەگەڵ ئەواندا نەك شوێن پێهەڵگرتنی بونیادو زمان‌و پێکهاتەیان.

زۆرینەی کۆدەنگ ئاشنا نین بە شیعرەکانی ڕامبۆو لۆرکاو یەسەنین‌و مایاکۆفسکی‌و ئەدۆنیس‌و محمود درویش‌و فوزی کریم‌و سان جۆن بێرس‌و هێنری شنایدەرو ئەحمەدی شاملۆو مارك ستراندو هەزارانی تریش، دڵنیام وەك وتم کەمتەرخەمییەکە لەوانەوە نییە بەقەدەر ئەوەی لەوەرگێڕەکانەوەیە کە هیچ گرنگییەك بە وەرگێڕانی شیعری باش نادەن‌و ئەوەی کە هەیە، چەند هەوڵێکی کەمن.

زۆر جار شوێن پێهەڵگرتنێکی کوێرانە، کارەسات بەدوای خۆیدا ئەهێنێ.. ئەم مۆدێلبازییەی لە شیعری سلێمانی‌و دەورووبەریدا بەدی ئەکرێ، کارەساتەکەی لەوەدایە کە نەوەیەکی تاك شێوازو تاك بونیادی پێگەیاندووە، بە شێوەیەك نووسینی هەرهەموویان بدەیتە دەست هەر خوێنەرێکی وریای شیعرەوەو ناو بەسەر نووسینەکەوە نەبێ، ناتوانێ هیچ



نووسراوێکیان بداتەوە دەست خاوەنی خۆی.. لەبەر ئەوەی نوقسانیی لە ئەداو پێکهاتەو خۆپێشنیار کردن‌و ئیحساسی ڕاستەقینەی خود هەیە لە زمانی خۆڕسکی خۆیەوە، بێ هیچ زۆر لەخۆ کردنێ.. یەکێك لەو شیعرانەی کە لە ڕاستیدا لە دەرەوەی کۆدەنگ بوو سەرنجی ئەوەی ڕاکێشام، کە لە هەموو گەڕانەوەیەکیدا بۆ سەری دێڕ، بە چەندوشەیەکی عەرەبی دەستی پێئەکردەوە، من ئەو تێبینییەم بە جدی وەرگرت‌و تێگەیشتم لەوەی ئەمە بۆ خۆ سەلماندنەوەیە لە کۆدەنگدا، چوون ئێستە ئەم دیاردەیە نەك هەر بە هەڵەو کەموکووڕیی دانانرێ، بەڵکو گەر کەسێ بیەوێ لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە داخراوو بازنە بۆکێشراوەدا بنوسێ، ڕووبەڕووی پەراوێزکردن‌و بەهەند وەرنەگرتن ئەبێتەوە.

لە کوێدا شاعیر هەست بکا کە ئیتر داماڵراوە لە ئەزموونگەرایی، لە کوێدا هەستی کرد کە ئیتر هەر بونیادی خۆی ئەجوێتەوە– چ جای کەسانی تر– ، لە کوێدا زانی بۆشاییەك کەوتۆتە نێوان ئەوو داهێنانەوە، ئەوکات پێویستیی بە چاو پیاخشاندنەوە هەیە بە هەموو ئەوانەی تردا کە ئەینوسێ.. لە هەموو ئەم ماوەیەدا یەك دەنگی سەرکێشی دەرەوەی بەختیاریات‌و یەك بونیادی جیاوازی ئەومان نەبیست، کە دڵخۆشمان بکا بەوەی کە نەوەی نوێ توانای دابڕان، یاخود تێپەڕاندنی نەوەی پێش خۆیان هەیە..وێنەیەکی زۆر ئیفلیجی دیمەنی شیعریی هەیەو کەس نایەوێ تێی پەڕێنێ، بەڵکو هەموو چاوەڕوانی قایل کردن‌و دڵڕازیی کردنی دەنگەکانی پێش خۆیانن، هەموو لە هەوڵی ئەوەدان لە کۆدەنگ نەکرێنە دەرەوەو تۆمەتبار نەکرێن.. لە تەواوی قسە کردنمدا بۆ ئەو گەنجانە، هەمیشە ئەوە دووبارە ئەکەمەوە کە پێویستە بکەونە کێشەوە لەگەڵ نەوەی

پێش خۆیانداو کۆکو تەبا نەبن لە ئاستی داهێنان لەگەڵیاندا، چوون لەوێوە ئیتر ئەوان ئەبن بە پاشکۆو بێبەرهەمو دەست سپی ئەبن لە داهێناندا.. لەم بۆنەیەدا زۆرم پێخۆش ئەبوو کە لە کێشەی نەوەکاندا بوومایە لەگەڵ کۆدەنگداو گرفتم ئەوە بووایە کە چۆن منو هاوچەشنی من تێئەپەڕێننو ئەوکات لە بەردەمی گرفتێکی تەندروستدا ئەبووین، نەك بە داخەوە ئێستە لە کێشەی ئیفلیج بوونو چوونە سوڕی قۆزاخە بدوێم.

یەکێك لەو هیوایانەی بە نەوەی داهاتووم هەیە، کارکردنە لە دەقی کراوە، یان والادا.. ڕەنگە زۆرێك لەوانەی کە شیعر ئەنووسن، ئیدیعای ئەوە بکەن کە دەقی والایان هەیە، لە کاتێکدا ئێمە هەژارترین میللەتێکین لەم بوارەداو گەر بە ڕێژەش وەریبگرین دەوڵەمەندترینین لە شیعری پەخشانیی یان پەخشانە شیعردا.. هەرچەندە ئەمەش هەر کلێشەیەکی حازر بەدەستە بۆ کارکردن، بەلام لە دەقی والادا کۆپیکردنەوە زەحمەتە –گەر ئێمە داینەهێنین –، بواری نووسین بەر فراوان ترەو هەوڵئەدەم لە داهاتوودا چەند وتارێ لەم بارەیەوە بلاو بکەمەوە.

ئەو نوێگەرییەی کە بووە بە پاساوی شیعری کۆدەنگ، لەوەهمێك بەدەر نییەو خۆ هەڵخەڵەتاندنە بە چەمکێك بۆ دوورە پەرێزی لە خوێندنەوەو ئاگادار بوون لە ڕەوتی پێشکەوتنی شیعر.. لەو بەیانە شیعرییانەدا کە شاعیرە عەرەبەکان بلاوی ئەکەنەوە، بەردەوام ڕووبەڕووی بانگەشەی جیاوازو ڕەنگ ڕشتنی نوێ ئەبینەوە.. مایەی دڵخۆشییە کە سەباح ڕەنجدەری شاعیر ئەو شوێن پێیەی هەڵگرتووەو پێشەکیی یەکێك لە کۆمەڵە شیعرییەکانی بەیاننامەیەکی شیعرییە، بەش بە حاڵی خۆم دیدو شیعرناسیی سەباحم لا ڕوونتر بووەوە.. بەلام لە کۆدەنگدا لە غرورێکی بێ



بنەما زیاتر شتێکی ترم نەبینیوەتەوە.. لە دوایین کۆمەڵە شیعریی جەمال غەمباری شاعیرداو هەر لە پێشەکیەکەیدا ئاماژە بۆ ئەزموونێکی نوێی خۆی ئەکا.. کاتێ ئەو هەوڵە ئەزموونگەرییە نوێیەم لای غەمبار بەدی کرد، لەگەڵ هەندێ لە ڕەخنەگرە بەتواناکانی عەرەبیشدا قسەم کردو پێیان خۆش بوو کە ڕۆشنبیریی عەرەبیش بەو هەوڵە نوێیە ئاشنابن، هەر بۆیە بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی، لە سەر ئەو هەوڵەم نووسیو بلاوم کردەوە.. زۆر شاعیری تری نەوەکانی پێشووتر لە هەوڵی بەردەوامی خۆ نوێ کردنەوەدان، لە کاتێکدا کۆدەنگ نەك هەر هیچ هەوڵێکی نوێبوونەوەی نییە، بەڵکو هەر لە دەستپێکەوە هاتۆتە سەر عەرشی کەسانی ترو کامەرانو بێگرفت پاڵی لێداوەتەوەو لە توانا متەوازعەکەی خۆیشی زۆر ڕازییە، گرنگ ئەوەیە ڕۆژنامەو گۆڤاری زۆر لەبەردەستدانو بە بایەخەوە بابەتی بلاوئەکەنەوە.. نەبوونی سانسۆری جدیش لەو بلاوکراوانەدا، کە لە هەندێکیاندا بەرپرسی بەشە ئەدەبییەکە نەك هەر داهێنەر نییە، بەڵکو خوێنەرێکی وریای شیعریش نییە، ئەمەش تەممەڵیی بۆ کۆدەنگ زیاتر ڕەخساندوەو هاندەری مانەوەیەتی لەم شێوەیەدا.

ئەم گرفتەی نەوەی نوێ پێویستیی بە چارەسەرێکی ڕادیکالانەیە.. ئەبێ نەوەی نوێ لە ئاستی ئەو لێپرسراوێتییەدا بن کە پێویستە.. لەوە دڵنیابن کە زۆرو بۆریی بلاوکردنەوەو ڕێپێدان هیچ لە گرفتەکە ناگۆڕێو ئەگەر شۆڕشیان پێناکرێ، شۆڕشیان بەسەردا ئەکرێو ئەچنە پەراوێزەوە.

سەرچاوە:

*– سعید یقطین– انفتاح النص الروائي– المركز الثقافي العربي 2001

*– د. ميجان الرويلي، د.سعد البازعي– دليل الناقد الادبي– المركز الثقافي العربي2000

*– محمد مفتاح– المفاهيم معالم– المركز الثقافي العربي1999

# سیمیای ئایكۆنیی

# له نمایشی " سەمای شەپۆلی پەپولەكان" دا

سیمیۆلۆژیا یان زانستی ئاماژەكان، ئەو زانستەیە كە گرنگی بە ژیانی ئاماژەكان ئەدا لە سایەی ژیانی كۆمەڵایەتیدا، ئەم پێناسە كورتەی دیسۆسێر پوختەی زانستەكە باس ئەكاو ئەتوانیین لە ڕێگەیەوە وێناكردنمان بگوێزینەوە بۆ سەر ئاماژەكان، ئاشكرایە كە بایەخی یەكەمینی سیمیۆلۆژیا زمانو نوسینەو پاش ئەویش ئاماژەكانی بینین، بیستن، بیستراو/بینراو، جووڵە، بۆن، دەست تێوەدان دەر ئەكەون، بۆیە قسە كردن لە هەر جۆرێكی ئاماژەكاندا لە میانەی زانستی سیمیۆلۆژیادایە، گرنگترین بابەتێكیش پەیوەندییە لەم زانستەدا، چەمكی پەیوەندیش بریتییە لە ناردنی نێرراو بۆ وەرگرو گەر ئەو پەیامە نێرراوە تێگەیشتنی بە دوادا هاتو لەویشەوە واتە لە كەسی وەرگرەوە جارێكی تر تێگەیشتن لەپەیامە نێرراوەكە ڕەوانە كرایەوە ،واتە كەسی وەرگریش بووەوە بە نێرەر، بەمە پەیوەندیی بەردەوام دروست ئەبێ، بەڵام ئەم پەیوەندیە، پەیوەندییە فیزیكیە ڕۆشنبیرییەكان ناگرێتەوە كە ئاراستەی پەیوەندیەكە ئەگۆڕێو



پشێویی و بەد حاڵیی بوون ئەخوڵقێنێ، كەواتە ئەم تیۆری پەیوەندیە، ڕاستەوخۆ ئەمانباتەوە سەر تیۆرێكی گرنگی تر كە ئەویش تیۆری وەرگرە.

كردە ئایكۆنییەكانیش لە سیمۆلۆژیادا بریتین لەو ئاماژانەی لە ڕێگەی بیستن/ بینینەوە داڵەكانی دەرئەكەون، بێرنارد تۆسان ئەڵێ:" ئەم زاراوەیە –واتە ئاماژە ئایكۆنییەكان– سیمبۆل – ڕەمز– ی ئەو پەیوەندیانەیە كە لەوێنەوە دەرئەچن، زۆر گرنگیشە لە مەسەلەی ئەو پەیوەندییە مرۆڤییانەی كە پشت بە پەیوەندی دەنگ/وێنە ئەبەستێ." ، ڕەنگە سینەما فراوانترین بوارێكی جێبەجێ كردنی سیمۆلۆژیا بێ، بەلانی ئاماژە ئایكۆنییەكانەوە، چوون واتای ئایكۆن بە مانا كۆنەكەی تێپەڕیوە كە تەنها گوزارشت بێ لەوێنە لاهوتییەكان لە سیمۆلۆژیادا، فۆتۆگراف و شێوەكاریو سینەماو شانۆو بوارە دەنگیە/وێنەییەكانی تریش ئەگرێتەوە.

نمایشی سەمای شەپۆلی پەپولەكان، كە سیناریۆی نیاز لەتیف و دەرهێنانی ڕوبار ئەحمەدە، بە بڕوای من كارێكی سیمۆلۆژیی نوێیە لەسەر شانۆی كوردیو بە هەمان كەرەستەكانی شانۆوە پێشكەش كرا.. سەرەتاو پێش ئەوەی ئاماژە گرنگەكانی باس بكەین، یەكەمین هەنگاوی ئەم كارە لە زانینەوە دێ لە بارەی تەكنیكی نووسینەوە، لە چەند شوێنی جیاوازو لە هەندێ ناوەندی هونەریشدا زۆر جار ڕووبەڕووی زاراوە هونەرییەكان ئەبینەوە كە بە هەڵە تەوزیف ئەكرێ، بۆ نموونە سیناریۆ لای هەندێ لە نووسەرانیش بەرەو ئەوە ئەچێ بە شێوەیەكی میللی بەكار بهێنرێو جێی دەقو دیالۆگیش بگرێتەوە، لەم كاتەدا جگە لەوەی بەكار هێنانەكە بە هەڵە ئەكەوێتەوە، سەرلێشێوانێكیش لای وەرگری وریا دروست ئەكا، كە دیارە زۆر جار بە مەبەستی خۆ دزینەوە لە بەرپرسیارێتی ئەم زاراوەیە بە هەڵە

بەکار ئەهێنرێ.. گرنگترین ئاماژەیەک کە لەم نمایشەدا پێم گەیشت، بەکارهێنانی دروستی سیناریۆ بوو، وەک ئەوەی بە شێوە زانستیەکەی خۆی بەکارهاتبوو.

ئەوەی لەم کارەدا بینیمان پشت بەستنی سیناریستو دەرهێنەر بوو بە سیمۆلۆژیا، بەلام بێ ئەوەی هانا ببەنە بەر پارۆڵ – قسە کردن – و دایالۆگ، بەڵکو هەر بە ئاماژەکانی جووڵەو روناکیو موزیک کارەکە پڕ بوو بە هێما گرنگەکانی ژیانو لەو رێگەیەوە ئاسان بوو بۆ وەرگر، کارێکی نامەئلوفی پێبگا و لە هەمان کاتیشدا لە پەیوەندیەکی بەردەوامدا بێ لە گەڵیا، هەموو ئەو ئاماژانەی بینیمانەوە سەر بە ئاماژە ئایکۆنییەکان بوونو بە ئاماژەکانی دەنگ/وێنە کاری تیاکرابوو.

سێ رەگەزی جیاواز هەبوون لە هەڵبژاردنی ئاماژەکانی ئەم دوو هونەرمەندەدا بۆ گەیاندنی نامەکەیان ، کە ئەوانیش جووڵەو روناکیو موزیک بوون.

**جووڵە**: ئیمبرتۆ ئیکۆ لەبارەی هێرمنیوتیکی ئاماژەکانەوە ئەڵێ: "مەرجی ئاماژە ئەوە نییە کە شتێك بخرێتە شوێنی شتێکی تر، بەڵکو ئەوەیە کە تەئویلی گونجاوی بۆ بکرێ، هەر لەم بارەیەوە کە باسی بەرهەم هێنانی ئاماژە ئەکا، ئاماژە تەولیفیەکان لە ئاماژە ساختە یان قەڵبەکان جیا ئەکاتەوە،" بەو پێیە کاتێ کە باسی ئاماژەکانی جووڵە ئەکەین، پێویستە سەرەتا جووڵەکان لە بەریەک هەڵوەشێنینەوەو وەک یەکەیەک دیاریان بکەین، واتە جگە لەوەی کە خوێندنەوە هەبێ بۆ هەر کۆ جووڵەیەک لە بەشێکدا" ئەمەیان زمانی تایبەتی نێوان سیناریستو دەرهێنەرە" خوێندنەوەی ئێمەی وەرگر لەسەر هەر یەکەیەکی تایبەت ئەوەستێتەوە، لە



هەر یەکەیەکدا ئەکرێ دوالیزم لە ئاماژەکاندا ببینینەوە، یەکەمیان بە ئاراستەی مەدلولی ئاماژەکەو دووەمیشیان لە بەشە گەورەکەدا کە مەسیجی کارەکەیە.. ئەم هەڵوەشاندنەوەگەراییە بۆ بەرهەم هێنانی ئاماژەکان، بەرامبەر بە هەر یەکەیەکی ئاماژە رامان ئەگرێو ئەوکات ئاماژە تەولیفیو قەڵب "مزیف" ەکان لەیەکتر جیا ئەکەینەوە.. مەبەستم لە یەکە ئەوەیە، وەک چۆن فۆنیم بچووکترین یەکەی دەنگییەو میسیم بچووکترین یەکەی میسۆلۆژیایە، ئاواش ئەکرێ لە کارێکی تیرۆزەکردندا پێشنیاری بچووکترین یەکەیەکی جووڵە بکرێ.

لەم کارەدا ئەوەندەی بە بینینی راگەیشتبم، رێژەیەکی زۆر گەورەی ئەو یەکەی جوڵانە، ئەو جووڵانە بوون کە بە هەردوو ئاراستەکەدا تەئویلی گونجاویان بۆ ئەکراو ئەو رێژەیە بەدەر نەبوو لە ئاماژەی راستەقینەی تەولیفیو گرنگ بەلانی تەواوی کارەکەوە، بۆ نمونە لەم کارەدا کە تەواو پشتی بە جووڵەی سەما بەستبوو، ئەو رێژە زۆرە درابوو بە تەئویل کردن بۆ هەر جووڵەیەکو دەرخستنی وەک ئەوەی کە هەیە لە فەرهەنگی زماندا، واتە راهێنانی وەرگرو نزیک کردنەوەی لە هونەرێکی بەم شێوەیە نوێ، وەک دەستپێکی کارەکە کە جووڵەیەکی هارمۆنیی رەوان شەپۆلی پەپوولەکانی دەرخست.. پاشان وردە رۆشتنی پڕ سەمای ئەکتەرەکانو بینینەوەیان لە شێوەی پەپولەدا، ئەمە جگە لەوەی کە دیزاینی جلوبەرگیش هەر بۆ ناساندنی پەیوەندی پەپولەوە – شتەکە – بوو بە ئێمە" ئەم باسە بە ناونیشانی شتەکانو پەیوەندیان بە ئێمەوە، باسێکی گرنگە لای سیمۆلۆژیەکانو زیاتر تیۆرییە".. لە تەواوی کۆ جووڵەکاندا – شەش

جووڵەی سەرەکیم بۆ ناسینەوە جیاکردەوە- چەند تایبەتمەندێتییەکم بینییەوە، کە یاریدەدەری وەرگر بوون بۆ ئاشنا بوون بە کارەکە:

1- گرنگیدان بە ڕێکخستنی سەما، بەڵام بە شێوەیەکی مۆدێرن و ناتەریب، بۆ نموونە لە تەواوی جووڵەکاندا بێئومێدیی ئاسۆکانی چاوەڕوانی بینەر ڕەچاو کرابوو.." ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر: بە دیدی هانز رۆبێرت یاوسی ڕەخنەگری ئەڵمانی کە داڕێژەری تیۆری وەرگرتنە، ئاسۆکانی چاوەڕوانی وەرگر بریتییە لەو شارەزاییەی کە وەرگر پێشتر بە دەستی هێناوە، ئەم ئاسۆیە هەمان ئاسۆی مێژوویی لای گادامێرە، بەڵام یاوس لە ڕوونکردنەوەیدا ئەڵێ: ئەم ئاسۆیە ئەکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی ئەزمونی پێشتری وەرگرو چاوەڕان کردنی ئەو لە بەرهەمی نوێ و جیاوازی زمانی شیعریی و ئاسایی، بە پێچەوانەی فۆرمالیستە روسیەکانەوە کە باوەڕیان بە "تێکشکانی چاوەڕوانکراو" هەبوو، یاوس پێی وایە ئەبێ چەمکی "بێ ئومێدیی چاوەڕوانیی" بخرێتە شوێنی، چوون ناکرێ بینەر یان وەرگر کاتێك ڕووبەڕووی کارێکی نوێ ئەبێتەوە، پێشتر بزانێ چییە."

2- هەر لەبارەی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە، کە یاوس پێی وایە ناکرێ بەرهەمهێن لە تەواوی زانیارییەکانی وەرگر دوور بکەوێتەوەو شتێکی تەواو پێچەوانەی ڕۆشنبیریی ئەو پێشکەش بکا، لە تەواوی کۆ جووڵەی سەماکەدا ئەو هێماو ئاماژانەی پێشنیاری فیکرێکی تایبەتیان ئەکرد، لە ریزبەندییەکی گونجاودا بوون، بۆ نمونە: کاتێك کە دوو پاڵەوانی نێر لەناو کۆمەڵێکی مێینە جیا بوونەوەو لە ئاماژەکانی بەرکەوتندا وەرگری توشی رامانێکی سەیر ئەکرد بەو شێوەیەی کە نێرو مێ جیاکرانەوە، دوو نێر لە کێشەیەکی بەردەوامدا - لێرەدا هەندێ یەکەی جووڵەی موزەیەفم ئەبینییەوە- ئەهاتن و ئەچوون، بەڵام هەر زۆری نەبرد لە ڕێگەی جووڵەی نوێی کیژانەوە، وەرگر هەستی بە نمایش کردنی کێشەکانی فیمینیزم کردو هەر بەو شێوە هارمۆنییەو لە خزمەتی فیکری کارەکەشدا، تێکەڵ بوونی هەردوو ڕەگەز زیاتر ئێمەی بارگاوی کرد بە کێشەی بەردەوامی ئەوان.. لەمەدا زیاتر مەبەستم لەوەیە کە پاش ڕێکخستنی هونەریی جووڵەکان، ڕێکخستنی جووڵەی سیناریۆکەش بووە ئەرکێکی نوێی روبار، بەڵام ئەو ئاوێتە بوونە بە شێوەیەك بوو سەرنجی بینەر نەخاتە سەر لایەکیان.. واتە لە لایەکەوە جوڵەی سەمایی و لە لایەکی تریشەوە پێویست بوونی گونجاندنی ئەو سەمایە لەگەڵ فیکری سیناریستو بە پێی داڕشتنی ئەو، ئەرکی گرنگی دەرهێنەر بوو.

3- کارکردنی وردو پڕ سەلیقەی هونەری لە دیکۆردا، بە شێوەیەك کە لەگەڵ جووڵەکاندا ئەوەندە ئاوێتە بوو بە هەر هەموویان یەکەیەکی تەواوکارییان دروستکردبوو.

گرنگیی ئەم کارە لە ڕووی ئاماژە جەستەییەکانەوە بوو، کە دەلالەت لە کارکردن ئەکا لە باگراوندی ڕۆشنبیریی وەرگر، ئەو پەیوەندییەشی کە رایەڵ کرا لە نێوان کارو وەرگردا بە ئاسانیی گەیشتە وەرگرو ئەو گەیشتنەش لە مەسیجی وەرگردا ئەبینرایەوە بە دەربڕینی گوزارشت کردن لە سەرسامیی خۆی.

**روناکیی**: ئاماژەکانی روناکیی لەم کارەدا، وەك هەر کارێکی شانۆیی تر گوزارشتکاریی بوون، واتە پێ بەپێی ڕەنگەکان دەلالەت لە سایکۆلۆژیای سیناریۆکە ئەکرا.. ئەوەی گرنگ بوو لە روناکی و ڕەنگی ئەم کارەدا، ئەو سەماو تێکەڵ بوونە بوو لە نێوانیاندا، هەروەك ئەوەی ناونیشانی کارەکە

کە سەما بوو، دەرهێنەری خستبێتە ژێر کاریگەرێتی ئەفسونی ئەو ئاماژە زمانەوانییە کە سەمایە.. لە تێکەڵ بوونی ڕەنگەکاندا فەزایەکی نوێ خوڵقابوو کە تەواو هاوسەنگ بوو لەگەڵ فیکرو سیناریۆی کارەکەدا، ئاماژەکانی ڕەنگو روناکیش وەك ئاماژەکانی جووڵە، تەئویلی گونجاوو شیاویان هەبوو.. ئەو ئاماژانەی لە ڕێگەی ڕەنگو روناکییەوە دیکۆر دەری خست، جگە لەوەی پێناسێکی سەرەتایی بوو بۆ ناسینی بەرهەمەکە، لەگەڵ خۆیشیدا هەر لە سەرەتای کارەکەوە لە زەینی وەرگردا وێنای ئەوتۆی دروست ئەکرد کە ڕەوانتر بابەتەکە وەربگرێ.

**موزیك**: وەك بێرنارد تۆسان ئەڵێ:" ئەبێ بزانیین هەموو سیمبۆلەکانی موزیك هەڵبوەشێنیین، بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو دالانە بگەین کە ئەیگرێتە خۆی، هەروەك بۆ سینەمایش پێویستە هەمان کار بکەین، کە پێویستە بە بەردەوامی پشت بە کاری هونەری لێکۆڵراو ببەستین بۆ ئەوەی دەرهاویشتە میتۆدییەکانی لێ هەڵێنجین." ئەم کارە پشت بە مادده موزیکیەکە نابەستێ وەك نوسینەوەی موزیك، بەڵکو قسەکردنە لە ئاماژەکانی مادده دەنگییەکە.

لەم نمایشەدا هەڵبژاردنێکی گونجاو بۆ مادده دەنگییە موزیکیەکە هەبوو ، ئەو ئاماژانەی لە موزیکدا ڕووبەڕووی ئەبووینەوە، لەگەڵ هەر یەکەیەکی جووڵەو روناکیو ڕەنگدا خۆی یەکەی سیمبۆلەکانی ئەخستە ڕوو، چوون هەڵبژاردنی مادە دەنگییەکە تەواو ئاوێتەی یەکەی کەرەستەکانی تر بوو، واتە بۆ هەر جووڵەیەك، هەر هەڵچوونو بارێکی سایکۆلۆژیدا، یەکەیەکی دەنگیی بچووك لە موزیك هەڵبژێررا بوو، بۆیە مادە موزیکیەکە سەربەخۆیی تەواوی نەبوو بە قەدەر ئەوەی بە ئاوێتەیی لەگەڵ کەرەستەکانی تردا ئەبینرایەوە.. بەڵام لە هەندێ باردا ڕیتمی جووڵەو



ڕیتمی موزیك یەکانگیر نەئەبوونەوە، کە ئەکرا لەو فرە ڕەهەندیەدا، وردتر مامەڵە بۆ ئەم چەند حاڵەتە زۆر کەمە بکرایە، هەروەك ئەوەی لە مەودایەکی دیاریکراودا کار لەسەر پشێویی کرا، ئەوەندە جوان ئاوێتە بوونی توخمەکان ئەبینرایەوە، کە ڕاستەوخۆ هەڵچوونی ئەبەخشی بە وەرگر، دوا وتەی من دەربارەی ئەم پرۆژە ئیستاتیکییەی نیازو ڕوبار ئەوەیە، کە ڕۆشنبیریی ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە لە بەرهەم هێناندا، ئاگادار بوون لە کایە ئیبستمۆلۆژیەکان، کاری لەمجۆرە بەرهەم ئەهێنێ، بەو مانایەی بۆ بەرهەمهێنانی کاری سەرکەوتوو، پێویستیمان بە ئاگادار بوون هەیە لە سەرجەم کایە ئیبستمۆلۆژیەکان.

سوودوەرگیراوە لە:

برنار توسان- ما هي السيميولوجيا – ت/ محمد نظيف، دار افريقيا الشرق- المغرب

د. بشرى موسى صالح- نظرية التلقي- المركز الثقافي العربي- بيروت.

امبرتو ايكو- السيميائيةءفلسفة اللغة- مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت

## ژیان لە دەقدا

### وەرگری ناوەکی:

پەیوەندیی نێوان نووسەرو نووسین، چەند گەیاندنی بابەتە بە جیهانی دەرەوەی نووسەر، ئەوەندەش میکانیزمێکی بەیەکداچووی سایکۆلۆژییە. سروشتی ئەم پەیوەندییەش بە پێی سروشتی کایە ئەبستمۆلۆژییەکان گۆڕانی بەسەردا دێ. "نووسین جۆرە سیستمێکە کە بڕیاری پەیوەندیی نێوان شتەکان لە کارێکی ئەدەبیدا ئەدا، نووسەریش ڕێکخەری بەشەکانی کارەکەیە بە جۆرێ ڕوانینی خۆی تێ فڕێ بدا" سارتەر-ما الأدب-.

لەم میانەشدا ئامازەکانی زمان- بە تەواوی فەرهەنگی گشتیی ڕۆشنبیریی ئەم زمانەوە- کەرەستەو ڕێگەی نووسین خۆش ئەکەن.

میتۆدی پێشوازیور وەرگرتن، میتۆدەکانی پاش دەقگەرایی هێنایە ئاراوە. بەو پێیە خوێنەریش کاراو بەشدارە لە بەرهەمهێنانەوەی دەقدا، ئەگەر لەسەر دەستی ئایزەر- پێشەنگی میتۆدی- ئیستاتیکای وەرگرتن، زاراوەی "وەرگری ناوەکی" نۆژەن کرابێتەوە، ئەوا ئەگەڕێتەوە بۆ پێشتر کە



ساڵی (1961) لە کتێبی (ڕۆمان بێژی) دا (واین بوت) زاراوەی نووسەر یان دانەری ناوەکیو وەرگری ناوەکیی داهێنا.

دانەری ناوەکی کێیە..؟

بوت بەم چەمکە ویستوویەتی لە (من)ی دووەمی نووسەر بدوێ، ئەو (من)ەی لە (من)ی پەیوەندیدار بە مەرجەکانی واقیعی نووسەرەوە دابڕاوەو لەگەڵ جیهانی ئەندێشەگیریدا یەك ئەگرێتەوە، بە شێوەیەك کە ئەم (من)ە بتوانێ بابەتی کاری ئەدەبی بنووسێ، یاخود بەدیی بهێنێ. لەبەر ئەوەی لە هەر کارێکی ئەدەبیدا ئەو (من)ە ئەگۆڕێ بۆ دەنگی وتووێژو نابەسترێتەوە بە بیروباوەڕی نووسەرە ڕاستەقینەکەوە، بەڵام ئەم لە بونیادی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەو لە میانەی وشەکانی هەمان ڕۆمانەوە، بە ئاراستەیەکی ڕاستەوخۆ دەرئەکەوێ. بەواتای ئەوەی هەر کارێکی ئەدەبی کە ئەگاتە بەر دیدی خوێنەرانی، لەگەڵ خۆیدا، خوێنەرێکیشی لە ناو دەقەکەدا هەڵگرتووە، کە دواتر ئەبێتە کەسی خوێنەری دەق- بەدەر لە کەسێتییە کۆمەڵایەتییەکەی-.

ئایزەر نووسەری ناوەکیی بوتی ڕەتکردەوەو وەرگری ناوەکیی بە شێوازێکی تیۆریی داڕشتەوە.

### هێرمنیوتیکی نوێ

یەکێك لەو دیاردە سەرەکییانەی جیهانی دەق، وابەستەبوونی جیهانی دەقو جیهانی خوێندنەوەیە پێکەوە، کە "هێرمنیوتیکش وەك ڕێبازێکی دەرکەوتووی دوای بونیادگەرایی "بە بایەخەوە تێی ئەڕوانێو کردوویەتی بە بابەتو کەرەستەی خۆی، پۆل ریکۆر (1913-2005) کە بە ڕەنگڕێژی ئەم ڕێبازە دائەنرێ، هەمیشە ئارەزووی نوێبوونەوەو هاوچەرخێتیی

کردووەو ویستوویەتی هاوسەنگیش بپارێزێ. بۆیە لە کتێبی "زەمەن و گێڕانەوە"دا بانگەشەی هێرمنیوتیکی نوێی کردووە، ئەویش بە ئاراستەکردنی رووەو گرفتی زەمەن و گێڕانەوە.

بۆ روونکردنەوەی ئاراستکردنەکە پێویستە لەسەر ماناکانی (خواستن-الإستعارة)و (ئەزموون-التجربة)و (هەواڵەکردن-الإحالة)و (زەمەن) هەڵوەستەیەك بکەین. جاك دریدا لە بارەی خواستن لەلای ریکۆر ئەڵێ: "مانا شتێکی تایبەتە بە پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان، لە کاتێکدا هەواڵەکردن پەیوەندییە وابەستەکانی ناوەوەو دەرەوەی زمانە" بەواتا خواستن ئەو شتەیە کە لە پشتی ماناوە ئەبێ هەواڵە بکرێتەوە بۆ سەرچاوەکەی لە دەرەوەی زمان.

دەربارەی زەمەن و ئەزموونیش ریکۆر لە هەمان کتێبدا ئەڵێ: "پابەندیی نێوان چالاکیی گێڕانەوەی چیرۆك و سروشتی زەمەنیی ئەزموونی مرۆڤایەتیی لابەلا نییە، بەڵکو شێوەیەکی پێویستە لە شێوەکانی رۆشنبیریی ئاڵوگۆڕکراو، بە شێوەیەك زەمەن ئەبێتە مرۆڤیی و لە شێوەی گێڕانەوەدا دائەڕێژرێ و گێڕانەوەش پڕئەبێ لە ماناکانی، کاتێ ئەبێتە مەرجێك بۆ بوونی زمانیی.

هێرمۆنیکای نوێ لە شێوازی پێشتری دانابڕێ، بەڵکو دەرئەنجامی بەردەوامی و دەستکاریکردن و گۆڕانکارییەکانیەتی"، ئەم رێبازە تازەیە لە فەلسەفەوە نزیکترەو پشتی بە چەند سەرەداوێ بەستووە:

1- پابەندی نێوان گێڕانەوەو ئەزموون.. پۆل ریکۆر بۆ دەرچوونی لە دەقگەرایی پەتی و جیاکردنەوەی دەق لە گێڕانەوە، پێی وایە لە گێڕانەوەدا پرۆسیسەکە بزێوو چالاکترە وەك لە دەق.. لەبەرئەوە پێویستە گێڕانەوەو



ئەزموون- زەمەنگەرایی-بە جۆرێك تێکەڵ و پابەندبن بە یەکەوە کە بچنە بری یەکتر.

2- دەرخستنی ئەم پابەندبوونە بەوەی کە هێرمۆنتیکی بێ زیاتر لەوەی کە بونیادگەرایی بێ، زۆر گرنگە. بەواتای ئەوەی هاوسەنگیی نێوان سنوورەکانی سیمۆلۆژیی لە بەردەم دەلالاتەکانی جیهانی ژیان.

3- وەرگرتنی "جیهانی ژیان"ی هۆسریڵ و بەکارهێنانی بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی مێژوویی- بوونگەرایی- بەواتای دووبارە بەگەڕخستنەوەی فینۆمینۆلۆژیا لە شیکردنەوەی دەقدا ریکۆر ئەڵێ: "شیکردنەوەیەکی بونیادگەرایی نییە سوودی لە فینۆمینۆلۆژیا- دیاردەگەرایی- وەرنەگرتبێ، ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێ.

4- روودانی هەندێ گۆڕانکاری لە ماناکانی ماقووڵ و عەقڵگەرایی فینۆمینۆلۆژیا. ریکۆر تیۆری کردەی نووسین ئەبەستێتەوە بە کردەی خوێندنەوەوە، بەم جۆرە گرفتی هەواڵەکردنەوە سەری هەڵدا. دوای ئەمە رەخنەی لە ئێستەتیکای وەرگرتنیش گرت کە ناتوانێ لە گرفتی پەیوەندیدا کاربکا، چوون سەرقاڵی گرفتی هەواڵەکردن نییە.

5- جیهان و زەمانگەرایی پێویستە لەو ئەزموونەوە کە زمان ئەیگەیەنێتە خوێنەر، شیبکرێتەوە.

6- لەبەرئەوەی ئەم شێوەی هەواڵەکردن و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی بنەڕەت- المرجعیة-ە تەنها ئەدەبی و وەسفی نییە، بە تایبەت لە گێڕانەوەی خەیاڵی و مێژووییدا. بۆیە هێما بۆ سەرچاوەی هەواڵەکراوەکە بکرێ. بۆ نموونە کاری شیعریی بە باشترین رێگەی هەواڵەکردنی خواستنە، کە رەوانە ئەکرێتەوە بۆ جیهان.

ئەم میتۆدە ئەزموونێکی نوێیە، بۆ پابەند کردنەوەی جیهانی دەق و جیهانی خوێنەر بە یەکەوە. "دۆن ئیدیۆ" لەم بارەیەوە ئەڵێ: هێرمنیوتیکی نوێ بە بووژاندنەوەی هەڵوەشاندنەوەو هێرمنیوتیك دائەنرێ.

## سەفستاییەکان و هێرمنیوتیك

لەم ژمارەیەی گۆشەکەوە هەوڵئەدەین بچینە سەر مێژووی تێڕوانینە ڕەخنەییەکان و لەوێوە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئێستەمان و ئەو فەلسەفەو ڕێبازو ڕێچکانە بەسەر بکەینەوە، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە جیهانی دەقەوە هەبووە.

لە سەردەمی پێش سەفستاییەکانەوە، بایەخ بۆ سەرچاوەکانی ئەبستمۆلۆژیا هەبوو، "پارمندیس" کە پێش ئەمان یەکێ بوو لە رابەرانی چوار ڕێچکە یۆنانییەکە، بە تەواوی بایەخی بە عەقڵ (ئاوەز) داو درکی هەستیی فەرامۆشکرد.. بڕوای وابوو "بوون". یەکەیەکی جێگیرو کامڵەو هەر شتێکیش ئەو سیفاتانەی تیانەبێ، مەبەست بوونی گۆڕاوو بوونی وەهم و گومانەو دەستکردی هەستەکانە. ئەمەش جیاوازیی نێوان ئیلییەکان و سەفستاییەکان بوو. کە لەسەر دەستی پرۆتاگۆراسەوە (480-410 پ.ز) گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە (درکی هەستی) سەرچاوەی یەکەمینی ئەبستمۆلۆژیایە. مەبەستیش لێرەدا هەستەکانی خود بوو، لەبەرئەوەی هەستەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان، پێوەریش تەنها ئەو شتانە بوو کە لە هەستی تاکداو لە ساتێکدا دەرئەکەون. ئەمە یەکەمین گرنگیدانی فەلسەفی بوو بە خود.



پارمندیس زانستی عەقڵی پەتیی پەسەندکردو بەرامبەر بەوەش سەفستاییەکان ڕەخنەیان لێگرت و ئەڵتەرناتیڤێکی ئەبستمۆلۆژییان هێنایە کایەوە کە پشتی بە هەستەکان بەست لە درککردندا، بەڵام ئەمانیش هەروەك پارمندیس "گومان" یان کردە دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بۆ ئەوەی "گونجاو-محتمل" بکرێتە ڕاستییەك کە ببێ.

بەکاربردنی گومان زۆر نزیکە لە لێکدانەوە -التأويل - بۆ ئەوەی گونجاویش بکرێتە حەقیقەت ئەبێ لە ڕێگەی بڕوا پێهێنانەوە بێ، بۆیە فەلسەفەکەش لە خۆیدا فەلسەفەیەکی ریتمی بوو، بیرۆکەی گونجاویش لە وتاربێژیدا ئەگەڕێتەوە بۆ تیۆری پرۆتاگۆراس لە ئەبستمۆلۆژیادا، کە "جۆرج هانز گادامێر"ی فەیلەسووفی ئەڵمانی، پەیوەندییەك دروستئەکا لە نێوان وتاربێژیی سەفستاییەکان و هێرمنیوتیکدا.

پرۆتاگۆراس پێ لەسەر ڕۆڵی خود دائەگرێ لە بەرهەمهێنانی مانادا، چوون:

1- بەستە راستگۆکان پێوەری راستین.

2- زانین ریشەییە لەبەرئەوەی پرۆتاگۆراس باوەڕی وایە کە "شتەکان بە لانی تۆوە هەر ئەوەیە کە لای تۆ دەرئەکەوێ و بە لای منیشەوە هەر ئەوەیە کە بۆ من دەرئەکەوێ، من و تۆش خەڵکین.

3- بونی کەسیی، درککارو پابەندە، چوون مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە. سەرهەڵدانی سەفستاییەکان گۆڕانێکی مێژوویی ئەبستۆلۆژی بوو. سروشتییەکان و ئایینییەکان و خواوەندییەکان هیچیان نەیان توانی بەم ئەندازەیە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی رۆژانە بن. بە تایبەت کە ئەدەبیش دوور نەبوو لە میتۆلۆژیانەوە.

سەفستاییەکان ناوەندێتییان بەخشییەوە بە مرۆڤ، بەو بڕوایەی کە مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە، پێوەری "بوون"ـە بۆ شتێ کە هەیەو پێوەری "نەبوون"یشە بۆ شتێ کە لە ئارادا نییە.

## ریتۆریکاو بەدەنگەوەهاتن

ریتۆریکا واتا وتاربێژی، ئەم هونەرە لەگەڵ رەوتی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیدا هاتووە بایەخو گرنگیی خۆی هەبووە. سەفستاییەکان ئەم هونەرەیان بۆ رەنگدانەوەی وێنا ئەبستمۆلۆژییەکانی خۆیان بەکارئەهێنا، بۆیە جۆرێ دابونەریتو کرداریان بۆ داهێناو گوێگر "وەرگر" یان کردە ئامانجی ئەم هونەرە. گۆرگیاس باوەڕیوابوو: وتاربێژی هونەری وتنەو ئامانجیش لێی قەناعەت پێکردنە بەو بونیادە داڕێژراوانەی کە مەبەستی سەرەکیی تیایدا بەدەستهێنانی بەدەنگەوەهاتنە (إستجابة). لە کاتێکدا ئەوە ئەزانین کە "تیۆری پێشوازیو وەرگرتن" بە هەمان شێوە ئامانجی بەدەنگەوەهاتنە، کە ئێستە لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا پانتاییەکی بەرفراوانی هەیەو، نوێترین قوتابخانەی هێرمۆنتیکییە.

پرۆتۆگۆراس رای وابوو: "ئەگەر رایەکمان لە جێی خۆیدابێ، وێنەی حەق بەدەست ئەهێنێ، چوون بەڵگەمان بۆ هێناوەتەوەو گوێگریش قەناعەتی پێکردووە. هەر شتێ بۆ مرۆڤ شیاوو راست بێ، ئەوە بڕیاری راستە".

بەم شێوەیە یاسا قەزاییەکان بە تەنها لەوێوە دروست نین کە زمانی بابەتییان هەیە، لە سەرێکەوە زمانی بابەتییو لە سەرێکی تریشەوە خود



ئەتوانێ بەڵگەی بۆ بهێنێتەوەو شیاوی بکا. ئەم جۆرە لێکدانەوەیە زەمینەی پەیوەندییەکانی نێوان بابەتو خودی خۆشکردو توانای هێرمۆنتیکیی وەرگری بزواند، بۆ تێگەیشتن لە ماناکان.

لە نێوان سۆکراتو سەفستاییەکاندا جیاوازی هەبوو لە رێگەی بەدەستهێنانی بەدەنگەوە هاتن، ئەگینا هەردوو لا هەر مەبەستیان بەدەستهێنانەکە بوو. سەفستاییەکان بەهۆی زمانەوە هەوڵی بەدەستهێنانیان ئەدا، بەڵام سۆکرات ئەیویست لە رێگەی ئەنجامی حەقو چاکەوە بێ، ئەیوت: "بە هۆی وشە رازاوەکانەوە ئەتوانین باوەڕی کردارە چاکەکان نەمر بکەینو لە زەینی گوێگریشدا بایەخ داڕێژیی بکەین".

ئەفلاتوونیش بە رووی رێگە سەفستاییەکاندا وەستایەوە، لە بەدەستهێنانی بەدەنگەوە هاتنو لە شێوەی "وتووێژ"دا دەقە فەلسەفییەکانی خۆی بەرهەمهێنا، بە مەبەستی دروستکردنی خوێنەرو پاککردنەوەی لە گومانو بڕیارە پێشینەکانی تا بچنە پێشو لە هەستپێکراوەوە بگاتە ماقووڵ.

سەفستاییەکان رێگەیان بۆ پرەنسیپی بەدەنگەوەهاتن خۆشکرد، تا ببێتە رێسای هونەری وتاربێژیی.. هەموو هەوڵیان بۆ دروستکردنی بڕوا پێبوون بوو لای وەرگر.. لە دواییدا هەم سۆکراتو هەم گۆرگیاسیش کۆك بوون لەگەڵ ئەم هەوڵانەی سەفستاییەکاندا، واتا ئەو شتانەی کە پارادۆکسەکانی خۆیان لە خودی خۆیاندا هەڵگرتووە- ئەمە بە بڕوای هیگڵ-. پاش ئەمەش دۆزینەوەی رێگەیەك تا ئەم مانا راستەقینەیە لەزەینی خوێنەر "وەرگر" دا بچەسپێنن.

ئەوان کە توانییان لە ڕێگەی قسەکردنەوە شتە گەورەکان بچووك بکەنەوەو بچووکەکانیش گەورە، کەواتە سەلماندیان کە ڕواڵەتەکان لە ڕاستییەکان بەتواناترن.

یەکێ لە مێژوو نووسان ئەگێڕێتەوە "کاتێك گۆرگیاس گەیشتە ئەسیناو ڕێگەی پێدرا وتارەکەی دەربارەی بابەتی یەکێتیی بۆ خەڵك بخوێنێتەوە. بە شێوازێکی زۆر کارامەو سەیر وتارەکەی پێشکەشکردو بەسەر عەقڵی خەڵکەکەدا زاڵبوو، بە بەکارهێنانی زمانە پاراوەکەی. یەکەمین کەس بوو کە بەو جۆرە سەرسوڕهێنەرە زمانی بەکارهێنا بێ.

دیارە سەفستاییەکان زۆر بەئاگابوون لە بەکارهێنانی ڕەوانبێژیی و زمانەوانیی و بەکارهێنانی بونیادەکانی گوزارشتکردن. هەر بۆیە ئاراستەکانیان بەو جۆرە ڕووەو خەڵك "وەرگر" وەرچەرخاند، ئەوانیشیان هێناوەتە ناو هونەری خۆیانەوەو توانیویانە بە باشترین شێواز زەینی وەرگر بوروژێنن بۆ ئاکتیڤکردنی عەقڵ و بەرهەمهێنان.

## هێرمنیوتیك چییە..؟

لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەوە، گەیاندنی گوتار بۆ خۆی جۆرە گرفتێ بووە، کە زۆر لە فەیلەسووفان قسەیان دەربارەی کردووە. بە دەستهێنانەوەی وەڵام یاخود بە دەنگەوەهاتن لە ڕێگەی وتارەوە کە دەق جڵەوکێشی بوو، لە پێش سەفستاییەکانەوە، واتا چوار ئاراستە فەلسەفییەکەی یۆنانەوە قسەی لەسەرکراوە.. ئەرستۆش یەکەمین کەس بوو کە زاراوەی هێرمنیوتیکی بەکارهێنا. لەبەرئەوەی ئەم زاراوەیە "هێرمنیوتیك" ڕەنگە دەقاودەق نەکرێ بە کوردی، چوون لە نێوان واتاکانی (لێکۆڵینەوەگەرایی، زانستی لێکدانەوە، خوێندنەوە بە دیوێکی تر، یان



ڕاڤەکردن) قەتیس ئەمێنیّ و هیچ کامێکیشیان واتای تەواو نادەن.. بۆیە چاکتر وایە باسی ئەرکی زاراوەکە خۆی بکەین و دەستی تێوە نەدەین بە مەبەستی بە کوردی کردنیّ و وەك خۆی دایبنێینەوە.

(هانز جۆرج گادامێر) بە ڕێبەری هێرمنیوتیك ئەناسرێ، زاراوەکە ئەگێڕینەوە بۆ ئەو پەرەپێدانەی "مارتین هایدیگەر" بەسەریدا هێناوە، کە لە بنەڕەتدا درێژەپێدەری هزری سۆفیگەرایی پرۆتستانتە، بەڵام (ڤ دەلتای) گواستوویەتەوە بۆ ئەم سەدەیە.

بە گشتی ئەتوانین بڵێین کە خوێندنەوەی هێرمنیوتیك بریتییە لە خوێندنەوەی دەق بەدەر لە مەبەستی سەرەکیی نووسەرەکەی. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە دەرئەنجامی پرس و وەڵامدانەوەیە لە نێوان دەق و خوێنەرە هێرمۆنتیکییەکەیدا. مەبەستی نووسەر لەو شوێنەوە کە دەق ئەکەوێتە بەر خوێندنەوە نامێنیّ و واتای نویّ و مەبەستی تر لە خوێندنەوەی جیاوازیی خوێنەری هێرمۆنتیکییەوە سەرچاوە ئەگرێ کە پشت بە کراوەیی دەق و خواستن و دەلالەتەکانی ئەبەستیّ.

بەم پێیە دەق لە بێ زمانی و بێ دەنگییەوە (لاڵی) وەك "پۆل ریکۆر" ئەڵێ، لە لایەن خوێنەرەوە گیانی بە بەردا ئەکرێتەوەو توانای شاراوەی ناوەوەی دەرئەکەوێتەوە. وەك ئەڵێ: "بە بڕوای من ئەرکی هێرمنیوتیك پەرەسەندنی خوێندنەوەیە بۆ گەیشتن بە مەبەست". دەق دێتە گۆو خوێندنەوەی بێ کۆتایی بەرهەمدێ.

کارێك کە خوێندنەوەی هێرمۆنتیکیی ئەوروژێنیّ، چالاکیی خوێندنەوە بەرهەم ئەهێنیّ، بەو شێوەیە دیالێکتیکێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان مافەکانی دەق و مافەکانی خوێنەری هێرمۆنتیکی ئەهێنێتە ئاراوە.

گادامێر لەوەسفێکی دا بۆ هێرمنیوتیك باسی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی کارێکی هونەری ئەکا لەسەر وەرگرو ئەوکات ئاسۆیەکی ئەوتۆ واڵا ئەبێ کە بواری خوێندنەوەو لێکدانەوەی بۆ بەرهەمەکە ئەڕەخسێ.

"ئاگای ستاتیکی توانایەك بەدی ئەهێنێ بە ڕێگەیەك کە ناتوانین نکوڵیی لە بەهاکەی بکەین یاخود لێی کەم بکەینەوە. ئەویش بەستنەوەی جۆری شێوازی هونەرییە بە خۆمانەوە، جا چ بە نێگەتیڤو چ بە پۆزەتیڤ، هەروەك هیگڵ دەربارەی کارە هونەرییە ئایینییەکانی یۆنانی کۆن دەریئەخا، کە بارێکی پیرۆزیان پێ بەخشیوە، ئەم کارانە مرۆڤ دایهێناون بۆ وەڵامدانەوەی خواوەند".

بە رای من ئەمە دیارترین پێناسەی ئیستاتیکیی گادامێرە بۆ هێرمنیوتیك، هەروەك پێشبینی کردنیشە بۆ میتۆدەکانی پێشوازیو وەرگرتن، کە لەسەر دەستی یاوسو ئایزەر سەری هەڵداو تا ئێستەش بە نوێترین میتۆدی ڕەخنەیی ئەناسرێ.

## دەربارەی ڕخنەی کوردی

نیازم بوو ئەم گۆشەیە بۆ قسەکردن دەربارەی میتۆدە جیاوازەکانی ڕەخنە تەرخان بکەمو ئەوەندەی پێم ئەکرێ بە خوێنەرانی ئاشنابکەم.. ئەڵبەت گۆشەیەك بەس نییە بۆ ئەوەی تەواوی قوتابخانە یان میتۆدێکی ڕەخنەیی بناسێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر قەناعەتم وابوو کە باسکردنو خستنە بەرچاوو بیرخستنەوەی چاکترە لە فە رامۆشکردنی.

لێرەوە لەسەر پێشنیازێکی دۆستانەو بە سوودی هاوڕێی ئازیزم کاك (جەمال غەمبار) جاروبار راو سەرنجە ڕەخنەییەکانم لێرەوە ئەنووسمەوەو بە سوپاسەوە پێشنیازەکەی بەجددی وەرئەگرم.



قسەیەکی باو هەیە کە ئەوترێ "ڕەخنەمان نییە".. جگە لەوەی کە ئەو کەسانەی زیاتر دەماودەمی پێئەکەن، کەمتر تاقەتی خوێندنەوەیان هەیەو بە تایبەت بابەتی ڕەخنەیی، من گومانی ئەوەش ئەکەم کە ئەم قسەیە بۆ ئەوە بێ کە هەر بە ڕاست ئێمە ڕەخنەمان نەبێ. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستە لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی قسەیەکی لەم جۆرە بکۆڵینەوە، ئەبێ ڕەخنەی کوردییش وتووێژی جددیی لەسەر بکرێ.

نامەوێ هیچ هەوڵێکی ڕەخنەیی لەم بازنەیە بکەمە دەرەوە، بە بیانووی لاوازیی بابەتەکان، بە قەدەر ئەوەی ئەمەوێ کاریگەریەتیی تەواوی ئەو وتارو نووسینو خوێندنەوەو ڕەخنانە لەسەر ڕووبەری داهێنان بەراورد بکەم. پێش هەر شتێ هەموان ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبانە ئەبینین کە پڕ پڕن لە نووسینە ڕەخنەییەکان. ڕەنگە هەمووشمان لەسەر ئەوە کۆکبین کە هەر هەموویان لە یەك ئاستی مەعریفیدا نین.

بۆیە پێش ئەوەی هەر ناوێکیان لێبنێم، پێش ئەوەی ئاستەکانیان دیاری بکەین، لای خۆمەوە چەند جۆرێك نزیکایەتی ئەبینمەوە، کە سیمای کارەکانی پێئەناسرێتەوە. پێم خۆشە هەم بەشداربن لەگەڵما، هەم رای جیاوازیشی لەسەر وەربگرین. جا ئەگەر ئەم نزیکایەتییە ناو بنێین پۆلێنکردنیش هەر دروستە:

بەشێکی زۆری ڕەخنەی کوردی، جگە لە ڕەهایی بیروڕا، لەسەر بنەمای فەرامۆشکردنی دەقو کردنی دانەر– نووسەر–ە بە کاراکتەر لە دەقێکی تردا. لەگەڵ ئەوەشدا کە زیاتر لە سەدەیەك بەسەر ئاوڕدانەوەو قسەکردن لەسەر دانەر بەو شێوەیە تێپەڕیوە، کەچی لای ئێمە تا ئێستەش ڕەواجێکی زۆر باشی هەیەو بە جدی کاری پێ ئەکرێ. ڕەنگە ئەم جۆرە نووسینانە

بچنە خانەی "نامەی تایبەتی"یەوە، چوون زۆر شەخسین و کەمتر لێپرسراوێتیی رەخنەییان تێدا بەدی ئەکرێ، جگە لەوەش ئاسەواری خراپ و زیانیان بە دواوەیە، کە لەم شەش خاڵەشدا ئەتوانین کۆی بکەینەوە:

1–گەڕان و پشکنینی خوێنەر بە دوای کاراکتەردا. جگە لە پشت گوێ خستنی بەرهەمەکە، دانەر ئەبێتە پاڵەوان و بە تەزکییەی دانەرێکی تر ئاکتیڤ ئەبێ.

2–بەم ئاکتیڤ بوونە کێشە سەر هەڵنادا، بە قەدەر ئەوەی جۆرێ لە خوێنەر بەم رۆشنبیرییە پەروەردە ئەکرێ. هەم دەق گرنگیی خۆی تێدا لەدەست ئەدا، هەم خوێنەری پاسیڤ و تەمەڵیش بەرهەمدێ. لەو رووەوە کە کەسێتیی نووسەر ئەکرێتە پێوانە بۆ دەقێ، کە هەڵوێستە جوامێرییەکانی نوسەر بڕیاری لەسەر ئەدا، ئەو کات دەق بۆ خۆی ئەبێتە پاشکۆو "نموونەی باڵا"ش هەر لە مانەوەدا ئەپارێزرێ.

3–لە دوای خاڵی دووەمەوە کێشەکە زەقتر ئەبێتەوە. هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لە رابردوودا بە هۆی دانەرەکانییانەوە، یان راستتر بڵێین بە هۆی شاردنەوەیان  لە ژێر ناوێکدا، لە رەخنە بە دووربوون. ناکرێ جارێکی تر لەبەر گەورەیی ناوی دانەرەکەی هیچ دێڕێکی رەخنەیی بە سەریان بکاتەوەو لە پیرۆزییان کەم بکاتەوە، چوون ئەو دەقانە تا دنیا دنیایە هەر نەمرو هەر بە سەردەمەکەیان ئەسپێردرێن، کە رای جیاوازیش هەیە.

4–خراپترین دەرئەنجامی ئەو جۆرە نووسینانە لەوەدایە کە رەخنەی نوێ و خوێندنەوەی دەق لای خوێنەرێکی بە ئاسان راهاتوو "هیچ ئاکامێکی نابێ. بۆ نموونە گەلێك رای لەم بابەتانە لە رۆشنبیریی کوردیدا دەرهەق بە خوێندنەوەی نوێ ئەکرێ" لە خزمەتی نووسەرەکەیدایە،



نووسینە بۆ نووسین، رەنگە مومارەسەیەکی خۆش بۆ خۆیان..هتد". خوێنەری بە ئاسان راهاتوو، ناتوانێ خۆی لەسەر خوێندنەوەی نوێ بونیاد بنێتەوەو ناشیەوێ خۆی ماندوو بکاو ئاسۆی فراوانتر بێ. بە پێچەوانەوەی ئەم بارەشەوە، جۆرێ خوێنەری وریا هەن، کە تەواو دوورەپەرێز لە هەموو ئەو رەشکردنەوانە ئەوەستنەوە.

5–یەکێك لە زیانەکانی تری ئەو نووسینانە ئەوەیە، کە نووسەری کوردی لەسەر ئەوە راهێناوە، لە هەر رەخنەیەك کە لەسەر دەقێکی ئەدەبی ئەنوسرێ، شتێکی  لەسەر خۆی دەسبکەوێ. لەبەرئەوە خۆی و دەقەکە بە یەك یەکە ئەناسێ و رەخنە بە جۆرێ لە نەشتەرگەریی، یان تاقیکردنەوە ئەزانێ. هەر لەگەڵ سووسەی سەرنەکەوتنی کرد، راستەوخۆ پەیوەندییەکان لە دەقەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەم نموونەیەش زۆرە.

6–ترسناکترین بەرهەمی ئەم نووسینانە ئەوەیە کە ئەبێ بە درمێکی کوشندەو خوێنەرو دەق لە یەکتر دائەبڕێ.. دەرئەنجام هەموو دەقێکی نوێگەرا سنووری لەگەڵ خوێنەردا لە یەکتر دائەبڕێ. دەرئەنجام هەموو دەقێکی نوێگەرا سنووری لەگەڵ خوێنەردا تۆختر ئەبێتەوەو بەرهەمە سادەو سەدبارە  بووەکان ناهێڵن ئامانج بپێکن و لە شەڕی مانەوەدا هەر پێشەنگ ئەبن. ئەمانە ترس نین بەقەدەر ئەوەی دواخستن و پەکخستنی رۆشنبیرییەك ئەگرنە ئەستۆ.

جۆرێکی تر لەو رەخنەو نووسینانەی تر، گەڕان یاخود گەشتێکی ئاسایی و تاك دوورابییە بە ناو مانای نووسەری دەقدا. ئەرکی دیارو ئامانجی ئەم رەخنەیە راڤەکردنی مانای رووکەشیی دەقە. لەبەرئەوەی

راڤەکردنی رووکەشیی هەر بۆ خۆی سادە کردنەوەو نووسینەوەی مەدلوولە تاکەکانە، لە خوێندنەوەیەکی خێرای ئەو نووسینانەدا، بۆمان دەرئەکەوێ کە سادەییەك بە تەواوی نووسینەکەوە دیارەو هەست بە کەم توانایی ئەکەین لە نووسیندا. یان بە کورتهێنان، یاخود هەست بە کەلەبەرەکانی ئەکەین، کە رەنگە لە راستیدا خۆ سەرقاڵکردنێکی بێهودە بێ لەگەڵ نووسیندا. ئەم جۆرە نووسینانەش بێبەری نین لە زیانگەیاندن بە پەیوەندیی نێوان دەق و خوێنەر لە سێ لایەنەوە.

1- خولْقاندنی گرفتی تێگەیشتن لای خوێنەر: لەو رووەوە کە خوێنەر لەسەر لێکدانەوەی رووکەشی دەق رائەهێنێ و بواری تێگەیشتنی زیاتری لێ تەسك ئەکاتەوە. واتا ئاسان راهێنانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەق.

2- تێکشکاندنی دالەکان، لێرەدا هەست بە ئەوقکردنی توانای دالەکان ئەکەین، لە بری ئەوەی نووسەر دەقێکی کراوەو فرە دالمان پێ بناسێنێ، ئاسۆکانی دەق دائەخاو لە هەوڵێکی گشتگیرییدا پاسیڤبوونی دالەکان نیشان ئەدا.

3- بێ تواناکردنی جیهانی دەق: لەو تێڕوانینەوە کە خوێندنەوە بە دۆزینەوەی مانایەك ئەزانێ لە رووکاری دەرەوەی دەقەوە، بەمەش ئاسۆکانی ئەزموون و ئاسۆکانی بۆچوون هیچ پێك گەیشتنێکیان نامێنێ و تەنها گەڕان بە دوای (المعنى في قلب الشاعر) دا ئەمێنێتەوە یان دەست پێئەکا.

جگە لەم جۆرە نووسینانەش نووسینێکی تر هەیە کە لە کاری ئەرشیفی ئەچێ، ئەویش بۆ پۆلێنکردنی دەق "کلاسیکی، دڵداری، نیشتمانپەروەری و بەو جۆرە" کە ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکی ترە لە



خۆدزینەوەی خوێندنەوەی دەق و کارتیاکردنی. هەروەها چەندین نووسینی تری بێ میتۆد هەن، کە هیچیان ناچنە ریزی رەخنەوە، شتێك لە دوای خۆیان جێناهێڵن و لە نووسینێکی وەسفیی زیاتر هیچی تر نین.

ئەمێنێتەوە چەند نموونەیەکی رەخنەیی، کەوەك هەوڵی سەرکەوتوو حسابی بۆ ئەکرێ، ئەوانیش ئەبن بە چەند بەشێکەوە: بەشێك لەوانە باوەڕیان بە سەرچاوە نەماوەو بە هیچ شێوەیەك ناچنەوە سەر نووسینێ کە سەرچاوەیەتی یاخود بەشدارە لە مەعریفەیاندا لەبەرئەوە میسداقییەتی ئەم جۆرە نووسینە کەمە. بەشێکی تریان بە ستایەڵێکی پەیامبەرانە ئەدوێن و مەرجی پیادەکردن و گشتگیرکردنیش بە خوێندنەوەی نووسینەکانیەوە ئەبەستنەوە. رەنگە ئەو نووسینانە تەنها ئەوەندە خەتابار بن لەوەدا، کە رێگەی پەیامبەری خۆش ئەکەن، بەشی دووەمی خەتاکە لەسەر خوێنەری ئاسان راهاتووە، کە چاوەڕوانی وێردی ئاراستە کردنەکانی ئەوانە. ئەم جۆرە نووسینەش ئەو رایەی بە دوای خۆیدا هێناوە کە (رەخنەی کورد، کۆمەڵێك ئیسقاتاتەو بە سەر هەر دەقێکدا کە میزاجی خۆی بیبڕێ دایئەسەپێنێ)، ئەمەش بۆ خۆی دوورخستنەوەی خوێنەرە لە رەخنە، چوون "میزاج و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەر خاتری نووسین". حوکمی تیادا هەیە.

ئەو بەشەی تریش کە ئەمێنێتەوە لەم دوا حاڵەتانە. ئەکرێن بە رەخنە لە قەڵەم بدرێن کە کەمترین نموونەی ئەو جۆرە نووسینانەی ترن کە پێشتر باسمکردن. دوای ئەوەی لەم چەند جۆرەی نووسینی رەخنەیی گەیشتین، ئێستە بۆمان دەرئەکەوێ لەبەر چی هەندێ کەس ئەڵێن ئێمە رەخنەمان نییە. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو زۆرو بۆرییەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، کە کار بۆ

پڕکردنەوەی لاپەڕەکانیان ئەکەن. خەتابارن لەم پەرش و بڵاوییەی نووسینەکان و زۆرتر بە شوێن نووسیندا هەڵپەیانە، جار هەر چۆنێ بێ گرفت نییە.

بە رای من ئەمە دیارترین سیمای رەخنەی کوردییەو هەندێ (قسەی قوت)یش هەن، ئەوانە نزیکایەتییان لەگەڵ جنێونامەدا زیاترە نەك رەخنە. کە حاڵ بەم جۆرە بێ، ئێستە نازانین تا چەند ئەو قسەیە راستە کە دەڵێن: ئێمە رەخنەمان نییە..! منیش نەمتوانی وەڵام بدەمەوە، هەڵبەتە رای جیاوازیش هەیە.

## تیۆریی باڵایی و بەدەنگەوە هاتن

بە دەنگەوە هاتن ئەو ئامانجەیە کە زۆربەی فەیلەسووفەکان گرنگییان پێ داوەو، گەلێ لە رێبازە رەخنەییەکان کردوویانەتە ئامانجی خۆیان. "باڵایی"ش لە دیدی (کاسیۆس لۆنگینۆس)ـەوە کە دانەری تیۆرەکەیە، توانای ئەفراندنی بە دەنگەوە هاتنە. (کاسیۆس لۆنگینۆس) بە پێی رای هەندێ لە مێژوونووسان لە سەدەی یەکەمی زاییندا ژیاوەو هەندێکی تریشیان ژیانی ئەگێڕنەوە بۆ سەدەی سێیەمی زایین. ئەم رەخنەگرە تیۆریی باڵایی دانا کە هەڵگری بەها ئیستاتیکەکان بوو. (لۆنگینۆس) تیۆرەکەی خۆی لە کتێبە تاقانەکەیدا نووسیبووەوە، بە ناوی (لە باڵاییدا)و لە سەدەی (16)ی زایین دا دۆزرایەوە.

لەم کتێبەدا هاتووە کە: باڵایی خەسڵەتێکی گوزارشتکردنی مادییەو بە شێوەی جیاواز دەرئەکەوێ و ئەتوانێ وێنەی ئەوتۆ دروستبکا کە ببێتە بابەتێك بۆ لێکدانەوە ئیستاتیکییەکان.



بە پێی پێناسەی دانەرەکەی، باڵا: هەموو ئەو شتانەیە کە راگەیەندراوێ، یان پێدراوێکی تێدایە، مەحاڵە بکرێ پشتگوێ بخرێن و لە یادەوەرییشدا بە هێزەو بۆ ماوەیەکی زۆر ئەمێنێتەوە. جگە لەوەی ئەم پێناسەیە لە خۆیدا گشتگیرە. (لۆنگینۆس) پێنج مەرجی بنەڕەتییشی داناوە بۆ هەر نووسینێ کە بتوانێ باڵایی بە دەست بهێنێ، ئەوانیش:

1-دەسەڵاتشکان بەسەر دروستکردنی بیروڕای مەزندا.

2-دروستکردنی هەڵچوونی بەجۆش و سوودبەخش.

3-رەوانیی زمان و بەکارهێنانی مەجازو هەڵبژاردنی وشە.

4-دروستکردنی وێنەی گونجاو.

5-توانای داڕشتنی جوان و باڵا.

پێویستە ئەم پێنج مەرجە پێکەوە بن بۆ ئەوەی دەقێکی باڵا بەرهەم بهێنرێ، بەڵام بە مەبەستی بە دەنگەوە هاتن، بوونی ئەم پێنج مەرجە هیچ سوودێکی نییە، ئەگەر بەلای خۆیدا بە کێشکردن و دڵگەشانەوەی لەگەڵدا نەبێ، کە ئەمەش چەمکی ناوەندێتیی بەدیهێنانی باڵاییە. ئەو گرنگیدانەی (لۆنگینۆس) بە مەسەلەی بە دەنگەوە هاتن، وەرگرە لە لایەکی هاوکێشەکەداو بەو پێیە (دانان و وەرگر) بازنەی دەق تەواو ئەکەن.

لە ئێستەدا بایەخێکی زۆر گرنگ بە تیۆریی باڵایی (لۆنگینۆس) هەیە، لەبەرئەوەی بە سەرچاوەیەکی گرنگی فەلسەفەی ئیستاتیکی دائەنرێ لە سەردەمی نوێدا. باڵایی لای (لۆنگینۆس)و (بە تایبەت لە ئەدەبدا) پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە ئامانجەکەیەوە کە بە دەنگەوە هاتنە، بەڵام ، بەڵام لای (ئەدمۆند بێرگ-(1729-1797))و (کانت-(1724-1804))ی زایین، پەیوەندییەکەی بە ئیستاتیکاوە هەیە. (بێرگ) پێی وایە

که ترس و نیگەرانی و ژیاندۆستیی، باڵا لە ویژداندا ئەبووژێننەوە. ئەم تێڕوانینەش لەسەر ئەو راستیەوە بوو کە (ئیجاکس) لە داستانی (ئەلیازە)دا تۆماری کردووە، بەوەی کە (ئیجاکس) هەڵویستی راستی هەبووە لەوەدا کە لە پێناو ژیان و مانەوەدا نەپاڕایەوە، چوون ئەمە بۆ شانی پاڵەوان سووکایەتییە. ئەمەش تێگەیشتنی نادروستی (بێرگ) بوو لە مانای باڵایی (لۆنگینۆس)، بۆیە ئەو رەخنەیەی لێگیرا: کە ئەوەی مەزنی و باڵایی لە ویژداندا ئەبووژێتەوە، ترس و نیگەرانیی (لیبیدۆ) و ژیان دۆستی نییە، بەڵکو تێڕامانی مردن و هەستکردنە بەواتاکانی قەدەری ئایینەدە. ئەو لێکدانەوەیەی (بێرگ) پێچەوانەی لێکدانەوەی (کانت)ـە کە پێی وایە: ئەو بابەتانەی کە باڵایی ئەبووژێننەوە، ئەبێ ترسناک بن، بە بێ ئەوەی ترسێکی راستەقینە پێوەی پابەند بێ. واتا هەستێکی کەسیی وا نەبێ کە تێکشکێنەر بێ. ئەم قسەکردنەش دەربارەی ئەو شتەی کە هەست بە بێ دەسەڵاتی ئەکا، لەبەردەمی مەزنیی هێزی مەترسییەکەدا، کانت بە چێژی ئەبینێتەوە، جا سەرچاوەکەی فیزیکی (سروشتی) یان میتافیزیکی بێ، ئەم سوود وەرگرتنەی کانت دوو شتە لە سەرچاوەکەوە کە (لۆنگینۆس)ـە، یەکەمیان لە بواری ئەدەبداو ئەوی تریش لە هزردا. (لۆنگینۆس) و (کانت) هەردووکیان لەسەر سەرچاوەی چێژبەخشین کۆکن، بەم جۆرە: (لۆنگینۆس) پێی وایە باڵایی کاری ئەدەبی (نەک هەموو باڵاییەک) سەرچاوەی چێژ بەخشینە بۆ خوێنەر، لەبەرئەوەی ئەیخاتە کەشێکی ترەوە، بەڵام لای (کانت) باڵایی شتەکان، ئەو شتەیە هەست بە هەست پەکئەخا لە درککردندا، ئەوە سەرچاوەی چێژە.

## دیاردەگەرایی (Phenomenology)



دیاردەگەرایی، سەرچاوەیەکە کە زۆرێ لە تیۆرە رەخنەییەکان سوودیان لێوەرگرتووە، بە تایبەت هێرمنیوتیکی (گادامێر) و ئیستاتیکای وەرگرتن و پێشوازیی. لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە لەم دوو ژمارەیەدا بەشێ لە کتێبەکەی (د. ناظم عودة خضر) وەرئەگێڕم بۆ کوردی، کە زۆر بەوردی لە فینۆمینۆلۆژیا دواوە، بەو هیوایەی لە ئایندەیەکی نزیکدا تەواوی وەرگێڕانی ئەو کتێبە تەواوبکەم کە بە ناونیشانی (الأصول المعرفية، لنظرية التلقي)ـە.

ئەو بیرۆکە ئەبستراکتانەی کە (هوێسرل) گەڵاڵەی کردبوو، بەرە بەرە ئەبوون بە راستی و "رۆمان ئینگاردن"یش کە قوتابی ئەو بوو، یەکەمین شتێ کە راستیی کردەوە چەمکی ترازێندینتاڵ بوو. ئەمەش بەو مانایەی کە:

مانای دیاردەگەرایی لای (هوێسرل) پەیوەندیی سەرەکیی بە تێگەیشتنەوە هەبوو، واتە مانا پوختەی تێگەیشتنی پەتیی تاکە کەسە، ئەم پرۆسیسەش پێی ئەوترێ: ترازێندینتاڵ یان بڵندگەرایی، بەڵام بڵندگەرایی لای ئینگاردن بریتی بوو لەم مانایە: دیاردە بەردەوام –ئەمە بەسەر کاری ئەدەبیشدا پیادە ئەکرێ – لە دوو بونیاد پێکدێ، بونیادێکی جێگیر "چەشنگەرایی" کە بنچینەی تێگەیشتنەو ئەوی تریش ناجێگیرە "ماددی"، کە ئەمەیان بنچینەی شێوازی کاری ئەدەبیی پێك ئەهێنێ و مانای هەر دیاردەیەك دوور نییە لەو مانایەوە کە بونیادی چەشنگەرایی (جێگیر) بۆ دیاردەکە هەیەتی، بەڵکو مانا دەرئەنجامی ئاوێتەبوونی نێوان بونیادی کاری ئەدەبی و کرداری تێگەیشتنە، کە ئەمە کرۆکی جیاوازیی نێوان ئینگاردن و هوێسرل بوو. ئەو راستکردنەوەیەی ئینگاردن کە دۆزییەوە بوو

به كۆڵەكەیەك بۆ هەموو ئەو ڕێبازانەی تر كە لە ژێر باڵاپۆشەكەی هوێسرل دا بوون "هایدگەر، سارتەر، میرۆلۆپۆنتی، گادامێر" هەروەك ئەم گۆڕانكارییە كەشێكی چاكی بۆ چەند ئاراستەیەكی ڕەخنەیی خۆشكرد، وەك ئیستاتیكای وەرگرتن.

ئیدمۆند هوێسرل (1859–1938) هەوڵیدا كە سیستمێكی ئیپستۆلۆژیی بونیاد بنێ و ئەو گریمانە پێشوانەی فەلسەفەكان دوورخاتەوە كە دەربارەی تێگەیشتن هەبوون، وای ئەبینی كە ئەو دوورخستنەوەیە هەنگاوێكی سەرەكییە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی فەلسەفە بەو پێیەی زانستێكی وردە.

دیاردەگەرایی هوێسرل كاردانەوەی ئەو فەلسەفانە بوو كە "خود" یان دوور خستبووەوە بەو پێیەی یەكێكە لە پایە سەرەكییەكانی ئیپستمۆلۆژیا، لەبەرئەوە هوێسرل هەوڵی دامەزراندنی سیستمێكی ئیپستمۆلۆژیی ئەدا بۆ دیاردە، هەروەك لە هەستی تاكدا پێكهاتنێكی ڕاستەوخۆو هەنووكەیی پێكهات، فەلسەفەكەی ڕەخنەی لە هەردوو فەلسەفەی (پۆزەتیڤیزم–الوضعیة)و دەروونناسیی ئەزموونگەریی گرتەخۆ، بیركردنەوەی پۆزەتیڤ لەسەر بنەمای سەربەخۆیی دیاردە بوو، كە چەشنێكە لە چەشنەكانی بیركردنەوەی زانستی.

هوێسرل یەكەم كەس بوو كە لێكۆڵینەوەی لە گرفتی مانادا كردو دەریخست دەرهاویشتەی كرداری تێگەیشتنە، گرنگترین شت لەم لێكۆڵینەوەیەدا دووپاتكردنەوەی بابەتێتیی مانا بوو كە پشتی بە هەستی پەتیی بەستبوو، هەروەك ڕۆڵی خودیشی تەئكید كردەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی بڕوای وابوو كە كرداری تێگەیشتن لە دەلالەتێكی سەرەكیی



ئەپستمۆلۆژیی پێكدێ، هەروەك بڕوای وابوو كە گرفتی مانا هەمان گرفتی تێگەیشتنەو، بەمە هەموو مێژووی تیۆرە خودگەراكان ئەكاتەوە، ئەم بڕوایە وایكرد كە لێكۆڵینەوە لە پرۆسیسی كێشەی تێگەیشتندا بكا، لەمەشدا ئەو فەیلەسووفانە شوێن پێیان هەڵگرت كە كاریگەرێتی فەلسەفەكەی ئەویان لەسەر بوو.

دیاردەگەرایی لە كەشفكردنی هەستو ناوەرۆكو پرەنسیپەكانی ئەكۆڵێتەوە، هوێسرل چالاكیی دیاردەگەرایی تایبەت كرد بە ( لێكۆڵینەوەی هەستی پەتی و كرداره مەبەستدارەكانی، بەو پێیەی پرەنسیپی هەموو زانستێكە) هەستی پەتی لای هوێسرل ئەوەیە كە سیفەتی هەنووكەیی هەیە، هەروەك ئەو سیفەتەی هەیە كە بە دیاردەوە ئەلكێ و زمانەوانیی ئەو شارەزاییە ئەنووسێتەوە، هوێسرل بڕوای وابوو كە زانینی شتەكان لە جیهانی سروشتیدا تەنها بە چیەتیی بابەتییانەی ناو خودی شتەكانەوە نەبەستراوەتەوە.

بەرامبەر بە پەیوەندیی نێوان خودو شتەكان لە جیهانی سروشتیدا، هوێسرڵ پێشنیازی كارێكی كارڕایی ( إجرائـي) ئەكاو بە ناوی: (بەرپەرچدانەوە–Reduction)و (توانج–Suspention) ئەم كارەش "مانای سڕینەوەی ئەم گەردوونە سروشتییە نییە، بەڵكو مانای ئەوەیە كە گەردوون بخەینە نێوان دوو كەوانەوەو لە چوارچێوەی تێبینییە عەقڵیەكان دەری بكەین، لە بری ئەوە ئەو شتانە لێك بدەینەوە كە هەستی پێ ئەكەین" هوێسرڵ ئەم دوو چەمكەی بۆ وەسفی هەموو دیاردەیەك بەكارهێنا.

لەبەر زۆریی بابەتەكە، ئەو دوو شێوەیەی ئینگاردن باس ئەكەین كە پێیداوین سەبارەت بە پەیوەندیمان بە كاری ئەدەبییەوە: یەكەم

خوێندنەوەی کارێکی ئەدەبیی دیاریکراو، یان درککردنی ئەو کارەی لەم خوێندنەوەیەدا رووئەدا. دووەم: ئەو هەڵوێستە درککارییەی کە ئەبێتە هۆی تێگەیشتن لە بونیادی تایبەتیی سەرەکیی کاری هونەریی و ئەدەبیی لە خۆیدا. یەکەم "خوێندنەوەیەکی تاکگەرایە بۆ کاری تاك" لە کاتێکدا دووەم لە سەرووی "بەرەنگارییە تاکگەراکانە بۆ هەر کارێکی هونەریی دیاریکراو" چالاکییەکی درککارییە بۆ توانینی" تێگەیشتنی فاکتەرە پێکهاتەیی و شێوەیی و مادییەکان" بۆ ئەو رەگەزانەی کە چینەکانی کاری ئەدەبییان لێ پێکدێ کە چوار چینی سەرەکییە:

1–چینە دەنگییەکانی وشەو داڕشتنە دەنگییە باڵاکان.

2–چینی یەکەی ماناکان.

3–چینی بابەتەکان.

4–چینی روخسارە هێڵکارییەکان.

## جۆرەکانی ئەدەب

هەندێ جارو لەو وتارە رەخنەییانەی کە ئەیبینم، بە داخەوە تێکەڵییەك لە واتای زاراوە ئەدەبییەکاندا، هانم ئەدا بۆ ئەوەی سەرەقەڵەمێ بنووسم کە ئەوەندە تایبەت بێ، بەکارهێنانەوەیەکی تری لەو جۆرە بکاتە ئاستەم. بە دوایدا دان بە خۆداگرتن و کردنەوەی ئەم دەروازەیەش کە تایبەتمان کرد بە قسەکردن لەوەدا کە پەیوەندیی بە جیهانی دەقەوە هەیە، هەموو ئەو نووسینانەی راگرت کە نیازم بوو لێرەو لەوێ و بە پەرتەوازەیی بڵاویان بکەمەوە، هەر بۆیە جۆرە ئەدەبییەکانم پوخت کردووەتەوەو یەك یەك و بە کورتیی قسەیان لەسەر دەکەم.

**بە ئەدەبکردن:**



کە ئەدەب بۆ خۆی سیستمی هێماکان بێ بەو پێیەی کە زمانێکەو، لە سیستمەکەیدا نوێنەری کەینوونەی خۆیەتی.. ئەدەب: بابەت و رێساو تەکنیك و کارەو وەزیفەشی لە ئابووریی گشتیی کۆمەڵگەدا، چاککردنەوەی "خودگەرایییە"، تەکنیکی ئەدەبی چییە جگە لە توانای پەیبردن بەو زمانە، بە شێوەیەك کە خەیاڵ و هەست و زانیاریی پێ تۆمار بکرێ. بۆیە جیاکردنەوەی جۆرەکانی ئەدەب بە رای من بە تەواوەتیی پشت بەم رەگەزە گرنگە ئەبەستێ و توانای دەسەڵات شکان بەسەر زمانەکەدا بە پێی ئەدای بابەتەکە، جۆرەکەشی جیائەکاتەوە.

ئەم جۆری بەئەدەبکردنە لە ژیانی رۆژانەشماندا رەنگیداوەتەوەو لە زۆر دیالۆگی ئاساییشدا نموونەی ئەبینرێتەوە، ئەوەش دەرئەنجامی تێکەڵبوونی ئەدەبە "بە تایبەت شیعر بە لانی کۆمەڵگای خۆمانەوە" بە خەڵك" وەك دابڕینی مانایەکی پەتیی بەسەر مانایەکی دیاریکراوە، لە گوتارە خوازراوەکەیدا.

**ئەدەبگەرایی:**

ئەم زاراوەیە گرنگیی ئەدا بەوەی کە ئەدەبی پەتییە، لە ناو تواوەی جۆرەکانی تردا، بەو مانایەی هەر لە سەرەتاوە شیعرییەتیی تێدا دەرئەکەوێ. ئەم زاراوەیە پێوانەیەکی سیمیۆلۆژیی هەیەو بە تەنها ئەدەب ئەگرێتەوەو ناکرێ بدرێتە پاڵ هیچ کایەیەکی تر. لە تیۆری سیمیۆلۆژیی ئەدەبدا، ئەم زاراوەیە بۆ جیاکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان لە دەقە نا ئەدەبییەکان بەکارئەهێنرێ ، بە تایبەتییش لە لێکۆڵینەوەی فۆرمالیستە روسییەکاندا.

به هۆی سەرهەڵدانی ئەمجۆرە ئەدەبەوە، شێوازێکی تر لە کاری ئەدەبیی پەیدابوو کە ئاراستەکان رووەو ناو دەق دەستیان بە وەرچەرخان کردو کاریگەرێتییە دەرەکییەکانیان لەسەر ئەدەب فەرامۆشکردو بە دوای خۆیدا زاراوەکانی وەك ئەدەب بۆ ئەدەبو هونەر بۆ هونەری هێنا، بەڵام وەك شێوازێکی جیاواز بەردەوامیی خۆی پاراست.

**ئەدەبی پرۆلیتاریی:**

یەکێك لەو هۆکارانەی کە وایانکرد چاو لە پۆلێنکردنی ئەدەب بپۆشرێو لە ئێستەدا ئەدەب بە رەگەزەکانی جیابکرێتەوە، پەیدابوونی جۆرێك لە ئەدەبی توندوتیژ بوو، کە ئەدەبی پرۆلیتارییش سەر بەو گرووپەیە.

ئەم جۆرە ئەدەبە لە ئەوروپای رۆژهەڵاتەوە سەریهەڵدا، خۆی تەرخانکرد بۆ گرنگیدان بە گرفتەکانی چینی کرێکارانو کێشەیان لەگەڵ خاوەن سەرمایەو خاوەنن موڵکەکاندا. هەوڵێ بوو بۆ بەستنەوەی بەرهەمی ئەدەبی، بە بەرهەمی دەستیەوە، ئەمەش کارێکی ئەوتۆی کرد ئەدەب مانا ئیستاتیکییەتی خۆی لە دەست بداو روو بکاتە دەقی سادەو راستەوخۆ.

جگە لەوەش ئەم رێچکە ئەدەبییە کەوتە کێشەی قووڵو ناوونـاتۆرە لێنانی هەر کارێکی ئەدەبیی تر کە گومانی ئینتیما نەبوونی بۆ کێشەی کرێکاریی لێبکرایە. ئەتوانین بڵێین: ئایدیۆلۆژیی بوونی ئەم رێچکەیە، وایکرد کە بخرێتە خانەی ئەدەبی پاشکۆوە کە دواتر باسی ئەکەین. هەر بۆیە ئەو ناوانەی سەر بەم رێچکەیە بوون، بەرهەمی زۆرینەیان شکستی هێناو تەنها ئەو بەشەیان نەمریی تۆمارکرد، کە لە ئەدەبدا جدییەتی پاراستو کارکردنی لە ناو بازنەی ئەدەبدا مایەوە.

**ئەدەبی تایبەت:**



ئەم جۆرەی ئەدەب هەموو ئەو دەقە ئەدەبییانە ئەگرێتەوە کە تایبەتن بە نەتەوەو نیشتمانەوە. هەوڵی ئەم جۆرە ئەدەبە جگە لەوەی کە بۆ گەیشتنەوەیە بە ئەدەبی گشتیی، لە ناوەرۆکیشدا هەوڵێکە بۆ هاندانی کۆمەڵە کەسانێك کە لە سنوورێکی جوگرافیی دیاریکراودا ئەژین، بۆ خۆشویستنی نەژادێ یان خاکێکی دیاریکراوو تایبەت ئەبێ بەو سنوورەوە. کەواتە چالاکییەکانی بەرتەنگنو لە تایبەتی بوونییەوە ناوەکەی خۆی وەرگرتووە.

ئەم جۆرە ئەدەبە لە سەدەکانی (18)و (19)و (20)ەوە سەریهەڵدا بە هۆی سەرهەڵدانی نەتەوەکانەوە لەو کاتانەداو بەرپابوونی ئەو جۆرە شۆڕشانە. هەڵبەتە بوونی کورد وەك نەتەوەو نەسەلماندنی مافەکانیو خوێنگەرایی دوژمنەکانی، کارێکی ئەوتۆی کرد کە ئەم ئەدەبە نەك تەنها دەربکەوێ، بەڵکو ببێتە پێشەنگو تەواوی جۆرەکانی تر قووتبداو بە چڕیی کاری بۆ بکرێو پەلوپۆی تری لێبکەوێتەوە. دوای پێگەیینی هەستی نەتەوایەتیو بەرەو پێشچوونی، ئیتر ئەدەبیاتی کوردیو بە تایبەتی شیعر، خەسڵەتە راستەقینەییەکانی ئەدەبیان فەرامۆشکردو وتارە سیاسییەکان بە زمانی ئەدەبیی دائەڕێژرانو ئەدەبییش بە هەمان نەفەسەوە سادەو سادەو سادەتر کرایەوە، بە ئەندازەیەك پێگەی ئەم ئەدەبە ئەوەندە بەهێز ببوو، کە کەسێکی تر نەیئەتوانی کاری جیاواز بکاو بە ئاراستەی پێچەوانەو رەشبینیو گیانی مقاوەمەت کوشتن تۆمەتبار ئەکرا. ئەم دیاردەیەش بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێك شاعیری کۆپیکراو لە چەند دەیەیەکی یەك بە دوا یەکدا هاتووی تەمەنی کورتی ئەدەبی کوردیدا سەرهەڵبدا. بە جۆرێ کە ئەدەبی هیچیان لەوی تر جیا نەئەکرایەوە.

**ئەدەبی پاشکۆ:**

بە گشتی و لە ئەدەبی کوردیدا، ئەدەبی تایبەت، ئەدەبی پاشکۆی بە دوای خۆیدا هێنا. داستانەکانی پێشمەرگەو قارەمانێتیی حزب و ئینتیما جیاوازەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەدەبێکی تر کە زیاتر بە ناو چینەکانی کۆمەڵدا شۆڕبووەوە، ئەویش بە هۆی ئینتیمای خەڵك و کێشە موزمینە ئایدیۆلۆژییەکانەوە.

ئەدەبی پاشکۆ: ئەو جۆرەیە کە فاکتەری ئایدیۆلۆژی یان بارێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت پێشڕەوییەتی ئەکاو لە دەرەوەی سیستەمی ئەدەبدایە، لای کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، وەك حەکایەتە میلییەکان و داستانە پڕ سەرکێشییەکان و گۆرانی و سروودو لەم بابەتە.

نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبییە، هەموو ئەو بابەتە دیارانەن کە لە یادەوەریی کورددایە، ئەم جۆرە هەموو بابەتە نووسراوو سەر زارەکییەکانیش ئەگرێتەوە، کە کەسانێك دەستیان هەبووە لە ڕێکخستن و داڕشتنەوەو شێوازی پەسەندکراوی گێڕانەوەدا.

**ژێر ئەدەب کەوتوو:**

لەگەڵ ئەم پەرەسەندن و پێشکەوتنەی ئەدەبی تایبەت و ئەدەبی پاشکۆدا– هەر ئەگەر ئەدەبی کوردیی بە نموونە وەربگرین– جۆرێکی تری کاری ئەدەبییش سەری هەڵدا، کە لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە کارە دژی ئایدیۆلۆژیا بوو، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا خۆشی ئەبووەوە بە ئایدیۆلۆژیا، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە سیفەتی بە پاشکۆ بوونیشی پێ نەبڕا، بەڵکو کەوتە ژێر ئەدەبەوە.



باشترین ناسینەوە بۆ ئەم جۆرەی ئەدەب ئەوەیە کە: هەر جۆرە ئەدەبێ نەگاتە پلەی ئەدەبگەرایی و خوێنەریشی بە هۆی چەند هۆکارێکی تایبەت بە ڕەوشی بەرهەمهێنانەوە هەبێ، وەك هۆکاری سیمبۆلی و ئابووری، ئەوە بابەتی ژێر ئەدەب کەوتووە.

هەر لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی ئەم جۆرەمان هەن، کە بابەتی تەرخانکراو بوون بۆ ڕەخنەگرتن لە ئایدیۆلۆژیاو دواتریش بۆ دژایەتی و رکەبەرێتیی، کە دەرئەنجام جۆرێکی تری لە ئایدیۆلۆژیایەك خستەوە، بەڵام نەبوو بە جۆرێ لە ئەدەب. ئەم نموونەیە تەنها لە ئەدەبی کوردیدا نییە، بەڵکو لە خانەی جۆرەکانی ئەدەبدا، بەو جۆرە پۆلێن ئەکرێ.

## ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکانی فەنتازیای جەنگ

قەسیدەی (فەنتازیای جەنگ)[1] لە داماڵینی بەرگی ئاشتی لە (ئاوات ئەحمەد)ی شاعیر کەوتووەتەوە، لە ژێر کاریگەریی دەروونیی ئەوتۆدا تێبینییەکانی ڕەشنووس کردوون، کە هەڵچوونێکی لە ڕادەبەدەر جیهانبینیی لێ تەسك کردووەتەوەو لە شەڕ ڕائەمێنێ.

ئاوات فەنتازیای جەنگی لەو کاتەدا نووسیوە کە شەڕ نەك هەر لە پێشبینیکردندا نەبوو، بەڵکو ئامادەبوونیشی هەبوو، لەو کاتانەدایە کە هەم شەڕو هەم ئاسەواریشی ڕۆشنتر دەرئەکەوێ (شەڕی ناوخۆ).

هەرچەند شاعیر مەبەستی نەبووە، دەقەکە بە هیچ جۆرە شەڕێکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە، بەڵام لە دەقەکەدا کۆمەڵە دەلالەتێ هەن کە ناکرێ پشتگوێ بخرێن و بە ئاشکرا سیمای شەڕی ناوخۆ دەرئەخەن.

مێژووی شکستهێنانی خۆشەویستی و ئەم نارسیسەی شاعیر -کاتێ کە لیبیدۆ دەرئەنجامی دووچاربوونی بە مەترسی لە دەرەوەی خوددا ئەگاتەوە بە ئامانجە سەرەکییەکەی کە خودە - هاوزەمانە لەگەڵ ڕۆژانی

---

1-قەسیدەی (فەنتازیای جەنگ)، کوردستانی نوێ، ژمارە ....



دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆدا- زەمینەی فەنتازیای مادده سایکۆلۆژییەکە ئەیڕەخسێنێ، شەڕیش بێبەری نییە لە ئاسەوار جێهێشتن لەسەر دەروونی مرۆڤ، شەڕی ناوخۆش وەك ئەو (8000) هەشت هەزار شەڕەی کە توانراوە بژمێردرێ وایە[2]، بۆیە فەنتازیای جەنگ سەرکەوتووانە کاری خۆی کردووە.

### بەشی یەکەم-شەڕ:

لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوانییەوە جیاوازی هەیە لە نێوان جەنگ و شەڕدا.. شەڕ جەنگە، واتا سەرەکییەکەی خۆی ئەبێتە ئاوەڵناو (صفە)یش بۆ دەلالەت کردن لە هەندێ حاڵەتی دەروونی، کەچی جەنگ تاك واتایە[3].

لەم جیاکارییەدا یەکێ لە هێماکانی دەقەکە ئەبینینەوە بۆ شەڕی ناوخۆ.. ناونیشانی دەقەکە (فەنتازیای جەنگ)ـە، کەچی لە سەرلەبەری شیعرەکەدا شەڕ بەکارهاتووە، دیارە لە بەکارهێنانی شەڕدا زۆرتر واتا سەرەکییەکە ڕەچاوکراوە، بەو پێیەی شەڕە ناوخۆییەکان لە خانەی شەڕدا پۆلێن- تصنیف- ئەکرێ، بە پێچەوانەی شەڕی نێوان دوو دەوڵەتەوە، کە لە هەموو ڕووەکانییەوە فراوانترە.

---

2-هذه هي الحرب، غاستون بوتول، ترجمة: مروان القنواتي، ط1، 1981.

3-جەنگ فارسییەو لە کوردیدا مانای "معرکە" ئەگەیەنێ لە زمانی عەرەبییشدا زاراوەی (حرب)ـ بەرامبەری مانای ، بەڵام لە کوردیدا بە تێکەڵ و پێکەڵی جەنگ و شەڕ هەڕەمەکییانە بەکارهاتووە، کە هەندێ جار نزیکبووەتەوە لەوەی واتای سەربەخۆیان هەبێ، لەم قەسیدەیەدا ئیشارەتێك بۆ نەبەردیی- جەنگ- (معرکة) نییە، تەنها (حرب) نەبێ، جەنگ بۆ شەڕی گەورەی دەوڵەتان بەکاردێ و شەڕیش لە دەستەویەخەیەکەوە، تا شەڕێکی ناوخۆیی.

شەڕ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.. دیاردەیەکی چاولێکراو (تقلیدی)ی ئەوتۆیە کە ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا. ڕاهاتنێکی دەروونییە هەر لە منداڵییەوە- بە دیدێك- سیستمی خۆی هەیەو هاوسەنگیی تێدا سەپێنراو نییە، بە پێناسێ کورتی ئەکەینەوە:

شەڕ شێوازێکە لە بەکارهێنانی توندوتیژیی و تایبەتمەندێتیی خۆی لەوەدایە ئەو کەسانەی پێی هەڵئەسن، بە شێوازێکی ڕێك و پوخت ئەیکەن و نەخشەی بۆ دائەڕێژن، جگە لەمەش لە ڕووی کات و شوێنەوە دیاریکراوە. ملکەچی یاساو ڕێسای تایبەتە، کە بە پێی شوێن و ماوە جیاوازەکانی ئەگۆڕێ و هاوچەشنیی ئەچێتە شوێنی، خوێنگەرییەو وەچە ئەفەوتێنێ، کاتێ بەم شێوەیە ڕێڕەوی لە ناوبردنی مرۆڤایەتی نەگرێ، ئەبێتە کێشەو کردەی هەڕەشە گۆڕینەوەو ئاگادارکردنەوەو لەم بابەتە.. لەبەر ئەوە (شەڕی سارد) شەڕ نییە. (ه.س).

شەڕ بەو شێوە بەربلاوەی و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە فەرمانڕەواکانەوە، دیاردەیەکە هەموو فەیلەسووفەکان و کتێبە ئاسمانییەکانیش لە بارەیەوە دواون، بۆیە ئەو ڕایانەی لە سەری کەڵەکە ئەبن، یەك ئاراستە نین، لەم بارەیەوە ئەم سێ ڕایە بە ڕوونی ئەبینرێن:

1- مەزهەبییەکان:

هەموو شەڕێ ئەگێڕنەوە بۆ فەرمانی خواوەندو هیچ شتێ بە بێ فەرمانی ئەو بڕیاری لەسەر نادرێ، کەواتە شەڕ لە هەموو ئیرادەیەکی مرۆڤ دوور ئەخەنەوەو لە پێناوی خوادا ئەجەنگن[1].

---

1-ئەمانەش دابەشدەبن بەسەر چەند جۆرێکداو لە ناویاندا لاهوتی مەسیحی، بە هەموو شێوەیەك توندوتیژییان ڕەتکردووەتەوە، هەر ئامانجێکی بووبێت.



2- ئەوانەی شەڕ ڕەت ئەکەنەوە:

لەسەر ئەو بنچینەیەی کە شەڕ ئەتوانێ ژیاریی مرۆڤایەتی لەناوببا.. لە ڕووی چەندی و جۆرەوە گرێ دەروونییەکان لە شەڕدا ڕوو لە زیادبوون ئەکەن، ڕێگەگریی بەردەم پێشکەوتن و پێکەوە ژیان و ئاشتیی هەمیشەییە کە لە سێبەریاندا، مرۆڤایەتی ئەتوانێ دەستەوستان نەبێ لە ئاستی پرسە جەوهەرییەکاندا.

3- بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی شەڕ:

بەو دیدەی کە بە شەڕ مرۆڤ ژیاریی نوێی ڕێگەی خۆی ئەبڕێ، واتا شێوەیەکە لە شێوەی گۆڕانکارییە خێراکان (ه.س). بەم پێیە کۆمەڵگا داخراوەکان لە ڕێگەی شەڕی چارەنووسسازەوە ئەتوانن دەرگا لە ڕووی خۆیان بکەنەوە- یان ئەکرێتەوە-.

چاوی شاعیر لەم دەقەدا بووەتە کامێراو فۆبیای خۆشی، شەڕی لێ کردووەتە گیانەوەرێکی زەبەللاحی چەند دەست و چەند سەر، ئەیپەڕژێتە سەر هەموو شوێنێ، ئەو گیانەوەرە هێند تۆقێنەرو سامناکە، شاعیری ماسۆشیانە دوای خۆی خستووە. لەوێدا ئەبینین کە شاعیر شەڕ ڕەت ئەکاتەوەو سەر بەو گروپەیەو شەڕ بە خۆسەپێنەری سەر ئیرادەو سەربەستیی مرۆڤ ئەناسێ.

هەرچەندە ئاوات شەڕ بێهودە ئەبینێ، ئەویش لەبەر ئەوەی دووی ئەو گیانەوەرە کەوتووە کە چۆن شتەکان خاپوور ئەکا.. لەگەڵ ئەوەشدا خودی خۆی لەبەردەم مەترسییەکی ڕاستەقینەدا نابینێتەوە، بەڵکو دڵنیایی لێ ئاوا ئەبێ- بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم باسە-.

دڵەڕاوكێیەكی تووش ئەبێ بە هۆی باڵادەستیی گیانەوەرەكەوە، لەوێدا بە هۆی دڵەڕاوكێكەیەوە، هەروەها لە چاوەڕوانكردن و پێشبینیكردنی ئەو هێزەوە كە لە بەلای شەڕی لائەدا، زیادەڕۆیی- افراط- لە خستنەگەڕی گیانەوەرەكەدا ئەكاو سیما سادییەكانی خۆی بەسەردا ئەشكێنێتەوە- اسقاط-.

بەم شێوەیە هەم مەیلە غەریزییەكەی خۆی تێرئەكا، هەم جارێكی تریش ئەكەوێتە ژێر مەترسیی بابەتەكە، كە فرۆم ئەمە بە رێچكەی پاوانخوازیی ئەناسێ[1] و فرۆیدیش بە (دابەشبوونی من-انقسام الأنا) لە پرۆسیسی بەرگری لە خۆ كردندا[2] بەو دیدەی كە ئەم لە سەرێكەوە تەنها چاوەڕوانی دڵنیایی پاراستن لە بەشەڕهاتووەكان ئەكاو لە بەشەڕهاتنیاندا ون ئەبێ، لە سەرێكی تریشەوە پێشبینیكردنی ئەو دڵنیایی پاراستنە یەكسان ئەبێتەوە بە خۆپاراستن، بەواتا پێشترو ئێستەش دڵنیایی لە ژێر ركێفی بەشەڕهاتووكاندایە، كاتێ ئەتوانن ئارامیی ئەم بپارێزن، خۆشی پارێزراو بووە، كە دڵنیایی ون بێو مەترسیی راستەقینەش بۆ سەر خودی خۆی لە ئارادا نەبێ- تەنها وەڕسكردن نەبێ- ئەوە ئەوكات بە شەڕهاتووەكان تەنها ئارامییان شێواندووەو خۆی هەر لە پارێزراویدایە. بەم لێكدانەوەیە (من) ئەكەوێتە بەر هانابردن لە لایەكەوەو لە لایەكی تریشەوە، دەرئەنجامی شەڕو ئاسەوارەكانی بەرەنگاریی بەشەڕهاتووەكان ئەبێتەوە.

---

1-الخوف من الحرية، اريك فروم، ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، ط1، 1972.

2-أفكار لأزمنة الحرب-الموت، انقسام الأنا في العملية الدفاعية، سيغموند فرويد، ترمة: سمير كرم، ط3، 1986.



**دەرئەنجامە سایكۆلۆژییەكانی شەڕ**: پاش كۆتاییهاتنی شەڕ روونتر دەرئەكەون. بە مانایەك شعوری براوەو دۆڕاو وەك یەك نابێ، ئەمە بە نیسبەتی بەشەڕهاتووەكانەوە، بەڵام بە لای خەڵكی ترەوە، ئەبینین هەر لەگەڵ كۆتاییهاتنی شەڕدا خۆشییەكی كتوپڕ ئەكەوێتەوە، ئەركە سەربازییەكان كەم ئەبێتەوەو مەترسیی لەناوچوون نامێنێ، بەڵام ئەم دڵخۆشییە بەردەوام نابێ بە هۆی گەڕانەوە بۆ سەر ئەوویرانكارییەی كە شەڕ لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی[1].. ئاوەدانكردنەوەو چاوخشاندنەوە بە ژێرخانی ئابووریو هەستكردن بە دابڕانو خۆشەویست لەدەستدان، ئەو خۆشییە ئەگۆڕن، بە چەند دیوێكی تری وەك هەستكردن بە پڕوپووچی، خۆ ئامادەكردنەوە بۆ بەرەنگارییەكی تری دوژمنان، خۆ گورجكردنەوە بۆ بنیاتنانەوەو لەم بابەتە.

باری دەروونیی شەڕكەر چەند حاڵەتێك وەرئەگرێ لەوانە:

1-هەستكردن بە قارەمانێتیو خۆشییەك كە یەكسان ئەبێتەوە بە ئۆرجازم، لە كۆتاییهاتنی شەڕدا بەوەی لەسەر كێشیەیەكی گەورە رزگاری بووەو نەكوژراوە، فلاشباكەكان موعجیزەی رزگاربوونی ئەو حاڵەتە دەروونییەی ئەخولقێنن.

2-لە شەڕداو لە ژێر ئەو مەترسییە كوشندەیەدا شەڕكەر تووشی دەمارگیریی شەڕ ئەبێ (من) پارێزگاری لە خۆی ئەكا دژ بە هەر مەترسییەكی دەرەوە كە هەڕەشەی لێ بكا، كە بە هۆی (من)ی تازەی

---

1-هذه هي الحرب.

شەڕکەرییەوە دێتەگۆڕێ.. بەو شێوەیە راکردنو هەڵاتنو پەنابردنە بەر دەمارگیریی سەدمە بە باشترین خۆپاراستن ئەزانێ[2].

3-بە هۆی بینینی کوشتو کوشتاری زۆرەوە کە وەك فیلمێ:

یادگەی نیشانی ئەداتەوە -بە تایبەت لە کوژرانی هاوسەنگەرانی- ماناکانی ژیانی لا کاڵ ئەبێتەوە کە هەندێ جار ئەبێتە هۆی رەشبینیو گرمۆڵەکردنی خودو چەق بەستنەوە لە ناوەوە.

ئەم بارە دەروونییانە لە دەقەکەدا بە شاراوەیی هەنو پێویست بە کەشف کردنیان ئەکا.

جێی سەرنجە جۆرە هاوڕێکیی- ترتیب-ێ لە ریتمی دەروونیی نێوان ئەم تێکستەو تێکستێکی هێرمان هیسەدا ئەبینمەوە، کە سەرباری جیاوازیی لە موفرەداتو ئاخاوتنو پێشکەشکردنی بابەتیشدا سەرنجەکەم لا گەلاڵە بووە.

هێرمان هیسە لە چیرۆکی (چەند هەواڵێکی سەیر، لە ئەستێرەیەکی ترەوە)دا ئەڵێ:

(شەڕ هەڵەی هیچ کەسێ نییە، لە خۆیەوە روودەدا، وەك گەردەلوولو بروسکە، ئێمەین ئەچینە شەڕەوە، ئێمە نین کە هەڵمانگیرساندبێ، ئێمە هیچ نین قوربانییەکانی نەبێ)[3]. ئەم شەڕ بە کردەی کەس نابینێتەوە، بە پێچەوانەی شاعیرەوە کە ئۆباڵەکەی ئەخاتە ئەستۆی کەسێکەوە.. پێموایە رووی جیاواز لە بیرۆکەکەدا تەنها ئەم خاڵەیە.. ئەگینا ئەتوانین لە رووە

---

2-أفكار لأزمنة الحرب،الموت، التحليل النفسي،أعصبة الحرب، سيغموند فرويد، ترجمة: سمير كرم، ط3، 1986.

3-احلام الناي، أنباء عجيبة من نجم آخر، هيرمان هيسة، ترجمة: فؤاد كامل، ط3، 1986.



سایکۆلۆژییەکەوە خودەکانیش وەك یەك ببینینەوە.. بۆیە هەندێ جار لام نەبوون بە تەواوکەری یەکدی.

## بەشی دووەم-ناونیشان:

## فەنتازیای جەنگ

زاراوەی (فەنتازیا) بە شێوەیەکی باو بە ناو کۆمەڵگە شارنشینەکاندا پەرشبووەتەوە، بە گەلێ دیاردەو پرۆسێسو پرۆژەو هەڵسوکەوتەوە ئەلکێنرێ، بەو پێیەی گوزارشتێکی نوێی لێ بکەوێتەوە، وەك جووڵەی فەنتازی، جلوبەرگو قسەو شانۆی فەنتازیو ..هتد.

لە روانینی خێرا بۆ رووکاری دەرەوەی فەنتازیا، پێناسینێکی گشتگیری ئەبینینەوە بەوەی کە بۆ خۆی سنوور بەزاندنی کارە سروشتیو لۆژیکیەکانە، بەواتا بە مەئلوف کردنی نا مەئلوفەکان.. پێدانی سروشتی شازە بە شتەکان، بونیادنانەوەیەکی نوێیە لە کەرەستەو ئامرازە سواوەکان، بە شێوەیەکی جیاواز لە پێشوو، سەرنج راکێشو رێکخراوتر، بەڵام داخۆ ئەم ناسینە سەرپێییە، چۆن ئەکرێ بە بەری داهێنانە ئەدەبییەکانداو چەندی لەگەڵدا وێکدێتەوە..؟ ئەدەبی فەنتازی ئەو رایەی لەسەر هەیە کە بە ئاگای تەواوەوە بە دەست نەهاتووە، بەواتای ئەوەی فەنتازیا مەسەلەیەکی بێ ئاگاییەو کۆنترۆڵ ناکرێ، بە تەواویی کەسێتییەو بەرهەمەکانیشی یەکێتییو گشتگیرییو هاوسەنگیی کەمە، زۆربەی کارە فەنتازییەکان لە

پەلوپۆ دەرهاویشتن و پەرتبوونی بابەت و دەرئەنجامە نائارامەکان شێوەیان دێتە بەرهەم، هەروەك فەنتازیا هۆیەکە بۆ خستنەڕووی مادەی بێ ئاگایی و شیکردنەوەی.

فەنتازیا لە جیهانی مرۆڤ دانەبڕاوەو هەڵاتن نییە لە واقیع، بەڵکو شۆڕبوونەوەیە پێیدا، لەبەرئەوە جیاوازیشە لە چیرۆکە ئەفسانەیی و ئەفسوناویی و پاڵەوانێتییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بڕوا پێهێنانی بەسەر خوێنەریدا نەسەپێنراوە، هەرچەندە گوزارشت لێکردنیشی بە وشەی ئاسایی ناکرێ، بە تایبەت کە بۆ خۆی جیاوازیشە لەگەڵ (مەجاز)دا، لەو روانگەیەوە کە هۆیەك نییە بیگەڕێنێتەوە بە مانا ئەسڵییەکەی، بە پێچەوانەی مەجازەوە کە بەهۆیەوە ئەتوانرێ شتێ بە شتێکی تر ببینرێ.

فەنتازیا هۆیەکیشە بۆ رزگاربوون لەو ترس و چەپاندنە بەردەوام و وێنەو چەمکە باوانەی لە جیهانی مرۆڤدا هەن، چارەسازی گرفتەکان نییە بە قەدەر ئەوەی مەیلی هەڵاوساندن و گەورەکردنیانی هەیە[1]. بەم شێوەیە ئەدەبی فانتازی جۆرێکی جیاوازە لە تەواوی رێچکەو رێبازە ئەدەبییەکانی تر، لە پانتاییەکی تایبەتدا کار ئەکا و سەلیقەی نووسەری فانتازییش کارەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەرجەستە ئەکا.

شێوازی کارکردنی نووسەر لە (فەنتازیای جەنگ)دا فەنتازییە، تیایدا ئەگاتە قووڵایی- وەك لە بەشی پاش دەقەکەوە باسی ئەکەین- کارکردن بەم شێوازەش پێویست بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای خۆی ئەکا، ئەوەی گرنگە بوترێ بەکارهێنانی زاراوەکەیە- فەنتازیا-، لە هیچ بارێکدا لکاندنی بە دەقێکەوە کە لەو پانتاییەدا ئەسووڕێتەوە، ناکاتە ئەوەی بەرەو لای خۆی بە

---

1-أدب الفنتازيا، ت.ي.أبتر، ترجمة: صبار سعدون السعدون، ط1، 1991.



کێشی بکا، بە قەدەر ئەوەی بەکارهێنانیشی نەك هەر لە خزمەتی دەقەکەدا نییە، بەڵکو ئەم زیادەکارییانەش بە دووی خۆیدا ئەهێنێ، کە نەبوونیان چاکترە:

1-پێناسەکردنی سروشتی کاری نووسەر و هەڵماڵینی رووی تەکنیکی کارکردن، کە هەر لە سەرەتاوە- سەرەتای بەرچاوکەوتن- ئاسانە لە خۆ بەدەستەوەداندا.

2-کارکردن لە رووکەشدا- بە ئەندازەیەك-و دوورکەوتنەوە لە کاری جۆرگەرا.

3-لە کاتی جیاوازیی دەلالەتی سروشتی کار و زاراوەکەدا- تەریب بوونی شێواز و زاراوەکە دروست ئەبێ-.

4-لە پێکهێنانی تۆپۆگرافیای دەقەکەدا، دروستبوونی چەقێ کە سەرنجی لەسەر کۆئەبێتەوە.

بەم شێوەیە دەقێکی ئەبستراکت، چەند بەسەر خوێنەری خۆیدا خۆئەسەپێنێ کە بە خێراییەکی دیاریکراو بە ئاگاییەکی روونەوە بگاتە ئامانجی، هەر بەو شێوەیەش ئاگای نووسەرێکی لەم شێوەیە بەشداریی ئەکا لە خێراکردن و هاوتەوژمیی لەگەڵ ئەودا، بەڵام فەنتازیای جەنگ بەو ئاراستەیەدا ناڕوا کە خوێنەری خۆی بگەیەنێتە یەقینێکی تەواو بەوەی مەرجی هەبێ لە دروستکردنی زەوقی ئیستاتیکیی، یان بەواتایەکی تر خۆی فەنتازیانە پێشکەش بکا.

دیارە ئەم جیاوازییەش ئەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرێکی سەرەکی لە تەواوی ئەو خۆ پێ ناساندنەی دەقەکە ئەیخاتە روو، هەر لە سەرەتاوە- لە ناونیشانەوە- زاراوەی فەنتازیا قوت ئەبێتەوەو سەرنجمان رائەکێشێ. خۆ

دەرهاویشتنی زاراوەکە لە ناونیشانەوە بووەتە زیادەکاری، بەڵام ئەو سێ ڕێگە کارکردنەی ئەکەوێتە پشتییەوە زیادەکارییەکەی شاردووەتەوە:

1-کەوتنەوەی مەدلوولی جیاوازو سەربەخۆ لە هەردوو دالی (فەنتازیا+جەنگ) هەروەها لە پێکەوە لکاندنیان بە یەکەوە-فەنتازیای جەنگ-.

2-داڕشتنی دەق بە شێوازی واقعیو دوور لە هەر ڕتووش کردنێ- بە شێوەیەك هەندێ جار شێوەی فۆتۆکردن وەرئەگرێ- بە بەکارهێنانی هەندێ وێنەی مەجازییەوە-. تا ئەگاتە ئەوەی خوێنەر وەزیفەکەی ئەبێتە تەماشاکەر-متفرج-. هەرچەندە شاعیر لە دۆزینەوەی شتەکانو هەندێ لە شتەکان، هەموو خەڵكو بەشێ لە خەڵك، ئەو پەیوەندیو لێکچوونانەی لە نێوانیاندایە وردەکاریی بەکارهێناوە کە ئەم باسە نایگرێتەوە.

3-لە بونیادی دەقەکەدا شاعیر ڕووبەڕووی بوونەوەرێکی فەنتازیمان ئەکاتەوە، کە تەنها ئەتوانین بە شێوەی خۆیو سیفەتەکانی خۆیدا بیناسینەوە، هەروەك هەڵگری تەواوی مقەوماتە فەنتازییەکانیەتی.

قەسیدەی (فەنتازیای جەنگ) دەرکەوتەی ئەم سێ ڕێگەیەیە.. بۆیە پەیبردن بەم میتۆدەی شاعیر، پەیبردنە بە تەواوی دەقەکەو ئەو ئاژاوە ئەخلاقییەی کە شەڕ جڵەوی بۆ شل ئەکا، لە کاتێکدا بەو هەموو تەوکیدە لەفزییەوە شەڕ ئەخاتە بەردەم دەستەوسانیی عەقڵو ئەیگێڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ، بە شێوەیەك کە غەریزەکانی بۆ دابین ناکرێو بە هۆی سروشتی شەڕەوە کە سەرنجڕاکێشو خرۆشێنەرە، لە ئەزموونە بەردەوامەکانیدا کارەسات ئەخاتەوە.



ئەوەی لەو سێ ڕێگەیەدا پەیوەندیی بە ناونیشانی دەقەکەوە هەیە، ڕێگەی یەکەمە.. لەوەدا کە هەریەك لەو سێ دالەی ناونیشان دابەش ئەبن بەسەر مەدلوولی جۆراوجۆرداو هەر دانەیەکیان چەند واتایەکی جیاواز ئەدەن بە ئێمەو پێشتریش بە دەقەکەیان بەخشیوە.

أ-فەنتازیا:

هەروەك بە ناونیشانەکەشەوە دیارە، ئەم زاراوەیە تەنها بۆ خۆ کەشفکردن نییە، لە دووی خەیاڵکەوتنی شاعیردا، چەند ڕەهەندێکی ئەم زاراوەیە دەرئەکەوێ، هەروەك وەزیفەکانیشی یەك نییە:

1-فەنتازیای شیعری.

2-فەنتازیای هۆیەکانی جەنگین-عوامل الأقتتال-.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو ئامرازانەی لە جەنگدا بەکارئەهێنرێن، چ جۆرە سەمەرەیی (غرابة)یەکیان تێدا نییە، بە بەشداریکردنی کۆمپیوتەریشەوە لە شەڕدا- شەڕێ کەوڵاتە پێشکەوتووەکان لە خۆ بۆ ئامادەکردنیدا پێشبڕکێ لەسەر جۆرو تازەگەرێتییو هێزو توانای کوشتاری ئەکەن-، کەچی لای شاعیر ئەم تەکنۆلۆژیستییە بە شتی سەرسوڕهێنەرو مایەی ترسو فۆبیا ئەکەوێتەوە.. گرنگترین هۆکاری لەو تۆقینو بێ دەسەڵاتییەی خۆیدا خۆی حەشارداوە کە لە جیهانی دەرەوەیدا ئەبینێ، چۆن هۆیەکانی تەکنۆلۆژیا لە بریی ئەوەی ڕێچکە شەڕانێتییەکانی مرۆڤ ریشەکێش بکەن، بۆ ریشەکێشکردنی مرۆڤ خۆی ئەخرێتە گەڕ. لە کاتێکدا خۆی دەستەوسانەو جگە لەوەی وەك بەنگ کێشێ بە چواردەوری خۆیدا ئەڕوانێ، چ شتێکی لە ئاست ئەو هەموو ئارەزووە شەڕانگێزانەدا پێ ناکرێ. ئەمە لە لایەكو هۆکارێکی خۆ پێچواندن (تقمص)ـی مێژوویی لە لایەکی ترەوە غەرابەتی

ئەو هۆی شەڕانە دەرئەخەن. لە خوێندنەوەی دەقەکەدا- بەشی چوارەم- ئەبینین شاعیر لە زۆر شوێندا درکی حسیی ئەو ئاسەوارە جیاوازانەی شەڕ ئەبینێ، کە لە شەڕێکی پێش خۆی ناچێ-. ئەو شەڕە پێشینانەی کە خەمی مرۆڤی سەرەتایی بوون، بەوەش ئەگەینە ئەو راستییە کە بزانین:

یەکەم: شاعیر ئەو موفرەدانەی بەکارهێناوە کە زادەی پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤن و بە هۆی شەڕەوە زەرەرمەند ئەبن.. هەندێ جاری تریش ئەمانباتەوە پەرێزی بەرایی ژیان، کەواتە دوورکەوتنەوەیەك لە نێوانی شتە بەرهەمهاتووەکان و ئێمەی بەراییدا دروست ئەبێ بە هۆی ئەوەوە، کە پاڵنەرە شەڕەنگێزییەکانمان ئەیفەوتێنێ. هەمووشی لەو خاڵەدا کۆئەبێتەوە (ئێمە بەرهەممان نەهێناون).

دووەم: ئێمە بەرهەممان نەهێناون، بەڵام توانیومانە هەمانبێ، بە هۆی شەڕیشەوە لە دەستی ئەدەینەوە. ئێمە کێین..؟

ئێمەی سەر خاکێ کە پەیوەندیی خوێن و زمان پێکەوەی بەستووین و هێزی خۆپاراستنیشمان دروستبوو- لە راپەڕیندا-[1].

ئەو سێ سیمایەمان بەسە بۆ ئەوەی خاوەنی ئیرادەی خۆمان بین. کەچی نەك هەر سەر بە کۆمەڵگای دەوڵەتە دواکەوتووەکانی دنیا نین، بەڵکو خۆشمان مەیلی خۆ دووبارە کردنەوەو گەڕانەوەمان بۆ رابردوو هەیە، کە غەریزەی شەڕەنگێزیمان رۆڵی گرنگی تیا بینیوە، ئێستەشمان خاوەنی بەرهەمهێنان و تێڕامانی دیاردەی شارستانی نییە.

1-تأريخ القانون، منذر الشاوي؛ د.حميد الساعدي لە (مبادئ القانون الدستوري) دا (گەلو ناوچەو دەسەلات) بە بنەماکانی دەوڵەت دادەنێن.



لەگەڵ زانینی ئەم دوو بەراییەدا لەوە تێئەگەین کە چۆن شەڕ گرفتی چ کەسێ نییە هۆشیاریێ نەبێ، ئەو کاتەی خۆی لە کەسێتیی مرۆڤێکی بەراییدا ئەبینێتەوە. ئەو مرۆڤە بەراییەی کە لە لاشعوریدا ئەژی و بە هەمان مەعریفەوە هەڵئەستێتەوە سەرپێیان.

کەواتە لەو دیدەوە- دیدی مرۆڤی پێش مێژوو- (ماشێن، فڕۆکە، چەك، تۆپ، هەموو ژیارییە نوێکان لە هۆی جەنگین)دا، ئەمانە شتێکن خەیاڵیش زەفەریان پێ نابا. بە واتە بەو دیدەوە لە شەڕی ئێستەی تەکنۆلۆژیا رائەمێنێ.

سێیەم-ئەتوانین دیسانەوە لەبەرچاوگرتنی مرۆڤی بەرایی و دونیای نوێ و پێشکەوتنی شێوازی شەڕکردن+ ئەو ئاسەوارەی شەڕ پاش خۆی جێی ئەهێڵێ، بە کردەی فەنتازیای بینینەوە.

ب-جەنگ:

دیارە شاعیر ویستوویەتی مەبەستی جەنگێکی دیاریکراو نەبێ، نە لە رووی لایەنەکان و نە لە رووی جۆریشەوە، هەروەك مەبەستی چەندێتیی و چۆنێتیی نییە.

فرۆید لە وەڵامێکدا بۆ پرۆفیسۆر ئاینشتاین ئەڵێ: تیۆرە -لەم شێوە - میتۆلۆژییەکەمان لە غەریزەکاندا، وامان لێ ئەکا دۆزینەوەی هۆیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ رێ لە شەڕ گرتن ئاسان رێك بخرێ. ئەگەر ئامادەسازیی بۆ شەڕکردن بە هۆی کاریگەرێتیی غەریزە وێرانکەرەکانەوە بێ، رۆشنترین پلان بۆ ئەوەی دژی کاربکا خۆشەویستیی (ئیرۆس) چاندنە[1].

1-أفكار لأزمنة اخرى، لماذا الحرب، فرويد.

لەم رووەوە دەقەکەش لە هەوڵی دەرخستنی رووە دزێوەکانی شەڕدایە.. شەڕی گەیاندووەتە هەموو سووچ و قوژبنێ، زۆر شەڕیشی خزاندووەتە ناو دەقەکەوە:

1-جەنگی دوو گرووپ- دوو ئایدیۆلۆژیا- دوو بەرژەوەندیی- جیاواز.

ئەمانە لایەنە پەیوەندییەکانی شەڕن.. کێشەکان راستەوخۆ لە نێوانیاندا هەڵئەئاوسێ و ئەگاتە سنوورەکانی تەقینەوە.. ئەو ئافاتانەی روو ئەکاتە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی، ئەمە چاوگەکەیەتی.

2-جەنگی خەڵکانی مەدەنی:

ئەم جەنگە ناڕاستەوخۆیە کە زۆربەی ژیانی خەڵکانی دەرەوەی بازنەی شەڕ ئەگرێتەوە، پەلوپۆی لێ ئەبێتەوە، دابەشیش ئەبێ بەسەر جۆری شەڕی فەرمانڕەوا- هەرچەندە دەقەکە گرنگیی بەم جیاکارییە نەداوە- لە شەڕی رەوادا (الحروب العادلە) خەڵکانی مەدەنی جگە لەو هەوڵە بە تەوژمانەیان کە ئەیدەن لە پێناوی سەندنەوەی حەقێکداو پشتگیریی تەواوی شەڕکەرانیان ئەکەن، لەگەڵ پرۆسیسی شەڕیشدا بەشەڕ دێنەوە کاتێ بەسەر وێرانکاری و کۆستکەوتن و دواکەوتنیاندا ئەکەون.. سەرباری ئەم دوو جەنگە لە شەڕی ناڕەوادا[2] پێشبینی شەڕی راستەوخۆش ئەکرێ لەگەڵ دەسەڵاتدا- ئەگەر شێوەی راپەڕینیش لەخۆبگرێ-.

3-جەنگێ کە لە شەڕدا خودی شاعیری تێکەوتووە لەگەڵ مانا مرۆڤایەتییەکاندا، لەگەڵ ئەو ئافاتەدا کە رووی کردووەتە ئەم، لەگەڵ غەریزەکانی خۆیدا-غەریزەکانی ژیان و مردن-.

2-هەرچەندە جۆرو چۆنێتیی شەڕ دابەشبوونی فرە چەشنە، بەڵام لە شەڕی رەواو ناڕەوادا ئەو مەبەستەم هەبووە، بۆیە بە تایبەت باسمکردووە.



ج-فەنتازیای جەنگ:

ئەمە کە ناونیشانی دەقەکەیە لە واتا بەخشینی هەردوو دالەکەی وردبوونەتەوە، دیدمان رۆشنتر ئەکا بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ موفرەدات و واتاکانی ئەو پرسیارەی کە لێیان ئەکەوێتەوە.

جەنگ هەڵئەسێ بە کردەیەکی فەنتازی، ئەبێتە حەقیقەتێک و بناغەیەک پێک ئەهێنێ کە ناوەوەو دەرەوە، رابردووو داهاتوو ئەگرێتەوە، هەرچی بێتە سەر رێی خاپووری ئەکا، زەمینەی ئامادەبوونەوی خۆی قایمتر ئەکا، لەوانی پێش خۆی توندوتیژتر ئەبێ.

ئامادەبوونی ئەم جەنگە فەنتازییە، پێ بەپێی گۆڕانکاری و پێشکەوتن، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، شەڕە تەقلیدییەکانی پێش خۆی تێپەڕاندووە، باڵ بەسەر هەموو ئەو شوێنانەدا ئەکێشێ کە شەڕی تێدایەو چاو لە شوێنە ئارامەکان سوور ئەکاتەوە، (دەمارگیریی شەڕ) بە شێوازێکی نوێ ئەبەخشێتەوە، با بزانین چۆن خۆیمان پێشکەش ئەکا..؟

## بەشی سێیەم–دەق:
# فەنتازیای جەنگ

**ئاوات ئەحمەد**

1–شەڕ هات
2–لەسەر سووچی کۆڵانەکان ڕاوەستا
3–داوای ناسنامەی لە پێکەنین کرد کاتێ کە بێوازیی
4–ئەڕۆیی.
5–داوای کردنەوەی هەگبەی برسێتیی کرد کە دوو نانی
6–وشکی پێ بوو
7–دەرگای لەسەر (مناڵیی) کڵۆم دا
8–قوڕی هەڵسوو لە ڕۆشنایی
9–شەڕ ڕژاوەتە ناو شارو
10–لە نێوان دوو سێبەردا مین ئەچینێ
11–لە نێوانی دوو باخچەدا تەلی دڕکاوی ئەکاتە سنوور
12–لە نێوانی دوو مەمکدا
13–وێنەی پیاوی سەرهەڵگرتووی نەگەڕاوە– هەڵئەواسێ.
14–نەوت ئەڕێژێتە ژێر دارتووە ڕەشەکان
15–دەستی چەور ئەدا لە پەنجەرە خاوێنەکان
16–پەتی کۆلارە ئەپسێنێ



17–گەنمی ژاراویی بۆ قازە سپییەکان ڕۆئەکا. گاڵتە
18–بە قردێلەی کچان ئەکا
19–شەڕ هات
20–سەرکردە سادییەکان تەوقەیان لەگەڵ کرد.
21–شەڕ قەرەجە
22–خاڵ ئەکوتێ، خاڵ
23–لەسەر دەرگای ماڵانێ کە نزیکی شەقامن
24–لەسەر کریستاڵی فوارەیەك کە ئەچێتە گەڕەکی چیمەن.
25–لەسەر باڵای کالیپتۆسێ
26–کە سیبەرەکەی ئەکاتە قوتابییەکی نوستوو
27–لەسەر ڕوومەتی ئاییندە
28–شەڕ چووە جێ خەرمانو چەند پەڵە گەنمێکی بردو
29–ڕۆی. شەڕ چووە قاوشی زایینو چەند مناڵێکی بردو ڕۆی.
30–شەڕ چووە سەیرانگاکەو چەند کورسییەکی شکانو
31–ڕۆی. شەڕ چووە بازاڕو جۆرەکانی خواردنی کڕی
32–شەڕ چووە گۆڕستانو چەند دەستەیەك چاڵی قۆرخکرد.
33–شەڕ بە دزییەوە چووە ماڵەوە سەیری ئەلبوومی خێزانەکەی
34–کرد. شەڕ چووە قوتابخانەو گوێی بۆ وانەیەکی بیرکاری
35–شل کرد.
36–شەڕ فاڵچییە
37–ئەزانێ ئەو ماڵە ئەبێتە بارەگا
38–ئەزانێ ئەو مناڵە هەتیو ئەبێ

39-ئەزانێ ئەو مەلانە لە قەفەزی رقا ئەمردن
40-ئەو چەمانەش وشك ئەبنەوە
41-ئەزانێ ئەو کاتژمێرە میقات ناکرێ
42-ئەزانێ ئەو تابلۆیە هەڵناواسرێ
43-ئەزانێ ئەم باخچانە بە سووتان ئەمرن
44-ئەم دیوارانەش بە رووخان ئەمرن
45-ئەزانێ ئەو ژنە ئەبێتە سواڵکەر
46-ئەو مامۆستایەش
47-پیشەکەی ئەگۆڕێ بۆوتاردان.
48-شەڕ هات چووە سەر تەلەفزیۆن‌و قسەی زۆرکرد
49-لەسەر لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەش وتارێکی نووسی
50-لە پەیمانگای مامۆستایانیش وانەیەکی گوتەوە.
51-شەڕ دەستی درێژە
52-ئەگا بە بۆنی گوڵەباخ
53-بە سێبەری پاش نیوەڕۆش
54-ئەگا بە بریسکەی چاوی پشیلەو
55-بە پرچی کچۆڵەش.
56-ئەگا بە فەقیانەی کراسی پیرێژن.
57-شەڕ بەخت ئەخوێنێتەوە
58-بەختی شەقامێکی خوێندەوەو وتی تۆ ئەگەیتە عەمباری
59-تەقەمەنی- بەختی قوتابخانەیەکی خوێندەوەو وتی تۆ
60-ئەبیتە سەندیکای مرۆڤە بێ لاقەکان- بەختی گابەردێکی



61-خوێندەوەو هیچی نەوت-
62-بەختی سەرکردەیەکی خوێندەوەو وتی گۆڕەکەی تۆ
63-ئەکەوێتە ئەو دیوی سنووری خۆشەویستییەوە.
64-شەڕ شەقامی بێ ڕێبوارە
65-شەڕ رادیۆیە بە دەنگی بەرز
66-شەڕ جێمانی جانتای منداڵە لە ژووری پۆل
67-شەڕ پچڕانی جۆلانەیە
68-شەڕ شکانی قفڵی دوکانە
69-شەڕ گەڕانەوەی نامەیە بۆ خاوەنی یەکەمی
70-شەڕ دزەکردنە بۆ ناو دەفتەری یاداشت
71-شەڕ لێدانی دەرگای نیوەشەوە بە توندی
72-شەڕ ئامادەبوونی رادیۆیە لەسەر مێزی نان خواردن
73-شەڕ ژەنینی شمشاڵە بۆ سەبووریی بێوەژن..!
74-شەڕ کڕینی شیری منداڵە لە سەوزە فرۆش
75-شەڕ کڕینی تەقەمەنییە لە دەرمانخانە
76-شەڕ پێشمەرگەیە کاتێ ئەبێتە پۆلیس
77-شەڕ سەرکردەیە کاتێ ئەبێتە عەشماوی.
78-شەڕ هات
79-ترس دەستێ جلی پەڵەپەڵەی لەبەرکردو
80-کەوتە گەڕان لە ناو شارا
81-دڵنیایی لەودیوی خۆرئاواوە بزربوو.

## چوارەم-خوێندنەوەی تیکستەکە:

ئاشتیی هەمیشەیی، شەڕ کردی بە وەهم و پێناسی کرد، لە بری ئەوەی شاعیر فەنتازیای ئاشتی بنووسێتەوە ئەم دەقەی بەرهەمهێنا بە هۆی شەڕەوە.

ئەو دەلالەتانەی لە شیعرەکەدا لە بازنەی شەڕی ناوخۆدا ئەسووڕێنەوە، لەوێنەی جۆراوجۆرو هەڵچوونی جیاجیادا دەرئەکەون.

کە فەنتازیای ئاشتی بە گریمان وەرئەگرین شەڕە ناوخۆییەکانی گەلەکەمان بیردێتەوە، هەر لە شەڕی ئەمارەتەکانو دەستەگەریو خۆ وابەستەکردن بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە تا نزیکترین شەڕ بە زاکیرەی شاعیر کە شەڕی شاخی دوو لایەنە بە شەڕهاتووەکەی شەڕی ئێستەی شارە، هەموو شەڕەکانی پێشترو بەو شەڕی شاخەی ئەم دوو بەرەیەشەوە، هیچ کامێکیان زەمینەی شەڕکردنەکەی بە قەدەر ئەم شەڕە فراوان نەبووە، لەم شەڕی شارەدا، هەموو کەرەستە ژیارییەکان خرانە خزمەتی شەڕەوە. سەرباری ئەوە بە ئاشتییەك گەیشتن کە چ جۆرە ئاشتییەکیش بە ئەندازەی ئاشتیی پێش ئەم شەڕە زەمینەی لەبارو فراوانو شارستانی نەبووە. بۆیە ئەکرا پێشتر لەو ئاشتییە فەنتازییەوە چاوەڕوانی ئەم شەڕە فەنتازییە بکرایە.



گواستنەوەی شەڕ لە شاخەوە بۆ شار، شاعیری ناچارکردووە بە ئامرازەکانی ئیشارەتیان بداتێ. بە شێوەیەك لە خستنەگەڕی گیانەوەرەکەدا - شەڕ- موفرەداتە شارنشینیو+ شاخ نشینییەکانیش بەکارهاتوون (کۆڵان- شار- پەنجەرەی خاوێن- پەتی کۆلارە- قردێلەی کچان- ماڵانێ کە نزیکی شەقامن- فوارە- کالیپتۆس- رادیۆو تەلەفزیۆنو رۆژنامە- پەیمانگەی مامۆستایانو زۆر شتی تریش).

بە کورتی ئەتوانین بڵێین ئاشتیی مۆدێرن شەڕی مۆدێرنیشی لێ ئەکەوێتەوە، چوون لە بەکارهێنانی هۆکانی ئاشتیی مۆدێرندا جۆرە خراپییەکی بەکارهێنان هەبووە.

هەندێ لەو وێنانەی کە هێمان بۆ شەڕی ناوخۆ: لە دوو جێگەداو لە دوو وێنەی جیاواز رادیۆ بەکارهاتووە:

دێڕی (65) شەڕ رادیۆیە بە دەنگی بەرز

دێڕی (72) شەڕ ئامادەبوونی رادیۆیە لەسەر مێزی نانخواردن

رادیۆ هۆیەکی راگەیاندنە، تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەوەدا کە سنوورەکانی دەسەڵاتدارێتیی ئەبەزێنێ، ئەدوێ، سەرباری هەواڵی شەرگەو بەکارهێنانی راگەیاندنو دەنگی خۆ پێگەیاندن، ئامادەبوونی لە شەڕگەشدا هەیە، لە سەختترینو خوێناویترین کاتیشدا. لە کاتی شەڕداوا راهاتووین خودی شەڕی تێدا ئەبینینەوە-بە تایبەت کاتێ لە شەڕدا هەموو بەرنامەکان بۆ خزمەتکردنی شەڕو لەبەر خاتری ئەو رائەگیرێن-.

ئەکرێ- دیارە بە پێی دەقەکە- بەکارهێنانی رادیۆ بۆ چەند مەبەستێ بگێڕینەوە:

1-رادیۆ ئەتوانێ بگاتە شوێنە زۆر دوورەکانیش بۆ کارکردنە سەر ئاگای جەماوەری خۆی، (هەروەك لە قەیرانی بێ کارەبابیشدا سوودی لێوەرئەگرێ) لەگەڵ گرنگیی پێدەریشیدا کوناوکون ئەکاو ئەتوانێ لەسەر سفرەش هەر لەگەڵیدا بێ.

2-بیرخستنەوەی شەڕی شاخە.. ئەو کات کە بە نهێنی هەواڵی شەڕی شاخمان ئەبیستو لە شارەکاندا نەئەکرا دەنگی بەرز بکرێتەوە، بە تایبەت کە شاعیر خۆی لە شار بووەو تەنها بە کزی گوێی لە شەڕی شاخ- بە ناولێنانی کۆن شەڕی براکوژی- گرتووە. ئێستە لە گواستنەوەی شەڕدا بۆ شارەکان ئەکرێ بە ئاسانیو لە هەموو دوکانوماڵێکدا بە دەنگی بەرز گوێی لێ بگیرێ، هەروەك (دەنگی بەرز) هێماکردنیشە بۆ بە ئاشکرا راگەیاندنی شەڕی شار، واتا بە نهێنی بڕیارنەدانی پرۆسێسی شەڕ.

3-شاعیر لە حەقێکی خۆی ئەدوێ، کە وەڕس بوونیەتی بە دەست شەڕو دەنگە دەنگییەوە، چوون ئەگەر مەترسییەکان راستەوخۆ هەڕەشە لە خودی خۆشی نەکەن، بەم شێوەیە ئەبنە هۆی لەدەستدانی مافەکانی.. لە کاتێکدا ئەو رادیۆیە هەواڵی پێشبڕکێکردن لە سەرکەوتنەکان رائەگەیەنێ کە تیایدا هەزاران (من) لە پێناویدا خۆیان رەتئەکەنەوەو تیائەچن، بە هۆی ئاوێتەبوونیانەوە لەگەڵ موقەدەساتیاندا[1].

لەم شەڕەدا چاودێرێ بە سەر رووداوەکانەوەیە کە خودی شاعیرەو لە هیچ شوێنێکی شەڕدا خۆی نابینێتەوە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە وەڕس ئەبێ، چاودێریی ئەخرێتە سەر پێکەنینیو گومان لە ئینتیمای ئەکرێ:

دێڕی (1) شەڕ هات.

1-ئەمەوێڕای کارکردنە سەر سیستمی هەرسکردن.



دێڕی (3) داوای ناسنامەی لە پێکەنین کرد..

وێڕای ئەمەش دڵنیایی لێ ئاوا ئەبێ، فرۆم ئەڵێ: کەسی ماسۆشیوا هەست بە ژیان ئەکا کە هەموو شتێ تیایدا بە هێزو دەسەڵاتەو ئەم ناتوانێ بیخاتە گەڕو کۆنترۆڵی بکا[2]. ئەبینین شاعیر بە قەدەر سەختیو دژواریی شەڕ لێشییەوە دوورە، کەچی گیانەوەرێکی دڕندە لە شەڕ دروست ئەکا، هەموو کە لەبەرێکی ئەگیرێ، ئەو گیانەوەرەی کە خودی شەڕە، سەرکردایەتیی پیادەکرنیشی ئەکا.

دێڕی (77) شەڕ سەرکردەیە کاتێ ئەبێتە عەشماوی

زۆر بە روونیو میهرەبانی ئەو سەرکردەیە هەر لەو دێڕەدا دەرئەکەوێ، کە ئاوات خۆو دڵنیایی پاراستنی پێ بەخشیوەو هانای بردووەتە بەر، چوون ئەم بە چاوی داڵدەوە لە سەرکردە ئەڕوانێ، کەچی لە شەڕدا ئەبێتە عەشماوی، واتا پێش شەڕ میهرەبانە.

ئەم وێنەیە بۆ دووبارە کردنەوەو تەئکید کردنەوە لەسەر ئەو پشت پێبەستنو خۆشەویستییە هاتووە کە پێشتر لە وێنەیەکی تردا بە هەمان تەڵخی وتوویەتی:

دێڕی (66) بە سەختی سەرکردەیەکی خوێندەوەو وتی گۆڕەکەی تۆ

دێڕی (63) ئەکەوێتە ئەودیوی سنووری خۆشەویستییەوە.

کەواتە ئەکرێ، ئەگەر شەڕ نەبووایە گۆڕەکەی بکەوتایەتە ئەمدیوی سنووری خۆشەویستییەوە- بەواتا نزیك لە خۆی- یان ئەکرێ سەرکردەیەکی تر گۆڕەکەی لەم دیوی سنووری خۆشەویستییەوە بێ، کە شوێنیش دیاریکرا ئەبێتە خۆشەویستترین گۆڕو ئەو کات موقەدەس، لەبەر

2-ألخوف من الحرية.

ئەوەی پاش مردنی موقەدەس ئەبێ، کەواتە ژیانیشی داڵدەدەرو پشت پێ بەستراوە[1].

مەیلی سادییانەش کە پێچەوانەی مەیلی پێشووەو ئاساییە لە هەمان کەسێتیدا هەبێ، فرۆم لە جۆری سێهەمیاندا کە جیای کردووەتەوە ئەڵێ: جۆری سێیەمی مەیلی سادییانە ئارەزووکردنە لە ئەشکەنجەدانی ئەوانی تردا – خەڵکی– یان بینینی ئەشکەنجەدانیان، زۆرتر ئەو ئەشکەنجەیە زەینییە (ه.س) فرۆیدیش تەئکیدی لەسەر کۆبوونەوەی ئەم دوو مەیلە کردۆتەوە، سەرباری دژەکەوتنەوە– تناقض–ی رووکەشییان هەروەك (ئادلەر) بە (هەستی نزمێتی و ئارەزووکردنی هێز) ناوی بردووە.

شاعیر نەك هەر ئەشکەنجەدانی خوێنەری بینیوە، بەڵکو زیادەڕۆیی لە موعاناتیشدا ئەکا، لە شێوەی پێداگرتن لەسەر موعاناتی هەموو شتەکان و پەیوەندییان بە خاوەنەکانیانەوە.

چەندین دەقی تر لە شەڕدا نووسراون و شەڕ ئامادەیی تێدا هەیە. کە ئەڵێین زیادەڕۆیی، مەبەستمان شێوازی بەکارهێنانی شەڕو چۆنیەتیی کەوتنەوەیەتی لە دیدی ئاواتەوە.. ئەم هەموو رەهەندەکانی تری فەرامۆش کردووەو بەوەوە گیرساوەتەوە کە خۆی و خەڵك و شتەکان چۆن ئەشکەنجە ئەدرێن.. خۆی شێوە ئەشکەنجەیەك ئەکێشێ کە دەرئەنجامی ئەشکەنجەدانی خەڵکی و شتەکانەو خەمیان ئەخوا، بە ئەنقەستیش وێنە بە دووی وێنەدا لە ئەشکەنجەدانی ئەوان ئەدوێ. ئەم جۆرە دەرکەوتنە لە بیرهێنانەوەی ئاسەواری شەڕو ئەشکەنجەدان، راستەوخۆ روو ئەکاتەوە خوێنەرو لە کاتی خوێندنەوەیدا بەرامبەر ئیستیغلالکردنە، لە رێی

1–ئەم جۆرە ملکەچییە بۆ کەسی سەرکردە ماسۆشییەتە، بەووەسفەی کردوومانە.



دەقەکەوە بۆ ناچارکردنی بە ئەشکەنجەدان، بەو پێیەی خوێنەریش بەشدارە لەو ئەشکەنجەدانەی کە شەڕ ئەیکا.

خوێنەر هەموو ئەووێنانەی لە پێش چاوەو تیایدا ئەژی، کە ئاوات پێشکەشی کردوون، بەڵام لەو ریزبەندییەو زەوقە هونەرییەوە نییە، بۆیە دووی دەق کەوتن، زاکیرەی ئەخاتەوە گەڕو رووداوە ناخۆشەکانی بیرئەخاتەوە.

بەرامبەر بەوەش– بێ پێزانین– چێژ ئەداتەوە بە شاعیر، لەم ئاڵوگۆڕەدا شاعیر لەو مەیلەی خۆی تێرئەبێ خوێنەریش بە ملکەچکردن بۆ هەیمەنەی دەقەکە ئەکەوێتەوە ژێر کاریگەریی شاعیر بەم شێوەیە:




شێوەی ژمارە (1) چێژ وەرگرتن لە ئەشکەنجەدانی ئەوی تر

دەرکەوتنی ئەم دوو مەیلە لای کەسی ئاسایی دەرئەکەوێ، بە شێوەیەك فرۆم لە هەمان چاوگەدا بە ڕێچکەیەکی پاوانخوازیی ئەناسیێ و کۆمەڵە سیمایەکی تایبەتیی خۆی ئەداتێ، یان روون ئەکاتەوە ئەڵێ: لەم جۆرە کەسێتییەدا مەیلی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات هەیە، تەنانەت ئەو دەسەڵاتانەش کە بەرژەوەندیی ئەپارێزن، ئەم بە هیچ جۆرێ ملکەچ بوونی تێدا بەدی ناکرێ و لێی یاخی ئەبێ، بەڵام مەیلی ملکەچ بوونەکە لە پشتەوە خۆی حەشارداوە، ئەم هەوڵەش بۆ خۆ تەئکیدکردنەوەیە، تا لە ڕێگەی بەرەنگاریی دەسەڵاتەوە سستی یان عجزی خۆی بشارێتەوە، سەرباری ئەوەی کە ئارەزووی ملکەچکردنەکە هەر ئەمێنێتەوە. ئەگەر شعووری یان لا شعووریش بێ..(ه.س).

ئەگەرچی سەرجەم سیفاتەکانی تریش لە دەقەکەدا ئەبینمەوە، بەڵام بۆ ئەوەی باسەکە هێند زیاتر لەم خاڵەدا چەق پێ نەبەستین، تەنها ئەم تایبەتمەندێتییە گرنگە شی ئەکەینەوە:

لەوە دواین کە چۆن سەرکردە داڵدەدەرو پشت پێ بەستراوە.. ئەگەرچی ئەو پشت پێ بەستنە دەرئەنجامی شکست هێنانی تاکە لە کورتهێنانی هێزداو پشت پێ بەستنەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو هێزەیە، بەڵام شاعیر کارێکی تری کردووە بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ کەسە پشت پێ بەستراوەکەدا، بەواتا تەماهی لەگەڵدا کردووە.

فرۆید لەم بارەیەوە ئەڵێ: (من) لەم جۆرە تەماهییانەدا جارێ لە کەسێکی خۆش نەویستوو ئەچێ، جارێکی تر لە خۆشەویستێ، ئێمە



تێبینیی ئەکەین کە تەماهی لە هەردوو حاڵەتەکەدا تەواو دیاریکراوو کەمە، (من) ئەوەندەی بەسە یەکێ لە تایبەتمەندێتییەکانی بابەت بخوازێ[1].

هەر هێزێکی دەرەکی ( قەدەر- خواوەند- سەرکردە) ببێتە داڵدەدەری کەسی پاوانخواز، ئەو خۆی تێدا ئەبینێتەوە، ئازایەتیی خۆی لەوێوە چاوگە ئەگرێ.

لە تەقدیسکردنی خودی سەرکردەدا- بەو مەرجەی لێی دواین- خۆبینینەوەو ملکەچ بوون هەیە، پێش ئەوەی ببێتە عەشماوی، بەڵام کاتێ کە شەڕ ئەکا، ئیتر لە تەماهی کردن لەگەڵیدا دائەبڕێ و دیوی دووەمی کەسێتییەکەی دەرئەکەوێ. مل کەچ ناکا بۆ دەسەڵات، رەخنە لە تەواوی کارو کردەی ئەگرێ- گەرچی لە بەرژەوەندیی خۆشیدا بێ- سەرلەبەری چالاکییەکانی بە وێرانکاری ناوئەباو توندوتیژیی و خوێنگەرایی ئەداتە پاڵ، بەواتا سادیەتی خۆی ئەشکێنێتەوە بە سەریدا.

شاعیر ئەڵێ:

دێڕی (19) شەڕ هات

سەرکردە سادییەکان تەوقەیان لەگەڵ کرد.

شەڕ کە دێ، سەرکردە ئەیهێنێ، بە تایبەت شەڕێکیش کە شاعیر بە ئەنقەست نەیویستووە ناوی بهێنێ و جۆرەکەی دیاری بکا، بەڵام شاعیر ڕێگە چارەیەکی دۆزیوەتەوە بۆ خۆ قوتارکردن لە ( دابەشبوونی من)- إنقسام الأنا-ی.. کاتێ لە پاشەکشەکردن لە کردەی تەماهییەکەیدا ئەکەوێتە بەردەم دوو جەمسەری پیادەکردنی ئارەزووەکانی خۆی لە لایەك و سەرقاڵبوونی تەواوی خەڵکیش بە پاراستنی تەواوی

1-علم النفس الجمعي،تحليلي الأنا،التماهي، سيغموند فرويد، ترجمة: جؤرج طرابيشي، ط1، 1979.

بەرژەوەندییەکانیانەوە – شەڕ– کە ڕێگەی بەردەم ئەو پیادەکردنەیە لە لایەکی ترەوە، بۆیە خۆی– وەك پێشتر باسمان کرد– لە شەڕدا نابینێتەوەو بە شێوازێکی هێند هونەریو ئیستاتیکییەوە دەقەکەی دائەڕێژێ، تەواوی خوێنەری ئەخاتە ژێر کاریگەرێتیی دەربڕینو بەو شێوەیە ئەشکەنجەیان ئەدا.

نموونەی ئەم جۆرە کارکردنەشی لە چەند وێنەیەکدا دەرئەکەوێ.. هەندێ جار هێند تیوار – شفاف–ئەبێتەوە لە ئاو ئەچێو لە وێنەیەکی تریشیدا بە پێچەوانەوە:

دێڕی (21) شەڕ قەرەجە

دێڕی (22) خاڵ ئەکوتێ، خاڵ

..""""""""

دێڕی (25) لە سەر باڵای کالیپتۆسێ.

یان ئەبینین زاکیرەی خوێنەر بە ئاگا ئەهێنێتەوە بۆ ئەوەی حاڵیی ببێ، کە شەڕ کاری چییە بە فێربوونی وانەی بیرکاری..؟ ئایا بۆ ئەو مەبەستەیەتی فیشەکە تەقێنراوو نەتەقێنراوەکان بژمێرێ، یان ژمارەی شەهیدو کەمئەندامەکان، یان کاروباری لۆجیستی بە گشتیو شتی لەو بابەتە:

دێڕی (34) شەڕ چووە قوتابخانەو گوێی بۆ وانەیەکی بیرکاری

دێڕی (35) شل کرد.

شاعیر مەبەستی لە پەلکێشکردنی شەڕ بۆ ( کۆڵانو باخچەو ماڵو شەقامو جێ خەرمانو قاوشی زایینو سەیرانگەو بازاڕو گۆڕستانو قوتابخانەو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەو پەیمانگەی مامۆستایانو..هتد) ئەیەوێ



حاڵەتی نائارامیو شپرزەیی لە شەڕدا نیشان بدا، بۆیە ئەو کاتەی کە شەڕ ئەوەستێ خۆشیی لە کتوپڕییەکدا خۆی نیشان ئەداتەوە.

لە هەموو ئەو کاتانەشدا کە ئاسەواری شەڕ ئەکەوێتەوە، هەستکردن بە قارەمانێتی شەڕکەری تێدا بەدی ئەکرێ.. ئەگەر کارێکیش شەڕکەر بە قارەمانێتیی نەزانیبێ نەیکردووە.

دێڕی (76) شەڕ پێشمەرگەیە کاتێ ئەبێتە پۆلیس

جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوانی ئەو دوو جۆرە چەکدارییەدا بەدی ئەکرێ: پێشمەرگە بە ڕەنگو ناوهێنانیشی، ڕەنگێکی کراوەو هەڵمەتبەرو شۆڕشگێڕ، بەڵام کاتێ کە بێ هودەیی ئەیگرێ، ئەبێتە پۆلیسو ئەرکە سەرەکییەکانی لە دەست ئەدا، بە تایبەت کە لە چەشنەکانی پۆلیس[1] (پۆلیسی نهێنی)ش هەیە کە بە شێوەی دەرکەوتنیان لە خەڵکانی گرمۆڵە بووئەچن.

ئەگەر بڵێین لە دیدی منەوە پێشمەرگە ڕەنگی قاوەییەکی کاڵکراوەیە، ئەوا پۆلیس تێکەڵەیەکە لە ڕەنگی سەوزی تۆخو بۆر– ڕەنگێکی مردوو.

بەدەر لە کارتێکردنی ڕەنگەکان لە رووە تەقلیدییەکەیەوە لەسەر دەروونی مرۆڤ، بە ئیستیعابکردنی سەربەخۆی مەدلوولی ڕەنگەکان، بۆ خۆم ئەو تێکەڵییەی سەوزو بۆر بۆ ئاوا ئەبینمەوە:

گرمۆڵە بوو، یان بە ناوخۆدا شکاوە، پڕ گرێو گۆڵ، رق کۆکەرەوە، سادی، گرفت دروستکەر، ملشکاندنو لەم بابەتە.

قاوەیی کاڵ کراوەش: لە سەر شێوەی پڵنگ، ئازادیو سەربەستی بەخش، مشورخۆری لاوازەکان، بە میهرو هاوڕێ.

1-پۆلیس بە مانا فراوانەکەی–سەرکوتکردن-.

ئەتوانین — بە دیدی شاعیر– بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە یەکێ لە هەرە گرنگترین کاریگەرێتییەکانی شەڕ لەسەر دەروونی شەڕکەر، گۆڕانی ڕەنگەکەیەتی لە قاوەیی کاڵی کراوەوە بۆ –سەوز–بۆر.

ئەم شەڕە لە پێش خۆی ناچێ لەوەدا کە گوێزراوەتەوە بۆ شار، ئەمە لە رووی شوێنەوە، لە رووی زەمانیشەوە، هەرچەندە زۆربەی وێنەکان لە بەهەندوەرگرتنی ئاسەواری ئێستەدا شەڕی پێشترمان بیرئەخەنەوە بەوەی کە هێند کاریگەر نەبووە، یان کارگەریش بووبێ، زەرەری لەم شتانەی ئێستە نەداوە، بەڵام کە پێشتر وتمان بە دیدی مرۆڤی بەراییەوە، لەم گۆڕانکارییانەی شەڕ راماوە جگە لەو ئاماژانەی لە ناو نیشانەکەدا بینیمانەوە چەند وێنەیەکیش بەدی ئەکرێ.

ڕوانینێ هەموو وێنەکانی داپۆشیوە ئەویش ڕوانینی مرۆڤی بەراییە، کە هەر لە پاش فێربوونی ناوەکانەوە، ئەبینێ لەگەڵ پێشکەوتنی هۆیەکانی ژیان، شەڕیش دەستی درێژ ئەبێ‌و پێیان ئەگا:

دێڕی (51) شەڕ دەستی درێژە

دێڕی (56) ئەگا بە فەقیانەی کراسی پیرێژن

لەو شەش دێڕەدا واتە لە دێڕی (51–56) تەنها فەقیانەی کراسی پیرێژن موفرەدەی مرۆڤی بەرایی نییەو تازە ئەم مرۆڤە بەراییەی ئێمە ناسیویەتی، ئەوەتا شەڕ گەیشتووەتە ئەویش، بەڵام کە لە چوار دێڕەکەی تری رائەمێنی:

دێڕی (52) ئەگا بە بۆنی گوڵەباخ

دێڕی (53) بە سێبەری پاش نیوەڕۆش

دێڕی (54) ئەگا بە بریسکەی چاوی پشیلەو



دێڕی (55) بە پرچی کچۆڵەش.

گەیشتنی شەڕ بەو چوار دێڕە، دادو سکاڵا کردنە لەوەی کە شەڕ ئێستە، سەرباری ئەوەی بە پێشکەوتنەکانی مرۆڤ راگەیشتووە، ئەوەتا ئەگاتەوە بەو شتە ساکارانەی کە لە ژیانی ئێمەشدا هەبوو– لە دیدی مرۆڤە بەراییەکەوە–
.

ئەمەش دەلالەتە بۆ درێژەپێدانی شەڕ لە پێش مێژووەوە بۆ ئێستە. هەروەك چوونەوە دۆخی جارانیشە.. فرۆید ئەڵێ: ( مرۆڤی چاخەکانی پێش مێژوو بێ هیچ گۆڕانکارییەك لە لاشعورماندا ئەژی.. ئەو مرۆڤە زۆر توندوتیژ بووە.. ئیعتیرازی لەسەر مردنی مرۆڤێکی تر نەبووەو بە لە ناوبردنی مرۆڤێکی قێزەونی زانیوە.. بڕوای بە مەرگی خۆی نەهێناوەو بەم شێوەیە لە خۆی گەیشتووە کە نەمر ئەبێ.. مێژووی مرۆڤایەتیی بەرایی پڕ بووە لە تاوانکردن[1]).

شاعیر خۆی دوورە پەرێز گرتووە لە شەڕو مەرگی خۆی نایەتە پێش چاوو بە بیریدا نایە، لەبەرئەوە وائەزانێ کە هەڕەشەی جدیی لەسەر نییە.. کەچی زۆر بە ئاسانی ئیشارەت بە مەرگی کەسانی دەرەوەی خۆی ئەدا، وێنەیان ئەخاتە ناو میدالیایەکەوەو لە نێوانی دوو مەمکدا هەڵی ئەواسێ، یان:

دێڕی (69) شەڕ گەڕانەوەی نامەیە بۆ خاوەنی یەکەمی.

(چوون ئەوی نامەکەی بۆ ئەچێ لەناو چووە)

دێڕی (73) شەڕ ژەنینی شمشاڵە بۆ سەبووریی بێوەژن

---

1-أفکار لأزمنة الحرب والموت، هەمان باسی ناونیشانی کتێبەکە، فرۆید.

( کاتێ که مێردەکەی کوژراوەو له یادکردنەوەیەکدا لە رادیۆ یان (TV) باسی ئەکرێ) وێنەی زۆری تر هەن.

ئەگەر بڵێین دیدی مرۆڤی بەرایی چەند بەسەر دەقەکەدا زاڵە، ئەو کاتە ئەو توندوتیژییە ئەبینینەوە کە نەك مرۆڤی بەرایی-بە هۆی ساکاریی هۆیەکانی جەنگینەوە- نەیتوانیوە بیکا، بەڵکو لەم روودانە پڕ قەساوەتەی تۆقیوە، لە کاتێکدا خۆی سەرکەوتنی لە توندوتیژییدا بینیوەتەوە.. دارشتنی دەقەکە دارشتنێکی توندوتیژانەیە، بە هۆشیاریی بەراییەوە لە رووی پاڵنەرەکانەوە تۆمارکراوە.

ئەگەر لەو چاخە بەراییانەشدا تاوانکاری زۆر بووبن، ئەوا دەقەکە کە (81) دێڕە، (49) تاوانی تێدا تۆمارکراوە، کە هەندێکیان پێشێلکاریی مافە بەراییەکانی مرۆڤن‌و زۆریشیان تاوانن لە پلەی جۆراوجۆردا، کە هەر یەکەیان سزای تایبەتی‌و مەدەنی‌و یاسای سزاکان ئەیانگرێتەوە.

شەڕ (30) جار هاتووەتە دەقەکەوەو خۆی سەلماندۆتەوە.. یاخود ئەڵێین: شاعیر بۆ مەبەستی لێدانە کتوپڕی‌و بەهێزەکانی بەو شێوەیە بە کاریهێناوە. تا لە هەر تاوانکارییەکدا هۆی ئامادەبوونی شەڕ لەبەر چاو بگیرێتەوە، بەڵام شاعیر شەڕ بە پرۆسێسێك نابینێتەوە، کە ئەمە زۆر گرنگە تەرکیزی بخرێتە سەر، وێنەیەکی تێدا نییە باس لە شەڕکردن بکا، بەڵکو شەڕ بە مەوجوود ئەبینێ‌و مقەومات‌و شکڵی دیاریکراوی خۆی هەبێ. ئەو مەوجوودە ئەچێتە شوێنێ ئەگەر پێشوازیی لێ نەکرێ نامێنێتەوە، بۆیە ئەبینین لە زۆر شوێندا پەیوەندی ئەکەوێتەوە نێوان شتەکان‌و شەڕەوە، بێ ئەوەی هیچ هێمایەك بۆ بکەری بکا.



شەڕ ئەبێتە خودێکی رەها، کەچی بزوێنەرو هەڵسوڕێنەرانی ون ئەبن- کار بەم شێوەیەو بە مەبەستەوە کراوە-. کەواتە شاعیر لە ئامادە نەبوونی بکەری شەڕدا کاری کردووە.. ئێمەش بە دووی ئەو گیانەوەرە - شەڕ- دا ئەگەڕێین تا بونیادەکانی کەسێتیی بناسینەوە ئەوکات لەگەڵ شاعیردا بە دوای چالاکییە عەقڵییە گریمان- إفتراضي-ەکانی ئەکەوین.. یان راستتر بڵێین: ئەو کردانەی لێی دواین چالاکیی ئاراستەکراوی بوو رووەو دەرەوە، کە لە (من)یەوە دەرئەکەوێ.

ئەوەی ماوەتەوە لەسەر هونەری شیعریی دەقەکە بدوێین، ئەوەیە کە دەقەکە دەقێکی فەنتازییە.

(ئاپتەر) لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: فەنتازیا لە ئەدەبی نوێگەریدا پشت بە واقعییەتی ئەدەب ئەبەستێ. بە گشتی دیقەت لە توانای درکی جیهانی ئاسایی‌و قبووڵکراوی خوێنەر ئەدا، هەروەك لە درککردنی خوێنەر بە سەرنجە پەیوەندیدارەکانیشی بە رەوشە ئاسایی یان دوورە دەستەکانیەوە. کارتێکردنی بەرایی فەنتازیا دوورخستنەوەیەتی لە مەئلوف، بەڵام چاوگەی گرنگترین‌و جوانترین کاریگەرێتیی فەنتازیا، گەیاندنە بەوەی کە مەئلوفەو ئەو رێگەیەی کە تیشکی پێ ئەخاتە سەر ئەو نەبوونی ئارامی‌و دژە کەوتنەوەو تەنانەت نا عەقڵانێتیەشی کەفەنتازیا ئەیگرێتەوە(1).

ئاواتیش بە شێوە تەقلیدییەکە شەڕی پێناسە نەکردووە، هەر بە سووکە پشت بەستنێ بەو پەرەگرافەی (ئاپتەر) فەنتازیای دەقەکەمان لا روون ئەبێتەوە. ئەبینین: بە هەمان موفرەداتی رۆژانەی خەڵکی ئاسایی‌و پشت بەواقعییەتی ئەدەب بەستن، بە لەبەرچاوگرتنی درکی حسیی خوێنەرەوە

1-أدب الفنتازيا.

دیَو بە زمانێکی هونەرییەوە – هەرچەندە جاروبار هەناسە سوارییەك لە رووی زمانەوە هەست پیَ ئەکریَ– لە مەئلوف دوورمان ئەخاتەوە:

دێڕی (9) شەڕ رژاوەتە ناو شارو

دێڕی (15) دەستی چەور ئەدا لە پەنجەرە خاوێنەکان.

ئەو کات دیَو نائارامیی پەخش ئەکاو پڕمان ئەکا لە دژە کەوتنەوەی لە باری دەروونیی خۆی.

دواتریش لە رێگەی تیشك خستنە سەر ناعەقلانییەت، شەڕ ئەکاتە گیانەوەرێکی لۆژیکی، بە ئەندازەیەك کە پێمان قبوولَ بکریَ – وەك لە دەقەکەدا دیارەو لە بەشی پێنجەمدا شیی ئەکەینەوە–. ئاوات شیعرییەتی داوە بە ئاخاوتن (کلام)ی رۆژانەی خەڵکی، هیچ کامیَ لە وێنەکان بە زۆر لە خۆکردنو تکاو رجاوە دروست نەکراون.. بە پێچەوانەوە رێك بەو زمانە ئاخاوتنی کردووە کە لەگەلَ کەسێکی ناحاڵیی لە شیعردا ئەیکا.. لە نێوان دوو باخچەدا هەر ئەو تەلە دڕکاوییە ئەکاتە سنوور کە دوو باخەوان، دوو ماڵە دراوسیَ بۆ جیاکردنەوەی سنووری موڵکییەتی خۆیان ئەیکەن..

دێڕی (11) لە نێوانی دوو باخچەدا تەلی دڕکاوی ئەکاتە سنوور.

کەچی لەگەلَ ئەمەدا، لە بە مەجاز وەرگرتنی باخچەدا، وێنەکە لە مەئلوف دوور ئەکەوێتەوەو ئەشبیَ بە رستەیەکی هاوبەش لە پێکهێنانی هێڵی گشتیی فەنتازیی شیعرەکەدا– وێنەی لەم شێوەیە زۆر لە دەقەکەدا ئەبینریَ–.

زۆربەی دەقە شیعرییەکانی ئاوات ئەم زمانو سیمایەی پێوە دیارە، ئاسان خۆی لە دەقە هاوچەرخەکانی جیاکردووەتەوە، بەگەڕخستنی ئەو زمانە رەوانەو بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی لای زۆر کەس ناشیعرین، وەك



(داوای هەویەکردن، مین، تەلی دڕکاوی، نەوت، دەستی چەور، فوارە،ساڵەی ویلادە، کورسی، بازاڕ، بیرکاری، میقاتکردن ..هتد) بەدەر لەوەی کە ئاوات لەم ئاخاوتنانەدا قاڵبوونی لە شیعردا پێوە دیارە نەوەك کزی لە هونەری شیعردا ، چوون ئەم زاراوە نوێیانە کاتیَ کە لە دەقێکی شیعرییدا تەوزیف ئەکرێن ، بە ئاسانیی ناگەنە وەرگر، لە کاتێکدا لەم دەقەدا ئەم زاراوە سەردەمییانە ، جوانو بە شێوەیەك تەوزیف کراون، وەرگر وابزانیَ هەرخۆیان لەمەوپێشیش هەر وشەو کەرەستەی شیعریی بوون. هەموو ئەمانە تیشکن بۆ سەر هونەرمەندیو زەوقی ئیستاتیکییانەو رادەی فیکر روونیی شاعیر. هەروەك بە لەپێشچاوگرتنی باری دەروونیی خوێنەر، (هەڵبژاردنی بابەتی) لە کاتێکدا بووە کە شەڕ زەمینەی قبووڵکردنی خۆشتر کردووە.

## بەشی پێنجەم–شیکردنەوە:

شەڕ هەیە، بەڵام پرۆسیس نییە.. کارکردن لەسەر ئەو بناغەیەوە کراوە کە خودی بکەر لە ئامادە نەبووندا بێ: ئەم ڕێگە کارکردنە تا ئەندازەیەك بۆ شاعیر چووەتە سەر. لە زۆر وێنەدا شتەکان لە ئامادەییدان، نەك خاوەنی: بۆ نموونە:

دێڕی (74) شەڕ کڕینی شیری مناڵە لە سەوزە فرۆش

مەبەست (کڕینی شیری مناڵە) تەنانەت ئەم کردەیەش بەستراوەتەوە بە پێداویستیەکی مناڵەکەوە نەك خۆی.

گەر لە کاتێکیشدا ناچار بووبێ کە خودێکی ناو پرۆسیسی شەڕ ئامادە بکا، خۆی لەویش دوور خستووەتەوەو ئەندامەکانی لەشی وەرگرتووەو وێنەکەی پێ گەیاندووەتە شوێنی خۆی:

دێڕی (12) لە نێوان دوو مەمکدا

دێڕی (13) وێنەی پیاوی سەرهەڵگرتووی..

یاخود بە شتێکی ئەو هێمای بۆ کردووە وەك: قردێلەی، فەقیانەی کراسی ..هتد، بەڵام لە چەند وێنەیەکدا دابڕانێ دروستبووەو لە پڕدا خودێ ئامادە ئەبێ، کە شاعیر بە وێنەکانی دوای ئەوە ئەیەوێ ئەو کەلەبەرە پڕ بکاتەوەو ڕێچکەی خۆی وەربگرێتەوە.

لە سەرەتاوە ئەبێ بزانین شەڕ کێ ئەگرێتەوە: فرۆید لە باسێکیدا دوو جۆر خەڵك لە شەڕدا جیا ئەکاتەوە: کۆمەڵەی شەڕکەر+ ئەو کۆمەڵەیەی کە



لە خەڵکانی مەدەنیو ئەوانەی دەرەوەی شەڕگە پێکدێن، وەك (پزیشكو برین پێچو شۆفێری مەدەنیو لەم بابەتە)[1].

ئێمەش کۆمەڵەی سێیەمی ئەخەینە پاڵ– هەروەك لە باسێکی تردا ئاماژەم بۆ کردووە– کە بریتین لەوانەی بڕیاریان بە دەستەو نەخشەو پلانی بۆ دائەڕێژن.

ئەم سێ کۆمەڵەیە ناوئەبەین بە: خودی سەرکردە+ خودی شەڕکەر+ خودی مەدەنی.

1–خودی سەرکردە:

(کردەی ئاخاوتن پێش هەموو شتێ بوونی دەسەڵاتی ئاخاوتنە، یان: مومارەسەکردنی دەسەڵاتو توانای قسەکردن ئەپارێزێ.. لە نێوانی دەسەڵاتو ئاخاوتن – قسەکردن–دا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە، بە شێوەیەك ئارەزوو کردنی یەکێکیان بە دەست نایەت بە هۆی دەست بەسەرداگرتنی ئەوی تریانەوە نەبێ.. پیاوی بە دەسەڵات تەنها ئەوەندە نییە کە قسەئەکاو بەس، بەڵکو تەنیا چاوگەی قسەکردنی شەرعیشە)[2].

تەنیا چاوگەی قسەکردنی شەرعی، واتا بڕیاردەر، ئەو کەسەی کە دەسەڵاتو توانای قسەکردنی هەیە، لێرەدا–لەم دەقەدا–بڕیاری شەڕکردن ئەدا، بە پشت ئەستووری بە کارکردنە سەر دەروونی رەعییەت، بە شێوەیەك کە هانیان بدا بۆ شەڕکردنو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان– دیارە شمولییەتی ئەم رایە دەقەکەو شەڕی ناوخۆش ئەگرێتەوە–.

---

1-أفكار لأزمنة الحرب والموت، فرويد.

2-مجتمع اللادولة، بيار كلاستر، ترجمة: محمد حسين دكروب.

لـه دەقەكـەدا راسـتەوخۆ هێمـا بـۆ ئامـادەیی ئـەم خـودە كـراوە لـە سـێ وێنەدا:

أ)دێڕی (19) شەڕ هات

دێڕی (20) سەركردە سادییەكان تەوقەیان لەگەڵ كرد.

* *

ب)دێڕی (57) شەڕ بەخت ئەخوێنێتەوە

دێڕی (62) بەختی سەركردەیەكی خوێندەوەو وتی گۆڕەكەی تۆ

دێڕی (63) ئەكەوێتە ئەو دیوی سنووری خۆشەویستییەوە

* * *

ج-دێڕی (77) شەڕ سەركردەیە كاتێ ئەبێتە عەشماوی.

لـە وێنـەی (أ) دا شـاعیر لـە سـەركردەیەك- یـاخود بـە گشـتی - چـوون بڕیاردانی شەڕ ئەكەوێتە دەستی سەركردەوە- بە لەپێش چاوگرتنی هەندێ سیستمی هاوبەش-. ئەم وێنەیە ئاشكراكردنی پاڵنەرە شەڕەنگێزییەكان (عدوان)ـی خـودە.. لـە كاتێكـدا شـەڕ لـە یەكـەمین سـەرەتای هەڵگیرساندنیایەتیو تەنها پاڵنەرە غەریزییەكان ئاشكرا ئەكا. بەم وێنەیە شاعیر هەموو وێنەكانی شەڕ ئەخاتە لاوەو باسی شەڕ هەڵگیرساندنێ ئەكا كە تیایدا سەركردەیەك ئەگاتە بڕیاردان، تەنها لە پێناوی چێژ وەرگرتنی خۆی لە شەڕ.

لە وێنەی (ب) دا شاعیر پێشبینییەك بۆ ئایندە ئەكا، كاتێ لە دواندنی ئەو خودەدا، وێنەی پاش مەرگی ئەهێنێتەوە پێش چاو، بەوەی كە شەڕ هەڵگیرساندنی لە ژێر كاریگەریەتیی ئەو پاڵنەرانەدا، وا ئەكا لە



جێبەجێكردنو ڕووبەڕوو بوونەوەی واقیعدا، ئەو خودە خۆشەویستیی خەڵكەكەی لێ دوور بكەوێتەوە، بەو شێوەیە جەماوەریشی لە دەست ئەدا.

ئەم دواندنەی شاعیر هاوشێوەیە لەگەڵ تێفكرینی هەر خودێكدا، بۆ فشار خستنە سەر غەریزەكانیو وا بكا شەرعیەتێ بدا بەو شەڕەی كە ئەیكا لە پێناوی بەرژەوەندییەكیدا.. بەواتای ئەوەی بواری بەكارهێنانی چالاكییە عەقڵییە سەرەتاییەكانی نەداو بە واقعیكردنی لەبەرچاو بگرێ.

بەم شێوەیە وێنەی (ب) بە دوو ئاراستە فشارخستنە سەر خودە، لە لایەكەوە سانسۆرە باڵاكەی ناو خود كە بە منی باڵا -Super ego- ناسراوە، لە لایەكی تریشەوە هەڕەشەیواقیع، بەڵام فرۆید ئەڵێ: (من-Ego-لە درككردن بە غەریزەكانو خستنەگەڕییەوە دروست ئەبێ، هەروەك لە گوێڕایەڵیو سەركوتكردنیشیانەوە)[2] كە لەوێنەی (أ) دا خۆی ئەنوێنێ، واتا (ئەو-Id).

بەم شێوەیەش (من)ی لاواز ئەكەوێتە ژێر فشاری هەر سێ سەروەرەكەیەوە، بەم جۆرە:




شێوەی ژمارە (2) بونیادی "من"و ئەو هۆكارانەی كاری تێئەكەن

2-الأنا والهو، فروید، ترجمة: د.محمد عثمان النجاتي، ط5، 1988.

لە وێنەی (أ) دا سیفەتی سادیەتی سەرکردەکە ئاشکرایە، واتا شەڕەنگێزیی خودی سەرکردە رووەو دەرەوە لە ئارادایە.. (هەر کاتێ کەسێ توندوتیژ جڵەوی شەڕەنگێزیی خۆی بگرێ ئەو مەیلە شەڕەنگێزییانەی کە منی باڵا ئاراستەی (من)ی ئەو کەسەی ئەکا توندوتیژ ئەبێ.. ئەو توندوتیژییە رووئەکاتە (من)ی ئەو کەسە[1]. دیارە پێچەوانەکەیشی راستە). لە کاتێکدا کەسێ نەتوانێ جڵەوی شەڕەنگێزیی خۆی بگرێ، ئەوا منی باڵای ئەو توندو تیژییەی نابێ بۆ سەر (من). لەبەر ئەوەی شەڕەنگێزیی خودی سەرکردەکە رووەو دەرەوەیە.. کەواتە کاردانەوەی منی باڵای- لەم دەقەدا- لاوازە یان درەنگ وەختە یان توندوتیژی لەسەر سەرکردە نییە، چوون شەڕەنگێزییەکەی دەرپەڕاندووە بۆ دەرەوە.. بۆیە ئەبینین لەوێنەی (ج) دا وێنەی سەرکردەو شەڕ، تێکەڵاو ئەبێ‌و خود ئەبێتە عەشماوی. کە ئەوەش کردەیەو لە (من)ی ئەو خودەوە ئەو کردەیە ئەبینرێ، بەمەش وێنەی (ج) شوێنی (من) ئەگرێتەوە لە بونیادی کەسێتیی سەرکردەدا.

2-خودی شەڕکەر:

(سەروەری وشە، لە زۆر کۆمەڵەدا ناوی سەرکردەیە، بەو پێیەی دەستی بەسەر قسەکردنی کۆمەڵەکەیدا گرتووەو لە خۆیدا کۆی کردووەتەوە.. کەواتە پاشکۆکانیان تەنها بێدەنگی‌و رێز گرتنیان لەسەرە)[2].

1-الأنا والهو، فرويد.

2-مجتمع اللادولة، كلاستر.



پاشکۆکان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا دابەش ئەبن بەسەر دوو کۆمەڵەوە کە جەنگاوەران‌و خەڵکی مەدەنین.

جەنگاوەران – شەڕکەران- ئەو توانایەیە کە هێز دابین ئەکەن‌و بەو هۆیەوە مەودای قسەکردنی سەرۆك دیاری ئەکرێ.

ئەگەرچی کردەی شەڕ لەم دەقەدا وەك مەوجودێ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بەڵام لەسەر دەستی جەنگاوەرە جۆراو جۆرەکانییەوە دەرئەکەوێ، لەگەڵ ئەمەشدا چەند وێنەیەك راستەوخۆ شەڕکەرمان پێ نیشان ئەدا:

دێڕی (13)وێنەی پیاوی سەرهەڵگرتووی نەگەڕاوە..

دێڕی (31)..، شەڕ چووە بازاڕو جۆرەکانی خواردنی کڕی.

دێڕی (32) شەڕ چووە گۆڕستان‌و چەند دەستەیەك چاڵی قۆرخ کرد.

جگە لەمانەش وێنەی دێڕەکانی (33، 38، 45، 59، 60، 70، 73، 75، 76).

دیارە شاعیر لە زۆربەی ئەم وێنانەدا شەڕکەری رووبەڕووی مردن کردۆتەوە، تەنها لە دێڕی (31) دا نەبێ کە لە شەڕگەدا نانی ئەداو لە دێڕی (76) یشدا:

شەڕ پێشمەرگەیە کاتێ ئەبێتە پۆلیس

لەم وێنەیەشدا شەڕکەر هەڵئەگەڕێتەوەو سیما شۆڕشگێڕییەکانی لێ ئەبێتەوەو سیفاتی سەرکوتکەریی وەرئەگرێ.

شاعیر ئەیەوێ باسی مردنی تر بکا. ئەو ترسەی کە جیائەبێتەوە لەو مەترسییانەی کە زیانی راستەقینەیان لەسەر (من) نییەو ئەبنە فاکتەری ترس خوڵقاندنیش، وەك ترس لە ناو لافاودا، ئاژەڵی کێویی، شوێنی بەرز ..هتد. فرۆید لەسەر هەردوو باری ترسی مردن، واتا ئەوەی کاردانەوەی

مەترسییەکەی دەرەکییەو ئەوی کە پرۆسێسێکی ناوەکییە – مەترسیی لیبیدۆیی- ئەڵێ: (فێڵی ترسی مردن، تەنها دەست هەڵگرتنی (من)ـە بە زۆری لە بارگە لیبیدیۆییە نارسیسیەکانی، واتا بریتییە لە دەست هەڵگرتنی (من) لە خۆی، هەروەك بە تەواوەتی دەست لە هەندێ لەو بابەتە دەرەکییانە هەڵئەگرێ ، لە باری تردا کە تیایدا – من- هەست بە نیگەرانی – قلق- ئەکا)[3].

دەست هەڵگرتن لە بارگە لیبیدیۆییە نارسیسییەکانو کشانەوەی ئەکاتە چۆکدادانی (من) لە ئاستی مردندا یان مەترسییەکەی لە کاتێکدا هەڕەشەیەکی راستەقینە لە ئارادایەو ئەو منی باڵایەی کە وەزیفەی باوك ئەبینێ وازی لێهێناوە، بەم شێوەیە لە شەڕێکی ئاوا قورس دا کە (من)ـی شەڕکەر ئەکەوێتە بەر مەترسیی راستەقینەو باوکیش – منی باڵا کە ئێستە پارێزگاری ئەکا- ناتوانێ شتێکی ئەوتۆی بۆ بکا، بە هۆی ئەوەوە کە (من) گەیشتووەتە شەڕگە بە هۆی پاڵنەرەکانیانەوە بێ یان ملکەچ بوونی بۆ واقیع، مەترسیی مردن سەرهەڵئەداو بەردەوام لە دەرکەوتندا ئەبێ.

لە دیوێکی تریشەوە چالاکییە ترسناکەکانی غەریزەی وێرانکاریی ناو خودی خۆی لە شێوەی شەڕەنگێزیدا روو لە دەرەوە ئەکەن، جا ئەم شەڕەنگێزییە هەر تەنها غەریزیی بێ یان بە هۆی رووبەڕوو بوونەوەی بە فاکتەرێکی خرۆشێنەری دەرەوە سەرهەڵبدا.

3-خودی مەدەنی:

3-الأناءالهو.



(گرنگترین ئاسەواری شەڕ لەسەر دانیشتووان زۆربوونی ژمارەی کۆچ کردووەکانیەتی – وفیات- بە رێژەیەکی شاز)[1].

جگە لەم دیاردەیەش چەندین جۆری نائارامیو دڵەڕاوکێو کوشتنی ناڕاستەوخۆ دەرئەکەوێ کە پەیوەندییان بە کوشتنی بە کۆمەڵی کاتو شوێنێکی دیاریکراوی شەڕەوە نییە.

جۆرەکانی برسیکردن، کۆچ پێکردن، سكوزا راگرتن، دیلگرتن، دەست بەرداربوونی زەویوزار، راگواستنو لەم بابەتە ئاسەواری شەڕن لەسەر دانیشتووان، ئەمەوێڕای ئەوەی زۆربەی گەنجەکانیان – شەڕکەر- بە هۆی کوشتارەوە لە دەستئەدرێن.

لەبەر ئەم هۆکارانە خودی مەدەنی پێش هەڵگیرساندنی شەڕو پاش تەواو بوونیشی بە شێوەیەکی سەرەکی بە باڵێکی شەڕ دائەنرێ.

زۆربەی دەوڵەتو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو دەستە مرۆڤایەتییەکان، جگە لەو نووسەرانەی کە سۆز ئەدوێنن، خودی مەدەنی لەبەرچاو ئەگرنو ئیعتیباری تایبەتیی بۆ ئەکەن. تەنانەت لە ئابڵووقەیەکی وەك ئەوەی بەسەر دەسەڵاتی عیراقدا سەپێنراوە. تا ئێستە چەند بڕیارێکی جیاواز لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە خاتری خودی مەدەنی دەرکراوە، هەروەك کاریگەرێتیشی هەبووە لەسەر پەیوەندیی دەوڵەتان بە عیراقو کاڵکردنەوەی دوژمنکارییش لە گەڵیدا، شاعیریش لە زۆربەی وێنەکانیدا ئاسەوارە جیاوازەکانی شەڕی لەسەر ئەم خودە تۆمارکردووەو کردوویەتی بە هۆیەکی فشار بۆ سەر دەسەڵات، وێنەکانیش زۆرتر بریتین لە ئاسەواری

1-هذه هي الحرب.

شـەڕ لەسـەر: ( دیموٚگرافیـای دانیشـتووان، ئاییـنـدە، تێکچـوونی بـەهای زانستەکان، پیسبوونی ژینگە، بە هەدەربردنی داهات..).

ئێسـتە ئەگەینـە ئـەو بینینـەی کـە هـەر سـێ پەلەکـەی شـەڕ بـە هەمووجوودێکیانەوە لـەم دەقـەدا ئامادەن، هەرچەندە وەك پێشتر وتمان: شاعیر مەبەستی نەبووە ئامادەییان هـەبێ، بەڵکو مامەڵەی زیاتری لەگەڵ شتەکاندا بووە.

بۆیـە ئەگـەر دوای ئـەم شـیکارییە بـە دەقەکـەدا بچینەوە، ئـەبینین ئـەو گیانەوەرە فەنتازییایەی لە ناو رووبەری ئەم شیعرەوە دەرئەکەوێ و لەگەڵ ئـەو هـەموو تەوکیـدە لەفزییـەی کـە بـە (30) جـار دووبـارە کردنـەوەی ناوهێنانی لە دەقەکەدا جێ پێی خۆی قایمتر ئەکا، ئەتوانین ئەویش وەك خودێکی رەها وەربگرین و کاری تێدا بکەینەوە.

ئـەم گیانـەوەرەی (نـەمیتۆلۆژی و نەمـەجازی و نـەواقعی و نەهەلوەسـەیە- وەك مـەوجود تێـی بڕوانـە-) لـەم دەقـەدا دەرئەکـەوێ خـودی شـەڕ خۆیـەتی. بەدەر لە هەموو ناسینێکی پێشووتری، خۆی پێشکەش ئەکا، وەك شێوەی باوی کە خەڵك ئەیناسن دەرناکەوێ، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا کە رووداوەکان ئەگەیەنێتـەوە ئاسـتی ناڕەحـەتی و بێهودەیی، کەچـی لـەوەدا عەجیبـە کـە خۆشی وەك هەر خودێکی تر خاوەنی بونیادەکانی دەزگای عەقڵی خۆیەتی.

واتـا لـەم دەقـەدا لـە سـەر شـێوەی پرۆسـیس دەرناکەوێ تا تەقلیدییانـە رووداوەکـان تەفسـیری بکـەن، بــەڵکو ئــەم خــۆی بکــەرەو ســەرجەم رووداوەکانیش تەفسیر ئەکا، دێ و:

دێـڕی (14) نـەوت ئەڕژێتـە ژێـر داری تـووە رەشـەکان، لەگـەڵ ئەوەشـدا شمشاڵ بۆ سەبووریی بێوەژن لێئەداو (دێڕی 73) بە بەرچاویشمانەوە دێتە



سەر شاشەی (**TV**) (دێڕی 48)و دزیشمان لێ ئەکا (دێڕی 68) لـەو کاتـەدا کە پاسەوانیمان ئەکا (دێڕی 76).

خودی شەڕ وەك هەر خودێکی تر، پاڵنەرە غەریزییـەکانی کە لـە شێوەی شەڕەنگێزیدا دەرئەکەوێ، روو ئەکاتە دەرەوەی خۆی.

هێرمان هیسە لە چیرۆکی (هەواڵە سەیرەکان، لە ئەستێرەیەکی ترەوە) لە دوو حیواری جیاوازدا بە زمانی مەلیکەوە ئەڵێ:

1-(مرۆ لە شەڕدا بە پاڵنەری رق و بوغزو لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا ناجەنگێ، بەڵکو هەموویان ئەوە ئەکەن کە کۆمەڵ داوایان لێ ئەکا).

2-کاتێك کە مێردمنداڵەکە ئەدوێنێ بە شێوەیەك یادی بکاتەوە ئەڵێ:

(وا بـیری لـێ بکـەرەوە - واتـا بـیر لـە مـەلیك بکاتـەوە- کـە بـە پێـوە راوەسـتاوەو چـاوەکانی پـڕن لـە فرمێسـك، خـوێن دەسـتی سـوور ئـەکاو خەندەی گرتووە)[1].

دیارە هەر لایەنێ کە ئەچێتە شەڕەوە، بە بیروباوەڕی چەسپاوی خۆی و پاساوی لۆژیکییەوە ئەجەنگێ، بەو شێوەیەش شەرعیەت بەو شەڕە ئەدا کە ئـەیکا. جۆرەکـانی ئـەم راگەیاندنـەش - بـە تایبـەت- بـە ئاراسـتەکردنی سەرکردەوە بەندە.

لەو دوو حیوارەی چیرۆکەکەدا، کە لە هـەردوو وێنـەی (دێڕی 19-20)و (دێڕی 77) دا ئاوێتە ، واتا (19-20) بەرامبەر بە یەکەم و (77) بە دووەمی چیرۆکەکە دوو خەسڵەتی تایبەتمان دەست ئەکەوێ:

1- لـە وێنـەی یەکـەمی چـیرۆکەکەو (دێـڕی 19-20)ی شـیعرەکەدا، سـەرکردە لـە سـەرەوەی هـەرەمی لایـەنی شـەڕکەرە، لـە بریـی کۆمـەڵ بڕیـاری

1-أحلام الناي، هيرمان هيسة.

شەڕ ئەدا.. لە چیرۆکەکەدا سەرکردە ئەیەوێ مێردمنداڵەکە لەوە حاڵی بکا، کە خۆی لە بری کۆمەڵ بڕیاری شەڕ ئەداو شەڕکەریش لە پێناوی کۆمەڵ دا شەڕ ئەکەن. ئەمە پاساو هێنانەوەیە بۆ شەڕ لای خودی سەرکردە هێند مەنتقییە، وا ئەزانێ کۆمەڵ داوای لێ ئەکەن شەڕ بکا، بۆیە ئەمیش زیاتر هانیان ئەدا بۆ ئەوەی زیاتر بجەنگن.. لە شیعرەکەی ئاوات دا تەوقەکردنی سەرکردە لەگەڵ شەڕدا، هاوواتا ئەبێتەوە لەگەڵ لە بریی کۆمەڵ تەوقەکردن لە گەڵیدا.

2- لە وێنەی دووەمی چیرۆکەکەو (دێڕی 77)ی شیعرەکەدا: - پاڵنەرەکان وا ئەکەن خودی سەرکردە شەڕخواز بێ، ئەگەر لای ئاوات سادییەتی سەرکردەیەك بیگەیەنێتە سنووری عەشماوی بوونو چێژ وەرگرتن لە شەڕ، ئەوا لە چیرۆکەکەدا روونتر هێما بۆ تێربوونی غەریزەی شەڕەنگێزیی کراوە، لەوەدا کە بە دەستو پلی خوێناوییو رەپ راوەستانو چاوی گریاناوییەوە خەندە ئەیگرێ بۆ تێربوونی لە شەڕەنگێزی. ئەم واتایەش لە تەوقەکردنی سەرکردەوە لەگەڵ شەڕدا روونە لای ئاوات کە هێمایە بۆ چێژ وەرگرتن، بەڵام کە ئەبێتە عەشماوی ئاشکرا ئەبێ.

فرۆید ل بارەی (Id)ەوە ئەڵێ: (Id) کۆشش ئەکا بۆ ئەوەی (Ego) بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. (Ego) لیبیدۆ لە (Id) رائەکێشێ، بە گۆڕینی ئەو بارگە دەروونییانەی ئاراستە ئەکرێن لە (Id)یەوە رووەو بابەت، بۆ بونیادەکانی خود. بە دوو رێگەش ناوەرۆکی (Id) ئەگاتە (Ego) یەکیان راستەوخۆو ئەوی تریشیان لە رێگەی (Super Ego)وە[2].

2-الأناءالهو.



لەو دوو وێنەیەی سەرەوەشدا سەرکردە بە دوو رێگە ئەیەوێ غەریزەی شەڕەنگێزیی خۆی تێربکا:

یەکەمیان: بە هۆی کۆمەڵەوە، کە داوای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لێ ئەکەن.

دووەمیشیان: راستەوخۆ لە رێگەی خۆیەوە کە چۆن بڕیاری شەڕکردن ئەدا.

بۆیە خودی سەرکردە ئەبێتە (Id)- ئەو-ی ئەو گیانەوەرەی کە دەرکەوتووە، هەر لەوێشەوە پاڵنەرە غەریزییەکانی چاوگە ئەگرن.

ئاشکرایە شاعیر کە خاوەنی قسەو دەسەڵاتە لە دەقەکەدا، خۆی سەر بە خودی مەدەنییە لە پەلەکانی شەڕدا. باسمان کرد کە چۆن ئەو خودەی وەك فشار بۆ سەر دەسەڵات بەکارهێناوە، ئەم خودە لە وێنەی ویژدانو هەستکردن بە گوناهدا خۆی ئەنوێنێ، بە حوکمی سروشتی پێناسەگیریی خۆشی لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕدا.

(Super Ego) دەرئەنجامی دوو فاکتەری زۆر گرنگ دەرئەکەوێ، کە یەکێکیان بایۆلۆژیو ئەوی تریان فاکتەرێکی مێژووییە: واتا دەرئەنجامی ئەو ماوە درێژەی کە مرۆڤ لە باری لاوازییو پشت بەستن بە کەسی ترەوە لە منداڵیدا بەسەری ئەبا.

دووەمیش دەرئەنجامی گرێی ئۆدیبە کە چەپاندنی پەیوەندیی بە دەرکەوتنی قۆناغی کۆمۆنەوە هەیە کە پێگەیینی لیبیدۆ پەك ئەخا (ه.س).

گرێی ئۆدیب بەو مانایەی کە بەشێ لە (من) لە گۆڕینی هەڵبژاردنی بابەتی لیبیدی دا، هۆ ئەبینێتەوە بۆ خۆ خستنە بری بابەتو سیفات

وەرگرتنی ئەو بەشەی کە سەرەتاو لە لاوازیی (من) دا ئەبێتە منی باڵا.. نموونەش هەوڵدان بۆ خۆ خستنە بری شوێنی باوك.

ئەزانین کە خودی مەدەنی ماوەیەکی زۆر لە لاوازیی بەسەر ئەبا، لە بەخشینی ئیرادەی خۆی بە دەسەڵات – بە خودی شاعیریشەوە– بەرامبەر بە ڕێکخستنی کاروبار، کە ئەمە لە وێنەی ئینتیما کردنو دەنگدانو کاروباری ئیداریو شتی لەم بابەتەدا دەرئەکەوێ، کە نیشانەی لاوازیی تێدا بەدی ئەکرێ.

هەروەك میراتگری ئەم خودە بۆ گرێی ئۆدیب لە خۆ خستنە بریی ئەو بارگە دەروونییانەوە دێو روو ئەکاتە بابەت.. وەك ئەوەی کە بارگە لیبیدییەکان لە سەرەتاوە روویان کردووەتە خودی سەرکردەو لەم کاتەدا کە شەڕ رۆڵی بینیوە لە بەخشینی وێنەکانی ویژدانو هەستکردن بە گوناه بەم خودە، لاسایی کردنەوەی (باوك) لەو وێنانەدا سانسۆڕێکی توندوتیژ ئەخەنەوە سەر (Id) کە خودی سەرکردەیەو لەم شێوە دەقانەدا دەرئەکەوێ، ئێستە ئەتوانین خودی مەدەنیش بە (Super Ego)ی گیانەوەرەکە ببینینەوە.

شعور بۆ خۆی رووکاری دەرەوەی دەزگای عەقڵییە، هەموو ئەو هەستو مەشاعیرە ویژدانییانەی کە پێشمان ئەگا لە سەرەتاوە شعورین (هـ.س)یش ناوەندێکە کە لێیەوە ئەتوانین دوو پێکهاتەی تریش ببینین، لە رێگەی تێبینیکردنی (من)یشەوە ئەتوانین ئەو پێداویستیی بەرگرییانە ببینینەوە کە (من) بۆ گۆڕینی پاڵنەرێکی غەریزی ئەیگرێتە بەر[1].

1-الأنا واولويات الدفاع، آنا فرويد، ترجمة: جورج طرابيشي، ط1، 1983.



هەڵسوکەوتی ئەم گیانەوەرە کە لە (من)یەوە نیشان ئەدرێ[1]، هۆکارێ بوو بۆ گەیشتنمان بە دوو پێکهاتەکەی تری، بەڵام ئەبینین ئەم (من)ە پرەنسیپی واقیع قبووڵ ناکاو فشاری واقعیش لە سەری هێند توندوتیژ نییە، لەبەر ئەوەی گەلان بۆ خۆیان لە سەر چ دابونەریتێکی ئاشتی پێك نەهاتوون.

بۆیە تەنها فشارێك کە بەرامبەر بە (Id)ی ئەوەستێتەوە، کۆششی (Super Ego)یە، لەبەر ئەوە ناو بەناو ئەم خودە ون ئەبێ، بەڵام لەگەڵ پاڵنەرەکان توند ئەبن، دیسانەوە کەس بۆی دابین ناکرێتەوە.

بۆیە راستە کە ئەوترێ (پاڵنەرەکانی شەڕ پابەندن بە بارێکی دەروونیی دەستەجەمعییەوە، زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ هان ئەدا بۆ خۆزگەی جەنگین خواستن، یان هیچ نەبێ بۆ قبوولکردنی فکرەکەی)[2].

2-(من)واتا خودی شەڕکەر.

1-هذه هي الحرب.

## بەکاربردنی ڕەمزەکان

هەولێر ریشەی لە مێژوودایە.. قەلاّ ئەو شوورا بەرزو سەرنج ڕاکێشەرەیە، کە لەگەڵ هەر چاو پشکوتنێکدا ئەبێتە چەقێك‌و ناسنامەی خۆی نیشان ئەدا.. خوێنەواران ڕائەکێشێ بۆ پەیبردن بە نهێنییەکانی‌و هەڵگرتنی هەموو ئەو تێڕامانانەی لەسەر ڕەنگ ڕێژکردن‌و یەکەمین ڕۆژەکانی هەستانە سەرپێی دروست ئەبن. ئەم فەزا ئەفسووناوییە سەدە سەدە هاتووەو نەوە بە نەوەی هەولێری چاوساغی کردووە. کە لە قەلاّ ڕائەمێنی، ئەو شعوورە دروست ئەبێ چۆن مێژوو بە لاتدا ئەداو تێپەڕ ئەبێ.

جەنگەکانی ناو مێژوو دێنەوە یاد، ئەو دوو پاسەوانەی بە کراسی کورتی تا سەر ئەژنۆوە ڕمەکانیان ڕاست‌و چەپ لەبەر دەرکی کۆشکی دەسەلاّتدار پێکەوە ئەنا.. ئەم شعورکردنە (واتا شعووری گەڕانەوە بۆ مێژوو) لە دەقی زۆرینەی شاعیرانی ئەو شارەدا دروست یێ ئەکرێ، بەو پێیەی شاعیران بە سەلیقەی زیاترو وردەکاری‌و شۆڕبوونەوەوە ئەڕواننە شتەکان‌و عاتیفە زیاتریان ئەبەستێتەوە بەو چەمکە شیرینانەوە کە بە هۆی دەستکەوتنی زانیارییەوە بووە بە بەشێ لە خۆیان.

فەزای شیعریی لای زۆرینەی دەنگە شیعرییەکانی ئەو شارە، بە تایبەتی لە دەنگی هەشتاکانەوە ئەو ڕایەڵە توندو تۆڵەی تێدا بەدی ئەکرێ لە نێوان مرۆڤی ئێستەو مێژووی دووریدا. مێژوویەك جگە لە فراوانیی زەمینەکەی،



ئەبێتە ڕووبەرێکیش بۆ دووبارە داڕشتنەوەو دووبارە کارتێکردنەوەی شاعیرانە..

بە بەردەوامییش کارکردن لەو ئیستاتیکا بەدەستهاتووەوە، لە میانەی دووبارە خوڵقاندنەوە، لە میانەی ئەفراندنی چیرۆکە ڕەنگاڵەیی میتۆلۆژییەکانەوە دیدی شاعیری گواستووەتەوە بۆ زۆر جێگای دیکەش، کە پێموایە هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕازاندنەوە دەستکردەی هەندێ دەق، پەیوەندیی هەیە بە سەرهەڵدانی ئەو شعوورەوە لای شاعیر.

دیدی شاعیر لەو ڕێچکەیەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ تەواوی مێژوو، پاشان بۆ دوورترو پەیدابوونی مرۆڤایەتی‌و لێکدانەوەی بە هەردوو باری ماددی‌و ئایدیالیستی. بە کورتی گەڕان بە کونجە تاریکەکانی مێژوودا‌و دووبارە داڕشتنەوەی، یاخود لە شێوەکانی بەکارهێنان‌و تەوزیفکردن‌و بیرخستنەوەو جۆرەکانی تری سوود لێ‌وەرگرتن. لەبەر ئەوەی هەموو ئەو ڕووداوو ئەفسانەو چیرۆکە دوورانە ئەکرێ بە هۆی تەنها دالێکەوە هێمای بۆ بکرێ‌و بێتەوە بەر ڕۆشنایی.. هەموو ئەو دالانەی تریش کە هەمان وەزیفەی ئەو هێمایە ئەبینن، خەیاڵ بە سەریان ئەکاتەوەو بە هەمان تێڕوانینەوە سوودیان لێ‌وەرئەگیرێتەوە، بۆ نموونە:

ئەگەر ئاتەشگەیەکی زەردەشتی یان یەسنا یان هەر هێمایەکی تر هەبێ‌و بۆ سوود وەرگرتن بێ لە مەبەستێکی دیاریکراو.. بەرامبەر بەوە (داڤینشی)ش ئەبێتە دەلالەتێ بۆ ئەزموونێکی دیاریکراو.

بەم شێوەیە ناوی کەسایەتیی ڕۆمانەکان‌و تابلۆو ناوی هونەرمەندانی نیگارکێش‌و ژەنیاران‌و ناوچەو شوێنە دەرکەوتووەکان‌و ..هتد. کە بەکارئەبرێن، ئەبنەوە ئەو ڕەمزانەی لە هەمان چاوگەی پێشووەوە ئەڕژێنەوە

ناو دەقەکان.. بە کورتی بە بەردەوامیی ژیانەوە لە مێژوودا، کە لەگەڵ هەر سەرهەڵڕینێکدا قەڵا ئەبێتە کتێبێک و لاپەڕەکانی دەرئەخا.. پاشان هێندوورووژێنەر خۆی نیشان ئەدا کە کەڵکەڵەی زانیاریی زیاترو دوور ئەڕسکێنێ، ئەو کات شیعریش خاڵی ئەبێ لەو چەمکانەی هەمیشە لە لێکدانەوەدان، واتە هەر لە خواستن و ڕەمزەکانەوە تا زاراوەکان نوێ ئەبنەوە.

شاعیرانی دیکەو لە زۆر شوێنی تریش ئەو ڕەمزانە بەکارئەهێنن، بەڵام ئەوەی مەبەستمە ئەو ڕێژەیەیە کە لە هیچ جێگایەکی ترو بەو ئەندازەیە نەبووە بە پێویستی بەکارهێنان.. بۆیە لە خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەو دەنگانە هیچ ڕەمزێ بە مانا گشتگیرییەکەی وەرناگرم، بە تایبەت کە لە زمانی ڕەمزیدا سێ جۆرە ڕەمز هەن، ڕەمزی تەقلیدی و ڕەمزی پان و ڕەمزی گشتی (الرمز الكلي).

هەروەک هەندێ ڕەمز هەن ماناکانیان بە پێی زەمان و مەدلوولی پەیوەندیدارییان بەواقیعەوە لە شارستانێتییەکەوە بۆ یەکێکی دی ئەگۆڕێ (الحكاياتءالأساطيرءالأحلام، فروم)، بۆیە بە پێویستی ئەزانم مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕەمزانەدا لە پێشدا لەسەر ئەو بنچینەیە بێ کە بخرێتەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان.

لە (قسەیەک کە شەیتان پێی وتم)دا کە دەقێکی ناو بەفر نووسەو ساڵی (1997) نووسراوە، لە دەروازەی قەسیدەکەوە بەرد کراوەتە حیکایەتخوان.

وەک پێشتر باسکرا، دەقەکە لەسەر ئەو بنەمایانە چنراوە،واتا بونیادی دەقەکە فەزایەکی مێژوویی- میتۆلۆژییە.



لەو ڕەمزانەی کە بەکارهاتوون و بە پێی ئەو گریمانەیەی کە دیدی شاعیر ئەگوێزێتەوە بۆ جێگای تریش، جگە لە کەسایەتییە مێژووییەکان ئەمانەن:

1-سێوی حەرام (لە سێوێکی حەرام ئەچێ، ئەو بەردە).

2-ناوی نیگارکێشی وەک (کاندینسکی و خوان میرۆ) (بایەک، پڕە لە ڕەنگەکانی کاندینسکی و خوان میرۆ).

3-جولندێ: کە کاک دڵشاد لە پەراوێزدا نووسیویەتی: قەڵایەکی زەردەشتییەکانە لە ناوچەی سورداش (باوەشێنی ڕەش و سیمداری شازادەکانی (جولندێ) بەو تاوە هەوا ناجوولێتەوە) .

4-گەڕانەوە بۆ جەنگە کۆنەکان (ئەسپەکان کە بەرەو شەڕگە تاودران).

5-ناونیشانی دەقەکەش هێمایە بۆ چیرۆکی یاخیبوونی ئیبلیس.

ئەمانەو جگە لە هەندێ وێنەی دیکەش کە ناڕاستەوخۆ هێمان بۆ گێڕانەوە-سرد-ی تر، لەوانە بەردەکەی سیزیف و چیرۆکی پیلان داڕشتنی براکان بۆ کوشتنی یەکتر (هابیل و قابیل)و ..هتد.

پاشان لەو دەقەدا هەر ڕەمزێ کە بەکارهاتووە، بە کاریگەریەتیی ئەو جیهانە ئەفسووناوییە داڕێژراوە، بۆیە سەرەداوی خوێندنەوەی دەقەکە لێرەوە دەست ئەکەوێ و ئەو کات ڕەمزەکان شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان ئەگرنەوە.

یەکەمین ڕەمزو سەردێڕی دەقەکە (بەرد)ە.. ئەگەر بەرد بە زاراوەو وشەیەکی سەربەخۆ بزانین، ئەوا هێمایەکی روون و بێ گیانە بە نیسبەتی دەقەکەوە. بۆیە پێویستە بە داماڵینی ڕەمزەکە لە خودی بەرد رابمێنین و پاشان بگەڕێین بە دوای ماهییەتی دالەکەو پێگەی خۆی لە مێژوودا.

بەرد هۆیەکی کاریگەر بووەو رۆڵی گرنگی بینیوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە دوو ملیۆن ساڵو نیو بەر لە ئێستەوە، لە گۆڕانی چاخەکاندا مرۆڤ سوودی هەمە جۆری لە بەرد بینیوە، وەك بەکارهێنانی بۆ خستنە خوارەوەی بەری درەختو بەردەبارانو بەردتێگرتن کە لە کۆنترینو ناسراوترین شێوەکانی سوود لێوەرگرتنییەتی.. تا دوو سەد هەزار ساڵ بەر لە ئێستە (کۆتایی چەرخی ئاشولی–Acheulean) ئامێری پێشکەوتووی جەنگیش لە بەرد دروستکراوەوەك تەورو کوتەکی بەردین، هەروەك لە پێگەیشتنی مرۆڤی عاقڵیشدا (نێندەرتاڵ) چل هەزار ساڵ بەر لە ئێستە جۆرەکانی ئەو ئامێرانەش پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوەو توانراوە شەست ئامێری جیاواز پۆلێن بکرێ.

دیارە کۆمەڵە تەوتەمییەکانیش لە بەردو لووتکەی شاخو تاوێرەکان خواوەندی خۆیان هەڵبژاردووە.. یاخود بە گەورەو سەرەك هۆزی خۆیان زانیون (جولة في اقاليم اللغة والأسطورة، علي الشوك) پەیوەندیی راستەوخۆ لە نێوان بەرد وەك یەکەم رەمزی بەکارهێنراوی دەقەکەو ناونیشانی دەقەکە دا هەیە کە (شەیتان)ە.

ئەویش بەردەباران کردنی شەیتان لە بەڕێکردنی رێورەسمی حەجکردندا، دوای خۆیشی بەردی رەشی کەعبەمان بیر ئەخاتەوەو دواتریش کێوی عەرەفات، کە ئەمانە لەو رێوڕەسمەدا دیارن، بەم شێوەیە مەبەست زەمینە خۆشکردنی تەواوە بۆ رێکخستنی زنجیرەی گۆڕینی مەدلوولی رەمزەکان، دیارە سەرکەوتوویی لەم گەمەیەدا وزەو پیتی داهێنان جیائەکاتەوە.



مەدلولەکانی بەرد لەو مێژووەیداو پاشان گرنگیدانی ئێمە بە مێژووی رەمزەکان، لەو ئاستەی خۆیدا وەرنەگیراوە بۆ دەقەکە، بۆیە لە دووەمین رەمزی دیاری سەرەتاکانی دەقەکەدا رووناکییەکی کەمێ زیاتر هەست پێ ئەکرێ، کە لە دوا جاردا بۆ خۆی جەمسەرێکی گرنگی هاوکێشەکەیە، ئەویش: لە سێوێکی حەرام ئەچێ ئەو بەردە.

راستەخۆ لە پشتی ئەم دێڕەوە ئەو چیرۆکە مەدلوولی ئەم رەمزەیە کە لەم چەند خاڵەدا کورتی ئەکەینەوە:

لە (عرائس المجالس)[1] دا حەوا شەراب ئەداتە ئادەم تا سەرخۆش ئەبێ، ئەو کاتە ئەیباتە لای درەختەکەو ئادەمیش لێی ئەخوا.

ئادەم چووە لای، حەواوتی: نا.. تا لەم درەختە نەخۆی!؟. ئەویش بە پێی رێنمایی شەیتان کە بە حەوایوتبوو (بنوارە ئەم درەختە بۆنو تامی چەند خۆشەو چەند رەنگی جوانە).

قورتوبی ئەو درەختە بە درەختی میحنەت ناو ئەبا (گوڵە گەنم، هەنجیر، سێوی حەرام، درەختی نەمریی) هەر چییەکیان بێ بووە هۆی لە بەهەشت وەدەرنانی ئادەمو حەوا.

ئادەمو حەوا کە لەسەر زەویی یەکترییان بینییەوە لە کێوی عەرەفات بوو، (العنفءالمقدسءالجنس، ترکي علي الربیعو).

ئەگەر سێوی حەرام وەك رەمزی مەعریفە بەکاربهێنرێ، ئەوا لەم دەقەدا شەیتان ئەو حەرامکراوە بۆ جارێکی تر دەرخواردی مرۆڤ ئەداتەوە، بەڵام

1-لە پەراوێزی ئەو کتێبەدا هاتووە: (الثعلبي، قصائص الأنبیاء المسمی بعرائس المجالس، ص27).

لێرەدا سێوی حەرام نییە، بەڵکو بەرد، بەرد ئەبێتە ئەو چەقەی کە سەرجەم دەقەکە بە دەوریدا ئەخولێتەوە.

جگە لەوەی بە ئاشکرا هاتووە کە بەرد لە سێوێکی حەرام ئەچێ، بە دوای ئەودا ئەم چەند وێنەیە دێن:

ئەو سێوانە تا کەی بەسەر لقەکانەوە دەمێنن..؟
کەس دەستیان بۆ درێژ ناکا
ئەو گەشتوەرانە برسی نین، ئەگینا
ئەو کوڵمە سوورانە، لەو بەرزاییە چۆن دەمێننەوە..؟

لە سەرچاوەکەدا سێوی حەرام چەندین مەدلوولی هەن، لەوانە: هەڵگەڕانەوە، یاخود بێگوێیی کردنی فەرمانی خواوەند، بە حەرامکردنی سێوەکان، یان چێژوەرگرتن لە سێکسو نەوە خستنەوە یان بە دەستهێنانی سەرچاوەی درککردنو زانین.. لە دواییدا چەسپاندنی ئەو بۆچوونەی کە لە خواردنیدا نەمریی بەدەست دێ.

بە تەنها لەووێنەیەی سەرەوەدا مەدلوولەکانی سێوی حەرام لە بەردی حەرامدا ئەبینینەوە. لەوێدا (واتا لەو چەند دێڕە شیعرەدا) بە تەواوی مانای رەمزەکان گۆڕانیان بە سەردا هاتووە.. ئەمجارە بەرد بە سێوی حەرام چووێنراوە، لەو حاڵەتەشدا سێو تایبەتمەندییەکانی خۆی هەڵ ئەگرێو ئەبێ بە مەجاز بۆ رەمزی بەرد.

بڕوانە: لە سەرسامییەوە پرسیار دێ: ئەو بەردانەی لە سێو ئەچن تاکەی بەسەر لقەکانەوە ئەمێنن..؟ حاڵەتی سەرسامبوون لە ملکەچ کردنی تەواوی خەڵك بۆ فەرمانێ، دووەم ئەو گەشتەوەرانەی برسی نین بۆیە لە سێوەکان ناپرسنەوەو دەستیان بۆ درێژ ناکەن. ئەمەیان حاڵەتی دروستبوونی



شعوری بە کۆمەڵەوە نەلکاندنو یاخیبوونە.. بۆ ئەوەی وەرگرتنی سێو بە مەجاز بە تەواوی ساغبێتەوە ئەمجارەیان سێوەکان بە کوڵمی سوور ئەچووێنێ. کەواتە ئەگەر کەسێك غەریزە لیبیدییەکەی تێر نەبێ، چۆن دەست بۆ ئەو کوڵم سوورانە درێژ ناکا..؟ ئەگەر ملکەچی فەرمانێ نەبێو لایەنگیریی خۆی بۆ کۆمەڵ دەرنەبڕی بێ. کەواتە لێرەدا دەمێ بەرد بە سێوی حەرامو دەمێکی تر وەك بۆ تێرکردنی گەدەو جارێکی تریش بۆ تێرکردنی غەریزەی لیبیدی بەکاربرا، لە هەموو حاڵەتێکیشدا شتێکی قەدەغەکراوە.. بۆ ئەوەی بەرد مەدلوولی نەمرییش ببەخشێ، لە دەقەکەدا هەر لە دێڕی یەکەمەوە ئەڵێ:

بەرد باسی جەنگم بۆ ئەکا
ئەو زۆربڵێو نەزان نییە لە هەموو قسان
هەڵناداتێ
کە قسەیەکیش دەکا، وەك بەرزەکی بانان
بۆی دەرناچێ
.. .. .. .. .. ..
بەرد دەگێڕێتەوە

بەرد چی ئەگێڕێتەوە..؟ ئەو جەنگانەی لە مێژوودا روویان داوە، ئەو شەڕانەی کە ئەسپو تیروکەوانەکانی تیادا بەکارهاتوون، بەرد خۆی نەمرە، کەواتە لە دۆزینەوەی ماهییەتو کەشفکردنی دا هەروەك سێوە حەرامەکە، کە هیوای نەمریی لێ بەدی ئەکرا، ئەمیش نەمری ئەبەخشێ.

بۆ جێگیربوونی ئەم بۆچوونە چەند وێنەیەکی خێرای ناو دەقەکە بە نموونە ئەهێنمەوە کە چ پێویستیی بە لێکدانەوە نییە:

– بەرد دووبارە ئەبێتەوە

– بەردوتی پێشتر قسەی لەو جۆرەم بیستووە

– بەرد دەگێڕێتەوە

– تەورێکم تیژ ئەکردەوە

– لە نزیکمەوە ژنێکی قەترانی سەمای ئەکرد (چیرۆکی لە دایکبوونی حەوا).

بە پێی ئەو لێکدانەوەیەی لە (عرائس المجالس)ـەوەرمان گرتووە، ئەگەر حەوا بەسەرخۆشیی بەری درەختەکەی دەرخواردی ئادەم دابێ، پاشان بە بەستنەوەی بە لێکدانەوەی دووەمینەوە، کە ئادەم بۆ پێویستیی خۆی حەوای بانگکردبێو ئەویش مەرجی خواردنی بەری درەختەکەی بە سەردا سەپاندبێ، ئەوا دەقاودەق لە حاڵەتی مەستبووندا لەم دەقەدا ئەوە ئەبینرێتەوە، لە کاتێکدا کە ئەو پێویستییە رۆحییە هێندە زۆرە بۆ زانین، سەرچاوەی ئاییینی زەردەشتیش بەس نییە، یاخود بەو کەمە زانیارییەوە ئەویش نابووژێتەوە:

باوەشێنی رەشی سیمداری شازادەکانی (جووڵندیێ)

بەو تاوە هەوا ناجووڵێتەوە

ئەو ساتی مەستبوونە،

دەنگم کەمێك بە لای چەپدا لاربووە

لەو خوارەوە، لەش بە هەشتێکە بۆ خۆی

بۆنی

سەرخۆشی

خرۆشانو لەرینەوەی..



لەوەسفێکی سەرپێییدا بۆ بەرد لە پێشەوەی هەموو جوانییەکدا ئەبینرێتەوە، جوانییەکان ئەبنە باکگراوندی ئەم، واتا هێندە زەق ئەنوێنێ کتومت بەو شێوەیە ئەتوانین گوزارشتی لێبکەین کە لەسەر رووبەرێکی سوور تەنها خاڵێکی کەمێ گەورەی سپی ببینیەوە، چوون ئەم ئەکەوێتە ئەمدیوی جوانییەوە:

لەو دیوی جوانیدا نابینرێ

هەر لە دەقەکەشدا ئیشارەت بەو مەترسییە ئەدرێتەوە، کە جوانییەکان نەمێنن یان بەرد سەفەر بکا، رەنگە لە باری یەکەمیندا مەترسی لەوە بکرێ کە سەفەری بەرد سەرهەڵگرتن بێ بە هۆی ئەوەوە کە کەسێ دەستی بۆ نابا، بە هۆی ئەوەوە کە تیشکێکی کەمی بەرئەکەوێ کە بە تریفە چووێنراوە:

بەرد ترسی سەفەری لێ نیشتووە

تریفە ژەکی خۆی داوەتێ

ئەو هەموو جوانییە نەمێنێ، چی بکەم..؟!

بەڵام لە باری دووەمدا حاڵەتەکە تەواو پێچەوانەیە.. ئەمجارە جوانییەکان جیهانی دەقەکەو شاعیرەکەی هەڵی ئەلوشێ.. بۆ ئەم مەبەستە جارێکی تریش شاعیر پەنای بردووەتە بەر هەمان چیرۆکی ئادەمو حەوا، بۆ تەواو داڕشتنی دەقەکەو لەبەریەك نەترازانیان:

بەردەکە لەو ترۆپکەوە تل ئەبووەوە

کە پەنجەرەکەم بە باڵ شکاند

براکان لەوێ بوون، یەکتریان دەکوشت

زەنگی تەلەفوونێ لێ دەدا

کەس نەما قسەیەك بکا

کەس قسەکانی لە یاد نەمابوو

کاتێ کە سێوەکە خورا، شەیتان کاری خۆی جێبەجێ کرد.

لە قورئاندا هاتووە:

(وناداهما ربهما ألم أنهكما عن تلكما الشجرة وأقل لكما ان الشيطان عدو مبين)-(سورة الأعراف، الآية 22)، بەڵام پاش کار لە کارترازان پەشیمانی دادی نەبوو، ئەوە بوو هەردووکیان لە بەهەشت وەدەرنران و هاتنە سەر زەوی و پاش ئەوە خستنەوە، لە ناو یەکیشدا براکان کەوتنە بەر یەکترو یەکترییان کوشت و تاوان روویدا.

لە دەقەکەشدا پاش ئەوەی بەردەکە تل ئەبووەوە لەو دیوی پەنجەرەکەوە براکان نەیاندەتوانی پەشیمانیی خۆیان دەربڕن، ئەوەی خواوەند ئەمری پێ کردبوون لەبیر چووەوە، تازە کەس ناتوانێ بیهێنێتەوە یاد، چوون بێ ئەمریی کرابوو.. تەنها قسەیەکیش کە جێبەجێ کرابوو قسەی شەیتان بوو کە لە یاددا مابوو:

ئەو ناوە بێ جوانی سارد هەڵگەڕابوو
قسەیەك کە دوای جەنگەکان بەجێما
قسەیەك کە تەواو لە یاد نەچوو بووەوە
ئەوەبوو، شەیتان چیوت..؟

لەم دەقەداوردەکارییەکی جوان لە بەکارهێنانی رەمزەکاندا کراوە، بە پشت بەستن بە بونیادێکی میتۆلۆژی، هەروەك لە سەرەتاداوتمان، بە هاوڕێکی فەزایەکی مێژوویی و پڕ خەیاڵ و فراوان.. پایەکانی قەسیدەکە دامەزراوە.



ئەکرێ ئەم دەقە خوێندنەوەیەکی وردتر هەڵبگرێ، چوون بە راستی دالەکانی زۆر فراوانن و لە بەستنەوەشیاندا بە یەکترەوە، بۆچوون و گریمانی جیاوازی لێ ئەکەوێتەوە:

ئەکرێ پاش ئەم خوێندنەوەیەو لەسەر بنچینەی ئەم مەدلوولانەو روونکردنەوەی زیاتری چەند رەمزێکی دیکە، خوێندنەوەیەکی تەواو جیاواز هەبێ.- لەگەڵ ئەمانەشدا دەقەکە بێ بەری نییە لە هەندێ رستەی خەبەریی لاواز، کە هەر خوێنەرێ لە لای خۆیەوە بە خاڵی لاوازی دەقەکەی ئەبینێتەوە.. ئەم چەند رستەیە سەرباری یەقینی و داڕشتنیان لە شێوەی هەوڵدا، لای من بوو بە بار بەسەر دەقەکەوە:

-ئەو گەمەیە نە سوودی هەیە نە زیان، ماندووبوونێکە بێ ئاکام.
-لە سەردەمی شەڕەکاندا بۆنی کۆلۆنیا لووت
دەپژێنێتەوە.
-زەوی بەو حاڵەش بە مانگ رازییە
-مردم هێندە بێم و بچم.. هتد..

# پەیوەندیو لێکچوون
# لەوێنە شیعرییەکانی ( لەتەکانی شعور)دا..

زۆر کاتوا هەست ئەکەم من لە چەند کەسێ پێك هاتبم. ئەو کەسەش لە ساتێ لە ساتەکاندا دەسەڵاتی باڵا ئەگرێتە دەست، هەر ئەبێت بیدا بە کەسێکی تر..

"سۆمرست مۆم"

شیعر، هەڵوەستەکردنە لە بەردەم دەرکەوتەکانی ناوەوەی خوددا.. یەکەمین رامان لە دەرکەوتنو روو هەڵماڵینی ساتی کەوتنەوەی دژەکانو بە سوودەوەرگرتن لە پرەنسیپی دژەکەوتنەوە (تناقض)، بۆ خۆی جۆرێ لە هەڵبژاردن لە پێك گەیشتنەوەی دژە کەڵەکەبووەکانی نەست (لاوعي) دا رێکئەخا، بۆ بەرجەستەکردنی لە پرۆسیسی داهێنان، یان چێژوەرگرتن لە ساتێکی بەختەوەریی خوددا.

خۆ ئەگەر لە دیوێکی تریشەوە پرۆسیسی داهێنان ببینینەوە، ئەوا (ئەو هێزەی لە نەستەوە دەرئەپەڕێو ئەگاتە چارەیەکی داهێنەرانە، ئەکاتە هەمان هێزی نەست کە ئەبێتە هۆی تووشبوون بە دەمارگیریی، کەواتە لای داهێنەر داهێنان ئەخولقێننو خەڵکانی (ئاسایی)یش تووشی دەمارگیری ئەکەن. (هەرچەندە داهێنەرانیش بێبەری نین لە دەمارگیری).

با سەردێڕ نەبێتە پێناسێکی تر بۆ شیعر، چوون ئێمە لەوەداین شیعر لە هەموو قاڵبو چوارچێوەیەك دووربخەینەوەو لە سەرجەم پابەندبوونە



جۆراوجۆرەکانی پێش ئێستەی داماڵین.. ئەمەش ناکاتە سڕینەوەی چیەتیی (ماهية)ی شیعرو سەرجەم تایبەتمەندێتیی، وەك بەشێکی زیندوو لە ئەدەبدا، بەواتایەکی تر نامانەوێ ئەو رەزمە دەروونیو هەستییە فەرامۆش بکەین کە پێك ئەگاتەوە لەگەڵ شیعرداو ماناو مانەوەی ئەپارێزێ، بە قەدەر ئەوەی پێویستمان بەو سەربەستییە هەیە، شاعیر بۆ سەپاندنی ئیرادەی چۆنێتیی بە بەکارهێنانی توانا ناوەکییەکانی ئەیەوێ لە دەربڕیندا بە دەستی بهێنێ، بە ئەندازەی سەرپشکبوونی لە دەستنیشانکردنی ئەو سۆناتە مۆسیقییەدا کە حاڵەتە سایکۆلۆژییەکەی ئەخوازێ.

هاتنەدەرەوەی شاعیر لە بازنە چەقبەستووەکانی رێچکەی جۆراوجۆری ئەدەبیو رزگاربوونی لەو کۆتانەی هەر شەپۆلێ لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێ، دەروازە والآکردن لەبەردەم فیکردا، بۆ خۆی شۆڕشێکە کە تیایدا سەربەستیی ئیرادە ئەگاتە فراوانترین پانتایی، مۆسیقاو ریتم لەو جەڕاندنەی قوتار ئەکرێو تەشکیلەی زەمانیو مەکانییەتی وشە، لەوێکچوونو پەیوەندیی نوێدا واتای نوێ ئەبەخشن.

دوورکەوتنەوە لەو لۆژیکەی کە شاعیری پێ ئەکرێتە قاڵب داڕێژەرەوەو شتی تر، دەرهێنانەوەی ئەو مانا پڕ لە بایەخو بەهایانە کە نەکەوتوونەتە ژێر خۆڵەمێشی هەستو پاشەرۆکی لۆژیکەوە.. دابینکردنی دینامیکییەتی گۆڕانە، هەر لەوشەوە، تا ئەو پەیوەندییە سستو مردووانەی ئەدەبی تووشی جوینەوەو پاشتر لەدەستدانی وەزیفەکەی کردووە.

ئەو کێشەو دژەکەوەتنەوە کەڵەکەبووانەی کە ئەبنە مایەی هەڵچوونو لە ناوەوەی خوددا دەستیان بەسەردا ئەگیرێ، لەگەڵ ئەو زیندە خەونو گەمەی منداڵییانەدا کە لەدەستچوون، بە سەربەستی لەگەڵ وەهمەکاندا یەك

ئەگرنەوەو کەسی داهێنەر بە پیرییەوە ئەچێ و بە قەرەبووی خەونە تێپەڕیوەکانی ئەبینێتەوە، لە چالاکییەکی عەقڵیدا (پرۆسیسی داهێنان) دەستەبەر ئەکرێ. ئەم چالاکییە عەقڵییەش ئەکەوێتەوە نێوان هەڵبژاردن لە دەربڕیندا کە لە پالاوتەی سفتی شعور ئەدرێ. ئەگەر لە تەک ئەم خۆ گونجاندنەی خودی داهێنەرو دنیای دەرەوەیە (رایەڵەبوونی پەیوەندییە میکانیزمە ئاڵۆزەکان، لە نێوانی شعورو لاشعور)) جارێکی تریش خۆ گونجاندنەوە لەگەڵ قاڵبە بەرتەسکەکانی بواری داهێناندا بسەپێنرێتەوە، بێگومان سەربەستی لە دەربڕیندا ئەبێ بە ژێر ئەو هەموو پشتێنانەوە، لە کاتێکی وادا چامەی (لەتەکانی شعور)ی (فەرەیدون پێنجوێنی)مان نەئەناسی.. کە بۆ گەیشتن بە دنیای دەرەوە، زۆربەی کۆنترۆڵە توندوتیژەکانی سەر نەستو ئەو یاساو رێسایانە ئەبەزێنێ کە خودو شیعر ئەباتەوە بەردەمی لێپرسینەوە سۆسیۆ-سایکۆلۆژییەکان.

ئەم قەسیدەیە رەهابوون بەرئەداتە ئاسمانی بیرکردنەوەو ئەو دەرگا نوێیانە والائەکا، کە نووسەر بە سەربەستی ئەچێتە ژوورو خوێنەریش سەربەستانە لەو ماڵی وێنانەدا، لەو پیشانگە شێوەکاریە حسییەدا خەیاڵی بەرەلا ئەکا.

خوێندنەوەی من بۆ ئەم قەسیدەیە، کەمتر ئەچێتە پەرێزی بینینەوەی هونەری شیعر تیایدا، یان ئەم خوێندنەوەیە، خوێندنەوەیەك نییە بۆ دەستنیشانکردنی روی گەشو ئەو لایەنانەی کە شاعیر کورتی هێناوە.. بە قەدەر ئەوەی بە زەمینەیەکی لەباری دەزانم تا خوێندنەوەیەکی دەروونیی خودی شاعیر لەم قەسیدەیەوە بکەم. هەرچەندە کەمێکیش لە هونەری



شیعری شاعیر دواوەو ئەو پەیوەندیو لێکچوونانەی لەوشەدا ئەیبینمەوە، ناونیشانی باسەکەیان کردە خاتری خۆیان.

زۆرجار چوواندنی نوێو زیرەکانە لەوێنەکانیدا ئەبینم، کە نیشانەی کامڵبوونی دۆزینەوەی پەیوەندیی نوێیە لە نێوانی شتەکاندا، لە نێوانی خودو جیهانی دەرەوە، لە نێوانی مرۆڤدا، چوواندنێ کە باو نییە، یان لە باوەکانیشدا پەیوەندییەکان ئەگۆڕێنو ماناو واتای تازەیان لێئەکەوێتەوە، چوون وەك دەرئەکەوێ شاعیر دوای ئەووێنە شاراوانە کەوتووە کە ئەکەوێتە دیوێکی تری بینینی ئاساییەوە، کە هەندێ جار سەیرو سەمەرەن بە پێی عەقڵو لۆژیك، جاری ئەوتۆش هەن بە پێی لۆژیکی باوی هونەریش بە دۆزینەوەی بێ ماناو پڕوپووچ ئەکەوێتەوە، کە ئەو بارە نوێیانە لۆژیکی هونەر بەرەو پێش ئەبەن.

ئەگەرچی هەندێ جاریش ئەم شێوازە ناعەقڵانییە ون ئەبێو هاوزمانی دەربڕینی کۆن ئەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ دەگمەنیی ئەم حاڵەتە، پاساوی جۆراو جۆریش هەن، هەر لە راگرتنی لەنگەرو ونبوونی دەربڕینی نوێ، یان لە ئەنقەست بەکارهێنان:

دێڕی:

(37)-(من کە ئامێزم والایە

(38)-زێدەتر لە هەر شت

(39)-تەمای دڕكو داڵتم کردووە).

یان دێڕی:

(187)-(کە دەکرا لە جیاتی پەنیر

(189)-بیانکەین بە تیکەی بەرچایی).

به یەکچوواندن و پەیوەندیی نێوان سنگی کچان و پەنیر، مێژوویەکیان لە ئەدەبی کوردیدا هەیە.. ئەو پەیوەندییە نموونەی لە فۆلکلۆریشدا هەیە، بە رادەیەك لە زۆربەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا کە پەنیر کەوتە گۆڕێ، راستەوخۆ سنگی کچان سەرنجمان رائەکێشێ، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو چەپاندنە موزمینەیە کە لەگەڵ مرۆڤی رۆژهەڵاتیدایەو هەمیشە وەك میکانیزمێ بۆ بەرگری لە خۆکردن بەکاری هێناوە، ئەم چەپاندنەش پەیوەندیی راستەوخۆی بەوێکچوواندنی واتاکانی سێکسەوە هەیە.. بۆ نموونە: لەبەرئەوەی فشار بە بەردەوامی لەسەر یەکتر تێرکردنی (غەریزەی سێکسی) نێرومێ هەبووە، (بە حوکمی سەردەمی باوك سالارییش)و لەبەرئەوەی ئەو بەشە جەستەییانەی مێینە کە لە نێرینەدا نییە یان ئەو بەشانەی تری کە بە هۆی کاریگەریەتیی هۆرمۆنەکانەوە سەرنج راکێشەرترو کاریگەرترن. دەستکەوتن و لێ تێربوونی زەحمەتی زۆری ویستووە. بە زۆر شتی تر چوویێنراون، کە دەستکەوتنی زەحمەتی نەویستبێ، سنگیش بە هۆی سروشتییەوە، کەواتا سێکسییەکانی تێدا کۆئەبێتەوە (لای نێرومێ بە یەکسانی)، دیارترین شوێنێکی مێیە بە زۆر شت چوویێنرابێ (هەنار، هەرمێ، بەهێ، پەنیر، قۆخ، هەڵووژە، ..هتد). بەواتا پەیوەندییەکە زۆر کۆنترە لەوەی شاعیرێ لە (96) دا بیدۆزێتەوە. (چوواندنی بەو شتانەی لە رێگەی دەمەوە چێژی لێوەرئەگیرێ، بۆ خۆی جۆرێ لە گەڕانەوە (ارتکاس)ی تێدا ئەبینم.. ئەمەیان باسێکی ترە).

لەوێنەی یەکەمیشدا بە هەمان شێوە: (دڕك) هەمیشە بۆ دەلالەتکردن لە ئازارو ناڕەحەتی و رێگری و شتی لەم بابەتە بەکارهێنراوە.. رەمزێکە لە پێشینانیشدا بە هەمان پەیوەندی و دەلالەتەوە بەکارهێنراوە. هیچ



پەیوەندییەکی نوێ نابینمەوە لە بەکارهێنانی (دڕك) لەم قەسیدەیەو لەو پەندە پێشینانەی کە دڕکی بۆ گوزارشتکردن لە خراپەکاری تەوزیفکردووەو ئەڵێ: (ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە). (فەرەیدون)یش مەبەستیەتی خراپترین ئەگەر (أسوأ إحتمال) دابنێ لە چاوەڕوانکردنی فریادرەسەکەیداو پێی ئەڵێ: (باوەشم بۆ خراپەکارییەکانت والآیەو چاوەڕوانی ئەوەت لێ ئەکەم، چوون رەنگ بێ لە چاکەو جوانی داماڵرابی). پەیوەندیی نێوان دڕك و خراپەکاری، هیچ گۆڕانکارییەکی لە پێشینانەوە تا (فەرەیدون) بە سەردا نەهاتووە، ئەمە ئەکاتە گواستنەوەی کتومتی چەمکی دڕك وەك ژان.

بە پێچەوانەشەوە گەلێجار ئەتباتە پەرێزی واتایەکی نوێ لەوشەیەکدا، کە لەم قەسیدەیە بە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی نوێوە دەرئەکەون:

دێڕی:

(161)–(ببینم تەنافێك بە ئازادی

(162)–جلەکانی ژێرەوەی شمشاڵێ بداتە بەر خۆر).

ئەوەندەی بەرچاوم کەوتبێ و شمشاڵ تەوزیفکرابێ، رەمزێ بووە بۆ ئیشارەت کردن بۆ (ئاوازێکی خەمۆکی، تەنیایی و پەیوەندییەکانی، شوانێ، یادگار، هەماهەنگیی مۆسیقی و شتی تری لەم بابەتانە..) خۆ ئەگەر نزیکیش بووبێتەوە لە ژن، ئەوا هەر بە بەشێکی چوویێنراوە، وەك ناوقەد باریکی یان بە گەردن و دواتریش بە رێکیی بالاّی.

کەچی ئەبینین لەم وێنەیەدا بۆ مەبەستێکی نوێ، بە میینە چوویێنراوە وەك بوونێکی سەربەخۆ..وەك کیانێکی پڕ موعانات، جەستەیەکی شاراوە، نەك چوواندنی بە بەشێ لەو جەستەیە.

مەتەڵێکی سادە لە ناو خەڵکیدا هەیە، بەوەی ژن و پیاو لە رووی پێکهاتەی جەستەییەوە (2) کونیان جیاوازە..واتا ژن (2) کونی زیاتر لە جەستەدایە وەك لە پیاو، ئەویش لە سنگیا، ئەم جیاوازییە ئەگەرچی لە رووی زانستییەوە ناڕاستەو تەنها ئەوەندە هەیە کە پیاو رژێنەکانی شیری نییە، بەڵام مەتەڵەکە بووە بە باو.

فەرەیدون بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆیو دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان ( شمشاڵ- ژن) زیرەکانە سوودی لەم مەتەڵە وەرگرتووەو فرەکونیی شمشماڵی بەو فرە کونییە لە ژنەکە دا چوواندووە (مەبەست ژنەکە، نەك کچ، ئەمە دواتر ئەیبینینەوە). ئەم دۆزینەوەیەو چەپاندن و خەونە سەرکوتکراوەکانی ژنەکەو غەریزە تۆقێنراوەکانی، لە تازەترین پەیوەندیدا جلەکانی ژێرەوەی- گوزارشتی لێ بکا.. بۆ خۆی روانینی فەرەیدونمان لا ئاشکراتر ئەکاو پێمان ئەڵێ: (خەیاڵە سەربەستەکان، پەیوەندییە ونەکان ئەدۆزنەوە).

دێڕی:

(144)-(کاتێ وەهمێك دەپەڕێتە چایەکەی دەستمەوە

(145)-لە پێکەنیندا دەخنکێ).

ئەگەر خوێندنەوەمان بۆ ئەم وێنەیە بۆ ئەوە بێ پێی بگەینە لۆژیك، ئەوا بینینمان کوێر ئەبێو بە پێی (زەمان) ئێمە بە دوای ئەووەهمەدا وێڵ ئەبین کە هیچ کاتێ نایگەینێو بۆ خۆی ئەبێتەوە بە وەهم. کەچی لە پشتی ئەو لۆژیکەوە ئەگەینە ئەو چرکە دەروونییەی شاعیر، کە لە تاس بردنەوەیەکدا وەهمێ بە بەرچاوییەوە (وهم بصري) ئەپەڕێتە چایەکەی دەستییەوە، لە بریی ئەوەی چایەکە بڕژێو ئەو مێشە-بەنموونە- بە نەعلەت بکا کە چای



خواردنەوەکەی لێ تێك ئەدا، لێی ورد ئەبێتەوە، هیچ نابینێو لە زەردەخەنەیەکی ئەمدا کە تەفرە خواردووی ئەو بینینەیە، وەهمەکە قوت ئەبێتەوە. لێرەدا گەڕانەوە بۆ ئەو بارە سایکۆلۆژییەیە کە شاعیری لە ساتێکی دەروونیدا تێدا دەژی، نەك ئەووەهمەی قوت ئەبێتەوە.

لە بەردەمی رامانمدا بۆ ئەم قەسیدەیە لە زۆر باردا خوێندنەوەم خەیاڵم ئەکاتە پەپوولەی ئەو باخە ئەفسووناوییەی مەترسیم لا پەیدا ئەکا لە گەڕانەوەی. هەندێ جاری تریش هانام پێ ئەبا بۆ سەرچاوەیەکی فەرهەنگیی یان تیۆری.

ئەگەرچی پێشتر ئەوەم لە پێش چاوە، کە تێکستی ئەدەبیی کوردی، تێکستێکی هەڵخەڵەتێنەرە، رەنگبێ هەر شتێکی دەربارەی کەسێتیی ئەم شاعیرەو لە دەلاقەی ئەم قەسیدەیەوە لەسەر بڵێم، لەگەڵ تێڕوانین بۆ شیعری لەمەوبەرو داهاتووی ئەم شاعیرە یەك نەگرنەوە، لەوێدا تێکستەکە هەڵخەڵەتێنەر ئەبێ، چوون داهێنان-لە دیدی فرۆید-ەوە پەیوەندیدارە بە (چەپاندن و سێکس و دەمارگیری)یەوە، یان بە روانینێکی تر کە داهێنان- هۆکارێکی هونەری- بە خەیاڵ تێرکردنی ئارەزووە نەستییەکان بێت وەك خەون. (لە کاتێکدا دیارە هەموو خەیاڵێ بۆ تێرکردنی غەریزە یان حەزێکە).. ئەو کاتە ئەوسای زیندەخەونەی شاعیر پرۆسیسی هەڵخەڵەتاندنەکە بەرهەم ئەهێنێ، کە مەددو جەزری غەریزەکانی شاعیرێکی رۆژهەڵاتی سەقامگیر نابێو بەو شێوەیە لە نێوانی دوو تێکستدا یان زیاتر کەسێتیی کار لەسەر کراو لە ونبوون و دەرکەوتنەوەدا ئەبێ.

سەرەتا لە ناونیشانەکەوە هەڵوەستەیەك ئەکەم، تا ئەو کلیلە دەرفەتی گەڕانەکەم بداتێو سەفەرم ئاسان بێ، تا وێنە ژێر پەردوو کەوتووەکانی ئەو

راستییەش ببینم کە شاعیر بۆ ئەوەی دەلالەتی زمان لەدەست نەداو رستەکانی لێ نەبێتە تەشکیلەیەکی دەنگیو هیچی تر، بە ناچاری پەنای بردووەتە بەر رەگەزە بنچینەییەکانی شیعر لە تەشکیلەی زمانیو شوێنی وشەدا، لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییەشی کەواتاکان ئەگرێتەوەو هێماکان فراوانتر ئەکا.

### لەتەکانی شعور

بەرامبەر بە زاراوەی (شعور) لە کوردیدا (هەست) بەکارئەهێنرێ، لەبەرئەوەی بەرامبەر بە (احساس)یش لە کوردیدا هەمان وشە هەیە، بۆیە بە پێویست لە هەردوو حاڵەتەکەدا بۆ تێگەیشتنی زیاترو دوورکەوتنەوە لە تێکەڵاوکردن، وەك خۆیان بەکاری ئەهێنینەوە.

بۆ ئەوەی ناونیشانەکەش روونتر بنوێنێو لە پاشدا بەستنەوەشیان بە یەکترەوە، پێناسینی هەر یەکێکیان پێویستە:

1-احساس: ئەو حاڵەتە شعورییە سادەیەیە کە لە دەرئەنجامی کارتێکردنی پەلە عەسەبییەکانەوە دروست ئەبێ، بە هۆی وریاکەرەوەیەکەوە، کە پاشتر ئەگوێزرێتەوە بۆ ناوەندەکانی (حس) لە مێشکدا، بەڵام درکی حسی (الإدراك الحسي): ئەو پرۆسیسیەیە کە مرۆڤ تیایدا بە پەلە بە ئاگا دێتەوە لە شتێ.

2-شعور: زاراوەیەکی گشتییە بۆ دەلالەتکردن لە رووی هەڵچوون لە ئەزموونێکدا بەکارئەهێنرێ، وەك لەزەت.. هەروەك ئەزموونی خۆشەویستی ئەگرێتەوە.

کەواتە شعور دەربڕینە لە مەودای هەڵچوون لە هەر ئەزموونێکدا.. یان بۆ هەر ئەزموونێ شعورێکی تایبەتیمان هەیەو ئەو شعورە دەرئەنجامی



هەڵچوونە لەو ئەزموونەدا، بەڵام ئەبینین شاعیر لە سەرلەبەری قەسیدەکەدا (لەتەکانی شعور) بەکارئەهێنێ:

دێڕی:

(182)-ئەمێستا لێ گەڕێ تا دەگەی

(183)-لەتەکانی سەرم لەم لاپەڕانەوە بپێچم).

دێڕی:

(194)-ئەو بەردو تاشەبەردانەی ئاو تلیان دەدا

(195)-ئەوە لەتە گوناهبارەکانی سەرمن).

(196)-(لەتە بێ گوناهەکانی سەرمن..) هتد..

بەو پێیەی کە لەتەکانی شعور لە تەواوی قەسیدەکەشدا نەهاتووە.. کەواتە ئەکرێ هەر یەکێ لەم واتایانەش بکرێنە ناونیشانی قەسیدەکە:

(لەتەکانی سەرم، لەتەکانی بوون، لەتەکانی ئاگایی، شعورە پەرتەوازەکانو لەم بابەتانە).

هەر یەکێ لەمانە ئەو مانایە ئەبەخشن بەو شێوەیە روون ئەبێتەوە کە شاعیر شعوری لەو زاراوەیەوە وەرگرتووە کە ماناکەی گشتگیرترەو راستتر لە بری (وعي) بەکارهێنراوە، بۆیە ئەبێ لێرەدا پێناسێکی تر بە شعور بدەین: ئەو ساتانەی بەئاگابوونە، کەمرۆڤ درك بە هەموو شارەزایی (خبرة)ی رابردوو کارتێکەرە دەرەکییەکان ئەکاو چالاکییەکانی رێك ئەخا. (د.ئەسعەد رەزوق)یش ئەڵێ: (لەناو خەڵکدا شعور دەلالەت لە هیچ ئەزموونێکی دیاریکراو ناکا)، بەم شێوەیە لای شاعیریش (شعور)و (لاشعور) هەر لە بریی (وعي)و (لاوعي) دێتەوە. ئەم دیاردەیە لای زۆربەی نووسەرە

سایکۆلۆژییەکانیش دەرئەکەوێ، بە شێوەیەکیش جێی خۆی گرتووە، مەگەر بۆ جیاکردنەوەی پەنا ببەنە بەر فەرهەنگە سایکۆلۆژیەکان.

بە کورتی فەرەیدون ئەیەوێ پەرتەوازەیی خۆی بکاتە ناونیشانی قەسیدەکەی، ئەو پەرتەوازەییەی لە شەوێکەوە چاوەڕوانی کۆکردنەوەیەتی کە سەرەتا بەسەرهاتەکەی ئەگرێتەوە بۆ پچڕاندنی ئەو رایەڵەیەی لە سەعادەتی ناو رەحمی دایکی بێبەشی کردووە (واتا ساتەکانی دڵنیایی). کە ئەکرێ گوزارشتی جیاوازمان بۆ ئەو سکونە هەبێ.. (سکون لە ئەزموونێکدا، سکون لە ماوەی کۆرپەلەیی (جنین) دا، سکون لە نیشتمانداو بەم شێوەیە). پەرتەوازەییش پاش دەرچوون لەو سکونانەی باسمان کردن، ئەو ئەیەوێ بڵێ: (سەعادەت بینینەوەم لە ناو دایکێکدا بووە کە تیایدا هەستم بە ئارامی کردووە).

دێڕی:

(30)–(لە شەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم

(31)–سەرەتای بەسەرهاتەکەی

(32)–بە بڕینی ئەو رایەڵە دەستپێدەکا،

(33)–منو سەعادەتی ناو دایکمی

(34)–لە یەکتری گرێدابوو..).

لە بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیو تێڕامانی لە دەوروبەر، شعورێ لە لاوازیی دروستبووە، بەرامبەر بەو شتانەی کە مرۆڤ خۆی لەبەردەستیدا بە بێ دەسەڵات ئەبینێتەوە، زۆر جار شعور کردنەکە بە لاوازیی هێند درێژەی کێشاوە مرۆڤیش نەگەیشتووەتە دەسەڵات بەسەردا شکانی، شعورەکە



گەیشتووەتە پلەی خۆ تەسلیمکردن بەو دیاردەیەو مرۆڤ کڕنووشی بۆ بردووە.

لە کاڵبوونەوەی مەترسیی ئەو دیاردانەو زۆربوونی پێداویستییە مرۆییەکان، مەترسیی نوێ هاتوونەتە گۆڕێو بێدەسەڵاتیی مرۆڤیش ئامادەیی هەر هەبووە.. مەترسییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر بە پێیوشیاریی گۆڕاون. هەر بۆیە بۆ چارەسەر لە دوا پلەکانیدا مرۆڤ هانای بۆ فریادرەسێ بردووە تا لە مەترسیی دیاردەکان بیپارێزێو ئارامیی بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەو فریادرەسەی بووە بە بەشێ لە لاشعوری گشت (اللاشعور الجمعي).

کە بە دیدی (یۆنگ) هەروەك بۆماوەکان (وراثة) لە پێکهاتەی جەستەیی، رەمزو ئەفسانەکانیش ئەگوێزێتەوە. (لە جیاکردنەوەیەکدا کە مەعریفە کردەی شعوربێو ئەفسانەش لاشعور).

فەرەیدون لەم قەسیدەیەدا پێ لەسەر ئینتیزارکردنی فریادڕەس (منقذ)ەکە دائەگرێ، مەترسیی لە کۆکردنەوەی لەتەکانی بەهانابردنەوە دوور ئەخاتەوە، یان ئەم کارە بەو ئەسپێرێ، خۆی لەبەردەمی ئەودا هەڵئەخاو بە پاساوی پەرتبوونی خۆی ئەزانێ، وەك بە پاساودەری کردەوەکانیشی تێئەگا، بەڵام فریادڕەسەکەی شاعیر لە ناخی خۆیدایە، کە ئەمە رووی دیاری جیاوازییە لەگەڵ فریادڕەسە تەقلیدییەکاندا.. ئەم هانابردنی بۆ رێکخستنەوەو یەکپارچە کردنەوەی ئەو پارچە شووشانەن، کە پاش بەئاگاهاتنەوەی ئەو لە خەوێك لەبەریەك ترازاونو وردو خاش بوون، بۆ کۆکردنەوەی ئەو لەتانەیان کە رەنگە خۆی هەندێ پارچەی لێونبووبن، کاتێ کە هاڕەیان کردووە.

دێڕی:

(58)–(لە شەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم

(59)–کۆتایی بەسەرهاتەکەی لەوێوە دەست پێ ئەکا

(60)–سەرم بەر ڕەقایی ئیقاعی هەراو زەنایەك کەوت‌و

(61)–لە خەو ڕابووم..

(62)–بینیم هەم سەرو هەم ئیقاع

(63)–هڕەیان کردۆتە بەر پێم).

بەڵام ئەو سکونەی کە شاعیری پێ لە هەموو شتێ بێ ئاگا بووە، لێرەدا ڕوون ئەبێتەوە کە ئیشارەتکردنە بۆ پێشاندانی دونیای سەر زەوی بینین.. ئەو دەستپێکردنە لەوێدا کۆتایی بەو خەوە ئەهێنێ، کە بوون دەست پێ‌ئەکا، بوون لە بووندا، بوون لە دایك.. کۆتایی بە ماوەی کۆرپەلەیی ئەهێنێ‌و لە خەوی نۆ مانگ‌و نۆ ڕۆژەی بە ئاگا ئەهێنێتەوە.. ئەم کۆتاییە ئەبێتە دەستپێکی سەرەتایەك، کە سەری تێدا بەر ڕەقەنی ئیقاعێ ئەکەوێ، گریانی‌و یەکەمین قیژەی تێکەڵ بەو ئاهەنگی کوردەواریی لە دایکبوونی کوڕە ئەبێ‌و هەراو زەنا ئەخوڵقێنێ.

مەبەستی شاعیر ئیقاعی بوونە، بەم شێوەیە وێنەکە کامڵە، لە کاتێکدا سروشتیش بۆ خۆی پارێزەری ئیقاعی خۆیەتی، ئیقاع خزاوەتە ناو هەموو موفرەدەیەکی ژیانەوە، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی لە بە مەعریفە بوونی ئیقاعیش بگەین، نابێ ئەو حەقیقەتەش پشتگوێ بخەین کە کردە بۆ خۆی شوێنێ ئەگرێ لە نێوانی مرۆڤایەتی‌و سروشتدا، کرۆك‌و هۆ ئامانجدارەکەی (السبب الغائي) گونجاندنە، واتاییەکەی نێوانی مرۆڤ‌و سروشت، یەکەش



یان بە شێوەی پرۆسیس دەرئەکەوێ، یان وەك جووڵە، کە ئەگەر لە زەماندا وەك پرۆسیس سەیری بکەین، ئەکاتە جووڵەیەکی گونجاو، واتا ئیقاع.

ئەم ئیقاعە زەمانییەش لە دیدی شاعیرەوە ئیقاعێکی ڕەق‌و تەقەو لەگەڵ بە سووك بینینەوەو بێ بایەخی (لە ئەمەوە بۆ ئەو) ئەو هاڕە ئەکا‌و بە حوکمی سەقامگیربوونی ئیقاعەکەش سەری ئەم هاڕە ئەکا، ئەوکات هەردووکیشیان ئەچنە پەراوێزەوە.. ئەبن بە دوو دژ لە یەك گرتنەوەدا.

لە پاش ئەو هاڕەکردن‌و وردو خاش بوونە، یاساکانی بوون بواری خۆ کۆکردنەوەو گردبوونەوەیان نەداوە.. ئێستە پاش ئەوەی هاڕەکردن‌و ئیقاع‌و بوون‌و شتەکان حاڵی ئەبێ، ئەکەوێتە چنینەوەی خۆی‌و بەو پارچە، پارچەبوونەوە ئەیخاتە بەردەمی فریادڕەس بۆ گیرساندنەوەی مۆڵەتێکی زۆرە ملێ (إجباري)ی لێ‌وەرئەگرێ بۆ کۆکردنەوەو ئەو بڕە پارچەیەی پێی ئەکرێ، بە تایبەت کە خۆی یەقین نییە لە کۆکردنەوەو ئەیەوێ بیچنێتەوە[1]:

دێڕی:

(64)–(ئەمێستا لێ گەڕێ تا دەگەی

(65)–لەتەکانی سەرم بچنمەوە).

هەر لە سەرەتاشەوە سروشتی فریادڕەسەکە ئەناسین، داوەتنامە ئاراستە کراوەکەی چەند ڕوویەکی دیاری هەن، ئەگەر لە دەرەوە ڕووکاری ببینین، ئەتوانین پارچە پارچە پێناسی بکەین‌و چەندین ناویشی لێ بنێین: ئیرادە،

---

1–چینینەوەو کۆکردنەوە لە ڕووی زمانەوە جیاوازییان لەوەدایە یەکەمیان: بە مەبەستی چینینەوەی دانەکانە، نەك چنینەوەی شتە وردوخاش بووەکان، بە پێچەوانەی دووەمەوە.

بەرائەت، پاساودانەوەی دزێوی کەوتنەوە، جوانی بەخشینەوە بە بیرکردنەوە، سەرفرازبوون یان هەڵاتن لە کێشەو دژە بەردەوامەکان..

ئیرادە: ئیرادەی شاراوەی شاعیری بەسەر رووداوەکانەوە، خاسیەتێکی گرنگی فریادڕەسە، سەرباری ئەو پێناسە زۆرانەی کە ئیرادە هەیەتی، بۆ مەبەست پەنا ئەبەینە بەر (سیستمی ڤۆندنتی سایکۆلۆژی) کە ئیرادەی بۆ ئامانجی خێر تیا بەکاردێ.

مەبەستی شاعیر روونە لە کردەوەی خێردا.. خێر بەو مانایەی رەنگدانەوەی کردەیەکی رێکخراو، کاریگەرێتیی هەبێ بەسەر دەوروبەرەوە.. کردەی رێکخراویش لە کەسێکەوە ئامادەئەدەبێ، کە ئاسۆکانی کردەکەی لا ئاشکرا بێ.

فەرەیدون هانا ئەباتەوە بەر ئیرادەی بۆ رێکخستنەوەی لەتە بێ بەرنامە هەڵوەریوەکانی خۆی وەك خود لە کۆمەڵدا.. زۆر جاریش دەرئەنجامی هەستانەوەی ئەم، خۆگرتنەوەی، کەسانی دەوروبەر سوودمەند دەبن..وەك ئەوەی لە گەڕانەوەی ئیرادەدا (فریادڕەس لە شاعیر دابڕاوە، پاشتر لێی ئەدوێین) سانسۆرێ تێك ئەشکێنێ، کە شاعیر ئێستەی بە قودرەتی خۆی نابینێتەوە، بە نموونە: جگەرە کێشانی برا بچووکەکان بەدزیی ئەمەوە، ویستی خۆ گۆڕینی خوشکەکانی بە پێی هاوڕێك بوونەوە لەگەڵ مۆدیل، زیاد مەسرەفکردنی باوکی، ئەمانە بە هۆی رەقابەی توندوتیژیی فەرەیدونەوە هەر یەکێکیان ئەخرێتە ژێر مایکرۆسکۆبەوەو لە حەجمی خۆی گەورەتر ئەبینرێن، چ لە لای ئەمو چ لە لای ئەوانیش کە درك بە ئامادەبوونی هەمیشەیی چاودێرەکە ئەکەن. لە پشتی ئەو گەڕانەوەیەی ئیرادەوە، سانسۆرێ تێك ئەشکێ کە زۆرجار ئارامیی شاعیری تێدا بۆتە ژێر



دەستو پێوە.. کەواتە بە گەڕانەوەی فریادڕەس، ئەم خاسیەتە دێتەوەو بە تەنیشتی ئەو خێرەوە (کە لەمەوە ئەنجام ئەدرێو خوشكو براو دایكو باوك لە سانسۆر رزگاریان ئەبێ) ئارامیی بەرکەماڵ ئەبێتەوە.

دێڕی:

(151)–(ئەوەندە لەحزەیەك

(152)–سانسۆر لەسەر جگەرەکێشانی برا گچکەکانمو

(153)–چۆنیەتی خۆگۆڕینی خوشکەکانم هەڵگرم).

بەرائەت: ئەوەندە بەسە بڵێین: لە گەڕانەوەی فریاد رەسەکەدا سەرجەم هەڵسوکەوتەکان رێچکەگرتووی جیهانێکن کە پڕیەتی لە بەرائەت: بەو مانایەی هیچ چاوگەیەکی دوژمنکارانەی (تا بۆ زیانگەیاندن بە کەسی تر، یان تۆڵە سەندنەوە یان هەر روویەکی دوژمنکارانەی تر ئەنجام درابێ).

خۆی لە بێ مەسئولیەتیی منداڵێکی مەنگۆلیو بەرەڵایی روباردا ئەبینێتەوە، کاتێك هەست ئەکا (لە تاوانێکیدا دەرهەق بە ژنێك کە زوخاڵی لێ ئەچۆڕێ) هەڵسوکەوتەکەی چاوگە گرتووی ئەو بەرائەتەیە کە لای خۆی دروست بەو مانایە لە فریادڕەسەکەیدا ئەبینێتەوە.

(101)–(ئەمەش منم..

(102)–بەختیارتر لە منالێکی مەنغۆلیو،

(103)–بەرەڵاتر لە روبار).

پاساودانەوەی دزێویی کەوتنەوە: هەموو ئەو سلوکانەی–رەفتار–لە دەرەوەی خوددا ماناکانی گۆڕانکاری بەسەردا دێتو وەك خۆی نامێنێتەوە، هەموو ئەو کردەوانەی کە خود دەرئەنجامی هەڵچوونیکی دەری ئەپەڕێنێو لە دەرەوەی خود بەکاری دزێوو ناجۆر لێك ئەدرێتەوە، شاعیر

پاساوێکی بۆی هەیە، کە ئەویش بە گەڕانەوەی فریادڕەس، هەموو کەوتنەوە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی ئەبنە بڵقی ئاوو ئەم دەربەستیان نییە، چوون پاساوێکی هەیە کە تیایدا ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو جیهانە بێ کۆنترۆڵو بێ سانسۆرەی کە تەنها یەك مانا ئەبەخشێتە کردەکان (مەرج نییە سەرجەم کردەکان جوان یان دزێو بن)، بەڵکو بەو مانایەی کە زەیف زاڵ نابێ بەسەر غەریزەکانی فریادڕەسدا، رووەکانی وەك خۆی دەرئەکەون مانایەك کە ئەبێ ژوورێکی لە ناوەڕاستی ئەو جیهانەدا هەبێ، چوون بە تەنها خودو لە گەڕانەوەی فریاد رەسەکەداو لە چەقی بازنەکەدا (ناوەڕاست) (واتا دوورکەوتنەوە لە هەموو لایەکانی هێڵی بازنەکەوە لە دەرەوە) لێی ئەگەن.

دێڕی:

(208)–(ژوورێ لە ناوڕاستی ئەم دونیایەدا

(209)–بە کرێ دەگرین هەر بۆ قسەکردن..).

جوانی بەخشینەوە بە بیرکردنەوە: لە دابڕانی فریادڕەسەوە، وشکانییەك بەر بووەتە هەموو شتەکانی درك پێکردن، کە لە جوانیی خستوونو خوێنو سادیەت بە مانا جۆراوجۆرەکانییەوە کۆنترۆڵی دونیای تێڕامانیان کردووە، شاعیر نازانێ چۆنو لە کوێوە گەیشتنەوەی فریاد رەسەکەوە بەهارێ لە ئاو.. (ئەموێنە ئاوێتەیە، ئەگەر مەبەست لە جوانی گەڕانەوەو تەڕاییو سەوزدا گەڕانەوەی وشکانی نەبێت، بۆ خۆی تەشکیلەی تری بۆ داڕشتن هەبوو، بەهارێ لە گێلاسو تاڤگەیەك لە ئاو، عەفەوییانە گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو داڕشتنێکە هیچ تەفسیرێك هەڵناگرێ، جگە لە تینویەتی شکانو لێو تەڕبوونەوەی لە نێوەندە ناسراوەکاندا (بە جوانی (بەهار).......) دەڕژێتە بیرکردنەوەوە، لە میهرەبانیدا:



دێڕی:

(79)–(بەهارێك لە ئاو.. دەڕژێنە سەرمەوە).

هەڵاتن لە کێشەو دژەکەوتنەوە بەردەوامەکان: نێوەندی ئەو هەراو زەنایانەی کە سەری تێدا بەر رەقەنیی ئیقاعی هەراو زەنا ئەکەوێ.. پڕن لە کێشەو کەوتنەوەی دژەکان.. لە پشتی ئەم شوێنەشەوە هەر تەمەننایەك هەبن بۆ دروستکردنی جیهانی پڕ دڵنیایی، بە جۆرێ لە یۆتۆپیا ئەکەوێتەوە، بە تایبەت کە هەڵاتنو سەرفراز بوونەکە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو فریاد رەسە بێ لەواقیعدا..واقعێ بەو هەموو رکێف گرتنەوەی حەزە بەرەڵایانەی کە مرۆڤ هەیەتی.. بەواتایەکی تر رێگە خۆشکردن لەبەردەم حەزە بەرەڵاکانی مرۆڤ لەواقیع دا جگە لە یۆتۆپیا روویەکی ناسینەوەی تری نییە. لە کاتێکدا لەو هەڵاتنەوە پاش ئەوەی ژوورێ بۆ قسەکردن تەرخان ئەکرێ تەنها مەبەست نییەو پاشتر بەرەو قووڵبوونەوەی (قسە) رۆئەچن. پەیوەندیی نێوان هەڵاتنو بەواقیع کردنەوەش لە تێکستەکەوە ئەگاتە خوێنەر. خوێنەریش بۆ خۆی لە پرۆسیسی خوێندنەوەدا خۆبینینەوە ئەکا لە کەسێتیی داهێنەرداو بەو شێوەیە تێکستەکە ئەگاتە دوا پلەکانی. کەواتە بە گەیشتنی فریاڕەسەکەو بینینو لێکدانەوەی وشەکان بۆ خۆی کردەی بەواقیع کردنیشە.

دێڕی:

(211)–(بۆ بینینو لێکدانەوەیوشەکان).

ئەمانەی باسمان کردن تایبەتمەندێتیی فریادڕەسن.. بەو شێوەیە ئەگەینە پێناسێکی کورتی فریادڕەس: (ئەو توانا بەخشەیە بە ئیرادە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی گەیاندنی پەیامی بەرائەت، کە بۆ خۆی پاساوی

سەر لە بەری دزێوی کەوتنەوەکانی دەرەوەی خودن‌و دڵنیایی‌و جوانی ئەگێڕێتەوە بۆ فیکر، بە هەڵاتن‌و پاشەکشەکردنی خود رووەو قووڵایی). ئەم فریادڕەسە لە دەرەوەی خوددا نییە، چوون چەندوێنەیەك دەلالەت لە گەڕانەوەی ئەکەن، هەر لە سەرەتای قەسیدەکەوە، شاعیروای نیشان ئەدا کە زەبرو زەنگی حاکمێکی فاشیل، ئەو فریادڕەسەی دابڕیبیٚ، دابڕان کە بە یەکیٚ لە ماناکانی لەدەستدانی دەسەڵاتە).

دێڕی:

(4)-(یەکێیان دەتهێنێتە ناو قەڵای چاوەکانم..!

(5)-ئەوی دیکەیان دەتهێنێتەوە بەر پەنجەرەی

(6)-ئەو حاکمە فاشیلەی،

(7)-خوێن بەری بینایی‌و پەنجەرەی گرتووە).

دێڕی:

(15)-(بە لارەلاری هەر ئێوارەیەکدا بێیەوە

(16)-دەگەیتەوە ئێرە ئەم گوندە..).

(خوێنەری‌وریا، نموونەی سەلماندنی ئەم حەقیقەتە، لە قەسیدەکەدا روونتر ئەبینیٚ) ئەو هەڵبژاردنەی کە شاعیر ئەیخاتە بەردەمی فریادڕەس دوو ریانێکە.. یەکێکیان قەڵای چاوەکانیەتی، ئەوی دیکەیان بەردەمی حاکمە فاشیلە سادییەکە،

أ)قەڵا شوێنێکە لە شارستانی کۆندا بۆ پاراستنی مقەوەماتی دەسەڵاتی دیاریکراو. لە شوێنێکدا داهێنراوە، ئەویش بە حوکمی سروشتی لە بەرزیی شووراکانی‌و شوێنی رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ دەستدرێژیی کاران‌و پاراستنی گیانی شەرکەرەکان‌و نەبوونی شوێن‌و ریٚ بۆ داگیرکردنی ئەو



بنکەی دەسەڵاتە لاوازەی کە گومانی لە توانای بەرگریکردنی لە خۆ هەیەو قەڵاشی وەك هێڵێکی تری خۆپاراستن بەکارهێناوە..هتد.

ئەم قەڵایەی شاعیر بە قەڵای چاوەکانی چوواندووە چەند روویەکی هەیە:

1-قەڵا بۆ پاراستنی ئەو لاوازییەی کە نەك گومانی لە دەسەڵات دا ماوەتەوە، بەڵکو بە هۆی ئامادەیی حاکمێکی فاشیلی ناو خودەوە مەترسیی لە تیاچوونیش لە ئارادایە.

2-لە رێگەی چاوەوە،واتا لە رێگەی هەستی بینینەوە، وزەی مانەوەی درك پیٚ ئەکریٚ.

3-پەیوەندییەکە لە نێوانی لاوازی‌و بینین تۆختر ئەبێتەوەو ئەگاتە پلەی-ئەمری واقیع-قبووڵکردن. بەو پێودانگەی کە بینین بە تەنها نەبوونی کاردانەوە، گیانی بەرگری ئەکوژیٚ. لە کاتی کارتێکەرە مەترسیدارەکاندا، ئێستە قەڵایەك ئەبینریٚ، کە تەنها توانای چاوگێڕانی هەیە.

4-قەڵای چاوەکان بۆ خۆی بەشێکی بونیادی کەسێتیی شاعیر پێك ئەهێنیٚ. ئەو بەشەی کە لە رێگەی بینینەوە مومارەسەی سەربەستی لە ناو قەڵایەکدا ئەکا کە پێشتر ئیشارەتمان پێدا ئەو دونیا لاوازەیە کە نەك توانای هێرشبردنی نییە، بەڵکو لە ژێر کاریگەرێتیی‌و مەترسیی پێکهێنەرێکی تری کەسێتییدایە، کە بەردەوام لە هەڕەشەکردن‌و سانسۆر سەپاندندایە، گەیشتووەتە ئەوەی شاعیر بە شێوەیەکی ئەبینێتەوە، خوێن بەری چاو (بینایی‌و پەنجەرە)ی گرتووەو رێگەش بۆ هیچ فریادڕەسیٚ خۆش ناکا، بەری پەنجەرەشی خوێن گرتوویەتی، لە پێکهاتەی کەسێتییشدا ئەم بەشە (قەڵای چاوەکان) لە (من-Ego) دا ئەبینرێتەوە، ئەکەوێتە نێوان گونجاندنی خود بە جیهانی دەرەوە.

ب)کە فریادڕەس لە گەڕانەوەدا بێ بۆ ناوەوەی خود، یان بە مانایەکی تر بۆ ئەوە بێ، (من)ـێکی ماندوو بحەسێنێتەوەو هەڵبژاردنی دووەمیش گەڕانەوەی بێ بۆ بەردەمی حاکمێکی فاشیل..

دێڕی:

(6)–(ئەم حاکمە فاشیلەی،

(7)–خوێن بەری بینایی و پەنجەرەی گرتووە)

1–حاکم بە مانای کەسێك لە سەرەوەی هەرەمی دەسەڵات، ئەو کەسەی کە بڕیاری لەدەستدایە، چاکەو خراپەکان دیاری ئەکا، بۆی هەیە بکوژێ و بڕ بێ، ڕێکخەری کردەکان هتد..

2–ئەو حاکمەی خوێن بەری بینایی و پەنجەرەی گرتبێ، دیارە لەمومارەسەی دەسەڵاتدا زەبروزەنگ (قمع) بەکارئەهێنێ. سەرکوتکەری هەموو سەرپێچی کارییەکە.

3–فاشیل، ئەمەشیان بەو مانایە ئەگا، کە سەرباری ئەو زەبرو زەنگە تۆخەو ئەو هەموو سانسۆرە سەپێنراوەی، کەچی کردە سەرپێچیکارانە کە توانای دەرپەڕینی هەیە لە هەندێ کاتداو ئەم ناتوانێ کۆنترۆڵی نەفەسبڕ بسەپێنێ.

شوێنی ئەم حاکمە سەرکوتکەرە فاشیلەش لە بونیادی کەسێتیدا لە (منی باڵا–Super Ego) دایە، کە زۆر کات غەریزە خۆڕسکەکان سەرکوت ئەکاو بواری بوون بە کردەیان نادا.

دوو بەشی پێکهێنەرەکانی بونیادی کەسێتی شاعیرمان، لە قەسیدەکەدا بینییەوە، لە گەڕانی بەردەوامیشدا پێکهاتەی سێیەم و ئەو لەو کاتانەدا سووسەیەکی ئەکرێ کە فریادڕەسەکە ئاوێتەی خود ئەبێتەوە.



فریادڕەسێ کە گەیشتنە سروشت و پێناسین و تایبەتمەندێتییەکانی.. بە روونی لە پێکهاتەی سێیەمدا ئەبینینەوە.

کەواتە فریادڕەس (ئەو–Id)یەیە کە ئەتوانێ مانایەك ببەخشێتەوە بە شاعیر، تا پێی بگاتە ئەو یۆتۆپیایەی ئەیەوێ بەرکەماڵی بکا.

ئەو–Id: لە کۆمەڵە پاڵنەرێکی خۆڕسك پێکدێ کە بە غەریزەکان ناسراون، وەك برسێتی، تینوێتی، پێداویستیی سێکسی–Libido، دوژمنکاری، هتد، بەڵام گرنگترینیان لای فرۆید (کە جۆراوجۆرکردنی ناساندوون) سێکس و دوژمنکارییە، کە بە گرنگترینیان ئەبینێتەوە لە بونیادی کەسێتیدا. بە پێی ئەو دەرکەوتانەی دەرئەنجامی توێژینەوەی ئیکلینیکی (ڕێگەی توێژینەوەی حاڵەت) بە دەستی هێنا کە ئەم دوو پاڵنەرە لە هەر پاڵنەرێکی تر زیاتر ئەکەونە بەردەم تێکشان و بارگرانیی لە تێرکردندا، لەبەرئەوەی کاریگەرێتیی خراپ جێئەهێڵن پێویستییان بە جڵەوگرتنەوەو کۆنترۆڵکردن هەیە.

زۆرترین کات پرۆسیسکانی (ئەو) لە ئاستی لاشعوردا روو ئەدەن، بەڵام مرۆڤ لە چەند ڕێگەیەکەوە ئەتوانێ ئاگاداری بەشێکی بێ، وەك خەون یان خەواندنی موگناتیسی–بە نموونە–.

فرۆید پێیوایە عەقڵی بە ئاگا (شعور) تەنها رووکاری دەرەوەی ژیان ئەبینێ و بەشە گەورەی پرۆسیس عەقڵییەکان لە دەرەوە بازنەی شعوورەوەن.. هەرچەند (ئەو)و (لاشعور) دوو زاراوەی بەرامبەری یەك نین و هەندێ لە کردەکانی (Ego، Super Ego)ش لە دەرەوەی کەمەرەی شعوورەوە روو ئەدەن، بەڵام لە زۆرترین بارێکدا پرۆسیسکانی (ئەو) لە لاشعووردا روو ئەدەن و بەمە پەیەندییەکی پتەو لە ناوهێنانیاندا هەیەو

یەکتر بیر ئەخەنەوە. کەواتە ئەگەر بمانەوێ چۆڵەوانی و ئاوەدانی لە مرۆڤدا بۆ غەریزەکان جیابکەینەوە بێگومان ئاوەدانی ئەخەینە لاشعوورەوە کە راستەوخۆ (ئەو)مان بیرئەخاتەوە.

دێڕی:

(36)–(لاشەی کوژراوی ئاوەدانیم بۆ بێنەوە

(37)–ناوەختانی شەوێ

(38)–دەستیان لە ملم کردووەو لە ماڵەکەم بردیانەدەر

(39)–قورئانەکەی خواستم لە دەستی رزگاربکە.

(40)–دەنگی بە دەستمەوە خەڵتانی خوێن بووە..[1]).

لە خوێندنەوەی ئەموێنەیەدا سێ کۆک بوون لە نێوانی وشەکاندا ئەبینینەوە:

1–(لاشە، کوژراو، بڕیارنەدەر، رزگاربکە، خەڵتانی خوێن بووە).

2–(ئاوەدانی، دەستیان لە ملم کردەوە، ماڵەکەم).

3–(بۆ بێنەوە، ماڵەکەم (دووبارە) قورئانەکە، دەنگی بە دەستمەوە، رزگاربکە (دووبارە)).

---

1–لەم خوێندنەوەیەدا من شەوو رۆژ (زمن)م پێویست نەبووە، هەموو ساتە دەروونییەکان لای من بایەخیان هەیە، پرۆسیس بایۆلۆژی و فسیۆلۆژییەکانیش سنووری جیاکردنەوەی کات ئەبەزێنن، بۆیە لەم خوێندنەوەیەدا (ناوەختانی شەوێ) بۆ خوێندنەوەکەی من زیادەیە.. قورئانیش کە بە یەکێك لە کتێبە ئاسمانییەکان ناسراوە، دووبارە تەئکیدکردنەوە لەسەر ئەوەی کە کتێبی خوایە، بۆ خۆم لە جۆرێك بە نەزیفی وشەی تێ ئەگەم، ئەمەوەك پاراستنی رەمزی شیعر لە ئەدەبدا، رەنگە خوێنەرێکی زمانیش رای جیاوازی هەبێ.



لە یەکەمین یەکگرتنەوەداوشەکان هێمان بۆ دەرئەنجامی وەحشیگەرانە، کە سەر لە بەری نیشاندانی رووە دزێوەکانن.. مەرگی غەریزەکانی لە سەرکوتکردنێکی سادییانەدا ئەبینینەوە. کە لە رووی پاڵنەرەکەدا: تاناتۆس ئەناسینەوە. (ناسینەوەیەك کە نەك هەر لەموێنەیەدا، بەڵکو لە هەموو هەیکەلی شیعرەکەدا زاڵبووە بەسەر دنیابینیی شاعیرداو ئەیەوێ ئیرۆسی بکوژێ، شاعیریش لەم کێشەیەدا هانا بۆ ئیرۆس ئەباتەوە).

لە دووەمینیشدا هێمان بۆ ئیرۆس و لە سێیەمیشدا لە پەراوێزی بە موقەدەس گرتن بە گەیاندنی بە ئاستی کتێبە ئاسمانییەکان، (وەك ئەزانین ئەم کتێبانە بەوە ناسراون کە دەنگی خوابن) و بەرجەستەکردنی دەنگی بوونی لەو موقەدەساتەدا، هانا ئەباتەوە بەر (ئەو) تا بیانگێڕێتەوە ماڵەکەی. تا لە دەستی سەرکوتکەرەکەی رزگاری بکا:

1–تاناتۆس 2–ئیرۆس 3–فریادڕەس

بەم شێوەیە ئەبێ:

فریادڕەس ⟵ تاناتۆس (بەرزە من) ⟵

ئیرۆس ⟵ ئەو

کەواتە لە دوو جەمسەرەوە ئاراستەکە رووەو ئیرۆسە، لە لایەکەوە کە بە هۆی دەسەڵاتی درێژخایەن و رەهای (Super Ego)وە، تاناتۆس بە باڵادەستیی دەرئەکەوێ و ئیرۆسی سەرکوتکردووە، لە لایەکی تریشەوە هانا بردنەوە بەر فریادڕەس (ئەو) بە مانای زیندوو کردنەوەو ژیاندنەوەی ئیرۆس.

لە میانەی ئەموێنەیەوە گەیشتینە دواویستگە، بەوەی کە فریادڕەس ئەکاتە غەریزەکانی خۆشەویستی و جوانی و لەو شێوانە (ئیرۆس) لە ناو (ئەو)دا.

لە گەیشتنەوەی (ئەو)یش (بەردەوام (ئەو) لە بریی ئیرۆس بەکار ئەهێنین، لە پێناوی بە کورتی گەیاندن و پاراستنی دیوە زانستییەکەی) شاعیر فۆبیایەکی تووش ئەبێ بە هۆی خەسڵەتە گشتییەکانی (بەرزە من)ەوە-(Super Ego)، ڕەنگە خوێنەری ئاسایی ئەو فۆبیایە بگێڕێتەوە بۆ نەخۆشییە دەمارگیرییەکان، چوون بە ئەندازەیەکە شاعیر مەترسیی لە گەیشتنەوەی حەرفێکیش هەیە، ئەگەر بکەوێتەوە ژێر سانسۆری بەرزەمنەوە، ئەمەش لەوێنەیەکدا بەرجەستە ئەکا، هێماکان ئەگۆڕێ و پەیوەندی ئەخاتە نێوان دەرەوەی خۆی (لەو گیانلەبەرانەی لە خاکدا ئەژین) و سانسۆری ناو خودەوە:

دێڕی:

(45)-(بە خاکا بێی قسەیەکت پێ نامێنێتەوە بۆ من).

ساتەکانی غەفڵەتی مرۆ، ئەو ساتانەن کە شعوور پشوو ئەدا.. بەواتایەکی تر، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی نێوان خودو دەرەوەی خود ئەبڕێ، بە پلەی یەکەم منی باڵا ئەکەوێتە پشوو وەرگرتن و ئەو حیدەتی چاودێرییەی نامێنێ، یان ڕاستتر کاتی غەفڵەت منی باڵا ئامادەیی نییە.. ئەو ساتانەش لەبارترین کاتێکن کە تیایدا (ئەو) بگاتەوە (ناو قەڵای چاوەکانم)، بگاتە ناو خود، بۆ ئەوەی بەو تایبەتمەندێتییانەوە، دونیای خود بەو مانایانە ببووژێتەوە.

دێڕی:



(46)-(باڵەکانت لە ئاسمانی غەفڵەتیمدا

(47)-قایم بدە بە یەکدا).

یان دێڕی:

(48)-(تا لە ناوەندی ئاسمان ڕەتدەبی،

(49)-بە ناوەندی ئاسمانا بێی

(50)-پەنجەیەکت بە دەست و پێوە ناهێڵن)[1]

ئەگەر بێت و ئەموێنەیەوەك بازنەیەك دابشبکەین، ئەبێتە سێ پارچەوە:

یەکەم- بەشی پێشەوەی بازنەکە، ئەگەر بە مێشکی بچوێنین، ئەبینین ئەو بەشەیە لە مێشکدا کە ناوەندی چالاکییە عەقڵییە پێشکەوتووەکانە وەك حوکمی لۆژیکی و پلانی بە ئاگایانەو ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی بە سەلیقەی چالاکییەکانی مرۆڤ و هەڵچوونی. هەندێ وەزیفەی بینین و بیستنی تیا ئەنجام ئەدرێ.

دووەم- ناوەند، لە مێشکدا ئەکەوینە بەردەم مێشکی ناوەند: ئەو بەشەیە لە مێشك کە ئەکەوێتە سەرووی سەنتەری ناوەڕاستی مێشکی دواوەو پێشەوە.. ناوەندی کۆمەڵەی دەمارەکانە کە بە تایبەت پەیوەندیدارە بە چالاکیی جووڵەی چاوەکانەوە.

سێیەم- ئەو شوێنەی کەوێنەکە بە شوێنی دڵنیایی ئەبینێتەوە بەشی پشتەوەو ئەو شوێنەی کە ئیتر چاودێرە باڵاکەی بەشی یەکەم و بینین لە بەشی دووەمدا ناگەڕێنەوە سەری.

---

1-بیگریتە خوێنی دڵی من=(خەنەبەندانی بە خوێنی من پێ بکەی) ئەو پەیوەندییە لە نێوان (خوێن-خەنە) لەگەڵ کۆنییەکەیدا، تەفسیریشم بۆی نییە لە دیدە سایکۆلۆژییەکەیەوە.. پێئەچێ بۆ چاوبەستکردن لە بازگەکانی شعوور دەرپەڕیبێ.

ئەم وێنەیە کە تەواوکەری وێنەی پێش خۆیەتی، روونتر لە رێی نیشاندانی (ئەو) ئەپێچێتەوە، کاری ئێمەش ئاسانتر ئەکا لەو گەڕانەدا.. بە ئاشکرا رێگەی پشتەوە، رێگەی ناو قەڵا، دواوە، ئەودیوی شعوور بە (ئەو) ئەناسێنێ، پشتی بەرزەمن کە ئاگای لە گەڕانەوەی نابێ و بەو شێوەیە ئەگاتەوە شوێنی خۆی، (عەمبار).

شاعیر گرفتی (منی باڵا)کەی بەسەر دەرەوەی خۆشیدا تەعمیم ئەکا.. ئەو زانستانەی کە نەتوانن هیچ لە بابەتەکەی خۆیان بگۆڕن، تەنها وەسف ئەمێنێتەوە یان هیچ ئیمزایەکی پێ نییە. بە هەمان شێوە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەگرێتەوە. زانایانی سۆسیۆلۆژیاش (بە پێی ئەم وێنەیەی کە دێ) هیچ ئیمزایەکیان نییە بۆ ئازاد کردنی ئیرۆسەکان، هیچ لە سەرکوتکردنیان نەگۆڕاوە. نەیانتوانیوە نزیکبوونەوەیەك بخەنە نێوان خودو (ئەو)ەوە، بۆ خۆ دەربازکردن لە چەپاندن و گرێ بەرهەمهێنانەوە، شاعیر لە پێش بەیەك گەیشتندا خۆی خاڵی ئەکاتەوە، خۆی بە سەرەتاکانی منداڵی ئەسپێرێتەوە، کاتێك چالاکییە عەقڵییە مەعریفییەکان دەستیان بە کار نەکردووە، ئەتوانین بە ساتی لەدایکبوونی ببینینەوە.. یان بە منداڵییەك پێش دەرکەوتنی چالاکییەکانی (منی باڵا)، لە کاتێکدا چ شتێکی تر لە گۆڕێ نەبوو (ئەو) بە سەربەستی نەبێ. هەموو ئەو شتە جوانانەش هەبوون کە ئەم زۆر جار لێی بێبەش ئەبوو. کاتێ هەموو شتێ بە رووگرتن مەیسەر ئەبوو، کینەو بوغز کێشانەوەکانیش بەرائەتیان لێ ئەباری، شاعیر هەموو ئەو شتانەی ئیزافەیان پێ نییە رەتی ئەکاتەوە..

دێڕی:

(215)–(ئەمێستا لێگەڕێ تا دەگەی



(220)–زانستی پیاوە بەماریفەتەکان

(221)–بدەمەوە بە خۆیان..).

لەم قەسیدەیەدا (پرس)ـە زۆرەکان ورووژێنراون، تەبەنیی کراوە وەرام لە پێك گەیشتنەوەدا بێ، ئەوەی هەتا ئێستەی بێ مانایی ئەگەیەنێ و لەو ژوورەی ناوەڕاستی دنیادا کە شاعیر ئەیبینێتەوەو (هەزار دینار بۆ قەرز ئەکرێ[1]) ماناکان دەرئەکەون.. ئەو لەتانەی کە هاڕەیان کردووەو وردوخاش بوون بێ مانا کەوتوونەوەو ئەبێ بە مانایەکەوە بلکێنرێن.

دێڕی:

(232)–لێگەڕێ تا دەگەی لەتەکانی سەرم

(233)–لە مەعنایەکەوە بپێچم).

ئەم مانایە تەنها لەو جیهانەدا دەست ئەکەوێ، کە شاعیر رێگە خۆشکەریەتی.. کاتێ کە هەموو چالاکییە مرۆییەکان ناکەونە ژێر لێپرسینەوە، ئەو هەڵچوونانەی بە مانایەك بە (کردە)وە گرێ ئەدرێن کە نەگاتە بیرکردنەوە لە عاقیبەتی کردەکەو ویژدان سەرزەنشت کردن ( واتا نەگاتە گرێ دەروونییەکانی وەك گوناه، دڵەڕاوکێ).

---

1–لە بەکارهێنانی (1000) دیناردا، شاعیر مەبەستی لە بە بەهایی ژوورەکەیە، چوون ئەو بڕە زۆرە بۆ بەکرێگرتنی ژوورێك، ئەو بڕەش قەرز ئەکرێ: پەیوەندیی راستەوخۆی بە گەڕانەوەو بۆ منداڵی هەیە، لەگەڵ دڕدۆنگیی گەورەبوونا، باسی حیرمان ئەکرێ. مناڵی بۆ خۆی بێ مەسئوولییەتی بوو (مەنگۆلییەت هاتووە لە قەسیدەکەدا)، لەگەڵ گەورەبوونا پێویستییەکانیش گەورەدەبن.. منداڵی پێویستیی بۆ ژوور بەکرێگرتن نەبوو لەگەڵ (ئەو)دا، بۆ خۆی رەها بوو، بەڵام ئێستە لە نەبوونیشدا هانا ئەبرێتە بەر قەرز، واتا قەرزکردنی منداڵی.. منداڵی نیشاندانێکی جوانە لە گەورەبوونی نەخوازراوو پڕ مەسئوولییەت و خۆدانە ژێر باری لەبەرچاوگرتنی دەرەوەی خود.

ئەگینا وەك (سۆمەرست مۆم) ئەڵێ: (ئەو کەسەی لە ناوەندی مندا دەسەڵاتی بە دەستەو پاشتر ئەیدا بە کەسێکی تر) هەمیشە ئەم کەسێتییە پەرتەش لەم قەسیدەیەدا ئەکەوێتە بەر ئەو جێگۆڕکێی دەسەڵاتو هەر جارەی کەسێتییەکی دەسەڵاتی هەبووە، بەواتا هەمیشە کەسێتییە زەلیلەکەی ( کە ناتوانێ لە پێستی خۆیدا بجووڵێتەوە) دەسەڵاتی نەبووە لە ئاوێتە بوونیدا لەگەڵ رەقیبە تۆکمەکەی، بەڵکو بوار بۆ تێرکردنی غەریزەکانیش رەخساوە، بەڵام دەرئەنجامی هەموو گەڕانەوەکان بۆ ناوەندی خودو بە خۆدا شکانەوەی مەحوی ئاسا: پاڵنەرەکانی بە (نەفسی ئەممارە) چوواندووە یان گەیشتووەتە ئەو رادەیەی -بۆ نموونە- وەك ئەفلاتوون سۆزو (Sex) بە گیانلەبەرێکی چەند سەری هار ببینێتەوە، بۆیە ئەبێتە مایەی دڵەڕاوکێیەکی توندوتیژو هەستکردن بە گوناه. کە ئەم پرۆسیسیە لە ناوەوە چاوگە ئەگرێو لەوێنەکاندا رەنگ ئەداتەوە. پاڵنەری سێکسی بە نموونە دیاری ئەکەین:

خودی شاعیر مانا بینینەوەو فریادڕەس بە هۆیەك ئەزانێ بۆ بنەبڕکردنی ئاسەواری پاش مومارەسە کردنو کپبوونەوە (الإنطفاء). بە مانایەکی تر: سەربەستی بەخشین بە ئۆرجازم.

ئەگەرچی ئۆرجازم دواپلەی کردەیەکی ئۆرگانیکییە، کە بە هێزی پاڵنەرەکان ئەیخولقێنێ.. لە کاتێکدا کە ورووژێنەر زۆرتر هەڵئەچێ، وزە ناوەکییەکان کۆو رێك ئەبن بۆ تێکۆشینی زیاتر، دڵو سییەکانیش ئامادە ئەبن بۆ پڕکردنەوەی ئەم پێویستییە زیادەیەو تێکڕایی (معدل)ی شەکر لە خوێندا زیاد ئەکا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانین واتای مەجازیی بدەینێو لەو



دیاریکردنەی ( کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە زەروەی لەزەتەوە هەیە فراوانتری بکەین).

ئۆرجازم چرکەیەکی دەروونییە کە ناوچەی شەهوانی ئەورووژێنێو تیایدا یەکێ لە غەریزەکان (Sex) ئەگەیەنێتە سنوورەکانی تێربوون، بەو شێوەیە ئامادەبوونە بۆ کپبوونەوە دوای تێربوون.




هێوربوونەوەی پاش ئۆرجازم، ئارامی بەخشێکە بە پاڵنەرەکەی.. ئارامییە بۆ خود، هەروەك دەمارەکانیش ئەگەنە پلەی هێوربوونەوە. لە ئارامییەکدا کە مەترسییە خەملێنراوەکانی سەر گەیشتن بە دوا پلەکانی ئەڕەوێنێتەوە. ئارامییەك لە گەیشتنە ئاکامی کردەیەك بە دەستدێ. (ئارامیی خود).. کە ئەکرێ خود لە کاتی تریشدا هەست بە ئارامی بکاو

پێی بگا، وەك (پاكبوونەوە لە هەڵە گەورەكان، رامان لە ئارامیی شتەكانی تر، راستی بینینەوە، تێكشكاندنی داب‌ونەریتە دزێوە زۆرە ملێكان.. لەگەڵ ئەمانەشدا لە خۆیدا (Sex)[1]). بۆ گەیشتن بە هەریەكەیان خۆئامائەكردنی جیاوازی ئەوێ.

ئەوەتا لە ون بوونی ماناكاندا (دابڕانی–ئەو) و لە ئیشارەتێكی ناڕاستەوخۆدا شاعیر گەیشتن بە ئارامیمان لە رێگەی (Sex)ەوە پێ ئەڵێ، لە بریی ئەوەی بە زمانی سادەو بێ گرێی جنسی وێنەكان داڕێژێ، لە ئەزموونێكی تردا ئەو مومارەسەیە نیشان ئەدا، بۆ ئەوەی بە دان پیانان (اعتراف) نەكەوێتەوە. وێنە (كتومتەكانی) وەك خۆی، ئەخاتەوە بەردەم داڕشتنەوەی بارە دەروونییەكە..

دێڕی:

(134)–(من لێرە بۆ ئەوەی بگەمە ئۆرجازم
(135)–هەندێ جار ئەوەندە بەسە
(136)–سەری خۆم خورێنم..!
(137)–ببینم منداڵێكی دوو ساڵانە
(138)–میزەڵانێكی بە دەستەوە دەتەقێ‌و
(139)–لە ترسانا پێ ئەكەنێ)[2].

هەندێ جار ئەوەندە بەسە سەری خۆم خورێنم.. ئەمە نیشاندانێكی راستەوخۆی ئەو چركە دەروونییە نیشان ئەدا كە بە ئۆرجازم ئەگا.. ئەو ماوەیەی بەسەر خوراندنێكەوە بەسەر ئەچێ ئەكاتە (نزیكیی دروست) بە

1–ئۆرجازم=لە یەكێك لەواتاكانی بە بەدیهێنانی خود (تحقيق الذات)یش دێ.

2-ئێرە=لە بریی دابڕان‌و پێش پێك گەیشتنەوە بەكارهاتووە..وەسفی كۆمەڵێ حاڵەتن.



ماوەی رژاندنی كەف‌و كوڵ لە زەروەی لەزەتدا. بۆچی منداڵەكە دوو ساڵانەیەو گەورەتر نییە..؟

منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵیدا ئەگاتە پلەی لاسایی كردنەوەی دەوروبەری‌و بە شێوەیەكی راستەوخۆ لاساییكردنەوەی دایكی لەو كارو كردەوانەی ئەیكا. ئەمە وەك پەیوەندییەك لە نێوانی دایك‌و منداڵی دوو ساڵدا.

لە لایەكی ترەوە پەیوەندیی نێوان منداڵێكی دوو ساڵانەی سەربەست لە هەڵسوكەوتدا، بێ منی باڵاو سانسۆرەكەی، تەمەنی سەربەستانە هاتوچۆكردن‌و تێربوونی پاڵنەرەكان، بە غەریزەی سێكسییشەوە، بە هۆی رەقبوونی (الإنتصاب) ئەندامی زاووزێ (لای نێرینە)و پاشتر بە دەست رەحەتبوون (الإستمناء–العادة السرية).

پەیوەندیی سێیەم لە تێكەڵاوبوون‌و یەكتر تێركردنی خاوەن دەقەكەو ژنێكی بە مێرد دەرئەكەوێ كە لە خۆیدا هێمایە بۆ بە دایكبوونی ژنەكە، یان بە ئیشارەتكردن بۆ منداڵ– دایكی.

كە ئەم پەیوەندییانەم لا روون ئەبێتەوە، شاعیر ئەچێتە بری منداڵە دوو ساڵانەكە بە حوكمی گەڕانەوەی خۆی بۆ منداڵی‌و هانابردنە بەر فریاد رەسیش بۆ گەڕانەوەی منداڵییە لەواتایەكی تردا.

میزەڵدانیش وەك سروشتی لە نەرمی‌و شێوەی هەڵكەوتنی پاش فووتێكردنی‌و بوونی گۆیەكیش، بۆ خۆی چوواندوویەتی بە سنگی ئەو ژنەی كە بە عەقدی زەواجێ بووە بە حەڵاڵی پیاوێكی تر. (پێشتریش ئیشارەتمان بەوەداوە كە سنگ‌و مەمك بەشێكی گرنگە لە پرۆسیسی سێكسیدا چ لای پیاو، چ لای ژن بە هۆی گۆكەیەوە) دەنگی تەقینی

میزەڵدانەکەش[1] بە دەستییەوە ئەگێڕمەوە بۆ ئەو دەنگە زلەی لە ئەنجامی گەیشتن بەوردوخاشکردنی سنوورە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ناوەوەی خۆیدا زیاتر بە هەست بە دەنگدانەوەی ئەکا.

لە پێك گەیشتنەوەی ئەم پەیوەندییانەدا، ئەچینەوە بەردەم ئەو ئارامییەی کە لە سێکس دا ئەبینرێتەوە. ئەمەش لە داڕشتنەوەیدا بۆ پرۆسێسێکی داهێنەرانە، گەڕانەوەیە بۆ ساتەکانی لەزەت وەرگرتن.. سوود وەرگرتن لە خەیاڵ، بۆ دووبارە تەوزیفکردنەوەی کە خەیاڵیش تێرکردنی حەزێ بێ.. کەواتە شاعیر ئەچێتە خەونێکەوە.

(جا ئەگەر بەم وێنەیە شاعیر گەیشتبێتە ئۆرجازمو ئەمە گێڕانەوە نەبێ.. ئەوا حەتمەن تووشی خێرایی هاویشتن (سرعة القذف) بووە، کە دەرکەوت میولی زۆرە بۆ سێکسو هەندێ جار دابڕانیش لە پرۆسیسی سێکسیی بەردەوام ئەم حاڵەتە دروست ئەکا).

لە دوا دێڕدا کە زەردەیەك پێکەنینێ دەرئەنجامی کارەسات ئەیگرێ، ترسە.. ترسی کەسێکی لادەر لە پەڕاوە باوەکان، لە دەرەنجامی ئەو کارەساتانە لە ناوەوەی خوددا..

ئەم ژنە تەسەللا بەخشە لە چەندوێنەیەکی تریشدا ئامادەبوونی هەیە.. ئەم پەیوەندییە ناشەرعییە (لە رووی یاسا دانراوەکانەوە) بە چەند دیوێکدا کەوتووەتەوە.. یان روونتر بڵێین لەبەر گرنگیی پەیوەندییەکە، چەند جارێ ئاماژەی بۆ کراوە، لەبەر:

1–تەقینی میزەڵدانەکە: ناکاتە تەقاندنی سنگی ژنەکە، بەڵکو لەم بارەیەوە ئەکاتە توند هەڵگوشینێکی ئەوتۆ کە سیماکانی سادیەت دەرئەخا.



1–ئەو لەزەتەی ترس تەنیویەتی، هەوڵدان بۆ دووبارەبوونەوەی (لیبیدۆ).

2–ئامادەبوونی ژنێك بە جورئەت بەخشینو پاشان تێکەڵاو بوونی لەگەڵ پەیوەندییەکی ئاوەهادا.

3–بەرەنگاربوونەوەی داب‌ونەریتەکانو پەیدابوونی گیانی تەحەدی.

4–أ)ترس لە یاسا، لەکۆمەڵو ئاسەواری سزاکانیان.

ب)ترس لە دابڕان لە ژێر فشاردا.

5–گەڕانەوە بۆ ناو خودو بەخۆدا شکانەوە (تأنیب ضمیر).

6–خۆ ئازاردانەوەی پاش چوونەوە بۆ ناو بازنەی سێکس (ماسۆشییەت–الماسوشیة).

ئەو گرنگییە هاوێژراوەتە ناو وێنەکانەوەو فۆتۆکۆپیی کراوەتەوە.. هەر جارەی لەبەر گرنگییەك.

ئۆرجازم داینەمۆی پەیوەندییەکەیە، نەك هەر لەوێنەی منداڵو میزەڵانەکەدا، بەڵکو ئیشارەتێکی تریشی پێداوە.. ئەمەش زۆرتر پەیوەندیی بەو خەیاڵبردنەوەو تێڕامانەوە هەیە کە تیایدا کردەکە وەك درامایەك دێتەوە بیرو هەر جارێکی مومارەسەکە لە زاکیرەدا پارێزراوە.

دێڕی:

(85)–(ئەو لەحزە شیرینەی بەشی خۆمە

(86)–لە کاغەزمەوە پێچاوە)

دیسانەوە پەیوەندی لە نێوان لەحزە–شیرینە–کەیو ئەو شەکرە زیادەیە ئەبینم کە جگەر لەکاتی هەڵچوونی بەهێزدا ئەیڕژێنێتە خوێنەوە.

شیرینییش هەر لە کوردەواریی خۆماندا، یەکێ لە بەکارهێنانەکانی بۆ بۆنەی ژنهێنانو ئاهەنگەکانییەتی، یان پەیوەندیی شیرینی بە سێکسەوە گەیشتووەتە ناو خەڵکیو تەنانەت لە ماوەی سەرەتای ژنهێنانو شووکردندا، ژنو مێرد بۆ بەردەوام خواردنی هان ئەدرێن.. (کە رەنگە ئەمە دیوێکی زانستیشی هەبێ).. ئەو لەحزە شیرینانەش کە لە کاغەزەوە ئەپێچرێن راستەوخۆ چکلێت بە بیری خوێنەردا ئەهێنێ.

بەواتا ئەم لەحزە شیرینانەی کە لە کاغەزەوە ئەپێچرێن، ساتەکانی ورووژاندنی غەریزەکەن.. کەوەك شیرینیی لە دەمەوە چێژەکەی وەرئەگیرێو پاشتر بۆ ناو لەش ئەچێ، ئەم لەحزە شیرینانەش لە دەمەوە بۆ دەمو لە نوێترین مومارەسەی ماچکردندا (ژێر زمانیش کە شوێنی ورووژاندنە) ئەخزێتە ژێر زمانی گوڵ شەوبۆوە، ئەو گوڵە شەوبۆیەی (ئەو ئەگەرانەی لە بە مێردبووندا هەیەتی (زۆرە ملێ، ناچاری، عارپۆشین، ئیغرابوون)).

هەموو شتێك وەلاوە ئەنێ بە خاتری عەشقی نوێو درەنگ دەرکەوتووی..

دێڕی:

(87)-(رۆژێ لە رۆژان منو گوڵێکی شەوبۆ

(88)-لە دەمەوە بۆ دەم

(89)-خزاندمانە ژێر زمانی یەکدی)

وێنەکان تەواوکەری یەکترن.. هەروەك لە پرۆسیسی سێکس دا ئەگەنە یەك.



کە ئەم ماچە تامەزرۆیە ئامانج ئەپێکێ، لە زنجیرە ورووژاندنێکی یەك بە دوای یەکدا ئامادەبوون ئەگاتە دوا پلەکانی بەرەو ئۆرجازم.. ئەو مەحاڵە ئەبەزێ کە دوو عاشقی تێدابوون بە مەحرەم.. ئەو شەریعەتە ئەڕوخێ کە فەرزی جێبەجێکردنیان لە ئەستۆدایە.. تا پاڵنەرەکان هارتربن، گیانی بەرەنگاربوونەوە زیندووتر ئەبێتەوە.. یاسا دانراوەکان کوێر ئەبن.. سێکس هەموو مەحاڵەکان یخ ئەدا..

دێڕی:

(90)-(ئەمەش

(91)-خۆڵەمێشی ئەو شەریعەتەیە

(92)-کارەیی منو کەنارییەکی بە مێردی

(93)-لە یەکتری نەدەهێنا،

(94)-پێکەوە بە باڵی گڕاوییەوە

(95)-دامان بە تەنیشتیاو سووتاندمان)

رەنگی سوور وەك رەنگو رووناکی رەمزە بۆ هەڵچوون[1] ئەم رەنگە لە ئاگریشدا بە رێژەیەك هەیە، هەڵچوونی پاڵنەری سێکسو ئاگرێکی توند بە شێوەیەك لە بە تەنیشتا دانێکدا ئاگر بەر بداتە شەریعەتێکی سەقامگیر، رەنگە سوورە کەو دەلالەتی هەڵچوون کۆلکەی هاوبەشیانە.

کەواتە ئەو شەریعەتە سووتا کە خەتەری سەر ئەو پەیوەندییە سامناکە بوو، کەچی بە خۆڵەمێشەکەیو لە ژێر پێی هەردوو عاشقە کە دا گەیشتە خوازراوەکانی.. هەرچەندە سزا یاساییەکانی بە سەردا نەبڕیوین، بەڵام

1-لە کاری درامیدا بۆ ئەو مەبەستانە سوودی لێوەرئەگیرێ.

گەیشتە ئامانج لە دابڕاندا، ئەگەر نا لە سووتانی شەریعەتەکەدا خۆڵەمێشێکی ئەوتۆ کەوتەوە کە مەترسیی خنکانیان هەبوو..!

دێڕی:

(108)–(بارانی لەگەڵ خۆی بردەوەو

(109)–یەکترمان بە تەنیایی خودا سپارد)

مەترسیی لە دابڕانەکە بوو بەواقیع، چوون گرێی گوناه بەربووە وێژەی هەردووکیان.. ئەم کە لەو پەڕی خۆدەرباز کردن لە مەسئوولییەتو پاساو هێنانەوە بۆ خۆی، خۆی لە سیفاتی منداڵێکی مەنگۆڵی وەك روبباردا ئەبینێتەوەو ژنەکەش، تەفرەو فریودانی مێردەکەی هۆی لە پشتییەوە پێك گەیشتنیان بوون.

لە پیاچوونەوەیەکدا سەرباری هەست بە گوناهکردن زوخاویشی لێ ئەچۆڕێ. (دووەم ئۆکسیدی رەنگی ئەدایەوە.. راستەوخۆ لاوازبوونو زەرد هەڵگەڕان ئەچنە بری ئەم داڕشتنە لەواتایەکی تردا). ئەمجارەیان هەست بە گوناهکردنەکەی ژنە، ویژدانی شاعیر راستئەکاتەوەو ئەکەوێتە بیرازکردنی خود. ئەمە ئەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە لە هانابردن بۆ فریادڕەسەوە پێی گەیشتن، بە بێ دەسەڵاتی (ئەو–Id) هەمووواتاکان ئەکەونەوە ژێر زەبروزەنگی بەرزە منەوە، واتا هیچ کردەیەك چ لە پێشەوە یان لە دوای روودانییەوە لە سانۆری بەرزەمن رزگاری نابێ.

هێشتا رۆشنایی مەچەکی ئەو شەوبۆیە لەسەر کەمەرەی ئەدرەوشێتەوە، کەچی هەستکردن بە گوناه هەردووکیانی نغرۆ کردووە.

(گرێی هەستکردن بە گوناه (عقدة الذنب)، پەیوەندیدارە بەویژدانەوە لە توێژینەوە زانستییەکاندا، دەرئەنجامی ئەو حاڵەتە دروست ئەبێ کە مرۆڤ



هەست بکا کارێکی (یاساغ–قەدەغەکراو)ی کردووەوویژدانی لە پشتییەوە سزای بدا).

هەندێ رەچەڵەکی منداڵییش هەن لەم گرێیەدا، بەڵام وەك زانراوە زۆرتر دووبارە کردنەوەی کارە قەدەغکراوەکان، لە پشتییەوە مێژووی هەوڵدانێکی نەستیی هەیە بۆ سزاو ئەشکەنجەدان).

گەڕانەوەی (ئەو) ئەم گرێیەش لەگەڵ باقیی حاڵەتەکانی تردا ئەگێڕێتەوە بۆ منداڵی، بۆ چاوگەی رێچکە گرتنی گرێیەکە، ئەمەش بۆ رزگاربوون لە عاقیبەتی، چوون ئەم گرێیە هێند چڕبۆتەوە گەیاندوویەتییە ئاستی حەزکردن بە خۆ ئەزیەتدان (ماسۆشیەت)، نەك تەنها بە هۆی داڕووخانەکانی ناو خودەوە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە خۆیەوە هەبێ کە زۆر بێ پەردە ئەڵێ:

دێڕی:

(81)–(زاری ماسۆشیەتم تەڕئەکەن)

بەڵکو لە بەخۆدا چوونەوەی ژنەکە، بەو غایەڵانەی کە دەرئەنجامی گرێکە دروست ئەبن لای ژنەکە، بە تەقسە واسواسییەکانی، بە خۆ ئازاردانەوەی ئەو.. ئەم لێرەوە ئەگاتە ئۆرجازم، کاتێ کە دڵنیابێ لە بە ئازادی بیرکردنەوەی ژنەکە.. یان ئەگەر زۆرتر رۆبچین، بگاتە ئەو ئەندازەیەی نەك هەر لە ژنەکەی بیبیستێ، بەڵکو ئاگای لەوردەکاریی بیرکردنەوەی هەبێ، ئەو کاتەی لە ناو خێزانەکەیدا، مومارەسەکەی بیر ئەکەوێتەوە.. یان لە هەر نەرمە گریانێکی هەست بە پەشیمانی کردندا (چوون بارانی لەگەڵ خۆیدا بردووەتەوەو گەڕاوەتەوە بۆ تێکشکان)، هەر ساتێکی کە ژنە ئەکەوێتە ژێر فشاری بەرزە منەوە، ئەمە ساتەکانی بە ئازادی هەڵخستنی موعاناتی

ژنەکەیە.. کە ئەبێتە هۆی خەمۆکییەکی هێند پڕ لەزەت پێداویستیی ماسۆشیەتی پێ پڕ ئەکرێتەوە.

دێڕی:

(161)–(ببینم تەنافێك بە ئازادی

(162)–جلەکانی ژێرەوەی شمشاڵێ بداتە بەر خۆر)

ئەموێنانەی کە دێن لە هەر یەکێکیانداو بە شێوەیەك مومارەسەی ماسۆشییەتی تێدا ئەکرێ.

دێڕی:

(20)–زۆر جار لە ژوورەکەی مارلین مۆنرۆ..)[1].

لە پۆپەی خۆ ئەزیەتداندا، بە پیاچوونەوەیەك، کەللەی لێ ئەبێتە ژوورە شەهوانییەکەی (مارلین مۆنرۆ).. لەم بینینەی خۆیدا.

دێڕی:

(29)–(تەمای دڕك و داڵتم کردووە)

دێڕی:

(80)–(بارگاوی بەو خەمە شیرین چکانەی

(81)–زاری ماسۆشیەتم تەڕ ئەکەن)

تەنانەت ئەو خەمانە بە شیرینیش ئەزانێ کە دێن و ئەم لە پلەیەکدا ماسۆشیەتی تێر ئەبێ، ئەموێنەیە زۆر وردترە لەو بینینە لەسەر خۆیەی من، کە لە ماسۆشییەت درێژ دادڕیم ئەویست بۆ سەلماندنی ئەموێنەیە.

دێڕی:

1-مارلین مۆنرۆ: کچە ئەکتەری شۆخی سنەمای هۆلیوود.. ئارەزووە سێکسییەکەی بە سەربەستی بەکارهێناوە.. دواجار خۆی کوشت.



(156)–(بە دەستو دڵی شکاوەوە لە دەرەوە بێمەوەو

(157)–بخزێمە دڵی پیاوە بەربەرییەکەی ناخم).

دوای ئەو هەموو دڵ شکانەوەی دەرەوە، بکەوێتەوە ژێر مەرحەمەتی ویژدانو دووبارە تێك شکانەوەو ئازاری دەروونی.. هیچ سەیر نییە بۆ خۆی تێربوون لەم ماسۆشییەتە بیگەیەنێتە ئۆرجازم‌وەك خۆی ئەڵێ.

هەروەها لە زیندە خەونێکیدا کە وێنەیەك، جووڵەیەکی مەمك، بینینێکی هێمنو ورووژاندنێکی زۆر کە ناگاتە تێربوون، تەنها خۆ ئەشکەنجەدانێکی پەتی ئەمێنێتەوە..

دێڕی:

(185)–(وەرزشو بە یەکادانی بەیانیانی

(186)–ئەو سنگو مەمکە سپیانەوە دروستئەبوو).

دێڕی:

(200)–(بە ئێشێکدا کە دەیگەیەنێ بە دڵم)

لەم هارمۆنییەتی ماسۆشییەتەوە کە لە تەشکیلەی هەرەمێکدایەو بەم شێوەیە:



هاوڕێك بەرامبەری و لە هەرەمێكی پێچەوانەی ماسۆشییەت.. سادییەت لەگەڵیدا لەیەكەیەكی پتەودا كۆئەبێتەوە.. ئەوكات ئەم یەكەیەش ئەهاوێژرێتە ناو یەكەی گەورەتری كەسێتییەوە.

ئەبینن سادییەتیش بە هەماهنگی و بە هەمان دەستوورەوە لە یەكەكەداو بە شێوەی ئەم هەرەمە دەرئەكەوێ:




كەواتە: لە كاتێكدا كە سادییەت لە پۆپەی مومارەسەكردندایە ماسۆشییەت بۆ خۆی بنەی وەرگرتنیەتی. كە ئاراستەكردنەكە رووەو ناوەوەی خود بێ.. بەم شێوەیە لە یەك گرتنەوەدا ئەبن، تا سادییەت ئەبێتە قاعیدە بە ئاراستەی ئیقاعە كۆمەڵایەتییەكانی وەك رەوشتو شەریعەتو یاساو..هتد. لە كاتێكدا كە ماسۆشییەت لە لوتكەی ویژدان ئازاردانو گرێی گوناهدایە.

بەم شێوەیەش لە ریزبەندكردنی ئەموێنانەدا.. سادیەت رووكارە جیاوازەكانی ئاشكرا ئەبێ:

1-دێڕی:

(157)-(بخزێمە كونجی دڵی پیاوە بەربەرییەكەی ناخم)



2-دێڕی:

(66)-(ئەوە پەلی بووكە شووشەی كچەكەمە

(67)-بە دەستمەوە دەرهاتبوو..

(68)-ئەوەش پەلی كچەكەم خۆیەتی).

یان دێڕی:

(70)-(ئەوەی تر سكێچی ژنەكەمە .. بە رووتی

(71)-لە دەستكردی خۆم).

یان دێڕی:

(126)-(زۆر هاوڕێی ئازیزمی تیا كەوت بەسەر لوغما)

3-دێڕی:

(125)-(زۆر كچی دەشتەكیی لێوە تل بۆوەو)

یان دێڕی

(219)-(لەوەی كچو كوڕەكانم دەڵەكرد)

4-دێڕی:

(94)-(پێكەوە بە باڵی گڕاوییەوە

(95)-دامان بە تەنیشتیاو سووتانمان)واتە شەریعەتەكە.

یان دێڕی:

(150)-(تخوبی فەرمایشتە پیرۆزەكان ببەزێنم).

لە كاتی خوێندنەوەی هەر یەكێ لەم وێنانەدا ئەگەر خوێنەر بچێتەوە سەر شوێنی راستەقینەی وێنەكە لە قەسیدەكەدا.. زۆر بە روونی ئەو پەیوەندییە ئاشكرا ئەبێ كە یەكەی (سادیەت-ماسۆشییەت) پێك ئەهێنێ. وێنەكانیش لەوە روونتر ئەبینم كە تەفسیر بكرێن.

ئەمە ئەو دیوە راستەقینەیەی ئۆرجازم بوو کە شاعیر لە هەندێ حاڵەتدا پێی ئەگا، ئەوە ماوەتەوە ئۆرجازم بە مانا مەجاززییەکەی وەربگرینو ئەو ئارامییەی کە لە سەرەتای باسەکەدا ئاماژەمان بۆ کرد لە کەسێتیی شاعیرو لە میانەی ئەم قەسیدەیەوە ببینینەوە.

(ماسلۆ)[1] لە تیۆرەکەیدا پێ لەسەر ئەوە دائەگرێ: پێویستە وەك یەکەیەکی گشتی ئاوێتە بڕوانینە خود. یەکەی کەسێك (پاڵ پێوە نراو) نەك بەشێکی. بەو شێوەیەش ئەو کەسە بۆ چالاکییەك (بە هەموو کیانییەوە) ئەجووڵێ. لە مانایەکی تردا سلوکی پاڵپێوەنراو ئەتوانێ چەند پێویستییەك پڕبکاتەوە.

بەم شێوەیە هەڵسوکەوت فرە پاڵنەرە بۆ ئەوەی زیاتریش روون بێتەوە ماسلۆ سیستمی پاڵنەرو کارە ئاوێتە تێك چڕژاوەکانی لەم هەرەمەدا نیشانداوە.




---

1–ئەبراهام ماسلۆ: تیۆرەکەی سەر بە قوتابخانەی وەزیفییە نەك زاهیری.



وەك ئەبینین لە لووتکەی ئەم هەرەمە هەڵکشاوەدا بەدیهێنانی خود هەیە. ئەم پێویستییەش ئارەزووی مرۆڤە بۆ بەدیهێنانی سەر لەبەری ئەو توانایەی کە هەیەتی.

کەواتە لە هەر بە ئامانج گەیشتنێکی مرۆڤدا.. ئاسایی ئەو بارە ئارامییە دەروونیەی کە پێشتر ئیشارتمان پێداوە بەدی بهێنرێ، بەو پێیەی کە بەدیهێنەرە بۆ خود، یاخود لووتکەی هەرەمیی پێویستییەکان تێر ئەکا. زۆر کەس لە ئەزموونێکدا راچەنینێکی هێند بە تەوژم هەست پێئەکا، کە رەنگە لە ئۆرجازمدا نەیگاتێ. نە شئەیەك بە دەروونی ئەگا، دەرئەنجامی حاڵەتێك کە رەنگە چاوەڕوان نەکراویش بێ، مانای ئۆرجازمی پێ ببەخشێ، چوون خۆی بەرامبەر بە بارێك ئەبینێتەوە کە تیایدا پێویستییەکی گرنگی خودیی تێدا مەیسەر بووبێ. من لە میانەی ئەو تێڕوانینەوە بۆ هەندێ لەو بارە دروونییەی تری قەسیدەکە دەڕوانم کە شاعیری تێدا گەیشتووەتە پلەی ئۆرجازم.

دێڕی:

(144)–(کاتێ وەهمێك دەپەڕێتە چایەکەی دەستمەوە

(145)–لە پێکەنینێکدا دەخنکێ)

یان دێڕی:

(159)–(ئەوەندە بەسە بتوانم پەنجەکانم رابێنم

(160)–درو ژووری تاریکایی خوێنم بکەن)

یان دێڕی:

(149)–(هەندێ جار ئەوەندە بەسە

(150)–تخوبی فەرمایشتە پیرۆزەکان بپارێزم)

یان دێڕی:

(152)-(سانسۆر لەسەر جگەرەکێشانی برا گچکەکانم و

(153)-چۆنیەتیی خۆگۆڕینی خوشکەکانم هەڵگرم)

لە هەریەک لەم وێنانەداو هەر جارەی بە شێوەیەک شاعیر جۆرێکی لە (تحقیق الذات) بینیوەتەوە، کە پێی گەیشتبێتە ئەو راچڵەکینە دەروونییە، ئەو لەرینەوە ئارامی بەخشە کورت خایەنەی کە بە مانای ئۆرجازمی ئەگەیەنێ.

هەروەک لە ئارامیی نێوان خۆی و شاتوویەکدا یان مومارەسەی (**Super Ego**)دا بە جۆرێکی تر پەی ئەگا، بەڵام بۆ ئەوەی ئارامییەکەی کورت نەبێ و بە قەدەر سەعادەتەکەی ناو رەحمی دایکی بێ.. بۆ ئەوەی یەکسان نەبێ بەو چرکە دەروونییەی ئۆرجازم، هانا ئەباتە بەر (ئەو) بۆ ئەوەی ئارامی بگاتە پلەی کەماڵ، ئەویش بە گەیشتنی (ئەو) دێتە دی، لە کاتێکدا کە دەسەڵات ئەگرێتە دەست، کاتێک کە بەرزەمن بۆ یەکجارەکی دەست لە زەبروزەنگی هەڵئەگرێ.. ئەگەر بەواتای یۆتۆپیا نەکەوێتەوەو گەڕانەوە بێ بۆ ناوەوەی خود.

ئەو میهرەبانە، بەخشندەیە لە ئازادیی و لێبوردن و جوانکاری و گەڕانەوەی منداڵیدا، شاعیر بە پۆشتەیەک ئەبێنێتەوە، کە جلوبەرگی لە خوا (وەک رەمزی ئەو شتانەی لە سەرەوە باسمان کردن) خواستبێ:

دێڕی:

(74)-(ئەی ئەو تارماییەی بە قیافەتدا

(75)-وا دیارە کراسی و خوایەکت خواستبێت)



لەگەڵ ئەمانەشدا (ئەو) ئەخاتە بەردەمی ئەمری واقیع.. کە رێگە هەڵبژاردنی بۆ ناو ئەو قەڵا چاوزیتە بێ کە (من)ـە.. غەریزەکانی بە گوێزی پووچ ئەچوێنێ، چوون لەگەڵ دەرپەڕاندنی هەر سلووکێکدا لە دەرەوە تەفسیری خراپ لە خۆئەگرێ و ئەبێتە مایە سەر شکانی خود.

دێڕی:

(192)-(بڕوانە بزانە

(193)-لە چەند هەزار لاوە سەرم شکاوە..؟)

چوون کاتێ بە نا بەڵەدی سەفەرئەکەن و بەرزەمن شێوەیان ناکا و ئەبن بە سلوک (بەواتا جووڵێنەری خود).. ئەو کات پاش بە ئامانج گەیشتنیش خود ئەکەوێتەوە بەر زەبروزەنگی منی باڵا، چوون شاعیر لەوێنەیەکدا هەندێ یان کەمێ ئارامیی لەو کردە تەسلیمکارانەیەشدا ئەبینێتەوە (کە زۆر راستەوخۆ ئاماژە بۆ بەرزەمن (منی باڵا)ی ناو خود ئەکەن) جار جارە لە غروری بەرزەمنەکەدا، پێویستییەک ئەبێتە هەڵسوکەوت:

دێڕی:

(157)-(بخزێم کونجی دڵی پیاوە بەربەرییەکەی ناخم

(158)-کە شێوەی موسافیرە نا بەڵەدەکان ناکات)

خۆ ئامادەکردنەکەی خود بۆ گەیشتنی فریاد رەسەکەیە.. بۆ جێگۆڕکێی دەسەڵاتە.. (هەر کاتێ سۆمەرست مۆم ئەڵێ) چاوەڕوانمان ئەکا بۆ کارەسات، ئافات، تەقینەوە، ئاماژەی قەوماندنێکمان بۆ ئەکا:

دێڕی:

(166)-(دەریا لە پشتی کۆمەڵێ تاشەبەردەوە راوەستابوو

**(167)–تا بزانیٚ بە گەیشتنت چ دەقەومیٚ)[1].**

**بەڵام پێش گەیشتنی (ئەو) شاعیر چەند ریفۆرمیٚ بۆ دەرەوەی خۆی ئەکا.. لە نێوانی خۆیو (ئەوان)ـی دەرەوەدا، بە شێوەیەك کە دوورمان ئەخاتەوە لەو رایەی جیهانبینیو دەسەڵاتی نوێی بۆ بەرقەرارکردنی یۆتۆپیای دەرەوە بیٚ، چوون ریفۆرمەکانی وەك: داواکردنی پاك بوونەوەو یەکتر بەخشین لە خەڵکی شار، یاخود ئاشتکردنەوەی زیزبووانو پێدانەوەی مەعریفە نەزۆکەکان.. بۆ چاککردنی خۆیەتی لەگەڵ دەرەوەداو گەڕانەوەیە بۆ ناوەوە. کە ئەکریٚ لە کۆکردنەوەی لەتەکانی شعوردا، ئارامیی هەمیشەیی بەرکەماڵ بکریٚ.**

**دێڕی:**

**(213)–(ئەو هاوڕیٚ زویرەم دەدۆزینەوە**

**(214)–کە قەرارە پێش مردن ئاشتی کەمەوە).**

**(218)–(بچم خەڵکی شار کۆکەمەوە بۆ گەرن ئازایی**

**(219)–لەوەی کچو کوڕەکانیانم دەڵەکرد).**

**بەڵام ئەگەر پێچەوانەیویست کەوتەوەو بەرزەمن توانای دووبارە تێکشکانەوەی بوو.. ئەو کاتە چی ئەقەومیٚ..؟ ئایا شاعیر تووشی یەئسو بێهودەیی (عبث) ئەبیٚ..؟ ئایا ئەکەوێتە سەر دووڕیانی ئەمری واقیع**

**1–بەکارهێنانی فەرمان (فعل)ـی رابردوو لە راوەستابوودا.. لەگەڵ دوای خۆی یەك ناگرێتەوە، چوون ئەمە ئیشارەتە بۆ رابردوو، واتا فریادڕەس گەیشتووە لە ئێستەدا هیچ نەقەوماوە.. ئەمەوەك لەگەڵ یەکەی بابەتدا ناگرێتەوە تناقضیشە لەگەڵ دوای خۆیدا. کەواتە راستتر (راوەستاوە)یە.**



**قبوولکردنو خۆ کوشتنەوە..؟ یان لەتە بیٚ گوناهەکانی شعوریشی گوناهبار ئەکا..؟**

**یان زیندە خەونەکان بە ئەندازەیەك ئەورووژێنیٚ کە ئەم جارەیان تێکشکاندنی دابونەریتو یاسا و رەوشتو شتی لەم بابەتە، کەسێتییەکەی بکاتە سایکۆباتیو باشتریش سۆسیۆباتی..؟ لە کاتێکدا کە ئێستە خەیاڵ بەرفراوانەکان وێنەی بەم شێوەیەی خوارەوە سەرنج راکێشەرو ئاڵو تەڕیان تێدایە:**

**دێڕی:**

**(184)–((با) لە نەتیجەی**

**(185)–وەرزشو بە یەکادانی بەیانیانی**

**(186)–ئەو سنگو مەمکە سپییانەوە دروستبوو)**

**( کەمێك تێکەڵبوونم لا دروست) ئەبیٚ لەموێنەیەدا.. لە بری ئەوەی تەصەوری دوو مەمکی بە یەکدا دەری سپی بکەم راستەوخۆ کچێکم دێتە بەرچاو کە تیشێتێکی سپیو تراکسووتێکی نیللیی لە پێدا بیٚو تەمارینی سویدی بکا. ناشزانم پەیوەندیی بە (فعل المنعكس الشرطي)ی پافلۆفەوە هەیە یاخود شتی تر..؟**

* * *

**خوازیارم توانیبێتم بەم خوێندنەوەیە گەیشتبێتمە ئەو دەرئەنجامەی هەندیٚ لە شعورەکانی (فەرەیدون پێنجوێنی)ـم ناسیبێتەوە لە ئەزموونەکانیدا کە ئەگەر داوام لیٚ بکاتەوە، بەم شێوەیەی ئەخەمە بەردەست: (کێشەو دژە کەوتنەوەی خود، بوون، چەپاندن، ترس، سادییەت، مردنی کچەکەی، زواج، تەڵاق، حرمان، سێکس، گرێی گوناە،**

ماسۆشـیەت، عەشـقێکی یاسـاغ، دابـڕان، سانسـۆر، بـاوك، رامـان، ئارامی، وەهم، تێکشکان، هـەڵاتن، کـەمێك بێهـودەیی، زینـدە خـەون، پـلار، کۆکبوون، ناکۆکبوون، خۆ گونجاندن (تکییف)).. لە سـەروو هەمووشیانەوە شیعر).

وەك روونکردنەوەیـەکی زۆر پێویسـت ئەمـەویٚ بڵـێم: هەنـدیٚ جـار لـە نووسینەکەدا حاڵەتیٚ بەرز راگیراوە (تەمجید کراوە). ئەوەش دیدی شاعیر ئەگرێتەوە بە حوکمی ئەوەی من خوێندنەوەم بۆ دیدی شاعیر هەبووە، ئەم راستییەش پێناسە زانستییەکان نەبیٚ، سەرجەم پێناسـەکانیش ئەگرێتـەوە، بەواتـە زۆربـەی حاڵەتـە تەمجیـدکراوەکان جیهـانبینیی شـاعیرن لـە دیـدی منەوە.

دواتـریش لەبەرئـەوەی ئـەم قەسـیدەیە زۆر لـەوە زیـاتر هەڵئـەگریٚ کـە لـە دیوێکـەوە بخوێنرێتـەوە، تەمـەننای ئـەوە دەکـەم خوێندنـەوەی تریشـی بـە دوادا بیٚ.. لەگەڵ خۆشەویستی و هیوای سەرکەوتن بۆ شاعیر.

*        *        *

چەند تێبینییەکی پێویست لەسەر هەندیٚ زاراوە:

*(کبـت) چـەپاندن: میکانیزمێکـە لەگـەڵ ئـەو پاڵنەرانـەدا هەڵسـوکەوت ئـەکا، هەڕەشـە لـە ئاسایشـی دەروونیـی تـاك ئـەکا، تـاك هـەوڵی ئـەوە ئـەدا، دەربازبیٚ لە ئارەزوویـەك بـەوەی دانـی پێدا نانیٚ، کەواتـە لـە بـواری ئاگـایی (وەعی) دەری ئەپەڕێنیٚ.

*پێناسی فریادڕەس: ئەم پێناسەیەم لـە دیـدی شـاعیرەوە وەرگرتـووە لـە ناو قەسیدەکەوە یاخود لەو میانەیەوە.



*مـن (Ego): زاراوەیەکـە چـەند پرۆسێسـێکی گریمـانیی (إفتراضـي) ئەگرێتـەوە، بینایـەکی ئـاڵۆزە، چـەند بینایـەکی پەیوەندیـداری تـر پێکـەوە گرێدراو وەسف ئەدا، بە ئاراستەی منی باڵا–بەرزەمن– کارئەکا، رەفتار– سلوك–ی مرۆ گوزارشتی لیٚ ئەکا.

مـنی بـاڵا–بـەرزە مـن (Super Ego): رێکخـەری سیسـتمی ئـەو داب‌ونەریتانەیـە لـە نـاوەوەی خـودەوە سەرچـاوەی گرتـووە، سـەرکوتکەری غەریزە ئاژەڵییەکانی مرۆیە، رەقیب–سانسۆر–ی سەر خودە.

*ئیرۆس: غەریزەی خۆشەویستی و جوانی و لەم بابەتانەی خودە.

*ئاناتۆس: غەریزەی مەرگ و دوژمنکاری و دزێویی و لەم بابەتانەی خود.

*دەرەوە دوورەکـان و نزیکـەکان: مەبەسـت لـە ئـەبعادی پەیوەندییـەکانی نێوان خود بە جیهانی دەرەوەیە، بە پێی پلەکانیان.

*پێویسـتییە جەسـتەییە فسـیۆلۆژییەکان: پێویسـتییە بنچـینەییەکانی مرۆڤن، وەك پێویستیی ئاو خواردن و هەواو گەرمی و سێکس و ..هتد.

*پێویستیی ئاسایش: دوورخستنەوەی ئەو خەتەرانەی کە دەبنە مایـەی ئازار پێگەیاندنی خود.

*پێویسـتیی خۆشەویسـتی: بەدەسـتهێنانی سـۆزو خۆشەویسـتی لـە کەسانی ترەوە.

*پێویستیی بەدیهێنانی خود (الحاجة الى التحقيق الذات): پەیوەندیی بە بەدەستهێنان و گوزارشتکردن لـە خـودەوە هەیـە، داهێنـەر یـان بەرهەمهێنـەر بیٚ. کە بە هەندیٚ کارو هەڵسوکەوت هەڵبسیٚ سوود بەخش و بە بەهاترین بن بۆ کەسانی تر. بگاتە تواناکانی و بیگۆڕیٚ بۆ راستییەکی واقعی.

*سایکۆباتی (**Psychopath**): حاڵەتێکە کە دوژمنکاری (عدوان)ی تاك راستەوخۆ ئاراستەی کۆمەڵ نییە، ئەم حاڵەتە بە هەند وەرنەگرتنی یاساو رەوشتە. وا گوزارشتی لێ ئەکرێ کە ئەمە لاوازییە لە پێکهاتنی (**Super Ego**)دا.. سایکۆباتییەکانیش ئەو مرۆڤانەن کە ناتوانن تێرکردنی حافزەکانیان دوابخەن.

*سۆسیۆپاتی (**Sociopath**): ئەو حاڵەتەیە کە دوژمنکاریی راستەوخۆ ئاراستەی کۆمەڵو یاساکانی ئەکرێ، وەك ئەوەی کەسانێك بە دەستی ئەنقەستو بێ هیچ هۆیەکی دیار ئاگرێ بخاتەوە.

**چاوگە**


1-د.اسماعيل، عزالدين، التفسير النفسي للأدب.

2-أحمد، ئاوات، ئامادەیی ئەفسانە، باسێکی دەستنووس.

3-پێنجوێنی، فەرەیدون، لەتەکانی شعوور، شیعر، دەستنووس.

4-هەروەزی، اسس علم النفس العام، مكتبة الانجلو المصرية، 1978.

6-گاچڤ، گۆرگی، الوعي والفن.

7-ماكلير، ثيتر، انشطار الذهن، بة عةرةبي كردني (د. حلمي نجم)، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1982.

8-صالح، قاسم حسين، الابداع في الفن.

9-قەرەچەتانی، کەریم شەریف، دەروازەی دەروونزانی.

10-و.رزوق، أسعد، موسوعة علم النفس، ئامائەکردن.